

عەرشی مەینەتیی و مەرگ
ڕێبوار ڕەشید
کتێبی دوو
The Heaven of Misery and Death
By Rebwar Rashed
second book

عەرشی مەینەتیی و مەرگ

ڕێبوار ڕەشید

کتێبی دوو

بەردەوامیی "عەرشی پەروەردگار"

The Heaven of Misery and Death

Rebwar Rashed

خوێندنەوەی بۆ کتێبی دەنگیی:
هاوژین زیبا

ڕۆمانی

عەرشی مەینەتیی و مەرگ/ ڕێبوار ڕەشید

The Heaven of Misery and Death

Rebwar Rashed

Audiobook Narrator:

Hawzhin Ziba

A sequel to The Heaven of God

تێبینی:

- ✓ ئەم ڕۆمانە وەک کتێبی دوو، بەردەوامیی ڕۆمانی "عەرشی پەروەردگار" ە!
- ✓ ڕۆمانی "عەرشی مەینەتیی و مەرگ" تەنها لە فۆرمی پی دی ئێف PDF لە بەر دەستدایە و وەکو کتێب چاپ نەکراوە.
- ✓ مافی لە چاپدانی لە شێوەی کتێب یان شێوەی دیکەدا تەنها بۆ هاوژین زیبا یان نووسەرە/ بەفرانباری ٢٠٢٦

Copyright Januari 2026 © All Rights Reserved

Rebwar Rashed & Hawzhin Ziba

ماڵێک لە باوەشی گۆی زەویدا

سااڵنێک لە ئەوەبەر کە هێشتا لە سەر لێو و لە ناو بیرەوەرِیی مرۆڤەکاندا بوو، عەرشی پەروەردگار هەر لە سەرەتای پاییزەوە وەک چۆن پەنجەی نەرم دەستەوارەنان تەرِ دەکەن، ئاوا وردەباران زەویان تەرِ دەکرد و هێدی هێدی لە باوەشی ناخیدا خۆیان دەناشت.

لەگەڵ خۆبەکێشکردنی ڕۆژگارانی پاییزدا تنۆکە بێئەژمارەکانی باران زیاتر و قەڵەوتر دەبوون و زەوی وەک هەویرێکی خۆش شێلدراو لە ژێر پەنجەی لێزمەی باراندا خۆی دەکردەوە.

سەرەتای زستان هەتا ڕووەو بەخۆسپاردنی خۆی بە بەهار، شەپۆلی کوڵووەبەفری باڵکراوە بە سەر زەویە نەرمەکەدا بڵاو دەبوونەوە و دەبوون بە سینگی دایک بۆ زەوی و هەناوی زەویان گەرم و شێدار و تەرِ دەهێشتەوە.

گوڵەبەهاریەکان لەسەرخۆ سینگی بەفریان شەق دەکرد و مژدەی بەردەوامبوونی مێژووی ژیانیان بە خەڵکەکە دەدا. زەوی گەرم و تەرِ و بە پیت بوو، گوڵەکان شەق و توند و سفت و ڕەنگاوڕەنگ، بە دەم دانیشتووانەوە پێ دەکەنین.

دانیشتووانیش سەرەڕای سەختی شەوان و ڕۆژگاریان، بە هیوای ژیانێکی باشتر دەژیان. بە دەم یەکەوە بوون و باوەڕیان بە خۆیان بوو.

بەڵام ئێستا عەرشی پەروەردگار ئەو بەشەی هەسارەی زەمین بوو کە بای گەرم و بای بە لم و بە خۆڵ بە سەریدا دەیگوزەران و پێستی زەویەکەی لە بێ خزمەتیی و بێ خۆراکییدا بە ناوکاتدا بە کێش دەکرد.

بە مەرگی ئەمڕۆ نا سبەی، بە پێوەری کات لە نێوان خاک و خۆردا، داد درابوو.

سالانێک بوو کانیاوەکان تینووی ئاوی پاییزان و زستانان و بەهاران بوون، بەڵام هەر چۆڕەچۆرە بە دەمیان دەگەیشت. بیرەکان کە ژمارەیان زیاتر و زیاتر دەبوو بەرەو قووڵایی سێ سەد و چوارسەد و پێنج سەد مەتر دەچوون و بەڵێنی ئاویان هەر نەدەدا. بەڵام خەڵکەکە، هەروەک چۆن پێیان وابوو ئاسمان حەوت تەبەقەیە و یەک لە سەر یەک هەڵچنراون، هەر ئاواش لە باوەڕیاندا بە خودا گەورەترینەکەی خۆیان دەیانزانی هەر کاتێک ئەو بیەوێت بۆیان پڕ دەکاتەوە لە ئاو و ئەو سەرسەوزیی و ئاوداڕییەی جارانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە. پێیان وابوو ژێر زەوی هەمووی ئاوە و ئاوەکەش بێ کۆتاییە. هەر ئەوەیە تا خوداگیان فەرمان نەکات، ئاو بۆی نییە هەر لە خۆیەوە ناماقوولێی بکات و بێتە دەرەوە.

دەیانگوت خۆ ئەگەر خودا نەیەوێت و پێی باش نەبێت، ئەوا هەر وەک ئێستا بەردەوامیی بە وشکەساڵ دەدات و ئەمانیش دەبن بە سەحەرانشین و خۆیان لەگەڵ لم و زریانی لم و خۆری گەرم و بێ ئاوییدا ڕادەهێنن، لە ناو ڕەشماڵدا دەژین و وشتر ڕادەگرن کە هەم گۆشتی دەخۆن و هەم شیری دەدۆشن و هەم میزەکەیشی دەخۆنەوە و نەخۆشیەکانی خۆیانی پێ تیمار دەکەن.

خەڵکی عەرشی پەروەردگار پێیان وابوو خودا گەورەکەیان پشتیان تێ ناکات و بە هەر شێوەیەک بێت دەیانژیەنێت. ڕاستە، خۆر لە سەرخۆ و بە ئارامیی چیاکانی دادەڕزاند و زەویەکەی وشک دادەهێنا و خۆشاوی هەموو جۆرە تەڕبوونێکی هەڵدەمژی، بەڵام ئەوە نەیدەترساندن.

لە ئەو چرکەساتانەدا کە زەوی و خۆر لە ناو گەردوونێکی بێکۆتاییدا لە ململانێی مانەوەدا بوون، خەڵکی عەرشی پەروەردگار دەیانزانی کە سەبارەت بە شەرەفی شکاویان ئاهێکیان بە بەردا هاتووەتەوە و ئیتر وەڵامەکەیان وەرگرتووەتەوە. دروست هەروەک چۆن پارچەکانی مەتەڵێک لە شوێنی خۆیان دەگیرسێنەوە، ئاوا دڵنیبا بوون کە شەرەفیان لە دەمی گورگ ڕزگار کردووە. بچووک و گەورەیان سوپاسگوزاری خوداگیانەکەیان بوون کە بە گەورەیی خۆی هەم دەیانبەخشێت و هەمیش تۆڵەیەکی بە زەبر لە ئەو هەتیوەی ماتۆڕ و لە دۆستەکچە بێحەیاکەی دەکاتەوە، لە سەر ئەوەی شەرەفی عەرشی پەروەردگاریان شکاندبوو.

لە ئەو ژان و ساتەدا کە خەڵکەکە پێیان وابوو سەربانی شەرەفی خۆیان سواخ داوە و کونبڕیان کردووە و ئیتر شەرەفیان ببڕای ببڕای دڵۆپە ناکاتەوە و دووبارە نەتەوەیەکی بە شەرەف دەبن، لە ئەو پەڕی شارەوە، بە پێی بازنەی کەمەری گۆی زەوی یان پرایم مێریدیان لە بەشی باکووری خۆرئاواوە، لە پشتی کۆمەڵێک ڕێگای پێچاوپێچی خواروخێچ و هەڵتەکاو و نیوەتەواوبووەوە، لە گەڕەکێکدا کە چەندین ساڵ بوو لە ژێر هەڕەشەی بێ زێرایی و بێ ئاوپی و بێ کارەبایی و بێ خزمەتگوزارییدا تەمەنیان بەرەو ڕووگای مەرگ بەڕێوە بوو، لە گەڕەکێکدا کە نوقمی تەپوتۆز بوو، لە ماڵێکی شێواوی بە سەریەککەوتوودا، لە ژوورێکی بچووکی نسرمدا کە بۆنی کەڕوو و بۆنی جۆری دەرمانی بەهێزی خاوێنکردنەوە بە سەر یەکدا قەتماخەیان بەستبوو، کوڕێکی تووڕە، کە بەس خۆی لە تووڕەبوونەکەی تێدەگەیشت، بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەی دانیشتبوو و پڕۆگرامێکی فۆتۆشۆپی کردبووەوە و دەیویست وێنەی کچێک بڵاو بکاتەوە.

تووڕە بوو چونکە بە دەم و بە تەلەفۆن و بە پەیام سەدان جار بە ئەو کچەی گوتبوو خۆشم دەوێیت و عاشقت بووم و بۆت شێت بووم، بەڵام کچەکە حەزی لێ نەدەکرد و نەیدەویست بیناسێت. کچەکە وەک مرۆڤێک نە کێشەی لەگەڵ ئەم هەبوو نە لەگەڵ هیچ کەسی تر، هەر ئەوە بوو وەڵامی دایەوە کە خەریکی خوێندنە و کاتەکەی بۆ خوێندن تەرخان دەکات.

کچەکە خراپەی کوڕەی نەدەویست، هەر ئەوە بوو حەزی بە دڵداریی و پێوەندیگرتن نە دەکرد.

زیاتر نەبوو.

کوڕەکە ناوی ئەبابەیلە بوو. ئەبابەیلە وەڵامەکەی پێ وەڵام نەبوو و بەڵکو بە سووکایەتیی دەزانی. لە سی ساڵ زیاتری تەمەنییدا بینیبووی چۆن خەڵکانێک بە نەدارپی و هی تر بە قاسەی پڕەوە گەورە دەبن، کە چۆن درۆ جوانترین و گەورەترین تابلۆی وڵاتەکەیانە، کە چۆن مرۆڤەکان بە بەرچاوی یەکەوە سفتترین فەرشی درۆ بۆ یەکتر و دژ بە یەکتر دەچنن و هەموو یەکێکیش بە ڕووخساری بە زەرەدەخەنەی دروستکراوەوە بە سەریدا دەڕووات و بە سەر خۆیدا نایهێنێت. ڕۆژانە بیستبووی و بینیبووی چۆن لە ڕێگای بوختان و قسەهەڵبەستنەوە بە ئاسانی دەرگا داخراوەکان دەکرێنەوە یان پێوە دەدرێن، چۆن دەستبڕین و ساختەچیەتیی دەبن بە باشترین پرد، چۆن هەموو شتێک دەفرۆشرێت و لە ناو ئەوانەشدا خاک لە هەموو شتێک زیاتر پارە دەکات.

ماوەیەک بوو ئەبابەیلە ڕاسپێردرابوو زانیاری لە سەر دەوروبەری خۆی بە دۆستە هاودینیەکانی بدات و ئەوانیش بەڵێنی ماتۆرێک و

سەفەر و کاری زیاتریان پێ دابوو، تەنها هەر بە ئەو مەرجە ئاسانەی لە سەر هێنانی زانیاریەکان بەردەوام بێت. هیچی تریان لێ نەدەویست.

کاتێک هاودینەکانی دەیانبینی بارەکەڵا و ماشائەڵایان بە سەردا دەباراند و بە ڕێزەوە تەوقەیان لەگەڵدا دەکرد. هەندێک جار پێی سەریر بوو چۆن پارەیەکی ئاوا زۆری بە زانیاری وا بێ نرخ پێ دەدەن.

ئەم کارێکی تایبەتیی نەدەکرد، هەر ئەوەندە بوو ناوی دەراوسێکان و ژمارەی منداڵانیان، یان شێوە و مۆدێلی سەیارەکانیان و ڕەنگی تەنەکەی خۆڵ و خاشاکیان، یاخود زانیاریی لە سەر ڕەنگی جلکوبەرگ و جانتای منداڵەکانیان بۆ دەهێنان. زانیاریەکان لە ئەوانە زیاتر نەبوون.

ئەبابەیلە دەیبینی تا زانیاری زیاتر لە سەر ناوچەی بەرفراوانتر کۆبکاتەوە، زیاتر خەڵاتی پارە و بەڵێنی کڕینی ماتۆڕ و چوون بۆ سەفەر دەکرێت. کارەکەی خۆش بوو. نیوەی زیاتری کارەکەی بە منداڵەوردتکەی گەڕەکەکان دەکرد. لە خودی خۆیەوە فێربووبوو چۆن خەڵکی تریش فێر بکات. منداڵەکان هەر بە دوو دەنکە نوقڵ و چوکلێتێک رازی دەبوون و وەک باوکی خۆیان لە ئەبابەیلەیان دەڕووانی.

ئەو پارەیەی برا ئایینیەکانی پێیان دەدا مووچە بوو. هەر جارێک پارەیان پێ بدایە پێیان دەگوت "فەرموو، ئەوە مووچەکەتە".

بە مووچەکە جلکوبەرگ و پێڵاوی لە مارکەی تورکیی لای دووکانی سەر بە تورک دەکڕی، کە هەمیشە داشکاندنیان پێ دەدا و سڵاوی گەرمیان بۆ خاوەنکارە بەڕێزەکانی دەنارد.

بە ئەم پێگایە دیارەوە ڕازینەبوونی ئەو کچەی بە سووکایەتیی دەزانی. ئەم چاوەڕوانی ڕازیبوون بوو. لە ڕازیبوون کەمتر سووکایەتیی بوو.

لە مێشکی خۆیدا وا پلانی دانابوو کە کاتێک ئەو کچە بوو بە ژنی ئەویش فێری ئەو کاسبیە ئاسانە بکات، کاسبی کۆکردنەوەی زانیاریی لە سەر دەوروبەر.

کاسبیەکی وا دەوڵەمەندی دەکردن و ئەمیش دەبوو بە خاوەنی ماڵ و ئۆتۆمبیلی جوان و ئیتر لە ژێرزەمینی دۆزەخی ئەم گەڕەکەماڵانە ڕزگاری دەبوو.

بەڵام ئەو کچە پێی گوت نا و جیهانی پلانەکانی داڕماند.

بە جەستە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەی دانیشتبوو، بەڵام بە ڕۆح لە ناو قووڵایی لاکۆڵانەکانی دونیای مەجازییدا دەگەڕا و تووڕەیی دەروونی خۆینی بە جۆش هێنابوو.

تینی بە بەر خۆی دابوو. بە هەموو هێزی خۆی بیری دەکردەوە و لە خۆیی دەپرسی: ئایا دەبێت وێنەیەکی چۆن و بە چ شێوەیەکی ئەو قەحبەیە بڵاو بکەمەوە کە پشتی خۆی و باووباپیری بشکێنم و حەیا و شەرەفی ببەم؟

گەش بین بوو، خەونەخەیاڵی بە ئەوەوە دەبینی کە زوو بە زوو خەڵک تێدەگەن ئەو قەحبەیە کێیە. خەڵکەکە لە ئێستای ئێستادا لە ئەو پەڕی ترسی دڵیاندا لە بڵاوبوونەوەی درۆی بێشەرەفیی زیڕەیان کردبوو.

لە خەیاڵەکانییدا دەیزانی خەڵکەکە ئەو کچە بێشەرەفە لە خاچ دەدەن و ئەم ناودار دەبێت. سوێندی بۆ خۆی دەخوارد دەبێت سەد

جار لە شێرە بەناووبانگتر بێت و شێرە خۆی ناچار ببێت پێوەندیی پێوە بگرێت و بانگی بکات بۆ لای خۆی.

شێرە یەکێک بوو لە گەورەترین بەرپرسەکانی وڵات و لە زۆرترین بینراو و بیستراو و قسەلەسەرکراوەکان بوو. ئەمیش گەورەترین نەبینراو و نەبیستراو و ئاگالێنەبووی وڵات بوو.

لە قوولایی خەیاڵییدا دەیگوت: ئەگەر شێرە پێوەندییم پێوە نەگرێت و داوەتم نەکات، کارێکی پێ دەکەم بە دەستی خۆی خوشکەکانیم بۆ بهێنێت.

ئەبابەیلە چەند ڕستەیەکی ئامادە کردبوو و لەبەرخۆیەوە دەیگوتنەوە. ئەو ڕستانەی بۆ ئەوە بوو کە کاتێک مایکریفۆنیان لە بەردەمدا ڕاگرت، ڕابووەستێت و بیانڵێتەوە.

بە وردیی سەرنجی ئەهلی دینی دابوو کە چۆن دەکەن و چی دەڵێن و چۆنی دەڵێن. خۆی ئامادە کردبوو بە سەر و ڕیشی درێژەوە ڕابووەستێت و بە ئاستەم سەری بۆ خوارەوە بچەمێنێتەوە و لە سەرخۆ بە سەری پەنجەکانی ڕیشی دابهێنێت گوایا لە شەرم و لە ترسی شکۆی خودادا سەری بەرز ناکاتەوە. ئینجا کەمێک خۆی بێدەنگ بکات و بە دەنگی نزم و ئارام و لە شەرمێکی گوایا خوداییدا وشەکان بەیان بکات:

- خەڵکە بە شەرەفە بریندارەکەم، سەرەڕای ئەوەی دەمزانی ئەمە کچ نییە و دەمێکە ژنە و لەشفرۆشیی دەکات، ئامادە بووم بیهێنم بۆ ئەوەی بەندەیەکی خودا ڕزگار بکەم. بەندەیەکی خودا لە دەستی شەیتان ڕزگار بکەم و بیخەمە باوەشی خوداوە، باوەشی دین و ئیمانمانەوە. خەڵکینە،

دوعای خێرم بۆ بکەن کە بە داخەوە موەفەق نەبووم. چی بکەم ئەڵلاگیان هیدایەتی نەکردم. بەڵێ، باکم لە شێری بێشە نییە، بەڵام سەرم بۆ فەرمانی ئەوەی سەروەمان شۆڕە.

ئیتر لە مێشکی خۆیدا خەیاڵی دەکردەوە کە چۆن هەموو عەرشی پەروەردگار هەڵدەسنە سەرپێ و فرمێسک بۆ شەرەفی شکێندراوی نەتەوەیان دەڕێژن.

ئەبابەیلە چەند هەنگاوێک لەپێش خەڵکەوە بوو. خۆی بۆ ئەوەیش ئامادەکردبوو کە پێیان بڵێت:

"بەڕێزانم، ئەی ئەهلی دین و ئیمانم، ئەگەر ئێستایش شووم پێ بکات ئەوە پێویست ناکات کەس لە ئێوە بەنەفرەتی بکات، چونکە ئەگەر پێم ڕازی ببێت ئەوا بە کاری ئەو خۆی نابینم، بەڵکو بە موعجیزەی ئەڵلای دەبینم کە ڕای ئەو دەگۆڕێت و بە منی ڕازی دەکات. من بە قسەی ئەڵلای خۆم دەکەم، دەنا مەجبوری ژنێک نییم. کاتێک ئەو بانگم بکات و بڵێت وەرە بم هێنە، واتە ئەوە خوداگیانە، بە قوربانی ناوی بم، کە لە ناو زاری ئەوەوە لەگەڵ من دەدوێت".

دووبارە لە خەیاڵەکانییدا دەیبینی چۆن خەڵکەکە لە حەیبەتی گەورەیی ئەم، دەست بە گریان دەکەن و بە زۆر ئەو دەڵەقۆڕەی لێ مارە دەکەن و پێی دەڵێن بۆی نییە دژ بە ئیرادەی خودا بێت و خودا لە چارەی نوسیووە شوو بە ئەم کوڕە بەڕێزە بە ئیمانە دڵگەورەیە بکات.

ئەبابەیلە ئەوەندە کۆڵانەوکۆڵانی کردبوو، دەیزانی کار ئەوەیە کە دەکرێت. لەبەرئەوە نەیدەویست کات بە فیڕۆ بدات و خۆی لە ناو کاری فۆتۆشۆپەکەدا نوقم کرد. لە بەر دەرگای حەوشەی ماڵی

کچەکەوە دەستی پێکرد تا هیچی لە کیس نەچێت دژی بەکاری بهێنێت.

ڕەنگی دەرگای ماڵی ئەو کچە شینێکی کاڵ بوو، وردە گوڵی زەردی بچکۆلە بچکۆلەی پەڕە سپی بە سەریدا بڵاو بووبوونەوە. تووڕەبوو کە ئەو دەرگایەی لە سەر داخرابوو، ڕقی لە هەموو ئەو گوڵانە و ڕەنگەکانی سەر دەرگاکە دەبووەوە.

لە ناو گێژاوی تووڕەیی ئەوەدا کە ئەو کچەکە دڵی شکاندووە بەڵێنی بە خۆی دەدا "پشتی بشکێنێت و بیکات بە یەکەم حیزی شارەکە"، بیکات بە "ئەو کچەی کە بە خۆڕاییش گان بە هەموو کەسێک دەدات".

بە دەم جوێن دانەوە بە کچەکەی دەگوت "تۆ لەگەڵ ئەبابەیلەت پێ دەکرێت، نیشانت دەدەم".

لە دەرەوەی ژوورەکەی ئەبابەیلەدا، نەتەوەی عەرشی پەروەردگار سەرمەستی سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی خۆی بوو. وڵات خرۆشابوو، قاقای پێکەنین و چەپڵەی دڵخۆشی و فیتووی سەرکەوتن و هووهووهای شانازیی لەگەڵ تەپوتۆز و خۆڵبارینەکەدا تێکەڵ بە یەک دەبوون و پێکەوە هەموو شتێکی دیکەیان دادەپۆشی.

"ئەو کچەی بە خۆڕاییش گان بە هەموو کەسێک دەدات"

وەرزی هاوینی عەرشی پەروەردگار دزێکی سروشت بوو. لە سااڵنی رابردووەوە فێر بووبوو چۆن مانگێک زووتر خۆی بە سەر بەهاردا بسەپێنێت و لە ئەو سەریشەوە خۆی دووا بخات و مانگێک لە پایز بدزێت. هاوین تەمەنی خۆیی بۆ پێنج مانگ درێژ دەکردەوە. خەڵکەکە لە هات و نەهاتی ڕاهاتن لەگەڵ ئەو هاوینەدرێژەدا بە سوپاسگوزاریی لە لوتفی خوداگیان کە هەر خۆی دەزانێت چیان لێ دەکات و چیان بە سەر دەهێنێت، ژیانیان بە سەر دەبرد.

ئەبابەیلە وەک هەموو خەڵکی عەرشی پەروەردگار ئەو هاوینە وشەکە گەرمەی بەرێ کردبوو. ئێستا بەرامبەر بە هاوینەوەڵامی کچێک ڕووبەڕوو بوو کە ناوی سۆما بوو.

بە پێی پێوەری جوانیی دونیای شاری فەیزووڵا کە بێگومان پێوەری جوانیی عەرشی پەروەردگاریش بوو، سۆما بە هیچ شێوەیەک کچێکی جوان نەبوو. پیاوەکانی عەرشی پەروەردگار حەزیان لە ژنانێک دەکرد کە خرپن و گۆشتن و قەڵەو بن، گۆشتی لەشیان لە سەر سمت و سێبەندە و کەمەریان دیار بێت، ڕوومەتیان قەڵەو و گۆنایان ئەستوور و بنچەنە و لاشەویلگەیان ئەستوور بێت و برۆیان تاتوو و برژانگەکانی چاویان لە ئەو دەستکردانە بن کە ئەوەندە درێژ بن پێیان بەرز نەکرێتەوە. ئینجا ڕەنگی پەڵەی شین و مۆر و ڕەش و سوور، وەک بووکەتەختەی ڕووسیی، لە سەر ڕووخساریان ببینرێت و هەڵتەک هەڵتەک بە ڕێگادا برۆن.

لوتی زۆرینەی ژنان و پیاوانی شارەکە بە نەشتەرگەریی جوانکاریی نیوانیو دەبڕدران. خەڵکەکە ڕقیان لە لوتی زگماکی خۆیان بوو. لێویان پڕ دەکردەوە و بە ئەستووریی پەنجەیەک و دووپەنجە دەیانهێنایە پێشەوە و هەمیشە لە پۆزی پرسیاردا ڕووخساریان ڕادەگرت بۆ ئەوەی لێو و لچیان بە جوانیی ببینرێن.

پیاوەکان عاشق بە فیلەری ڕوومەت و سمت و ڕان و ئەو شوێنانەی تر بوون. حەزیان لە قژی دەستکرد و لە بارۆکەی زەرد یان ڕەش بوو کە ژنەکان بیانپۆشن. زۆرینەی پیاوان خۆیان قژیان بە ڕەشی قەترانیی ڕەنگ دەکرد.

سۆما کچە نۆزدە ساڵێکی لەڕ و باریکی درێژ بوو. بە ئاستەم گۆشت بە ئێسکیەوە بوو. کوڵمەکانی بەرز و بە ئێسک و پێستی ئەسمەر و دەم و لێو و برۆی باریک بوو. لوتی کەمێک درێژ و بە ئاستەم کەوانی، دەست و مەچەک و باڵی بە گەندەموو بوو. بە پشت و لەشولاری ڕێکەوە دەهات و دەچوو. سیمایەکی وا پێچەوانەی وێنای جوانیی لە عەرشی پەروەردگاردا هەبوو کە لە ڕاستییدا وەک ئەوەبوو نەبێت، لێیان نەدەڕوانیی و نەیاندەبینی.

سۆما حەزی دەکرد ببێت بە دکتۆر و دەیزانی دەبێت بە دکتۆر. بەیانیان دایکی ماچ دەکرد و ڕووەو خوێندنگا بە ڕێ دەکەوت و پاش خوێندن ڕاستەوخۆ، بێ پێچ و پەنا، بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە.

دوو مانگی ڕابردوو ئەبابەیلە دەهاتە سەر ڕێی. لە سەرەتادا لە پشتیەوە دەڕۆیشت و خۆی لەگەڵ خێزابوون و خاوبوونەوەی هەنگاوەکانی سۆمادا دەگونجاند. پاشان کەوتە فیکە بۆ لێدان و دەنگ لێهەڵبڕین. بەڵام سۆما نە ئاوەڕی دەدایەوە و نە گوێی پێ دەدا.

ئەبابەیلە منداڵەکانی فێرکردبوو کە چۆن کەمێک لە دووڕەوە دووای سۆما بکەون و ئەملاوئەولای لێ بگرن و جارجار پێی بڵێن "حەزی لێتە، حەزی لێتە". دووای ئەوە پارەیەکی پێ دەدان و ئەوانیش بە خۆشییەوە وەریان دەگرت. ئەبابەیلە بوو بوو بە مووچەبدەری ئەوان.

بەڵام سۆما نەدەگۆڕدرا و هەر لە سەر نا و نەخێری خۆی بەردەوام بوو.

ئابەبیلە لە ژووڕە بچووکە نسرمەکەی خۆی و لە ئەو پەڕی تووڕەییدا ڕوو لە کۆمپیوتەرەکەی لە وردەکاریەکانی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ ورد دەبووەوە. بڕیاری دابوو وێنەی سۆما بڵاو بکاتەوە. کاتژمێر لە سەر کاتژمێری لە تاووتوێکردنی وێنەی جیاواز و شوێنگۆڕکێ پێکردنیاندا بە سەر دەبرد.

بۆ سبەینێکەی، پیاوە هاوڕێ دینیەکانی کە هەر لە سەرەتاوە لە مزگەوت بە ئەو ناوەوە خۆیان پێی ناساندبوو و لە لادووکانەکەی هەندێک ئەولاتر لە ماڵی خۆیان کۆبووبوونەوە.

کاتێک ئەبابەیلەیان بینی قسەوباسەکانیان چڕتڕ کردەوە و زیاتر دەنگیان هەڵبڕی.

بێ ئەوەی گوێی هەڵبخات ئەبابەیلە گوێی لە دەنگیان بوو. دیار بوو ئەوان بە شێوەیەک دەدوان کە ئەبابەیلە گوێی لە وشەکان بێت. لەگەڵ درێژەی باسەکەیاندا بە دەست بانگیان کرد کە بچێت بۆ لایان و دابنیشێت.

یەکێک لە پیاوەکان، دەستێک قاتی شینی مەیلە و تۆخی لەبەردا بوو. ددانە هۆڵیودیەکانی وەک شەکر سپی بوون و لە دەمی زۆر گەورەتر

بوون. لە ئەوە دەچوو دەمی پڕ لە بنێشت بێت. بە دەنگی بڵندتر لە ئاسایی ئەوانەی تری گوت:

- باشە، با بە شێوەیەکی لە خودابەترسانە ئەم بابەتە یەکلا بکەینەوە.

ئەوانیش بەڵێنی شەرەفیان پێدا کە مادام بە شێوەیەکی لە خودابەترسانەیە بە گوێی بکەن.

- برایان، ئایا ئێمە خۆمان پێویستمان بە پارەیە؟ هەر بە ڕاست؟ بەرامبەر بە ئەڵا ڕاتان دەگرم.

- نەوەڵا

هەر سێ کەسەکەی تر بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە.

- دەی مانّتان ئاوەدان بێت و خودا بە بەهەشتان شاد بکات. باشە، ئایا ئێمە هەر دەبێت ئەو شتانە ببەین؟

- ئەرەوەڵا، مانّی کافرە و هەمووی حەڵاڵە.

هەر سێ کەسەکە دووبارە بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە.

- هاوێیانی هاودینم، من ئێستا ئا ئەم (دەستی خستە سەر شانی ئەبابەیلە و بە ئارامی نازی کرد) ئەبابەیلەم بینی هاتە ژوورەوە یەکسەر موچوورِکێکم پیادا هات. ئەو موچوورِکە لە لای خوداوە بوو. موچوورِکی ئاسایی نەبوو، چونکە موچوورِکی ئاسایی دەناسمەوە. جا پێشنیارەکەم ئەمەیە: ئەگەر ئێمە هەر دەبێت ئەو شتانە ببەین و خۆشمان

پێویستمان پێیان نییە، با خەڵاتی ئەم پیاوە گەنجە هەژارە هاودینەمانی بکەین؟

- جا حەوتبرا پێشنیاری ئاوا لە ئەسڵدا لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە. بەڵێ، ئێمە ڕازین.

ئەبابەیلە نەیدەزانی باس لە سەر چییە، بەڵام زوو تێگەیەندرا کە فلانە ماڵ پڕە لە پارە و زێڕ و خشڵ و ئێستا لە ماڵەوە نیین و ئەمان سیستەمی کامێراکەیان پەک خستووە. هەر ئەوەیە ئەبابەیلە بڕووات بۆ ژوورەوە و بە ئارەزووی خۆی لە پارە و زێڕوخشڵیان ببات و بێتەوە.

لە سەرەتادا ئەبابەیلە وایدەزانی پێی ڕادەبوێرن، بەڵام زوو تێگەیشت کە نەخێر بە ڕاستیانە و بە قسەی کردن. کامێرایەکی بچووکیان پێدا و نیشانیان دا چۆن لە ناوچاوەنی خۆی گرێ بدات و کاتێک یەکەم هەنگاو چووە ماڵەکەوە دایبگیرسێنێت.

ئەبابەیلە هەر زۆر بە ئاسانی چووە ناو ماڵەکەوە. ئەم حەوتبرایەی تا ئێستا یەک درۆیان لەگەڵدا نەکردبوو.

لە ژوورەوە لە ناو ئەو ماڵە چۆڵەدا دڵی ئەبابەیلە کوتەکوتێکی دەکرد پێی وابوو هاکا لە دەمیەوە دێتە دەرەوە. سەرتاپا دەلەرزی و دەمی وشک داهاتبوو.

مەتبەخێکی گەورەی پاک و بە تەمیزی بینی، کورسی قورس و توند و مێزێکی گەورە، کە دیاربوو لە داری چاک بوون. لە دووڕەوە یەخچاڵ و فرێزەرەکەیانی بینی و خۆی پێ ڕانەگیرا. بە هەمان نەرمەلۆقەوە کە هەمیشە بۆ لای یەخچاڵی ماڵی خۆیان دەچوو، بە ئەمیش گەیشت و دەرگاکەی کردەوە.

ناوەوەی یەخچاڵەکە پاک و خاوێن و ڕووناک بوو. پڕ لە سەوزە و خواردنەوە و پەنیر و شیر و ماست و خۆراکی جۆراوجۆر بوو کە ئەم هەندێکیانی لە ریکلامەکانی تەلەڤیزیۆندا بینیبوو. بە تامەزرۆوە لێی ڕووانین و چاوی بە سەریاندا فڕی. حەزی دەکرد کوڕی ئەو ماڵە بووایە. خواردنەکان زۆر بوون و خۆش بوون و پاک و بە سوود بوون.

هەر ئاوا بە وەستاویی، دەستی بە سوچی سەرەوە دەرگای یەخچاڵەکە ڕاگرتبوو، مشەیەکی درێژی بە لوتی کرد و دەرگاکەی پێوە دا.

ڕووانین لە ناوەوەی یەخچاڵەکە و بینینی شتومەکەکانی ناوی، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، بەشێک لە ترسەکەی دڵیان شکاندبوو. نەیدەزانی هاوڕێ هاودینیەکانی لە جێی خۆیانەوە دەتووانن ببینن و دەزانن خەریکی چییە، چونکە کامێراکە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوو و فیلمیان لە ئەبابەیلە هەڵدەگرت.

هەر چۆنیەک بێت، ئەبابەیلە لە ماوەیەکی کورتدا بڕەپارەیەکی زۆر و زێڕوخشڵی کۆکردەوە و بە ئارەقەیەکی زۆر و بە جەستەیەکی ساردداهاتوو و بە پێ و جەستە و سەروکەللەی سڕبووەوە هاتە دەرەوە و ڕاستەوخۆ بەرەو لای برادەرە هاودینیەکانی تێی قووچاند.

ئەوانیش بە دەستهێنان بە سەر و کەللەپی و بە وردە زللەی نەرمی شۆخیبازییەوە لە ئەملاوئەولای ڕوومەتی، بەخێریان هێنایەوە و تورەکەکەیان لێ وەرگرت.

کامێراکەیان لێ کردەوە و لەگەڵ بەردەوامیی بە وردە سوعبەت و دەستبازییەوە یەک دوو چنگی بچووک لە دۆلار و پارەی تریان دایە و ئەبابەیلە بە دەم وەرگرتنەوە سوپاسی کردن.

پیاوە قات شینەکەیان بە جدیەوە بە ئەوانی تری گوت:

- هاودینانم، بینیتان، ئەوە ڕاست بوو کە سەبارەت بە ئەبابەیلە پێم گوتن. بینیتان چەند دەست پاکە. ئەم ماڵە حەڵاڵەی هێنا و بە بێ ئەوەی یەک دانە دینار یان دۆلاری لێ ببات، تەسلیم بە ئێمەی کرد. ئایا ئەم پیاوە جێگای هەموو متمانەیەک نییە؟

هەر سێ کەسەکە دووبارە بە یەک دەنگ وەلامیان دایەوە:

- کورە بەڕەوەڵا.
- جا کەواتە، هەمووی دەبێت حەڵاڵی خۆی بێت؟ ئەی ئایا وا نییە؟
- بەڕەوەڵا حەوتبرا، وایە.

کابرای قات شین هەموو تورەکەکەی بە ئەبابەیلە دا و سەرێکی بۆ لەقاند و پێی گوت:

- ئەو بێشەرەفانە لە ژیانیاندا زەکاتیان نەداوە. سەد ئەوەندەی تریشیان هەیە. نۆشی گیانت بێت، بەڵام، بەڵام ئەبابەیلە، لە بیرت نەچێت، ئەو سامانە کە ئێستا بە دەستەوەیە هەتا زەکات و سەرفترەی لێ نەدەیەت هی خۆت نییە و پێت حەڵاڵ نییە.

ئەبابەیلە بە چاوی گەش و ڕووی خۆشەوە سوپاسی کردن و تورەکەکەی هەڵگرت. دڵەکوتەکەی زۆر زیاتر لە ئەو کاتە بوو کە یەکەم هەنگاو لە ناو ماڵەکەدا بوو.

یەک دوو ڕۆژ کەمێک بیری لە زەکات و سەرفترە کردەوە، بەڵام بڕیاریدا نەیدات، چونکە پێی وابوو ئەڵڵا زۆر لە ئەوە گەورەترە کە لە قیامەتدا لە ناو ئەو هەموو تاوانبارانەدا بە دووای ئەمدا بگەڕێت و لە

سەر یەک دوو دینار سزای ئەم بدات. بە کەمێک مشتومڕ لەگەڵ هەست و ئەقڵ و ویژدانی خۆیدا، بە ئەو باوەڕە گەیشت هێشتا خودا دەبێت زۆر لێی ڕازیی بێت کە ئەو پارەیەی لە ئەو ماڵە دزە ساختەچییە لە خودانەترسە بردووە.

ڕەنگە لە بەرئەوە لە ئەمەوبەدووا خودا زیاتر و زیاتریش هیدایەتی بکات.

ڕۆژگارانی پاییزی عەرشی پەروەردگار جاروبار نەبێت بۆنی باران و گڵی نەرمی بە لوتی خەڵکەکەدا نەدەدا. هەورەگرمەی بە زنجیرە و خڕم و هوڕی ڕەواندنەوەی و بروسکەی تووڕەیی خوداوەندی باران، بە ئاسماندا خواروخێچ بڵاو دەبوونەوە، بەڵام هەر نەدەبوون بە ئەو بارانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان زەوی عەرشی پەروەردگاری وەک زێی مێیەکی دڵخۆش تەڕ دەکرد و خۆیی بۆ ماچی باران دەکردەوە.

ئیشی ئەبابەیلە باش دەگەڕا. منداڵەکان لە جاران زیاتر خۆشیان دەویست و هەموو شتێکیان بە قسە دەکرد. زۆریان وێنەی ماڵی خۆیان دەگرت و بۆیان دەهێنا. وێنەی هەموو شتێک، تەنانەت وێنەی خوشکەکانی خۆیشیان دەگرت کاتێک خەریکی قاپ و دەفر شۆرین یان جلکوبەرگ هەڵگستن و ئیشی دیکە بوون.

هەموویان دڵیان بە موچەکەیان خۆش بوو.

منداڵەکان ئەبابەیلەیان لە وێنەی مەلایەکی مزگەوتێکی گەورەدا دەبینی. بیستبوویان کە مەلایەک هەر بەندەیەکی گوێڕایەڵی خوداگیان نییە، بەڵکو دەستپاک و ڕووخۆش و دەم بە زەردەخەنە و دەستئاوەڵە و میهرەبانە.

ئەوە ئەبابەیلە بوو. ئەو بوو کە جێی ڕەزامەندیی خودا بوو.

جاروباریش هەریەکەی کیلۆیەک کەمتر یان زیاتر پاقلاوە یاخود شیرینیەکی تری پێ دەدان. بە یەکەوە کۆی دەکردنەوە و سەبارەت بە کۆی ئەندامانی خێزانەکانیان پرسیاری لێ دەکردن و بە پێی وەڵامەکانیان بڕە شیرینەکەی بە سەردا دابەش دەکردن و ئەوانیش هێندەی تر بە دادوەریان دادەنا.

منداڵەکان ئەو میهرەبانیی و یەکسانیەیان تەنها و تەنها هەر لە ئەبابەیلە بینیبوو.

ئەو ئێوارەی منداڵەکان شیرینیەکی تێکەڵاویان لە ئەبابەیلە وەرگرت و بە خۆشییەوە لەگەڵ وەرگرتنی مووچەکانیاندا بڵاوەیان لێ کرد، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە بوو.

درەنگە پاییزانێک بوو و زەوی ڕووبەڕووی ڕۆژگاری زستان خولی دەخوارد. ئێواران زوو تاریکی دەکرد و لە ماوەیەکی کەمدا ئەنگوستەچاو دەبوو.

خودا عەرشی پەروەردگاری لە ڕووناکی ئەلەتریکیی بێبەش کردبوو، بەڵام لە قەرەبووکردنەوەی بێ کارەباییدا دڵ و دەروونیانی بە گەورەیی خۆی ڕۆشن کردبووەوە.لە گەردوونی شەوەزەنگدا کەس نەیدەزانی کەی و کوێی عەرشی پەروەردگار بە ڕووناکیی بەرهەمی کافرستانی ڕۆشن دەبێت، بەڵام دەیانزانی خوداگیانەکەیان لە قیامەتدا سەد قات و بگرە هەزار قات بۆیان قەرەبوو دەکاتەوە. لەبەرئەوە هیچ باکیان نەبوو.

ئەو ئێوارەی چوارشەممەیە دایکی سۆما وەک هەموو ئێوارەیەکی تر خواردنی ئامادە کردبوو و سفرەی ڕاخستبوو و چاوەڕوانی باوک و براکانی سۆما بوو، بێنەوە.

لە چاوەڕووانی ئەواندا بە پشووەوە لە تەلەفۆنەکەی دەستی دەڕووانیی. وەک هەموو ئەندامە مێینە و نێرینەکانی عەرشی پەروەردگار تەلەفۆنێکی دەستیی خۆیی هەبوو. کوڕەکانی هەموو ئەو ئاپانەیان بۆ دامەزراندبوو کە هێوەرژنەکانی و خوشکەکانی و ئامۆژن و پوور و ژنانی دەراوسێی هەیان بوو.

ئەگەر شتێکی نوێ لە گێتیی سەرکراوەی ئینتەرنێت و سایبەر و دیجیتاڵدا، لە پرۆگرام و ئاپەکاندا، پەیدا ببووایە یان گۆڕانکارییەک ڕووی بدایە، ئەوا حەتمەن یەکێکیان زووبەزوو هەواڵی "ئێستا من ئەوەم هەیە و ئەوەم دابەزاندووە" ی بە چواردەوری ڕادەگەیاند و ئەوانیش خۆیان ئەپدەیت دەکرد و وشەی ئاپ و ئەپدەیت و پرۆگرام تێکەڵ بە ئینشەڵا و ماشەڵا و ئەستەغفیرەڵا و یارەبی تۆبە خودایە، دەکرا.

دایکی سۆما بە دەم یەکتردووواندنەوە لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی ناو گێتیی سایبەری بێکۆتاییدا جاروبار گوڵ و دڵێکی بۆ ستۆریەک یان دانانێک دادەنا یاخود ئیمۆژیی لچێکی هەڵقورتاوی بۆ فڕێ دەدان. کەمێک لە پاشەمله لە ناو جیهانی سایبەردا باسی خواردن و جلکوبەرگ و پێڵاو و زێڕ و زیو و خانوو و ئۆتۆمبیلی ئەم و ئەویان دەکرد.

لە گەڕانی ناو دونیای ئینتەرنێتدا لچ و لێوی لە ژنانی تر بچووک دەکردەوە و شوێن فیلەر و بۆتۆکسی دەم و لێو و ڕوومەت و ناوچاوانی خۆی لەگەڵ ئەوانەی ناو تەلەفۆنەکەدا بەراوورد دەکرد. دونیای سۆشیالمیدیا دونیایەکی خۆش بوو، دونیایەکی پڕ سەیروسەمەرە بوو. ژنان لە ئەو پەڕی دونیاوە هەموو شتێکیان دەکرد. هەندێک دەیاننووسی کە عەیبە و شووەیی لە دونیای دەرەوەی عەرشی

پەروەردگاردا نەماوە. ڕاستە، ژنانی عەرشی پەروەردگار هەموو ئەو شتانەیان دەکرد کە ژنانی تریش دەیانکرد، بەڵام ئەمان بە حەیا و حورمەتەوە دەیانکرد.

لە کاتی هەڵدانەوەی پەڕە بچووکەکانی گەردوونی گەورەی سۆشیالمیدیادا، لە پڕ دایکی سۆما دڵی داخورپا.

بە پەلە گەڕایەوە بۆ دوواوە.

وێنەیەکی بینی دڵی داخورپاند.

وێنەکە وێنەی سۆما بوو.

وێنەی سۆما بوو. بێگومان کچی خۆی دەناسێتەوە.

لە سەر وێنەکە لەنگەری گرت و چاوەکانی شاشەی تەلەفۆنەکەیان داپۆشی. دڵی خاوبووەوە.

هەر یەک وێنە نەبوو، دەیان وێنە بوون.

هەردوو چاوی سۆما لە وێنەکاندا بە خەتێکی کەمێک پان ڕەش کرابوونەوە، دەنا هەموو ڕووخساری دەبینرا.

وێنەکان وێنەی سۆما بوون. سۆما لە کاتێکدا کە دەرگای حەوشەی ماڵی خۆیان دەکاتەوە و دەچێتە دەرەوە/ سۆما لە کاتێکدا کە لە بەر دەرگای حەوشە دایە/ سۆما لە کاتێکدا یەک دوو هەنگاو دوور لە دەرگای حەوشە وەستاوە/ سۆما لە بەر دەم خوێندنگاکەی دایە/ سۆما کە بەرامبەر یەک دوو هاوڕێ ڕاوەستاوە و دەستی بە دەمیەوە گرتووە و پێ دەکەنێت/ سۆما کە لە سەر چەقی شۆستەیەک چەماوەتەوە و بەنی پێڵاوەکانی توند دەکاتەوە/ وێنەی زیاتر و زیاتر.

کاتێک باوکی سۆما خۆی کرد بە ژووردا، دەنگی بانگدان لە تەلەفۆنەکەی دایکی سۆماوە بڵند بووەوە و خۆی خستنە نێوان هاتنەژووڕەوەی باوکی سۆما و هاتنەدەرەوەی سۆما لە حەمام و هەستانی دایکی لە پەشۆکاوییدا.

دایکی سۆما دەنگی دەرنەدەهات. سەیری باوکی سۆمای دەکرد و گوێی لە دوو براکەی سۆما بوو کە لە دەرەوە لەگەڵ یەکتر دەدووان. سۆما خاولیەکی بچووکی لە قژی ئاڵاندبوو و بە پەشۆکاوی دایکی سەری سووڕمابوو. باوکی سۆما زیاتر هاتە ناو ژوورەکەوە و سڵاوی کرد. دایکی سۆما هەر بێ وەڵام بوو. دەنگی بانگدان لە تەلەفۆنەکەوە بە تەواوی بە سەر بێدەنگیەکەدا زاڵ بوو.

لە پڕێکدا دایکی سۆما، هەروەک تەلەفۆنەکە پارچە ئاسنێکی گەرم بێت، ئەم دەست و ئەو دەستی بە تەلەفۆنەکەی کرد. بە هەمان شەژاوی دەنگی بانگدانەکەی کپ کرد و مێردەکەی بەخێر هێنایەوە.

هەموویان خەریک بوون خۆراکیان دەخوارد، بەڵام ئەم زوو زوو دەچووەوە سەر تەلەفۆنەکەی و ئەو پەیجانەی دەبینیەوە کە وێنەی سۆمایان لە سەر بوو. نووسینەکانی سەریان هەناسەی لێ بڕیبوو:

"ئا ئەمەم سەد جار گاوە"

"ئەو کچەی بە خۆڕاییش گان دەدا"

"هێزت لێ دەبڕێت، پشتت دەشکێنێت"

کۆمێنتەکان وەک پژمەی ناوەخت لە هەناوی پیاوانی عەرشی پەروەردگارەوە دادەچۆڕان.

کۆمێنتنووسەکان داوای ناوی کچەکەیان دەکرد و دەیانگوت "با ئێمەیش بیگێین" و "خاڵە خۆ ئێمە کافر نیین" و "حەوتبرا خۆ ئێمەیش پارە دەدەین" و "تف لەو دایکەی بەخێوی کردووە" و "دیارە باوکی گەوادیانە" و "ئەی برا حیزەکانی چی دەکەن" و "دیارە دایکی لنگی بۆ هەڵدەبڕێت" و "من دەیناسم، خۆیم نەگاوە، بەس دایکی گانی چاک دەدات".

لە سەر سفرەکە یەک دوو جار دایکی بووڕایەوە و بە لادا کەوتە ناو خۆراک و قاپ و دەوریەکانەوە. هەموویان بە هەڵەداوان پڕیان پیادا کرد و بە هۆش خۆیدا هێنایانەوە، بەڵام دایکیان ڕەنگی پەڕیبوو، دەمی وشک بوو، ڕەنگی چاوەکانی زەرد هەڵگەڕابوون و بیلبیلەکانی نەدەبزووان.

ئەوەی چاوەڕووانیان نەدەکرد و بە بیریاندا نەدەهات، مەرگ بوو.

ئێستا مەرگ دایکیانی لێ دەستاندن.

دژ بە خواستی خۆیی و بە زۆری زۆرداریی دایکی سۆمایان بەرەو نەخۆشخانە برد. لەگەڵ فڕکەفڕکی بۆ ئەملاوئەولای ناو ژووری جیاوازی نەخۆشخانەکەدا و گرتنی خێرایی لێدانی دڵ و پشکنینی خوێن و ئازمایشی جیاواز، هیچیان نەدۆزیەوە.

دکتۆرەکە پێی گوتن کە زانست هەموو وەڵامێکی لا نییە، خودای تەبارەک و تەعالا بە ئەو سەرەوە خۆی دەزانێت هۆکار چییە. سەرەڕای باشیی بەهاکانی خوێنی هەر کۆمەڵێک ڤیتامین و دەرمانی هێورکەرەوەی بۆ نووسی. پێشیگوتن کە دەبێت بچن بۆ فلانە دەرمانخانە ئەگینا ئەم گەرانتی کوالیتی دەرمانەکان ناکات و حەق بە

سەریەوە نابێت. بە بیریشی هێنانەوە کە دکتۆر و دەرمان لە بەردەم ویستی خودای گەورەدا هیچ نرخێکیان نییە.

دایکی سۆما لە دەرمانەکانی دەڕووانیی و دەیزانی سوودی پێ ناگەیەنن. ئەم دەردێکی تری هەبوو. لە پەلوپۆ کەوتبوو. دەیزانی خۆی بەرپرسیاری هەڵسوکەوت و شەرەفی کچەکەیەتی. هەمیشە دایک بەرپرسیارە. ڕاستە باوک و برا کچ بە شوو دەدەن و هەندێک جار براکان پارەی شیربایی و مارەیی خوشکەکانیان بە هێنان و مارەکردنی ژنێک دەدەن یان ماتۆڕێکی پێ دەکڕن یان قەرزێکی پێ دەدەنەوە، بەڵام دایک بەرپرسیاری کچ بوو، بەرپرسیاری منداڵ بوو. لە عەرشی پەروەردگاردا دەیانگوت " دایک ببینە و کچ بخوازە".

دایکی سۆما وەک هەر دایکێکی تر بەرپرسیاری شەرەف و سەربەرزیی و ڕووسوورییی کچەکەی بوو.

لە سەر خولگە و لە ناو گێژاوی ئەو باسە ئاڵۆزانەدا ئیتر دایکی سۆما خۆی پێ ڕانەگیرا. لە نیوەشەودا باوکی سۆمای خەبەر کردەوە، توند مەچەکی گرت و هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. هەردووکیان لە ناو تاریکایی ژوورەکەدا و بە بێدەنگیی کۆمێنتەکانیان دەخوێندەوە. کۆمێنتنووسەکان وەک پەڵە مێروولەی دەوری شارەمێروولەیەک ڕەشیان دەکردەوە و بە هەر چواردەوری گەردوونی بەشە سایبەرەکەی ئەماندا دەهاتن و دەچوون.

بە سەدان کەس لە کۆمێنتنووسەکان ناویان لە ڕاست دەچوو و بە سەدانیشیان دیارنەبوون کێن و ناویان خوازراو بوون. سەدان پەیجی جیاواز جوێنیان بە سەر خاووخێزانی سۆمادا دەبارانd و دوعای شەڕیان لێ دەکردن و وێنەی تری ژنانیان دەهێنا و دەستکاریان دەکردن و وەک وێنەی سۆما دایان دەنا.

کۆمێنتنووسەکان زانیاریان لە سەر دایکی سۆماش بڵاو دەکردەوە. هەندێک دەیانگوت سێ جار شووی کردووە و ئەوانی تر دەیانگوت چوارەم شوویەتی و هەندێک دەیانگوت سۆما منداڵی خۆیان نییە و هەڵیانگرتووەتەوە و هەندێک هەبوون دەیانگوت ئەوە سێیەم کچیانە ئاوا لەشفرۆشیی دەکات. باوکی سۆما مامۆستا نییە، بەڵکو مەشروبفرۆشە و مەوادی موخەدەر دەفرۆشێت، سوێندیان دەخوارد کە لە ژیانیدا سەری بە مزگەوتدا نەکردووە.

ئەهلی عەرشی پەروەردگار لە ناو گێتی ئینتەرنێتدا وێنەکانیان بە یەکتر دەناساند و دەیانگوت ئێمە دەمێکە دەیزانین و دەشزانین چ سەگبابێکی لەشفرۆشە. زۆرێک لە پیاوەکان بە ئیمان بوون و نەفرەتیان لە ئەو دایکوباوکە لە خودانەترسە دەکرد و لە ناوەڕاستی ئەو قیامەتە پڕ گوناهەدا دوعای خێریان بۆ ئەهلی عەرشی پەروەردگار دەکرد.

هەندێک کۆمێنتنووس گازەندەیان دەکرد کە ئەو ئینتەرنێت و مینتەرنێتە هۆکاری سەرەکیی پشت دارمانی شەرەفن. دەیاننووسی کە جووەکان ئینتەرنێتیان بۆ ئەوە دروست کردووە کە شەرەفی ئەهلی شەرەف و ئیماندارانی ئاخرزەمانی پێ بشکێنن. ئینتەرنێت دیاری شەیتانیانەی جووەکان بوو بۆ تێکدانی دونیای خاوێنی ئەهلی دوا دین. جوێن بە سەر تاک و گرووپ و نەتەوە و ئایین و باش و خراپی جووەکاندا دەبارێندرا. هەندێکیان ئەوەندەی تر لە ئەوانەی تر تووڕە دەبوون و دەیاننووسی "ئێوە نازانن چی دەڵێن، باش و خراپی چی؟" و وەڵامیان دەدایەوە "لە ناو جوولەکەدا باش هەر نییە".

لەگەڵ سەیرکردن و گوێگرتن و خوێندنەوەی ئەو جوێن و سووکایەتپێکردنانەدا هۆنەوزێکی نەخوازراو لە باوکودایکی سۆمای دەدا و بە داچڵەکینێک بە ئاگای دەهێنانەوە.

بەیانیەکەی وەک بەیانیانی پێشووتر نەبوو. بێگومان بەیانیەکی خراپ بوو.

سۆما و براکانی نەیاندەزانی چی دەگوزەرێت و چی ڕووی داوە، بەڵام سۆما دەیبینی کە دایک و باوکی شتێکیان لێ بە سەر هاتووە. دەیبینی کە هیچیان ئەم نابینن. نیگای چاویان لە سەر ئەم نەدەوەستاند و لە ئەوەنەدەچوو بیبینن.

جەستەی دایک و باوکی بچکۆلە بووبوونەوە و هەردووکیان چووبوونە ناو خۆیانەوە.

ماڵ سارد و سڕ بوو.

هەر پاش ئەوەی باوک و براکانی لە ماڵ چوونە دەرەوە، دایکی نەیهێشت سۆما بچێت بۆ خوێندن و فەرمانی بە سەردا کرد لەگەڵیدا بڕووات بۆ لای دکتۆر. سۆما دەیزانی شتێک هەڵەیە. ئەگەر دایکی نەخۆشە، بۆچی چاوەکانی دایکی ئەم نابینن، بۆچی بەری چاوی بە ئەم هەڵنایەت؟ دایکی تووشی چ نەخۆشیەک بووە؟ سۆما لە خەمی دایکیدا بوو.

لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی چوون بۆ لای دکتۆرێکی ژنان. کاتێک چوونە ژوورەوە هەر بە بێدەنگیی دانیشتن. سۆما نەیدەزانی چی بڵێت. سەیری دایکی دەکرد و بە چاو پێی دەگوت قسە بکات و دکتۆرەکە لە هەردووکیانی دەڕووانی.

دکتۆرەکە ژنێکی ساڵ مامناوەندیی بوو. ماکیاجێکی زۆری کردبوو. ڕەنگە سوور و ڕەش و شینەکان هەریەکە و بە شوێنی خۆیانەوە ڕووخساریان ڕازاندبووەوە. پاش چەند دەقیقەیەک بێدەنگیی، دکتۆرەکە ناچار بوو لێیان بپرسێت:

- فەرموون، چیتان بۆ بکەم؟

دایکی سۆما هەر بێدەنگ بوو و بە واقی ورماوەوە لە دکتۆرەکە و لە ژووڕەکەی دەڕووانی. سۆما بە ناچاریی دووا:

- دکتۆر گیان، دایکم نەخۆشە.

دایکی سۆما نەیهێشت وشە لە دەمی دکتۆرەکە بێتە دەرەوە. بە تووڕەییەوە دەنگی هەڵبڕی و بە شێوەی فەرمان فەرمانی بە سەر دکتۆرەکەدا کرد کە پشکنینی کچیەتی بۆ سۆما بکات و بزانێت هێشتا کچە یان نا. هاوکات لە ئەویادا هاوار لە دڵی پڕبوویەوە هاتە دەرەوە و دایە پڕمەی گریان.

زۆرێکی پێ چوو تا دکتۆر و سۆما تێگەیشتن. سۆما خۆی بە دەستەوە نەدەدا و تێنەدەگەیشت و هەر دەیپرسی ئاخر بۆچی و چی بووە. یەکەم جار بوو لە ژیانیدا ناچار بێت جەستەی بخاتە بەر دەستی کەسێکی تر. هەر ئەوەندە نا، بەڵکو ناچار بوو جەستەی بۆ پشکنین و بۆ لێ وردبینەوە و ئینجا دادوەریی لە سەر کردن، بخاتە بەر دەستی کەسێکی تر. یەکەم جار بوو ناوی ئەو بەشەی جەستەی ئاوا لەو دۆخەدا بکەوێتە نێوان خۆی و دایکیەوە. ئەو ناوەی هەرگیز نە بە سەر دەمی خۆی و نە بە سەر دەمی دایکیدا نەهاتبوو.

لە ژێر داوای دکتۆرەکە و ددانەکیرێی دایکیدا، سۆما لە سەر قەرەوێلەکە ڕاکشا و لاقەکانی بە سەر گیرەکاندا هەڵواسی. دایکی بە

هەر دوو دەستی، بە تووندیی و بە تووڕەییەوە و بە ڕووخسارێکەوە وەک بێزی لێ بکاتەوە، دەرپێ و شۆرتەکەی لە بەرییدا داکەند.

سۆما هەر لە ئەویادا تێک شکا و تێکشکاویەکەی پێوە دیار بوو. جەستەی بەلەمێک بوو وردەوردە پڕ دەبوو لە ئاو و بەرەو نوقمبوون و دیار نەمان، ئاوا دەبوو. ئەو جەستەیەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک بوو لە خودی خۆی ئێستا لە ئەو چەند چرکەیەدا بوو بە کەولەکۆنێک و بێزی لێ دەکردەوە. لە ئەوێوە ئیتر جەستەی لە خۆی، لە هەبوونی خۆی، لە مێشکی و لە بیر و بیرەوەرییەکانی جیابووەوە. ئەو کەولەکۆنەی لە دەرەوەی خۆی دەبینی و بوو بە بەشێکی نامۆ لە خۆی.

دکتۆرەکە قەدەرێک بە پشکنینی جەستەی سۆماوە مەشغوڵ بوو. پاش کارەکەی دەستکێشەکانی داکەند و بە دایکی سۆمای ڕاگەیاند کە بەڵێ، سۆما هەندێک شلەی هەیە، بەڵام هەرکچە و شتێکی تایبەتیی نابینێت.

- هەندێک شلە مانای چی؟

دایکی سۆما بەردەوام لە دکتۆرەکە تووڕەبوو. دەنگی لێ بڵندکردبووەوە و لە وێنای ئەفسەرێک بە سەر سەربازێکدا فەرمانی دەدا.

دکتۆرەکە نەیدەتووانی هیچی زیاتر بڵێت و لە ئەوە دەچوو نەتووانێت ئاوا بە پەلە باسی ئەو شلەیەی بۆ بکات. بە هەندێک لە خۆنادڵنیاییەوە گوتی:

- هەموومان هەندێک شلەمان هەیە، لە تەڕییەک زیاترە، ئەوە ئاساییە.
- هەمووتان، هەمووتان کێن؟

دکتۆرەکە بە وشەی کورت و بە دەنگی نزم و بە یارمەتی ئاماژەی پەنجەکان و هەر دوو دەستی، ڕوونی کردەوە کە شتێک بە ناوی پەردەی کچێنی نییە. ئەوە کۆمەڵێک توێژاڵی خوێنین و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن. لە هەندێک کچدا زۆر چڕن و لە هەندێکی تردا کەمتر چڕن. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک لە ماوەی کاتێکی درێژدا هەر بە تەنها یەک دوو جار سێکس بکات، ڕەنگە پاش ماوەیەک ئەو کەناڵە وەکو خۆیی لێ بێتەوە و بچێتەوە یەک.
ئەو قسانە دایکی سۆمای زیاتر هار کرد.

لە وەڵامی پرسیاری دکتۆرەکەدا کە هەر لە شوێنی خۆیدا بێکار مابووەوە و نەیدەزانی چیتر بکات و سۆماش هەر ئاوا بە پاڵکەوتوویی و لاق لە هەوادا هیوای بە مەرگ دەخواست، دایکی بە تووڕەییەکی پڕ لە کەف و کوڵەوە وەڵامی دایەوە:

- نا، هیچی ترم ناوێت.

تا ڕادەیەک بە شێوەی ڕاپسکاندن پسوولەکەی لە دکتۆر وەرگرت. شۆرت و پانتۆڵەکەی بە سەروچاوی سۆمادا هەڵ دا و پەلەی لێ کرد لە بەری بکات، بەڵام سۆما نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەوڵەکۆنە فرێدراوەی جەستەیدا بکات. نەیدەزانی شۆرتەکەیی و پانتۆڵەکەی چی لێ بکات.

دکتۆرەکە دەیوسیت شتێک بڵێت، بەڵام تووڕەبوونی دایکی سۆما ترساندبووی.

سۆما بە خاوخلیچکیی، بێ ئەوەی ڕێکوپێکیان بکات، جلکوبەرگەکانی لە خۆی هەڵکێشا و بە پێچەوانەی هەموو ژیانیەوە، بە

نیوەچەماوەیی کە پشتی پێ ڕاست نەدەکرایەوە، هەنگاوی نا. دایکی پەلی گرت و پێشی کەوت.

ئەو شەوەش، هەروەک شەوی ڕابردوو، ماڵی سۆما سارد و سڕ بوو. دایک و باوکی هەردووکیان لێوبەبار و خەمگین بوون. ڕەنگیان زەرد و نیگای چاویان دوور هەڵ دەدا و بە سەر شتێکی تایبەتییەوە لەنگەریان نەدەگرت. گوێیان لە سۆما نەدەگرت و هەر پرسیاریان لێ دەکرد. ئەویش نەیدەتووانی وەڵامی هیچ پرسیارێک لە ئەوە زیاتر بداتەوە کە دەیزانی و نەشیدەویست ئەو وەڵامەیان بداتەوە کە ئەوان دەیانویست ببیستن. وەڵامەکەی هەر ئەوە بوو کە کوڕێک دووای کەوتووە و ئەم وەڵامی نەداوەتەوە. چەند منداڵەورتکەیەک هەروەها دووای کەوتوون. تا زیاتر بدووایە خراپتر خۆی تووش دەکرد و باسەکەی لە خۆی ئاڵۆزتر دەکرد.

دایکی سۆما درۆ گەورەکانی دکتۆرەکەی بۆ باوکی سۆما ڕوون دەکردەوە و باسی تەرپی و شلەی زۆر و نادڵنیابوون و کوێربوونەوەی زێی بۆ دەکرد.

سۆمای لەبەر چاو کەوتبوو. سۆما کچەتیوێکی درۆزنی بێحەیا و بێحورمەت بوو کە خیانەتی لە باوک و براکانی خۆی کردبوو.

بە چرپەوە بە گوێی باوکی سۆمایدا دەدا:

- خودا دەزانێت سکی پڕە یان نا. دکتۆر، دکتۆری چی؟ هەر بە فیز و نازەوە دەتگوت سەری کردووە بە ناو تووڕەکەی کامێرایەکی کۆندا و وێنە دەگرێت. پیاوەکە، داخی ئەو دەستە کلیلەی ماڵەوەیی و سویچی سەیارەکەی کە خستبوویە سەر

مێزەکەی بەردەمی، ئەوەندەی تر کوشتبووی. عەیب و شوورەیی. ڕەزای خواتەوە.

کەمێک بێ دەنگ دەبوو و دەستی پێ دەکردەوە:

- ئەو دکتۆرە گێژە گەمژەیە هەر بە دووای پارەوە بوو، خۆ باسی هیچی تری نەکرد. بە پارەی ئێمە سەیارەی کەشخە دەکڕن. ئێستا ئەگەر لە پڕ سکی بەرز ببێتەوە ئەو کوڕانەم قوڕی کام شوێن بە سەری خۆیاندا بکەن؟ ئەم سۆما ڕەقەیە چی پێکردووین؟ ئەگەر چنگێک گۆشتی پێوە بووایە خۆ شارەکەی دەخوارد. تازە بۆ هەتاهەتایە ئەو دوو برا جوانە ئاقڵە ئیشکەرانەی لەکەدار دەبن و ناچار دەبن وڵاتەکە بەجێبهێڵن. بە خودا کەس ژنیان پێ نادات. پیاوەکە، تازە ژیانمان نەما.

دایکی سۆما ڕاستی دەکرد. خەڵکی عەرشی پەروەردگار هەرگیزاوهەرگیز لە تاوانی شەرەف خۆش نەدەبوون. شەرەف لە دار و دەوەن و لە ماست و دۆ و لە ماش و نیسک و لە نەوت و گاز و هەموو شتێکی تر گرینگتر بوو. هەموویان چەند سەد ساڵ بوو خەریکی کۆکردنەوەی شەرەف بوون و شەرەفیش ئەوەندە لە شوێنێکی خراپدا گیرسابووەوە کە نە دەیانتووانی ڕوو بە یەکتر بیگرن و نە دەشیانتووانی نیشانی یەکتری بدەن، بەڵام هەموو کەس دەیزانی بە ژنەوەیە و لە ناو گەڵیدایە. پیاوان لە منداڵییەوە چاویان لەسەر شوێنەکەی بوو. کاتێک کوڕان ژنانیان دەبینی یەکسەر بە چاوە کونجکاوەکانیان نیشانەیان لە شەرەفیان دەگرت و دەیانزانی شەرەف لە ئەوێیدایە. ئیتر کاتێک گەورە دەبوون ناوگەڵی ژنان دەبوو بە نیگانوما و باوەڕنومایان.

شەرەف ئەو مەتەڵە بوو کە هەرگیز بۆیان هەڵ نەدەهات. خەڵکەکە لە مێژووی خۆیاندا هەموو شتێکیان بە قوربانی شەرەف کردبوو. هەیان بوو نەیان بوو ئەو خەرمانەی شەرەف بوو کە باووباپیرانیان کۆیان کردبووەوە. لە خۆشەویستیی و بە پیرۆزڕاگرتنییدا پێیان دەگوت خەرمانی شەرەفی نەتەوەیی. سەرۆککۆمار خۆی بەرپرسی یەکەمی خەرمانی شەرەفی نەتەوەیی بوو.

بە شێوەیەکی زۆر تایبەتیی کە قەڵەم تووانای باسکردنی نییە، شەرەفیان دەپەرست و دەپاراست. لە عەشقی ئەو پەرستنەدا بوو کە کاتێک لە یەکتر تووڕە دەبوون جوێنیان بە ئەو شوێنەی خوشک و دایک و پوری یەکتر دەدا. لە ڕێگای ئەو جوێنانەوە ڕەمزی پەرستنی ئەوانەی تریان دەشکاند.

دایکی سۆما بیری دەکردەوە کە بریا سەرۆککۆمارەکەیان خۆی دکتۆری ژنانیش بووایە. ئیتر ئەم ڕاکەڕاک و پاڕانەوە و هەراوهوریایەی نەدەویست. ئەو پیاوە باشە هەر پێویستی نەدەکرد سەر بە ئەو تورەکەی کامێراکۆنەدا بکات و باسی شلە و وشکەیان بۆ بکات. لە هەموو شتێک دەزانێت و وەک خۆی ئەمەی بۆی باس دەکردن. سەرۆککۆمار دکتۆری دکتۆران بوو.

بۆ بەیانییەکەی بێ ئاگا لە ئەم دۆخە دژوار و ئاڵۆزە، دوو براکەی لەگەڵ هاورێیانی خۆیاندا چوون بۆ سەیران.

سۆما و باوکی و دایکی لە ماڵەوە بوون. دایکی حەمامەکەی گەرم کردبوو. لە ئەوەبەر لەگەڵ باوکی سۆمادا ڕێککەوتبوون.

باوکی چوو بۆ نوێژی هەینیی. گەڕەکەکەیان دوو مزگەوتی هەبوو. ئەم عادەتەن دەچوو بۆ ئەو مزگەوتەیان کە دەکەوتە لای دەستەڕاستی

خانووەکەیانەوە و هەر ئاوا سەد مەترێک لە ماڵەکەیانەوە دوور بوو. کاتێک لە دەرگای مزگەوت هاتە دەرەوە لە دوورەوە خەڵکی دەبینی ڕووەو نزیک بە ماڵی ئەمان دەجمان و هەواڵەکە بەرەو مزگەوتیش بەڕێوە بوو. ماڵیان پڕ بوو لە خەڵک. بە ناو خەڵکەکەدا خۆی درِ دا و گەیشتە سەر جەستەی ژیان تیادا نەماوی سۆما کە دایکی بە سەریەوە دەگریا: "هەی سۆمام ڕۆ، کچە جوانەکەم ڕۆ".

سۆما لە ناو حەمامەکەدا کارەبا گرتبووی.

لەگەڵ گەیشتنی باوکی، ئۆتۆمبیلێکی فریاگوزاریی تەندروستیی لە بەر دەرگایان ڕاوەستا. بە پێی یاسا دەبووایە پێش بە خاک سپاردنی، پزیشکی دادوەریی بیبینێت. جەستەی سارد و سڕ و وشەکەوەبووی لە بەتانیەکی کوڵکنەوە پێچرابوو. جەستەی سۆما لە ژیانیدا باریکەڵە و لاواز بوو، ئێستا بە مردوویی هێندەی تر باریک بووبووەوە.

پێیەکانی وەک خەڵووز سووتابوون و ڕەش هەڵگەڕابوون. باڵەکانی ڕێک وەک پارچەدار کرابوونەوە و دەم و لێوی تۆندتوند داخرابوون. بە مۆمیایەک دەچوو.

باوک و دایکی سۆما ناچاربوون لەگەڵ تەرمەکەدا بڕۆن. لە بەشی دادوەریی پۆلیسێکی دادوەریی لێ بوو کە هەموو خەڵکی شاری فەیزوواڵا پەسنیان دەدا و بە پیاوێکی زۆر بەڕێز و خەمخۆر ناویان دەبرد و دەیانگوت "بە شێوەیەکی وا باش عەیبەی شەرەف دادەپۆشێت، هیچ کەس پێی نازانێت کە پینە کراوە".

لە خۆشەویستییدا نازناوی "پینەی شەرەف" یان لێ نابوو. ئەمیش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ناسنامەیە پینەیەکی لە قۆڵی ڕاستی چاکەتە پۆلیسیەکەی دابوو کە بە ئاسانی دەناسرایەوە.

پۆلیسەکە داینیشاندن و هەر یەکسەر بە شێوەیەکی فەرمیی کۆمەڵێک پرسیاری لێکردن، بەڵام ئەمان بە دەم لوشکەلوشکی گریانەوە نەیاندەتووانی لەنگەر بگرن و بە بیستنی ئەو پرسیارانە دەمیان کەوتە تەتەڵە و پەڵەڵە. هەر لە خۆیانەوە وشەیان ڕێز دەکرد و ڕستەیان بە دەمی یەکتردا بە ئەرزدا دەدا. چاوەڕوانی ئەو جۆرە لە پرسیار نەبوون و خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو. پۆلیسەکە بە ئەزموون بوو. لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ:

- گوێم لێ بگرن، دەزانم مەسەلەی شەرەفە. لێتان تێدەگەم. کێ دەتووانێت دەستی بچێتە گەردنی جگەرگۆشەی خۆی؟ کەس ناتووانێت، هیچ کەسێک ناتووانێت. تەنها ئەوانە دەتووانن کە شەرەفیان لە جگەرگۆشەی خۆیان خۆشتر دەوێت. ئێوەش پێتانەوە دیارە مرۆڤ بە شەرەفن.

دایکوباوکی سۆما بە گریانەوە گوێیان لە کابرای پۆلیس گرتبوو کە ڕووخسارێکی ڕەق بێبەزەیی هەبوو. پیاوی یاسابوو. پیاوی داد و دادوەریی بوو. وەک خۆی پێی دەگوتن خودا قورسترین باری خستبووە سەرشانی و مەگەر هەر لە قیامەتدا قەرەبووی بۆ بکاتەوە. دەیگوت چۆن زەوی لە ژێر باری وتەی خودادا نرکەنرکی دێت، ئاوا ئەمیش لە ژێر باری پینەکردنی عەیبەی شەرەفدا کە خودا لە سەر شانی داینـاوە، دەنرکێنێت. ئەو ئەرکە قورسەی خودا لە ئاسمانەوە خستبوویە سەرشانی و پێی سپاردبوو، ئەرکی ڕاگرتنی بێیاسایی و نایاسایی بوو. دەیگوت ئەوەندەی وەبیرم بێت هەر لە منداڵییەوە خودا چاوەکانی یەکانگیریی شوێنی شەرەفی ژنان کردووم.

لە درێژەی قسەکانیدا بە شێوەیەک دەدوا هەروەک ئاگای لە ڕووداوەکە و باسەکە بێت و بزانێت چی لە ماڵەکەیاندا گوزەراوە.

دایکوباوکی سۆما نەیاندەزانی کابرای پۆلیس چۆن دەتووانێت هەموو ئەم شتانە بزانێت. خۆ کەس فریا نەکەوتبوو بۆی بگێڕێتەوە. بە ترسەوە سەیری یەکیان دەکرد و زراویان چوو بوو. زراویان چووبوو چونکە بە دادگا دەدران. دادگا بە تاوانی کردەی بکوژیی، زیندانی هەتاهەتاییان بە سەردا دەسەپێنێت و سەد ئەوەندەی تر ناویان دەزڕێت.

پێشتر هەر لە ئەوە دەترسان کچەکەیان بەد ناو بێت و مۆری لەشفرۆشیی لێ بدرێت. ئێستا ئەمانیش زیندان دەکرێن و سۆما بە مردوویی ئەو مۆرەی هەر لێ دەدرێت و کورەکانیشیان ئاوارە دەبن. لە ماوەیەکی کورتدا لە عەرشی پەروەردگاردا دەبن بە ماڵە حیزەکە. ئەو ماڵەی کچەکەیان بە خۆڕاییش گانی دەدا. ئەو کچە ناشیرینەی بە ئەو ئێسک و پروسکە بێگوشتەوە پیاوی بە سەر خۆیدا دەدا، جا ئەگەر خرپن و گۆشتن بووایە ئەوا سەد پیاوی بۆ ماڵەوە دەبردەوە. ئەو درۆزنەی وا خۆی نیشان دەدا کە هەر تاقەتی پیاوی نییە.

لە عەرشی پەروەردگاردا ڕۆژانە دەیانبیست ئەو جۆرە ژنانە جێی متمانە نین کە بە کراس و پانتۆڵی ئاساییەوە، بێ لەچک و سەرپۆش و پەچە، دەچن بۆ دەرەوە و خودا دەزانێت بۆ کوێ دەچن. لە عەرشی پەروەردگاردا لەچکبەسەر و عەبابسەر و بورقاپۆشەکان، پاکیزەکان بوون.

پۆلیسەکە بەردەوام بوو:

- ناتووانم خیانەت لە کارەکەم بکەم. ناتووانم خیانەت لە بەڕێوەبەرەکەم بکەم، ناتووانم خیانەت لە خەڵکی ئەم وڵاتە بکەم. تاوانێکی گەورەتان کردووە. کێ دەڵێت کچەکەتان بێ گوناە نییە؟

دایکوباوکی سۆما لە کوڵی گریاندا بوون.

سۆما ماڵی وێران کردبوون و ژێرخانی ژیانیانی بە ناو پانتایی حەوت تەبەقەی ئاسماندا بڵاو کردبووەوە. لە ناو گەردوونی بێکۆتاییدا خۆیان و هەموو شتێکی خۆیان بە بەرەڵایی لە خولانەوەدا دەبینی. بەڵێ، سۆما وەڵامی هەموو باشیی و چاکەیەکی دابوونەوە. سۆما لە جیاتی دەست ماچ کردن و سوپاسگوزاریی و پێزانین، بە دزیەوە فرۆشتبوونی بە ماچ و بە باوەش و بە گانی نهێنی.

کابرای پۆلیس دەنگی لێ هەڵبڕین:

پرسیارم لێکردن، کێ دەڵێت بێ گوناه نییە؟

بە دەم هەنسکی گریان و خۆجێرکردنەوەوە دایکوباوکی سۆما وەڵامیان دایەوە دەزانن کە بێگوناه نییە و تاوانبارە و دکتۆری پسپۆڕ پشتڕاستی کردووەتەوە.

- هەر لەگەڵ یەک کەس بووە یان زیاتر؟

دایکوباوکی سۆما چاوەڕێی پرسیاری لە ئەو شێوەیە نەبوون. دایکی سۆما بە دەم هەڵرشتنی فرمێسک و خواردنی لیک و ئارەقەوە وەڵامی دایەوە کە خۆی گوتوویەتی هەر یەک کوڕ بووە، بەڵام بە پێی کۆمێنتەکانی ناو سۆشیالمیدیا ژمارەیان هەر زۆر زۆرە. سەدیش دەبن.

- ئەی هاوار، ئەی هاوار. نەعوزوبیلا.

پۆلیسەکە بە ژووڕەکەدا دەهات و دەڕۆیشت و بە سەری خۆیدا دەکێشا و نەفرەتی لە هەموو سۆماکان دەکرد کە چۆن شەیتان ئاوا

فریویان دەدات. زوو زوو وشەی "سەد کەس" لە دەمی دەترازا و دووبارە و سێبارەی دەکردەوە: "سەد کەس!".

- باشە، دەی. ئێستا وێژدانم ئاسوودەیە. کاخەزەکان پڕ دەکەمەوە. هەمووی جێبەجێ دەکەم، ناهێڵم هیچتان بە سەر بێت. ئێوە بێگوناهن. دایکوباوکێکی باشن. دەتانبینم کە دایکوباوکێکی باشن. دیارن، پێتانەوە دیارە. هەر تەنها پێنجسەد دۆلارتان لێوەردەگرم. قەیناکا....

دایکوباوکی سۆما شتی وایان نەبیستبوو، بەڵام پێنج سەد دۆلار بۆ کڕینەوەی سزای هەتاهەتایی خۆیان و حەیاچوون و ئایینەدەی کوڕەکانیان هەر هیچ نەبوو.

بەڕێوەبەرایەتیەکانی عەرشی پەروەردگار بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری بیرۆکراتیی ئەوەندەیان ژووراوژوور بە هاووڵاتیان دەکرد و بڕەپارەیان لێ دەستاندن کە خەڵکەکە ئیتر تەواو دەسووان و گیرفانیان پارەی لێ دەبڕا. لە کۆتایی کارەکەیاندا خەڵک بە ڕاستیی هەستیان بە هاووڵاتیبوونی خۆیان دەکرد.

پاش ڕۆژگاری وا هەستیان دەکرد دەسەڵات دەیانبینێت و ئەو بینینەیان وەک ڕێزلێنانێک لە مافی هاووڵاتییبوون دەبینی.

بە ئەو ئەزموونی هاووڵاتییبوونەوە، ئەگەرچی پێنسەد دۆلار زۆر بوو، بەڵام لە سەرئێشە و بەڵای مۆری بێشەرەفیی دەیپاراستن.

لە پڕێکدا کابرای پۆلیس وتی:

- نا، نا، ببوورن. ئەی شەیتان سەد جار بە نەعلەت بیت و مااڵت کاول بێت. شەرت بێت بە شەرتی ئەو خودایە ئەم

جارە بچمەوە بۆ حەج یەک تورەکە بەرد بە دزی پۆلیسی سعودیەوە لەگەڵ خۆم هەڵبگرم و هەموویت تێبگرم، ئەی بەدفەسڵ.

دایکوباوکی سۆما دەیانبینی کە کابرای پۆلیسی پینەی شەرەف هەر بە ڕاستیی لەگەڵ شەیتان دەدوا. بەرامبەر شەیتان، کە ئەمان نەیاندەبینی، ڕاوەستابوو و جوێنی پێ دەدا.

پاش پرچوێنکردنی شەیتان، ڕووی لە دایکوباوکی سۆما کرد.

- نا، گوتتان دوو کورپیشتان هەیە؟ ئەوەم حساب نەکردبوو. دەکاتە هەزار دۆلار.

- ئاخر...

پۆلیسەکە قسەکەی پێ بڕین.

- ئاخر و ماخری ناوێت. خوشکم، حەوتبرا، خۆ بۆ خۆمم ناوێت. ناچارم دەمی بیست کەسی ئێرەی پێ دابخەم. ئەگەر ناتووانن قەیچیەکا با دکتۆری دادوەریی بیپشکنێت. منیش ناچارم تەسلیم بە دادگاتان بکەم. سوێندم بە ئەڵڵا هەر ئەوەی کە ناچار نابن بە بەر چاوی ئەم خەڵکە بە شەرەفەوە لە گۆڕستانی بێ ناوونیشان بینێژن میلیۆنێک دۆلار دەژی.

دایکوباوکی سۆما وێستیان شتێک بڵێن، کابرای پۆلیس بە درێژەدان بە قسەکانی نەیهێشت دەنگ لە دەمی کراوەیان بێتە دەرەوە.

- کێشەیەک نییە ئەگەر ئێستا بڕیار نەدەن، دەتووانین ئاوا هەفتەیەکیش مەیتەکەی لە سەلاجەکانماندا بهێڵینەوە، بەڵام کە سبەینێ داوای پێنج هەزار و دە هەزاریان کرد گلەیی

له من نەکەن. وەڵا، بیلا، تەڵا، من چاوم له پارە نییە، خوداگیانە ڕزق هەموومان دەدات بە قوربانی هەموو ناوەکانی ئەڵڵا بم. پارە چییە، شەرەف هەموو پارەی دونیا دەهێنێت.

ئەمان شەرەفیان چووبوو، سۆمایان نەمابوو و پارەکەیشیان دەدا. باوکی سۆما بە بێدەنگیی هەر بە هەڵڕشتنی فرمێسکەوە دەگریا و بیری ئەو ڕۆژانەی دەکەوتەوە کە دەسەڵاتدارە فاشیستە گۆڕبەگۆڕەکە کوردانی شاری دەکوشت و پارەی گوللە و خەرجیی کوشتنەکەی لە خاوەنەکانیان دەستاندەوە. لێی تێک چووبوو، نەیدەزانی ئەمەش شتێکی وابوو یان وانەبوو.

مێشکی بڕی بیرکردنەوەی نەدەکرد.

بە تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر بەڵێنی هەزار دۆلارەکەیان دا و بە بەسەرچاو و بەسەرچاو سەری ئەو باسەیان نایەوە.

لە چرکەیەکدا پۆلیسەکە بووەوە بە هاوڕێیان و پێی ڕاگەیاندن کە لە بەر خاتری ئەوەی لە خەڵکی باش دەچن و دەوڵەمەند دیار نیین ئەگینا هەر ئێستا داوای پێنج هەزاری لێدەکردن، لە ئەوەبەر پێنج هەزار دۆلار زۆر زیاتری لە خەڵکی تر سەندبوو. لە ئەو خەڵکانەی زیاتر بیر لە بڕەپارەکە دەکەنەوە، وەک لە شەرەف کە خەڵاتی خودایە.

دایکوباوکی سۆما و دایکوباوکانی تریش کە ئاوا لێقەوماوبوون دەیانزانی ئەم پەڵەی شەرەفە لە دووای ڕۆژی قیامەتیش ناسڕدرێتەوە.

کابرای پۆلیس دەیگوت باوکم مەلای دووازدە عیلمە و دەزانێت کە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو ژنە خراپانە چاویان لە پشتی سەریان دەڕوێت و

هەتاهەتاهەتایە هەر لە حەشردا دەمێننەوە. دەیگوت "بەهەشت و مەهەشت نییە. بە خودا من ناهێڵم حەشرم لەگەڵ ئەوانەدا بکرێت و ئەگەر خودا لە ئەوانە خۆش ببێت (ئێستا بە ددانەکیڕێ و تووڕەییەوە دەدوا)، من ئەم دوو پێیەم ناخەمە ناو بەهەشتەوە".

- هەزار دۆلار چییە، لێفەی داپۆشینی شەرەفە، پارەی دوو کەبابە کەسەکانم.

پێی دەگوتن هەزار و پێنج هەزار دۆلار پارەیەک نییە و پارە بووە بە هۆکاری بە سەریەکدا ڕمانی ئەم جیهانە. بە دەم شت هێنان و بردن و کۆپیکردنی ناسنامەکانیانەوە ئامۆژگاریی دەکردن کە هەرگیز ڕێگا بە پارە نەدەن بکەوێتە نێوان خۆیان و شەرەفیانەوە.

بە مەکینەدەرزیەکە کاخەزەکانی بە یەکەوە نووساند. ئینجا کیسەیەکی دەرهێنا کە چەندین مۆری جیاوازی تیادا بوو. یەک بە یەک مۆرەکانی بە ئیسفنجی مرەکەب تەڕ دەکرد و لە پێش و لە پاشی کاخەزەکانی دەدا و لێیان ورد دەبووەوە و فووی لێ دەکردن و سەری خۆیی بە هێمای سەرسوڕمانەوە بادەدا.

بە دەم فوولێکردن لە شوێنی مۆرەکان، داوای لێکردن بڕۆن و خزم و کەسوکاری خۆیان ئاگادار بکەنەوە کە ئاوا سەعاتێکی تر لێرە بن، چونکە هەر لێرە دەیشۆن و کفنی لەبەر دەکەن و ئیتر خۆیان دەتووانن بۆ گۆڕستانی ببەن. پێشنیازی بۆ کردن کە با هەر لە ئێستاوە یەک دووانێک بچن و گۆڕێکی بۆ ئامادە بکەن.

هەر وا بوو. ئەمان بە دەم هەنسکی گریان و بە جەستەی نیوەچەماوەی داتەپاوەوە کەسوکاری خۆیان تێگەیاند. هەرچەندە خەڵکی عەرشی پەروەردگار لە خودا نزیکتر بوون وەک لە زانست،

بەڵام لە عەرشی پەروەردگاریشدا سەعاتێک هەر سەعاتێک بوو. لاشەی سۆما بە خامی سپی پێچرابووەوە و بە کفن کرابوو. بە بەر چاوی ئەمانەوە خرایە ناو کیسەیەکی جانتائاسایی ڕەشەوە و زریزەکەیان داخست. جانتایەکی جیڕی نایلۆنیی کە ئاوا مەترێک و هەشتا سانتیمێک درێژ بوو.

ژیڕەی ڕاکێشانی ئەو زریزە پلاستیکە ڕەقە بانگەوازی کۆتایی هاتنی چیرۆکی لەدایکبوون و مەرگی سۆما بوو.

لە ماوەی سێ سەعاتێکدا سۆما بە خاک سپێردرا.

خزم و کەسوکار و ناسیاوی نزیک و خەڵکی نزیک کە هیچیان سەبارەت بە دۆخەکە نەدەزانی، هەر داخ و ئاخیان بوو. بۆ ئەوان کە بێ ئاگابوون، سۆما ئەو کچە جوانە ئاقڵە ژیرە خوێندەوارە بوو کە دەیویست ببێت بە دکتۆر. ئەم کارەبا سەگبابە چی بوو کە ئاوا لە پڕ شۆرتی کردبوو. دایکی هەر هاواری دەکرد کە دەستی بشکێت خەتای ئەم بووە و ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوە کە نەخێر تۆ بێگوناهیت و ئەوە کاری خودایە. خودا بڕیاری داوە و خودا هەر شتێکی بوێت هەر ئەوە دەبێت و هیچ کەسێک ناتوانێت بڕیاری پێشوەختەی خودا بگۆڕێت. ئەگەر خودا بیەوێت و نیازی لە سەر بێت ئەوا وایەڕێکی کارەبا لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە دێتەوە خوارەوە و وەک مار گاز لە کەسێک دەگرێت و پێوەی دەدا.

هەر یەکە و بە دەیان چیرۆکی جیاوازی ڕاستەقینەیان دەگێڕایەوە کە بێگومان هەموویان ڕووی دابوو.

بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی دەشتودەری عەرشی پەروەردگاردا کە بە ئاستەم پووش و پەڵاشی تێدایە و باقیەکەی هەمووی درکەزەردە و درکەچاوبازەیە، مارێک لە شوانێک ڕاستبووەتەوە.

مارەکە بە شوانەکەی گوتووە من مار نییم، بەڵکو ئیزرائیلم و لە شێوەی ماردا هاتووم بۆ لات و هەر ئێستا دەبێت ڕۆحت بکێشم. کابرای شوانە پێی دەڵێت ئیزرائیل گیان منداڵم وردە، ئەمانە مەڕومااڵتی خۆم نیین. من هەر شوانێکم. بەیانی تا ئێوارە لە ژێر گەرمای خۆرهەتاو و باران و سەرمادا ئەم بەستەزمانانە دەلەوەڕێنم، ئینجا هێشتا بە زەحمەت ژنەکان و منداڵەکانم پێ بەخێو دەکرێن. پیاوی چاک بکە، جارێ مەمکوژە، منداڵەکانم هێشتا وردن. ژنەکانم جاهێڵن، جوانن، چاویان لە سەرە. مارەکە پێی دەڵێت "بێ ئەقڵ، ئەوە فەرمانی خودایە، مەگەر من چ کارەم؟". شوانەکە دەستبەجێ ئەستەغفیرواڵا دەکات و هەر دوو چاوی دەنوقێنێت و بە سەر ئاماژە بە مارەکە دەدات و پێی دەڵێت "فەرموو، جەنابی ئیزرائیل، فەرمانی خودای گەورە و میهرەبان جێبەجێ بکە!".

بەڵێ، ڕاستە کەس ئاگای لە ئەم ڕووداوە نەبووە، بەڵام شەوی پاش ناشتنی کابرای شوان، بەرانێکی ئەو ڕانە دەچێت بۆ ناو خەونی خاوەنەکەی و بە زمانی عەرەبی کە زمانی ئەڵاگیانە پێی دەڵێت "قوربان، بەسەرهاتەکە ئاوا بووە".

کابرای خاوەن بەران دەنکە دەنکە وشەی عەرەبی دەزانی، بەڵام لە بەرئەوەی ئیمانی بەهێز بوو، جوان تێگەیشتبوو.

ئەهلی دێ هەموو بە ڕێزەوە لە ئەو پیاوە باشەیان دەڕووانی کە خاوەنی بەرانێکی ئاوا موژدە بێت. مەلای مزگەوت لە ناو خەڵکەکەدا پرسیاری لێ کرد:

- جا کوڕم، ئەو بەرانەت دەناسیتەوە؟
- بەڵێ مامۆستا، چۆن ناینناسمەوە!
- دە هەتا زووە بیکە بە خێر. ئەو بەرانە دەبێت بچێتەوە بۆ بارەگای خودا و هەر کەسێکیش گوێی لە بەسەرهاتی ئەم بەرانە بووبێت، دەبێت لە گۆشتەکەی بخوات بۆ ئەوەی خودای تەبارەک و تەعالا تەمەنی زیاد بکات. ئینشائەڵلا لە بەرەکەتی خۆی بێبەشمان ناکات.

دەنگی ماشەڵا و لائیلاهەئیلەڵا و عەزیز و جەلال و ئەکرەم و ناوەکانی تری خودا لە دەم و زاری خەڵکەکەوە بەرز دەبوونەوە، چونکە هەرچەندە حەزیان بە چیرۆکی گوێڕایەڵیی شوانەکە بوو، دوعاکەی مامۆستایان بۆ تەمەندرێژیی و بێوەیی زۆر لا پەسەند بوو. عەرشی پەروەردگار عاشق بە گۆشت بوون و دەیانگوت ئەو کەسەی چل شەو گۆشت نەخوات چاوەکانی کوێر دەبن. گۆشتی بەرانەکە بەرەکەت بوو.

لە عەرشی پەروەردگاردا پیاوچاکان و فریشتەکان دەچوون بۆ خەونی ئاژەڵان و بانْدەکان و ئەوانیان ڕادەسپارد کە پێوەندیی بە مرۆڤەکانەوە بگرن. ئوسوڵەکە ئاوا بوو.

چیرۆکەکان سەبارەت بە مردنی لە ئەم جۆرە کتوپڕەی بە سەر سۆمادا هاتبوو کۆتاییان پێ نەدەهات. خەڵکەکە داوایان لە دایکوباوکی سۆما دەکرد با سوپاسگوزار بن کە لە ناو ماڵی خۆیاندا کارەبا گرتوویەتی. یەکێک دەیگوت: "بەرەکەتە ئاوا لە ماڵی خۆتدا بمریت. حەیفێکم بانْغ بووە ئەگینا یەکسەر بێ ڕاوەستان خۆی دەکرد بە بەهەشتدا".

دەیانگوت خودا خۆشیویستووە کە وا زوو بردوویەتیەوە بۆ لای خۆی. نۆزدەش تەمەنێکی خراپ نییە، خودا گەورەیە، کێ نالێت هەر یەکسەر نایکات بە بەهەشتدا؟ کێ نالێت هەر ئێستا کە ئەمان باسی دەکەن، نەکراوە بە حۆری؟ یەکێکیان دەیگوت کلیلی هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی دەدەنێ و پێی دەڵێن لە هەر کامیانەوە دەچیتە ژوورەوە، مانی خۆتە.

داوایان لە دایکی دەکرد کە واز لە کفر بهێنێت و ناچاریان دەکرد ئەویش لەگەڵیاندا بیڵێتەوە و پێکەوە بە دەنگی بەرز دەیانگوت: "خودا بردوویەتیەوە بۆ لای خۆی، چونکە خۆشی ویستووە".

سۆما خۆشەویستی خودا بوو.

لە عەرشی پەروەردگاردا بە گشتیی چادریان لە نزیک ماڵە پرسەکەوە هەڵ دەدا و خەڵکی هاوسۆز و هاوپشت دەهاتن و لە ناو چادرەکەدا دادەنیشتن و نارەحەتیی خۆیان دەردەبڕی. ئەو ڕۆژە چەند پرسەیەک لە شارەکە هەبوو.

لە گەڕەکێکی تر ژنێک تاپڕێکی بە تەوقی سەری خۆیەوە نابوو. دەیانگوت خۆکوژیی کردووە، بەڵام هەموو واقیان وڕ مابوو، کەس سەری لێ نەدەرنەدەکرد چۆن پەنجەی گەیشتووەتە پەلەپیتکەی ئەو تفەنگە درێژە کە ئاوا بە تەوقی سەری خۆیەوەی بنێت. هیچ خواستێکی خودا بۆ تێگەیشتن ئاسان نەبوو. ئەگەر خودا بیەوێت بە چاوتروکاندنێک باڵی ژنێک کە دەیەوێت بیباتەوە بۆ لای خۆی، لە تاپڕێک درێژتر دەکات بۆ ئەوەی پەنجەی بە پەلەپیتکەی تفەنگەکە بگات.

لە ناوەڕاستی شاردا قەمەرەیەک وەرگەڕابوو دوو کچەمندااڵ و سێ ژن و دوو کوڕە منداڵی تێ ئاخنرابوو کە هەر هەموویان دەستبەجێ گیانیان دەرچوو بوو.

خەڵکی عەرشی پەروەردگار زۆر بە ئاسانیی لە هەموو ئەمانە تێدەگەیشتن، چونکە لە چوارچێوەی ئەمر و ئیتاعەتی ئیلاهیدا بوو.

دایکوباوکی سۆما بە هۆی ئەو هەموو مەرگەی شارەوە هەر یەک دانە چادریان بۆ پرسەکە دەستکەوتبوو. ئەگەرچی لەگەڵ نەریت و خوویان نەدەهاتەوە، بەاڵم ناچار بوون ژن و پیاو لەگەڵ یەکتر، بە تێکەڵیی، دابنیشن. هەرچەندە مەالیەک دوعای بە سەر چادرەکەدا خوێند، بەاڵم دەیانگوت، بە داخەوە گوناهەکەیان هەرە بەر مردووەکە دەکەوێت.

ئەبابەیلەش بۆ پرسەکەی سۆما هاتبوو.

لە ناو چادرەکەدا بەرامبەر بە دایکی سۆما دانیشتبوو و هەر لە دایکی سۆمای دەڕووانیی. ڕووخساری دایکی سۆما خڕ و گۆشتن و لوتی چاککراو و قژی بە ڕەنگێکی زەرد بۆیە کردبوو. ئاوا چوارپەنجەیەک لە مووی سەر ناوچاوانی لە ژێر لەچکەکەیدا دەرکەوتبوون و هەناسەی ئازادییان دەدا. دەیانگوت ئەو مۆدێلە ئێرانییە، هەم خودا لێی ڕازییە و هەم بە دڵی عەبدە.

سۆما نەچووبووەوە سەر دایکی.

خەڵکەکە هەموو مەشغوڵی خواردن و خواردنەوە و قسە لەگەڵ یەکترکردن بوون.

دوو براکەی سۆما لە پێشی پێشەوە دەست لە سەر سینگ ڕاوەستابوون. بێ سۆماییان پێوە دیار بوو. نارەحەت بوون. ئەبابەیلە ڕووبەڕووی دایکی سۆما کە دەیتووانی ببێت بە خەسووی و سۆما لێی تێک دابوو، دانیشتبوو.

لە سەرخۆ قومی لە چایەکەی دەدا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "دەبڕۆ قەحبە، ئاوام لێ کردیت".

ئەبابەیلە سەرکەوتوو بوو

پاش چەند ڕۆژێک دایکی سۆما تینی پێگەیشت و ڕۆژ تا ئێوارە و لە کاتی ڕاکشانەوە هەتا ئەو کاتەی لە ژێر فشاری ماندووبووندا خەوی لێ دەکەوت شەڕی بە باوکی سۆما دەفرۆشت. بە وشەی وەکو "ترسەنۆک" و "هیچ لە باردانەبوو" باوکی سۆمای دادەگرتەوە. دەیگوت تۆ کوشتنەکەیت بە من سپارد. ئێستا خەو ناکەوێتە چاوم. ناوێرم پێڵووی چاوەکانم لێک بنێم. دەیگوت ئەو کاتەی وایەرە ڕووتەکەم خستووەتە ناو حەمامەکەوە سۆما بە دەم کاردانەوەوە هەستاوە و هەر ئەوەندە فریا کەوتووە دەمی لەگەڵ وشەی "دایە" دا بکاتەوە بێ ئەوەی بتوانێت بیڵێت. بە چاوی خۆی بینیبووی چۆن سۆما ڕاتەکاوە، چۆن بە پشتا کەوتبوو و لە سەر زەویە تەڕەکە تەکانی داوە و کەف لە ناو دەمیەوە هاتووەتە دەرەوە.

ڕۆژی چوارەم باوکی سۆما نیوەکەلاکێکی گەورەی مەڕی هێنایەوە بۆ ماڵەوە. پێکەوە لەگەڵ دایکی سۆما و یەک لە خاڵەکانی سۆمادا کە بەینی لەگەڵیاندا خۆش بوو، پارچەخامێکیان بە درێژکۆڵەپی لە کەلاکەمەڕەکەوە پێچا کە هەر لە لاشەی مرۆڤێکی دەکرد. شەو درەنگانێک بە دزی خەڵکی شاری فەیزووڵاوە چوون بۆ سەر قەبران و گۆڕەکەی سۆمایان هەڵدایەوە.

جەستەکەیان دەرهێنا و کەلاکی مەڕەکەیان لە جێگای دانا و دووبارە پڕیان کردەوە. ئینجا بە پەلە بەرەو گۆڕستانی بێ ناوونیشان ڕۆیشتن و مەیتەکەی سۆمایان خستە ناو چاڵێکەوە کە هەر ئاوا نیومەترێک قووڵ بوو. لە ئەوە زیاتریان پێ هەڵنەدەکندرا. زەویەکە ڕەق و بەردەڵانیی بوو.

چەندین ساڵ بوو ئەو دەنگۆیە لە ناو خەڵکدا هەبوو کە خودا ئەو تەپۆلکە ڕەقە بەردەهەڵانیە وشکەی هەر بۆ ناشتنی ئەوانە دروست کردبوو کە خۆشی نەدەویستن. پەلەیان بوو. بەردێکی سی سانتیمەتریان لە جیاتی کێل لە لای پێیەوە دانا و بەجێیان هێشت.

هەر سێکیان پاش قسەوباسێکی زۆر گەیشتبوون بە ئەو باوەڕەی کە ئەو خەوە ناخۆشانەی دایکی سۆما هی ئەوەیە کە سۆمای کچیان هەوڵ دەدات پێیان بڵێت شیاوی گۆڕستانێکی ئاسایی نییە و پێیان دەڵێت "وەرن، لە ئێرە بمگوازنەوە و لە گۆڕستانی بێناوونیشان بمنێژن".

دووای ئەو جێگۆڕکییە سۆما نەهاتەوە خەونی دایکی.

دایکی باشتر دەخەوت، بەڵام دۆخی تەندروستیی هەر خراپتر و خراپتر دەبوو. سۆما ئیتر نە دەچووە خەونییەوە، بەڵام ئەم خۆی خەیاڵی پێوە لێ دەدا و ئەو وێنەیەی دەبینیەوە کە چۆن وێستویەتی بڵێت "دایە" و نەیتووانیوە تەواوی بکات.

لە یەکێک لە شەوە تاریک و نووتەکەکانی شاری فەیزوواڵادا ڕۆحی دەستەخوشکەکانی سۆما، لە شێوەی جۆرێک لە باڵندەی دارکونکەرەدا هاتن بۆ لای سۆما. باڵندەکان باریکەلە بوون و کلکیان درێژ بوو. پەڕەکانی کلکیان چەندین ڕەنگی جیاواز بوون، بەڵام ڕەنگێکی هەناریی تیادا زاڵ بوو. دەندووکیان درێژ و گەردنیان، هەر بە هەمان سوورەهەناریەکەی کلکیان، بە خاڵ بوو،. سۆمایان بە سەمای حەلەزۆنییەوە بڵند کردەوە و لەگەڵ خۆیان بردیان. سۆما، لە ناو ئاسمانی تاریکدا لە ئەو سەرەوە دەیبینی کە لە سنووورەکانی شاری فەیزوواڵا و پاشان عەرشی پەروەردگار دوور دەکەوێتەوە و لەگەڵ

دوورکەوتنەوەیدا باڵەکانی ئاسانتر و خۆشتر شەقەیان دەهات. لە قووڵایی گەردووندا بە دەم یەکترداوەندنەوە دوور فڕین.

برا بچووکەکەی سۆما ناوی بینایی بوو و تەمەنی بیست ساڵێک بوو. بە دزیەوە گوێی لە قسەوباس و مشتوڕی دایک و باوک و خاڵی ڕادەگرت. سۆمای خوشکیان بە لەشفڕۆش ناوزەند کرد، بەڵام ئەم دەیزانی سۆما لەشفڕۆش نەبوو.

ئەم سەدان جار لە دوواوە ڕووەو خوێندنگا دووای سۆما کەوتبوو. هەروەهاش برادەرەکانی خۆیی ڕاسپاردبوو کە چاوێکیان لە سەری بێت. ئەمە ئاسایی بوو. زۆرینەی برا و باوکەکانی عەرشی پەروەردگار یەکتریان بۆ چاوەبانیی کچ و ژنەکایان ڕادەسپارد. دەیانزانی شەرەف ناسکە، دەیانزانی شەرەف وەک مارە و خۆی دەخلیسکێنێت. دەیانزانی ژنان وەک پیاوان نیین و گوێ بە شەرەفی خۆیان نادەن. تەنانەت شێتێکیش دەتوانێت هەڵیانبفریوێنێت و شەرەف لە ناوگەڵیاندا هەڵبپچڕووکێنێت. منداڵێک چەند دەتوانێت تۆپێک لە دەستیدا بهێڵێتەوە، ژنێکیش هەر ئەوەندە دەتوانێت شەرەف لەلای خۆی بپارێزێت.

بەڵام بینایی برای دەیزانی سۆما پاک بوو. دەیزانی سۆما بێگوناە بوو. شتێک هەڵە بوو کە لێی تێنەدەگەیشت.

بینایی بە دزیەوە لە تەلەفۆنەکەی دایکیدا لە ناو جەنگەڵستانی سۆشیالمیدیادا ڕاوە زانیاریی دەکرد. کاتێک دایکی بە ڕۆژی نیوەڕۆ لە شیرین خەودا بوو ئەم زەفەری بە تەلەفۆنەکەی دەبرد و تەلەفۆنەنەکەیی دەکردەوە و لە شارەمێروولەکانی دەڕووانی کە بە هەزاران لە دەوری کۆبووبوونەوە و باسی ناوزڕاندنی سۆمایان خۆشتر دەکرد.

بینایی هەموو ئەو وێنانەی بینی کە دایکی پاشەکەوتی کردبوون. سکرینشات دووای سکرینشات. بە دووای پەیجەکان و لە ناو پەیجەکاندا دەگەڕا، هەندێکیان نەمابوون و هەندێکیان هەر مێرووڵەی شەرەف لە سەریان دەهاتن و دەچوون و هەندێکیان تازە بە تازە زیاتر و زیاتر ڕەشیان دەکردەوە. وشەکان وەک جۆرەکانی مێرووڵە و شەشپێیەکان و وەک جۆرکانی قالۆنچە و هەشتپێیەکان لە ناو یەکدا حەشاماتێکیان پێک دەهێنا. ئەو حەشاماتەی نەیاندەزانی "نا" و "نەخێر" و "هەڵوێستە" چییە و کەللەیان پڕ بوو لە گۆرانی و ئاوازی "بەڵێ".

بینایی لە ناو دەریایەکی بێبندا بوو.

سەدان پەیج بە ناوی خوازراو و دروستکراوەوە، بە ناوی ڕاستەقینە بەڵام قوفڵکراو، بە ناوی حیزب و ڕێکخراوەوە و بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەر و هاوپەیمان و لایەنگر و ئیمانداراني دەرەجەیەک و ئیماندارانی دەرەجە جیاوازەوە دەرگای خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر سۆما ئاوەڵە کردبوو. هەر کەس بە لایاندا دەگوزەرا دەیتووانی لە ڕێگای هێرشکردن بۆ سەر سۆما و دایکوباوکی و براکانی خێرێک لە ڕاهی خودا بکات و خورمایەک لە بەهەشت مستوەگر بکات. دەرگاکان بێ جیاوازیی بۆ هەمووان لە سەر پشت بوو. هەر ئەوەندەی لە پێناوی پاراستنی شەرەفدا بووایە.

نزیکەی هەر هەموو ئەو پۆستانە سپۆنسەر و بوست بوون. نەریتی خەڵکی عەرشی پەروەردگار لەسەرۆککۆمار و جێگرەکانی و بەرپرسەکانی حکومەتەوە تا کاسبکاری دەستیی، پۆستەکانی خۆیان سپۆنسەر و بوست دەکرد. پارێزوانانی شەرەفیش پارەی خەیاڵیان بە

خاوەنانی سۆشیالمیدیا دەدا بۆ ئەوەی دەروازەکانی پاراستنی شەرەفی پیاو و شەرەفی نیشتیمان ئاوەڵە بهێڵرێنەوە.

کەس نەیدەتووانی ئەو پەرژین و شورایە بشکێنێت کە ئەو کۆشکانەیان لە ئامێزی خۆیاندا ڕاگرتبوو. سۆشیالمیدیاکان لە کۆشکە نوێیەکان بوون.

هاووڵاتیانی عەرشی پەروەردگار پارەی خۆیان بە شێوەی سێڵاو دەخستە ناو کیسەی سۆشیالمیدیا و عەمرە و حەجەوە. ئەوەندە پارەیان دەدا پۆستەکانیان بە مانگ و دوو مانگ و زیاتر دەگەڕا. ئەو بینراوێی و بیستراویە دڵخۆشی دەکردن و جۆرێک لە مان و لە هەبوونی لە گەردووندا پێ دەبەخشین.

هیچ کەس دەستی بە دەروازەی دەسەڵات و دادگاکان نەدەگەیشت. ئەوانە کۆشکی بەئاسمانداچووی پەپێنەبراو بوون. تاکەکەسەکانیش مێروولەی وردوردی شەش لاق بوون و لە هەڵزنانی بێکۆتاییدا تەمەنی خۆیان لە شێوەی هەڵوەرینی گەڵای خەزاندا دەبینیەوە.

هانای کەس بە هیچ کوێ نەدەگەیشت و زار هەر چۆنێک جیاواز لە سەر شەرەف بگەڕایە بە ئابڕووچوون و بە مەرگ مەحکوم بوو.

بینایی پاش ماوەیەک یەکێک لە منداڵەکانی دۆزییەوە و زۆری بۆ هێنا و ناوی ئەو کەسەی لێدەرهێنا، بەڵام منداڵەکەی تووشی کێشە نەکرد.

بۆی دەرکەوت پیاوەکە ناوی ئەبابەیلەیە. ئەبابەیلەی دۆزییەوە و ماوەیەک دووای کەوت. بە چاوی خۆی ئەبابەیلەی بینی. ئەبابەیلە ڕۆژ تا ئێوارە بە کۆڵانەکاندا دەسووڕایەوە و خەریکی وێنەگرتن و سەرەتاتکێی ناو کۆڵانەکان بوو. ئەبابەیلە منداڵەورتکەی گەڕەکەکانی

دەبینی و قسەی لەگەڵدا دەکردن و شتی پێ دەدان. پیاوانی گەورەسالێ دەبینی و بە سەعات لەگەڵیاندا لە ناو دووکانەکاندا دەمایەوە. ئەبابەیلەیە پیاوێکی لە خودابەترسی نوێژکەر بوو. لە مزگەوتدا ڕێزی لێ دەگیرا و دەستیان بە سینگی خۆیانەوە بۆ دەگرت. ئەم دەیبینی پارەی بە خەڵک بە قەرز دەدا و هەر "بێ قەزابن، بابە هەر مەمدەنەوە" ی بە خەڵکەکە دەگوت.

بینایی کوڕەگەنجێکی نەکردە بوو. سەری لە ئەم بازاڕ و سەودایە دەرنەدەچوو و بگرە زیاتریش سەری لێ دەشێوا. هەر ئەوەندە سەرئەنجامی هەڵهێنجا کە سۆمای خوشکی سووتاوی درۆ و بوختان بوو. ئەبابەیلەش لە پشت ئەو کارەوە بوو.

ئەقڵی لە ئەوە زیاتر بڕی نەدەکرد.

لەبەرئەوە بڕیاری دا لە شوێنێکدا ئەبابەیلە بکوژێت و تۆڵەی لێ بکاتەوە. نەیدەزانی ئەبابەیلە ئاڵۆزتر لە ئەو بنێشتەیە ئەم دەیەوێت بیجوێت.

ئەو ئێوارەیە بە دووای ئەبابەیلەوە هەر بە کونجکاویەوە خۆی بە هەمان مزگەوتدا کرد. پاش نوێژکردن مەلای مزگەوت دەستی بە باسی زمانپاکیی و دەروونپاکیی کرد. ئەبابەیلە لە ڕیزی پێشەوەدا دانیشتبوو، بە بزەی لێوەوە دەستی بە ڕیشی خۆیدا دەهێنا و سەری بۆ قسەکانی مەلا دەلەقاند. نە جارێک و نە دووان و نە سیان، بە ئاماژەی کەللەی سەری قسەکانی مەلاکەی پشتڕاست دەکردەوە و سەری ئەشەدوبیلای بۆ دەهێنا و دەبرد. جارجار، هاوکات لەگەڵ سەرلەقاندنەکانیدا، بە ڕێزەوە لە خەڵکی چواردەوری خۆیی دەڕووانی.

بە بینینی ئەو دیمەنە بینایی خۆیی پێ نەگیرا و هەڵی کوتایە سەر ئەبابەیلە. فریای یەک دوو بۆکس لە دەم و چاوی کەوت و خوێن لە لوتی ئەبابەیلەوە هات.

خەڵک کەوتنە بەینیانەوە و ئەو چەقۆیەیان لە دەست بینایی دەرهێنا کە دەیویست لە ئەبابەیلەی بدات. هەر زوو وەک تاوانبارێک بینایيان ئێخسیر کرد و دەستیان بە دڵدانەوەی و بە تیمارکردنی ئەبابەیلە کرد. پۆلیس هاتن و بە پێی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بینایيان لەگەڵ خۆیاندا برد.

ڕاگەیاندنەکان دەستیان بە پەخشی ڕووداوەکە کرد. لە ئەوەبەر هەرگیز شتی وا ڕووی نەدابوو کە دەمڕووتێک لە ناو حەرەمی مزگەوتدا ئاوا شەرڵاتیی بکات. ڕاگەیاندنەکان فیلمی کامێرای مزگەوتەکەیان بە پارەیەکی زۆر کڕیەوە و فیلمەکەیان لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان و سۆشیالمیدیادا پەخش کرد.

خەڵکەکە بە چاوی خۆیان دەیانبینی کە بێ هیچ هۆیەکی دیار، بینایی هەڵدەکوتێت بۆ سەر پیاوچاکێکی مزگەوت و بە شەق و بۆکس دایدەگرێتەوە.

ڕاگەیاندنەکان عەزیەتیان لەگەڵ فیلمەکەدا کێشابوو.

بۆکس هاویشتنەکەی بینایی و یەک دوو لاق بەرزکردنەوەی کە هەر ئاوا پازدە چرکەیەک زیاتر نەدەبوو، ئەمان دەیان جار دووبارەیان کردبووەوە و تێکەڵ بە یەکیان کردبوون. بە ئەو شێویە چەندین پارچەیان خستبووە سەر یەک و پێکەوە کردبوویان بە فیلمێکی تا ڕادەیەک درێژ و خەڵکەکە دەیانبینی کە بینایی ماوەیەکی زۆر لە ئەبابەیلە دەدات. ئەهلی عەرشی پەروەردگار بە چاوی خۆیان

دەیانبینی چۆن ئەو کوڕە ترسەنۆکە بێ هیچ بیانوو و هۆیەک ئەو کارە قێزەونە دژ بە ئەبابەیلە دەکات.

هەموویان بێزیان لە ئەو کارە ناشیرینە و ئەو هەتیوە بێناموسە دەهاتەوە.

ئەو پارەیەی ڕاگەیاندنەکان بۆ کڕینی فیلمەکە بە مزگەوتەکەیان دابوو زۆر بوو. مەلای مزگەوتەکە هەر لە ناو مزگەوتەکە و بە بەر چاوی هەموو ڕاگەیاندنەکانەوە بڕیاری دا پارەکە بۆ نوێژەنکردنەوە و گەورەترکردنی مزگەوتەکە بەکار بهێنن و خێرەومەندان ئەوەندەی تریان بۆ خستە سەر.

کامێراکان بەرەکەتی خودای گەورە بوون. جوانیی و گەورەیی خودا لە ئەوێدایە کە کامێراکان درۆ نازانن. لە فیلمەکاندا دەیانبینی کە ئەبابەیلە دانیشتووە و لە مامۆستای مزگەوت دەڕووانێت و گوێی بۆ شل کردووە و لە ئەو پەڕی ئارامیی و ئاسوودەیی ڕۆحیدایە. دەشیانبینی کە بینایی لە پشتەوە هەر خۆی گرژ دەکات و هەر دەم و لێوی خۆی بادەدات و پێچ دەخوات و لە ئەوە دەچێت لەگەڵ خۆی بدوێت و لە پڕێکدا بە سەر ئەبابەیلەدا دەدات.

- "ئەبابەیلەی بەدبەخت".
- "ئەبابەیلەی بەستەزمان".
- "ئەو هەتیوە سەخیفە بێشەرەفە کە لە ناو حەرەمی مزگەوتدا بێتەربیەتیی کردبوو".

جوێن و قسەکان بە سەدان بوون. بینایی لە بەردەم دادوەردا دەمی بووبوو بە تەڵەی تەقیو و نەیدەزانی چۆن باسەکە ڕوون بکاتەوە،

چونکە نەیدەزانی چۆن باسی سۆمای خوشکی بکات. سۆما شیرینە گوناهە خێرلەخۆنەدیوەکەی خوشکی.

لە گێڕانەوەی بە پرتەپرت و بە منگەمنگی گریانی بەزەیی بەخۆهاتنەوەدا، کە فرمێسک و لیک و چلم تێکەڵ بووبوون، کەس لە بینایی تێنەدەگەیشت، کابرای دادوەر سزای شەش مانگ زیندانی بە سەرییدا سەپاند. هاوکاتیش چیرۆکی بێشەرەفیی و لەشفرۆشیی سۆما وەک ئاگری پووش و پەڵاشی ناوەڕاستی وشەکەهاوینێک بە ناو کوچەوکۆڵانەکانی شاری فەیزی ڕۆشنبیریی و شارەکانی تری عەرشی پەروەردگاردا بڵاو بووەوە.

ئەهلی عەرشی پەروەردگار بە چاوی خۆیان بینیان هەموو ئەو شتانەی لە ڕاگەیاندنەکاندا لە سەر سۆما گوترابوو، ڕاست بوون. ئەهلی عەرشی پەروەردگار سوپاسگوزاری ئەڵلاگیان بوون کە بە دەستەکانی خۆی شەکرۆکەی حەقیقەت لە سەر زاریان دادەنێت و هەموو شتێکیان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

خودا هەمیشە لەشفرۆشان بەدناو دەکات.

پەیجەکان بە شەخسیی و بە حیزیی و حکومییەوە، بە ناوی خوازراو و هەڵبەستراوەوە، کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆکان و کۆڕی چایخانەکان و کۆبوونەوەی دەستە بە دەستەی سەر شەقامەکان، سۆشیالمیدیا هەزار بە هەزارە خاوەن نادیارەکان، چیرۆکی سۆمایان بە ڕاستەقینەیی وەک خۆی دەگێڕایەوە کە چۆن ئەو چەتیوە بە ئەو منداڵییەوە سەدان پیاوی بە سەر خۆیدا دابوو.

ئەو وێنانەی لە ئەوەپێش هەبوون ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی وەرگرتبوو. عەرشی پەروەدگار حەشرێکیان بە دایکوباوک و بە بینایی و بە چاوە ی برای کرد کە هەموو پێوەرێکی پێشووی شکاندبوو.

ڕاگەیاندنەکان دەچوون بۆ لای ئەبابەیلە و لێی دەپاڕانەوە قسەیان بۆ بکات، بەڵام هاوڕێ هاودینیەکانی ئەبابەیلە هەنگاو بە هەنگاو ڕێنماییان دەکرد کە پەلە نەکات و چاوەڕێ بکات تا دۆخەکە باشتر دەگات و تا ئەو بۆمبایە باشتر دەتەقێتەوە. پێیان دەگوت بۆمب دەبێت هێشووبی بتەقێتەوە.

ئەبابەیلە ئامادەبی بۆ دیدار و چاوپێکەوتن دەرنەدەبڕی.

تا ڕۆژێک هەموو ڕاگەیاندنەکانی داوەتی ناو ئەو مزگەوتەکرد کە تیایدا لێی درابوو. داوای لە مەلا و لە خەڵکەکە کرد کە لە هەمان شوێنی خۆیان وەک ئەو ڕۆژە دابنیشن کە لێیدانەکەی خواردووە. ئینجا، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە لە ئەوە پێش چەندین جار خۆیی بۆ ئامادە کردبوو، بەرامبەر بە کامێراکان، ڕاوەستا.

مووی سمێڵ و ڕیشی درێژ، لە سەرخۆ بە سەری پەنجەکانی ڕیشی دادەهێنا و بە ئاستەم سەری بۆ خوارەوە چەماندبووە. دەیانبینی کە لە شەرم و لە ترسی شکۆی خوداپەرستییدا سەری بەرز ناکاتەوە.

مزگەوت پڕ پڕ بووبوو لە خەڵک. حەوشە و بەردەرگا و سەربان خەڵکی لێ بەردەبووەوە. خەڵک هەبوون خۆیان بە منارە و گومەزەکەدا هەڵواسیبوو.

ئەبابەیلە پێش ئەوەی دەست بە قسەکانی بکات بە وردیی سەرنجی هەمووپانی دەدا و هەر بە بێدەنگیی لە بەر سینگی خۆیی دەڕووانیی. کارمەندانی ڕاگەیاندنەکان بە سەبر و تاقەتێکی زۆرەوە و بە خۆیان و

مایکریفۆنەکانیانەوە لە بەر دەمییدا وشک بووبوون و سەرسامی ئارامیی و خۆکۆنترۆکردنی بوون.

ئەبابەیلە تا تاقەتی تیادابوو بە ئەو شێوەیە مایەوە. ئینجا بە دەنگی نزم و ئارام و لە شەرمێکی خودایییدا وشەکانی بەیان کرد:

- خەڵکینە، خوشکوبرا بریندارەکانم، ئەی ئەهلی دین و قیامەتم، دەراوسێکانی بەهەشتم، من دەمزانی ئەمە کچ نییە و دەمێکە کراوە بە ژن و لەشفرۆشیی دەکات، بەڵام ئامادە بووم بیهێنم بۆ ئەوەی بەندەیەکی خودا ڕزگار بکەم. بەندەیەکی خودا لە دەستی شەیتان ڕزگار بکەم و بیخەمە باوەشی خوداوە، باوەشی دین و ئیمانمانەوە. پێم وابوو ئەوە خێرێکە کە لە پاداشتدا خودا پردی سیراتەلموستەقیمم بۆ دەکات بە سەحرای حیجاز. خەڵکینە، دوعای خێرم بۆ بکەن کە بە داخەوە موەفەق نەبووم. چی بکەم ئەڵلا گیان، هیدایەتی نەکردم.

بە دەنگێکی گڕی قووڵی نارەحەتبارەوە پرسیاری لێ کردن: "کێ دەتوانێت ڕێگریی لە کاری ئەڵلا گیان بکات؟"

یەک تنۆکە فرمێسک ژێر چاوی ڕاستی گرت. بە نەرمیی دەستی بەرز کردەوە و بە کامێرامانەکانی گوت ڕووی کامێراکانی لە سەر لابەن، بەڵام ئەوان بە قسەیان نەکرد، نەک وا کە بێڕێزیی پێبکەن، بەڵکو لە ئەو پەڕی ڕێزدا. کامێرامانەکان هەر وەک زۆرینەی حەشاماتی ڕاگەیاندن ئەهلی دین بوون و دەیانەویست هاوکاریی برا دینیەکیان بکەن و بە لایانەوە گرینگ بوو هەموو جیهان ئەو فرمێسکە بەنرخە ببینن.

کەس نەمابوو بە شانوبالّای ئەو فرمێسکەدا هەڵنەدات. هەندێک لە شاعیران باسی خڕپی و گەرمیی ئەو تنۆکەفرمێسکەیان دەکرد و هی وایان هەبوو قەسیدەیەکی بۆ دەنووسی و هی واش هەبوو قەسیدەیەکی بە ناوەوە دەنووسی.

"فرمێسکی مزگەوت" و "فرمێسکی خودایی" و "ئەشکی شەرەف" و "فرمێسکی شانازیی" و "دڵۆپی ڕەوان" و ئیتر ئاوا.

خەڵکی ناو مزگەوتەکە خۆیان بە سەر ئەبابەیلەدا دابوو تا دەستی ماچ بکەن. هەندێکیان کەوتبوونە سەر پێیەکانی و لە ئەو خوارەوە سەریان ڕووادڕووی سەروسینگی بەرز کردبووە و پێیان دەگوت "ڕێگا لە خودا مەگرە کاتێک ژنێکی بەدکار ڕەوانەی دۆزەخ دەکات" و بەڵێنیان پێ دەدا جوانترین و گەنجترین و بەئیمانترین و پاکترین کچی نەبینراو و تەماشانەکراوی عەرشی پەروەردگاری بۆ پەیدا بکەن.

سوێندیان دەخوارد ئەهلی ئیمانی لە تورکیا و مەغریب و جەزائیر و سعودیە و وڵاتی ترەوە بۆ بهێنن.

خەڵکەکە تووشی ڕاوەشانێکی ئەقڵیی بووبوون و جەستەی ئەبابەیلەیان بە ماچ داگرتبووە و بە قوربانی دایکی دەبوون و دەیانگوت بریا دڵۆپێک شیری خۆیی بە هەر ڕۆڵەیەکی ئەو نەتەوەیە بدایە. دەیانگوت باوکت فەیزوولّاییەکی نوورانیە، بێگومان منداڵی وەک تۆی لێ دەکەوێتەوە.

یەکێک لە دەرەوە جووتێک پێڵاوی بەرز کردبووە و بە سینگی خۆیەوە نووساندبوونی و بە چەناگەی داهاتووەوە ماچی دەکردن و هاواری دەکرد "ئەمە پێڵاوەکانی ئەبابەیلەیە، بە قوربانیان بم". بەشێک لە

خەڵکەکە بە هەڵەداوان نیشتنە سەری و زۆرانیان لەگەڵ کابرا دەگرت تا پێڵاوەکانی لە دەست دەربهێنن و ئەوانیش ماچی بکەن.

دەفەکانی ڕاگەیاندن هارە و خرمە و گرمە و دەبەدەبیان بە هەموو کون و قوژبنێکی عەرشی پەروەردگار دەگەیشت. شاباشی شاری فەیزوولّایان دەکرد و بە نموونەی جوانیی شەرەف دەیانهێنایەوە.

سەرتاپای عەرشی پەروەردگار، کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆکان، پەیجە ڕەسمیی و نارەسمیی و کەسییەکان لە ناو قوولّایی زێ مێینەیەکدا باسی شەرەفی عەرشی پەروەردگاریان دەکرد و لە بیریان چووبووەوە لە دەرەوەن.

وێنەیەکی عەرشی پەروەردگاریان کێشابوو بە تاجێکی زێڕینی بە نقێمەوە. بە گەورەیی نوسیبوویان "عەرشی شەرەف".

وشەی شەرەف بە هەزاران جۆر و لە هەموو ئەو ڕەنگانەدا کە دەکرا دەربهێنرانایە لە هەموو شوێنێک دەنووسرا. نەک هەر شاری ڕۆشنبیریی، بەڵکو سەرتاپا عەرشی پەروەردگار کە کەمتر ڕۆشنبیر بوو، تەبەقێک لە شەرەف بوو.

بە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگی بچووک و گەورە وشەی "شەرەف" و "عەرشی شەرەف" و "شاری فەیزوولّای شەرەف و ڕووناکیی" نوسرابوون و بەر دووکان و بەر ماڵ و سەربان و مزگەوت و ڕێگاوبانەکانیان پێ ڕازاندبوونەوە.

لە ناو گەرمیی تای پاراستنی شەرەفی نیشتیماندا سەرۆککۆماریش تووشی هەیەجان بووبوو. لە دیمانە تایبەتییەکەیدا بە فرمێسکی بێ گریانەوە ڕووی لە ئاسمان کردبوو و دەیگوت: "ئاوەدان بیت عەرشی شەرەف!".

شێرە سەردانی بینایی کرد

شێرە لە ڕێگای کامێراکان و پیاوەکانیەوە کە هەموو چاوتروکاندنێك زانیاریان بە دەست دەگەیاند، ئاگای لە هەموو شتێک بوو.

ئەو بەیانییە وردەبارانی درەنگانی پاییز وەک دیاری ئاسمان ڕووەو زەوی وشک و تینووی عەرشی پەروەردگار دەهاتە خوار و زەویش بە ئەو پەڕی تامەزرۆییەوە باوەشی بێسنووری بۆ هەموو تنۆکەکان کردبووەوە. هەر دڵۆپە بارانێک لە خۆیدا دیاریەک بوو.

شێرە بە چاوی تامەزرۆوە ڕوو لە ئاسمان و لە بینینی تنۆکەبارانەکان، چوو بۆ سەردانی بینایی.

لە بەر خاتر و پاراستنی شێرە بە سەدان پۆلیس و سەرباز و کۆماندۆ ئەو ناوەیان تەنیبوو. پاسەوانانی زیندان کاتێک شێرەیان بە گۆشت و خوێنەوە لە فۆرمی مرۆڤێکدا بینی هەموو وەک کارەبا گرتبنی بە ڕەپی ڕاوەستان. لەگەڵ ڕۆیشتنی شێرەدا مڕە و نەعرەتەیەک بە گوێی هەمووان دەگەیشت. مرۆڤێکیان نەدەبینی، شێرێکیان دەبینی.

پاسەوانەکان بە دەم ڕۆینی وردەهەڵبەزینەوەی ملکەچییانەوە کلیلی ژوورەکەیان بە ڕووی کردنەوەدا بادا و دەرگاکەیان بۆ شێرە خستە سەر پشت. بینایی لە ترس و لە حەیبەتدا لە هۆش خۆی چوو.

پیاوانی بەردەستی شێرە دەموچاوی بینایییان تەڕ کرد و دەستیان بە سەر و سنگیدا هێنا و هێنایانەوە بە هۆش خۆیدا. بینایی دووبارە شێرەی بینیەوە. بینایی شێرەی لە فۆرمی بیچمێکی ئاسمانییدا دەبینی. لە بەردەمی شێرەدا هەستی دەکرد خۆی قەبارە و کێشی مێروولەیەکی هەیە. هەر زوو بە سەر لاق و دەستی شێرەدا کەوتوو و پێی گوت:

- حەدم نییە خۆم لەگەل تۆدا بەراوورد بکەم، بەڵام منیش وەک تۆ غەدرلێکراوم. چاوەڕێی موعجیزەی ئەڵلا گیانم. نازانم بۆ تاقیم دەکاتەوە؟ نازانم بە تەمایە بە چیم بکات. تۆ خۆت موعجیزەکەیت. نابینیت ئەم زیندانەت ڕووناک کردووەتەوە؟ ئیتر ئەگەر لە زیندانداا بیشمرم باکم نییە.

شێرە کاتی ئەو جۆرە قسانەی نەبوو. هەر کەمێک بە گوێی بینایيدا چرپاندی و تەواو. بینایی بەجێهێشت و ڕۆشت.

پاسەوانەکانی زیندان زۆر ترسان. وایاندەزانی شێرە زانیاریی تایبەتیی لە بینایی وەرگرتووە. ئەگەر ئەو زانیاریانە زۆر زۆر زۆر گرینگ نەبوونایە شێرە هەر پۆلیسێکی ڕادەسپارد تا ئەو کارەی بۆ بکات.

کەس لە عەرشی پەروەردگاردا نەیدەزانی کە کاتێک شێرە بە گوێی بینایيدا دەیچرپاند لە ڕاستییدا هەر چەند وشەیەکی پێگوت: "سۆمای خوشکت بێ تاوان بوو. سۆما بێ گوناە بوو".

دووای بیستنی ئەو وشانە ڕووخساری بینایی تەواو گۆڕا. لە کەسێکی تاساو و وڕ و بەناویەکدارماوەوە بینایی بووەوە بە بینایيەکەی جاران و قوت بووەوە.

پاسەوانەکانی زیندان هێندەی تریش ترسان و تووڕەیی بەرۆکی گرتن: ئایا ئەو زانیاریە چییە کە بە درکاندنی، ئاوا لە بوونەوەرێکی تێکشکاوەوە ڕاستەوخۆ بینایی بەهێز کرد و خستیە ناو جەستەی سۆپەرمانێکەوە؟

بێگومان پاسەوانەکان بە بینینی بینایيەکی بەهێز و بە وڕە دەترسان و تووڕەبوون. بینایی هەتیوە پیسێکی کەسنەناسی خوشک لەشفرۆش بوو. ئەبابەیلەش ئەبابەیلە بوو. هەموویان ئەبابەیلەیان خۆش دەویست. ئەبابەیلە ئەو بێگوناهە بوو کە لە ناو حەرەمی مزگەوتدا

دەستدرێژییان کردبووە سەر. ئەبابەیلە ئەهلی دین و ئیمانیان بوو. بە بەر چاوی خۆیانەوە پارەی بە نەداران و هەژاران دابوو. ئەو مرۆڤە بوو کە خودا دەستی خۆیی بە سەردا هێنابوو و دەیانزانی دەبێت بە شتێکی گەورە، بەڵام نەیاندەزانی دەبێت بە چی. لە بینایی تووڕەبوون کە لە ناو مزگەوتدا، لە ناو ماڵی خوادا لە ئەو پیاوە گەورەیەی داوە کە خۆشەویستێکی خودایە.

ئەبابەیلە ئەو پیاوە گەورەیە بوو کە بە بەردەوامیی خەریکی کاری باش بوو. ئەبابەیلە خۆی بە هەموو شاییەک دەگەیاند و لە خەڵک دەپاڕایەوە هەڵنەپەڕن و گۆڤەند نەگێڕن، چونکە هەڵپەڕێ و گۆڤەند کاری شەیتانە، چونکە هەڵپەڕێ و گۆڤەند پەل و پۆ و ئەندامەکانی جەستە ئازاد دەکەن و بە خۆشیی و چێژێی دونیاییان ئاشنا دەکەن و گیرۆدەی چێژتنی خۆشیی سەرزەمینیان دەکەن. هەڵپەڕێ و گۆڤەند مرۆڤ تینووی ئازادیی دەکەن و ئارامیی و ئاسوودەیی بە مێشک دەدەن و کونجکاوی دەکەن بە دووای وەڵامدا بگەڕێت. بە ئەو شێوەیە هەڵپەڕێ و گۆڤەند مرۆڤ دووچاری گومڕایی دەکەن و لە سەرای خودا و لە قاپی خودا دووری دەخەنەوە.

پۆلیسەکان ئەبابەیلەیان وەک پیاوێک دەبینی کە دەستی لە تامەزرۆی هەستەکانی خۆی بۆ بینین و بیستن و بۆنکردن و چێژتن لە خۆشیەکانی ژیان و لە چێژە فریودەرەکان شتبوو. بە بەردەوامیی خەڵکانی دەهێنایە سەر ڕێگای دروست و بە پلەیەکی باڵا جێگای ڕێز و پێزانینی هاودینەکانی بوو.

ئەبابەیلە لە هاودینەکانیەوە فێر بووبوو کە هەموو خۆشیەک، هەموو بیرکردنەوەیەک لە چێژ، هەموو هەڵپەڕێ و گۆڤەند و هەموو جۆرە سەما و گۆرانیی و ئاوازێک، خەڵکی عەرشی پەروەردگار

دووچاری بەدبەختیی و بێشەرەفیی و بە کافری مردن دەکەن. فێر کرابوو کە بۆ دوورخستنەوەی هەر تاکەکەسێکی عەرشی پەروەردگار لە ئەو جۆرە خۆشیانەی سەر زەمین لە بەهەشتدا یەک پووشەخورما وەردەگرێت. ئەبابەیلە لە ئێستاوە هەزاران پووشەخورمای بردبووەوە.

لەبەرئەوە بوو پۆلیسەکان دەیانزانی ئەگەر بینایی ڕانەوەستێندرێت و دەرسی دانەدرێت ئەوا هەموو کەسێک چاوی لێ دەکات و سبەی و دووسبەی دەبێت بە مۆدێل و هەرکەس بیەوێت هەڵدەستێت و لە ناو مزگەوتدا شەق خۆی دەوەشێنێت.

"نا، نا" سەد جار نا. نابێت بهێڵین ئەمەی بە سەرەوە بچێت" بە یەکتریان دەگوت.

بینایی باوەڕی بە شێرە بوو. شێرە بەرهەمی موعجیزەیەک بوو. دڵی بە ئەو کورتەپەیامە خۆش بوو. سۆما پاک بوو. بینایی دەیزانی کە ئەوەی لە سەر سۆمای خوشکی دەگوترا ڕاست نەبوو، سۆما سەدان پیاوی بە سەر خۆیدا نەدابوو.

دڵخۆشیەکەی مەستی کردبوو. لە ئەو ڕۆژەوە سۆمایان ناشتبوو، هەروەک ئەوەی بە چەقۆ بڕدرا بێت، لە لەپی دەستەکانیەوە وزەی لێ دەچۆڕا و لاوازتر و لاوازتر دەبوو. وەک قەدی دارێک لە کۆتا ڕۆژانی پاییزدا دووا گەڵابەربووەکانی خۆی دەبینێت، ئاوا گەڵاڕێزانی قەدی خۆیی دەبینی.

بەڵام ئەم هەواڵە و دڵخۆشبوونەکەی ماندووی کرد و خستیە ناو فەزایەکی سەرخۆشییەوە. لە خۆیی دەپرسی تۆ بڵێی کاکە شێرە، کاکە

شێردڵ، ئەو هەواڵە خۆشە بە باوک و دایکم و بە "چاوە" ی برام بگەیەنێت.

دڵخۆشییەکەی هەوایەکی بەهێز بوو کە دەچووە ژێر بنباڵیی و بەرزی دەکردەوە و لە بۆشاییدا سەمای پێ دەکرد. دڵی پێی دەگوت گۆڕستانی پێ ناوونیشان جەستەی کەسێکی تری پاکی لە خۆی گرتووە. کەسێک وەک هەموو ئەوانەی تر. هەموویان کوشتەی دەستی درۆ و بوختان بوون، کوشتەی حەسودیی و ئێرەیی پێبردن بوون. کوشتەی ڕک و کینە بوون دژ بە خۆشەوسیتیی یان تەنانەت دژ بە دڵداریی‌یەکی هەڵبەستراو.

بینایی لە سەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا، بەڵام لە ڕاستییدا جەستەی هەر لە بۆشاییدا سەمای دەکرد. ئەو هەوایەی ژێربانی توند لە باوەشی گرتبوو و بە نەرمیی دەیهێناودەبرد. وردەوردە بە دەم ئەو سەمایەوە خەوی لێکەوت.

پاسەوانەکان خۆیان لێ داگرتبوو. پێیان وابوو گیرۆدەی کێشانی تریاک و مەریجوانەیە کە ئاوا بە دەم ئەو سەما نەرمەوە باڵەکانی وەک باڵی فرۆکەیەک کردووەتەوە و خول دەخوات. بە یەکتریان دەگوت "سەگبابە لێی بڕاوە".

کاتێک بینایی بە ناو دۆڵی قوواڵی خەودا شۆڕ دەبووەوە، ئەمان چوون بۆ سەری و بە سەرینێک کە لەگەڵ خۆیان بردبوویان، خنکاندیان. لینگەفرتێکەی دڵخۆشی کردن، چونکە بە مانای کێشانی ئازار بوو، دەیانزانی تۆڵەی ئەبابەیلە خۆشەویستەکەی خۆیانی لێ دەکەنەوە.

شێرە دەیزانی پزیشکی دادوەریی و پاسەوانەکان ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دیزەبەدەرخۆنە دەکەن، بەڵام لە ئەو دەستە نەبینراوە و

لە ئەو نهێنییە تێنەدەگەیشت کە خەڵکی عەرشی پەروەردگاری هەڵدەسووڕاند.

مردنی بینیایی هەواڵێکی جەرگبڕ بوو بۆ دایکوباوکی و بۆ چاوەی. ی برای. نەیاندەتووانی لە مردنەکەی تێبگەن. حکومەت و خەڵکیش پێیان خۆش بوو کەسێکی ئاوایان لە کۆڵ بووەتەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەستی ڕاستەقینەی ئەو پێخۆشبوونە ڕاگەیاندنەکان نیشانیان دا کە تەنها هەر چوار کەس بە خاکیان سپاردبوو، دایکی و باوکی و براکەی و خاڵی.

لە عەرشی پەروەردگاردا عەیبەیەکی گەورەبوو کە کەسێک لە لایەن خەڵکی کەمئەژماردوە بە خاک بسپێردرێت. بیناییش هەر ئەوەندەی قابیل بوو.

لە تەنیشت گۆڕە درۆزنەکەی سۆماوە ناشتیان.

کەسیان لە بیریان نەبوو کە لە ڕاستییدا دەراوسێیەکەی کەلاکی مەڕێکە.

"وەرە بۆ لامان"

خاوەنکارەکانی پەیامیان بۆ ئەبابەیلە نارد: "وەرە بۆ لامان".
ئەبابەیلە لە کوتەکاخەزەکەی دەڕووانیی و نەیدەزانی چۆن بچێت بۆ لایان. ئەو بە زۆریی لە سەر جادەکان برادینیەکانی دەبینی. جار جارەیش دەیانگوت وەرە بۆ فلان دووکان. دەیزانی ئەم جارە مەبەستیان لە شوێنێکی تڕە، بەڵام نەیدەزانی کوێ.
لە ناو ئەو بیرکردنەوەیەدا بوو کە ئۆتۆمبیلێکی گەورە لە بەردەمیدا ئیستۆپی کرد و ئەوەندەی بڵێیت سێ و دوو دەرگایان کردەوە و ئەبابەیلەیان بە پاڵێک لوولدا و فڕێیان دایە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە و بۆی دەرچوون.
ئەبابەیلە لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا زراوی چوو. کاتێک کە چاویان دەبەست خۆیی پێ نەگیرا و میزی بە خۆیدا کرد و ئەوانیش قاقا پێی پێ دەکەنین.
پاش ماوەیەک لە لێخورینی خێرا و پێچاوپێچ ئۆتۆمبیلەکەیان ڕاگرت و دەرگاکانیان کردەوە و بە زمانی تورکی لەگەڵ یەک دەدووان.
ئەبابەیلە لە پەل و پۆ کەوتبوو و هێزی ئەژنۆی شکابوو. بە مرخێش مرخێش سوار ئاسانسوارێکیان کرد. گەیشتن بە ناو هۆڵێک و پاڵێکیان بە نەرمی پێوە نا.
بۆ ئەبابەیلە ئەو پاڵە پاڵی مەرگ بوو.
ئەبابەیلە لە ناو ئەو پانتۆڵە تەڕەیدا گوویشی بە خۆیدا کرد و نەیدەتووانی بە پێوە خۆی ڕابگرێت.
ئەوانیش زیاتر پێی پێ دەکەنین و بە سوعبەت و چاولەیەک داگرتنەوە لەگەڵ یەکتر، لوولەی دەمانچەکانی خۆیان لە لاکەلەکە و قەبرخەی گیر دەکرد.
لە شوێنی مەبەست بەرچاوەکەیان لە سەر چاوی لابرد. ئەبابەیلە نیوەمردوو بووبوو. چاوی کردەوە، هاوڕێیانی خۆی، یان ڕاستتر

خاوەنکارەکانی ناسیەوە و دەماودەم ئاهێکی بە بەردا هاتەوە، بەڵام هێشتا هەر دەترسا. نەیدەزانی چ خراپەکاریەکی کردووە وا لێی تووڕەن. پاش ئارامکردنەوە و دڵدانەوایی، ڕێگایان دا بچێت خۆی بشوات و پانتۆڵ و کراسی نوێیان پێی دا.
هەموویان لە حەیبەت بۆنی ئەبابەیلە دەم و لوتی خۆیانیان گرتبوو و بە ئەملاولادا دەهاتن و دەچوون.

ئەبابەیلە تێگەیشت هاوڕێیانی هاودینی نایانەوێت بزانێت ئەم شوێنە کوێیە، بەڵام بە سەرئەنجامەکە دڵخۆش بوو. هەستی خۆشیی بەردەوامیی ژیان، کە دەژیا و نە دەمرد، وەک پارچەیەکی کەشمیر لە سەر جەستەی ڕووتی دەبزووا. ئەو مرۆی مەرگە بە کەشکەڵانی ترسی گەیاندبوو. ئێسک لە لەشیدا نەمابوو. هەموو مووی لەشی وەک تیغ ڕاست بووبوونەوە.
ئێستا وردەوردە ئەو ترسە زبرە تیژە لە سەر لەشی دەڕەویەوە و هاوکات و هاوتەریب مێشکی بۆ لای پارە دەچوو. پارە، پارەی شیرین. نەمردن ئەو مانایەی دەبەخشی کە کاری باشتر و گەورەتر بەڕێوەیە و بێگومان بە واتای پارەی زۆرتر دێت.

ئاخ، ئەم شتە کە ناوی پارەیە چەند ناوێکی شیرینی هەیە. بە هەموو زمانێک هەمان ختوولکەی خۆشیی و شادیی بە قوواڵایی ڕەگەکانی لەش دەگەیەنێت. تەنانەت منداڵێکی سێ چوار ساڵەیش نرخی پارە دەزانێت، چونکە دەزانێت پارە هێزی کڕینە، ئەبابەیلە دەیزانی پارە دەسەڵاتیش بوو.
لە بەر خۆیەوە دەیگوتەوە: پارە، پارەی شیرین!

کاتێک بە ڕاستیی چاوەکانی کردەوە و لە چاوردەوری خۆی ڕووانی، سەیری کرد هۆڵەکە یەک پارچە مۆنیتۆر و شاشەی تەلەڤیزیۆن و

وایەر و کەیبڵ و ئامێر و ئامرازی بیستن و بینین و گوێگرتن و دووربینی هەمەجۆر بوو.

هۆڵەکە لە ستودیۆیەکی گەورەی هۆڵیود یان لە بارگایەکی گەورەی سیخوڕیی و چاودێریی دەکرد کە تەنها لە فیلمەکاندا بینیبووی. لە ئەو فیلمانەدا کە کەشتیەکی ئاسمانیی لە نێو دوو ئەستێرەدا گەشت دەکات و ئەو سەرنشینانەی دەیئاژوون هەر یەکەی بەرامبەر بە شاشەیەکی وا دانیشتووە و مێزێکی گەورەی لە شێوەی میکسەرێکدا لە بەردەمدایە و بە قوواڵیی خەریکی کاری خۆیەتی.
لە خۆی دەپرسی:

- من لە ئێرە چی دەکەم؟

بەرپرسی یەکەمی ئەو بنکەیە کە لە دووری دە مەترێکەوە لێی دەڕوانی، دەیزانی بە دەم خەیاڵەوە ئەو پرسیارە دەکات. لە ئەوە بەر ئەم تاقیکردنەوانەیان کردبوو.

- تۆ لێرە چی دەکەیت؟ تۆ لێرە خەڵات دەکرێیت، چونکە تا ئەم چرکەیە لە هەموو ئەو تاقیکردنەوانەدا سەرکەوتوو بوویت کە لە بەردەمتدا دامان نابوون. پیرۆزباییت لێ دەکەین. لە ئێستا بە دوا هەم زیاتر خەڵات دەکرێیت و هەم ئەرکی زیاتریشت لە سەر شان دادەنرێت.

ئەبابەیلە نەیدەزانی چی وەڵام بداتەوە. کامە تاقیکردنەوە؟
کابرای بەرپرسی یەکەم دووبارە مێشکی خوێندەوە:

- لێکۆڵینەوەمان کردووە. بە وردترین شێوە ناوی خەڵکەکان، ژمارەی منداڵەکانیان و ڕەنگی جانتاکانیان، ڕەنگ و گەورەیی تەنەکەی خۆڵ و خاشاکیان، ژمارەی ئۆتۆمبیل و ڕەنگ و مۆدێلیان، شاگردە منداڵەکان و ئەرکەکانیان، لێتووڕەبوونیان و ئاگالێبوون و لێپرسینەوەیان، ڕاوکردنی سۆما و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتت لەگەڵ ڕووداوەکە و بە سەرهاتەکەی

مزگەوتەکە و تاد تاد. هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن کە تۆ دەتووانیت ببیت بە پیاوی ئێمە. ئێمەش قبوڵی دەکەین خاوەنکاری تۆ بین. تۆ پسپۆڕانە کار دەکەیت و هەست و سۆزی ئێرەوئەوێ ڕێگات لێ ناگرێت. ئەو نیگایەت کە گاڵتەت بە دایکی سۆما دەهات و چایەکەت بە پشووەوە و بە بێباکیی لە سەرخۆ قوم لێ دەدا و بێ دەربەست دیار بوویت، ئێمەی بە ئەم قەناعەتە هێنا. لەبەرئەوە لە ئەمڕۆ بە دواوە تۆ پیاوی ئێمەیت. خۆ پێت ناخۆش نییە. خۆ پەشیمان نیت؟

ئەبابەیلە لە ژیانیدا وشەی ئاوا لە ئەو جۆرە ڕیزکراو و ڕێکخراو و مانادارانەی نەبیستبوو. ئەبابەیلە لە باوەشی خودایەکدا بوو کە بە گەورەیی خۆی ئاخنی بووی. ئەم هەموو ڕێزە، ئەم هەموو پێزانین و لێڕازیبوونە. نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە.

- هێشتا کاری باشتان لێ نەبینیووم. نائومێدتان ناکەم.

بەڕێسی دووەمی، کابرایەکی مۆڕن و چاوئەستوور بوو.لە کاتی ڕوونکردنەوەی داوایەکیدا تا بڵێی بە ودەکارێی بوو، بەڵام وەک تر نەک هەر کەمدوو بوو، بەڵکو نەفرەتی لە وشە دەکرد. لە ئەبابەیلە نزیک بووەوە و سەفتەیەکی تەنک سەد دۆلارێی تازەی لە سەر ئەو مێزە دانا کە نزیک بە ئەبابەیلە بوو. بە دەم خۆکۆکردنەوەوە بە ئەبابەیلەی گوت:

- سی ساڵ لە ئەمەوبەر کێشەی خەڵکی عەرشی پەروەردگار ئەوەبوو شانازییان بە خۆراک و بە ئاوی کانیاوەکانیان و بە جوانی سرووشت و بە مێژوو و بە کەلتور و بە ڕەسەنایەتیی شارستانیی خۆیانەوە دەکرد و بە خۆباوەڕییەوە بە سەر

زەویدا دەڕۆیشتن. ژنەکانیان وەک کەو دەقونانەوە و پیاوەکان لە سەر سەری پەنجەی پێیان هەنگاویان دەنا. هەموو ئەمە لە خودا و لە هاوئومەتیی و هاودینیی دووری خستبوونەوە. ئێمە ئارەقی ڕەش و شینمان ڕشت تا ئەم خەڵکە گەوج و نەفامەمان خستەوە سەر ڕێی ڕاست و سەر ڕێی تەقوای دینەکەمان، کەچی هێشتا هەر ناسوپاسمەند و لوت لە ئاسمانن.

ئینجا یەک دوو جار بە نەرمیی دەستی بە سەر شانی ئەبابەیلەدا کێشا و پێکەوە مانۆاوایان لێ کرد و ڕۆشتن.

بۆ چاوتروکاندنێک هۆڵەکە چۆڵ بوو. نەیدەزانی بجوولێت، بڕووات یان دابنیشێت. خۆی بۆ ئەمە ئامادە نەکردبوو. لە پەتپڕێنەی ئەو خەیاڵانەدا بوو دەنگی تەق تەق تەق تەق تەقی هێمنی جووتێک پێڵاوی پاژنەباریکی بەرز بە گوێ گەیشت. ڕووەو دەنگەکە ڕووی وەرگێڕا . کچێک بوو. باڵای هەبوو، لەش و لاری بە شەپۆل و بە ئاستەم گۆشتن بوو. ڕووخساری جوان بوو. سوراووسپیاوێکی ئاسایی کردبوو. بە دەم پێکەنین و وردە وشەوە هات بۆ لای:

- سڵاو، لە ئەوە پێش تۆم بینیووە (Merhaba, seni daha önce görmüştüm).

ئەبابەیلە هەر چەند وشەیەک تێ دەگەیشت. بە سەر یەکەوە تێنەدەگەیشت چی دەڵێت. ئەم جارەیان کچەکە بە ئینگلیزیی پێی گوتەوە:

- Hello, I've seen you before

ئەبابەیلە پەیی بە وەڵامدانەوە نەدەبرد. هەر یەکسەر عاشق بە کچەکە بوو. کچەکە دەریایەک بوو، ئەمیش مەلەنەزانێکی بێچارە.

ئاوا هەر بستێک لە ئەبابەیلەوە دوور بوو. هەناسە و بۆنی بە دەم و لووتی ئەبابەیلە دەگەیشت. بە ئارامیی ڕوو لە ناو قوواڵایی چاوی ئەبابەیلە، پێی گوت:

- ئیوگون دیل بیر کۆنشمیورگیبیسن (لە ئەوە ناچێت زمانێکی ماقووڵ بزانیت).

ئەبابەیلە لێی تێنەگەیشت، بەڵام ئەوە بۆ کچەکە کێشەیەک نەبوو. لە سەرخۆ بە زمانەکەی خۆیی و بە وردە وشەی ئینگلیزیی ئەبابەیلەی هێنایە قسە. پاش کەمێک ئاوی خواردنەوەی بۆ هێنا. بە شێوەیەک بۆی تێدەکرد و دەیدایە دەستی وەک ئەوەی چەندین سال بێت هاوسەری خۆشەویستی بێت.
ئەوەندەیش لە ئەبابەیلە نزیک دەبووەوە هەندێک جار ئەبابەیلە تفی بۆ قووت نەدەچوو. هەموو جەستەی دەبوو بە بەرد و خوێن لە لەشییدا دەوەستا. مێشکی دەستەوەستان مابوو و نەیدەزانی چۆن جەستەی هەڵبسووڕێنێت.

کچەکە دەستی گرت و بردی بۆ ژوورێک. ژوورێکی نووستن. ڕووناکیی ناوەوەی لە مانگەشەوێکی دەکرد، هەموو شتێک دەبینرا بەڵام تێکەڵ بە پەردەیەکی ناسک لە تاریکیی و لە سێبەرێکی شەرمن. سیسەمێکی گەورەی بەرز، ئەستوور و توند، بەڵام سفت و خۆشگیر. چەندین سەرینی گەورە و بە دەیان سەرینۆکەی پاڵپشت، هەموو چنراو و توند و نەرمباو، لە سەری بوون.

هەر ئەوەندەی بینی. کچەکە ئاوێزانی بووبوو و بە هەر چواردەوربیدا شۆڕ دەبووەوە. دەستەکانی ئەبابەیلەی لە سەر هەردوو مەمکی خۆی دادەنا و بە سەر جەستەی خۆیدا دەیگێڕان.

ئەبابەیلە لە بۆشاییەکدا دەخولایەوە. پێی لە سەر زەوی نەمابوو. نە دەست و نە لاق و نە سەر و کەللەی، هیچ شوێنێکی هی خۆی نەمابوو.
کچەکە زوو زوو پێی دەگوت: "دیقەت ئەیت یاشلی کوێپێک، هالا باکیرەیم" (وریابە پیرەسەگ، هێشتا کچم/ Dikkat et yaşlı köpek, hala bakireyim).

ئەبابەیلە ێ نەدەگەیشت. خۆی بە دەست کچەکەوە دابوو. کچەکە جار جار قومێک مەشروبی پێ دەدا و ئەمیش وەک تینوویەتیی خۆی بە ئاوی ناو قوڵکەی لەپی دەستی خۆی بشکێنێت، هەڵیدەلووشی. هەموو شتێک لە چواردەوری ئەم دەسووڕایەوە و ئەمیش لە چواردەوری هەموو شتێک دەسووڕایەوە.

سبەینێ کە لە خەو هەڵسا لەشی قورس بوو. لە ئەوە دەچوو سەد کیلۆ زیاتر گۆشتی پێوە بێت. سەری کاس بوو. وڕ بوو و نەیدەزانی لە کوێیە. پاش قەدەرێک کەمێک هۆشی بە بەر خۆیدا هاتەوە.
لە ژووورەکەدا حەمام هەبوو. بە پەلە خۆی شت و هەر لە چواردەوری خۆی دەڕووانیی. پارچە بە پارچە جلکوبەرگەکەی کە لێرەولەئەوێ فڕێ دابوون، کۆکردەوە. کچەکە دیار نەمابوو.

لە نزیکەی ئەو شوێنەدا کە دوێنێ لێی ڕاوەستابوو، لە پڕ کابرای بەرپرسی یەکەم و بەرپرسی دووەمی و دوو کەسی تر دەرکەوتن و وەک هیچ ڕووی نەدابێت بە گەرمیی سڵاویان لێ کرد.
ئەبابەیلە هیچ خۆی تێک نەدا. وەڵامی سڵاوەکەیانی دایەوە. ئەو پارەیەی بۆیان دانابوو هەر لە شوێنی خۆی بوو. نەبزووابوو. کچەکە نەیبردبوو.
بەرپرسی دووەمی لێی نزیک بووەوە و پارەکەی بینیی و لە بەر چاویدا ژمارەی. دە دانە سەد دۆلاریی بوو. یەک هەزار دۆلار. بە سوعبەتەوە

بە ئەوانەی تری گوت، سەیری بکەن، بە کەمی دادەنێت، هاودینەکەمان دەستی هەر لێ نەداوە.

جەستەی ئەبابەیلە لە دوێنێوە کەوتبووە ناو ئاوەدانیی بەهەشتەوە. چاوەکانی لە برسیەتیەکی بێبندا هێزی ئەو هەزار دۆلارەی دەبینی و دەم و زاری چێژی نرخەکەیان دەکرد و بە لایەوە هەر زۆر زۆر زۆر بوو. یەک دانە هەزار دۆلار.

ئەو کچە جوانە، ئەو جلکوبەرانەی لە بەریدا بوو، یەک هەزار دۆلار بێ لە هەموو ئەو پارانەی تر کە بە دوو سەد و سێ سەد دۆلار وەری گرتبوون. ئەو هەموو لەزەت و چێژە کە نەیدەوێرا بیری لێ بکاتەوە. ئەبابەیلە لە بەهەشتدا بوو.

ئا لە ئەو کاتەدا کابرای بەرپرسی دووەم پێنج دانە سەدی تری ژمارد و بۆی کرد بە پانزە سەد دۆلاریی و خزاندیە باخەڵییەوە و پێی گوت: بە تەمای زیاتر مەبە.

ئۆف، هەزار ئۆف ئەو پارەیە چەند گەرم و شیرین بوو. هەر بە ئەو دەقەیەی لە گیرفانیدا بوو، پشتی ئەبابەیلەی ڕێک و ڕاست کردبوو و چەناگەی بەرز کردبووەوە و ڕەنگی خستبووە سەر ڕوومەتەکانی.

کەسێک لێیپرسین چی دەخۆنەوە، چایی، قاوە، نێسکافێ، کەپەچینۆ یان هەر شتێکی تر و ئەمانیش وەڵامیان دایەوە. هەر سێکیان دانیشتن. کابرای بەرپرسی یەکەم هەر دانیشتبوو و هیچی نەدەگوت. کابرای بەرپرسی دووەم دەدوا و دوو کەسەکەی تر ئاوا دە مترێک دوور خەریکی ئیشی خۆیان بوون.

کابرای بەرپرسی دووەم لاپتاپێکی پێدا کە خستیە ناو جانتایەکی جوانەوە و بە زریزە دادەخرا، لەگەڵ ناونیشانێک کە لە سەر کوتەکاخەزێک نووسریوو.

لە ئەو کاتەدا بوو سەرنجی بۆ شاشە بەئەژمارد و قەوارە جیاوازەکان چوو کە خەڵکیان نیشان دەدا. هەندێکیان یەک کەس لە بارێکدا و لە ناو خەڵکانێکدا و یەکێک لە کاتێکدا کە دەچێت بۆ ناو هوتێلێک و دووانی تر هەمان وێنەی ژنێکی ڕووت و قووت کە بە سەر پیاوێکی ڕووت و قووتدا چەماوەتەوە و لە ئەو پەڕی چێژلێوەرگرتن لە ناو یەکتری دابوون. وێنەکان دەهاتن و دەچوون، بەڵام هەندێکیان جوان جوان بە کاوەخۆ فیلمێک بوون، فیلمێکی گیراو بوون، فیلمێک بوون کە لە چەندین گۆشەوە ئەو ژن و پیاوانەی بە ڕووت و قووتیی نیشان دەدا، نەک خولەکێک و نە دووان.

کابرای بەرپرسی دووەم پێی ڕاگەیاند کە بچێت بۆ فلان دووکان و فلان کەس ببینێت و لاپتۆکەی بۆ دابگیرسێنێت و پێکەوە لەگەڵ کابرای دووکاندارەدا لێی بڕووانن.

گرتەکە هەر ئاوا نزیکەی پێنج دەقیقەیەکە، زیاتر نییە. پاش ئەوە هەر لە جێدا دەبێت داوای بیست هەزار دۆلار لە کابرا بکات و ئەگەر منجەمنجی کرد پێی بڵێ "دەڕۆم، بەڵام ئەگەر دووایی پەشیمانبوویتەوە و بە دەمی خۆت داوام لێ بکەیت بگەڕێمەوە، ئەوا داوای سەد هەزار دەکەم و ژنەکەشت وا لێ دەکەم".

کارەکە ئاسان بوو. قسەکان ئاسان بوون. پێویستی بە نووسینەوە و لەبەرکردن نەبوو. ئەبابەیلە قاوەکەیی بە پشووەوە خواردەوە و هەر بیری لە ئەو خۆشیی چێژتنەی دوێنێ شەو دەکردەوە کە ختولکەی

لەشی دەدا. نەیدەزانی خودا لە چ شوێنێکەوە ئەو نازدارەی بۆ ڕەوانە کردبوو.

بە دەم هەنگاوی بچووکەوە لە وێنە و فیلمی بە سەدانی سەر شاشەکانی دەڕووانی. لە پڕێکدا دوو کەسی بینی داچڵەکا. مێشکی وەپێش خۆی کەوتبوو. جەستەی لە دوواوە بوو. وێنەکان لە مێشکیدا بە پرتەپرت کەوتن. وێنەی خۆیی بینی. وێنەی دوێنێ شەو. جەستەیەک کە وەک پەلکی بە هەزارەی کۆڕاڵێکی ئاوی بە ئەملاولادا دەهات. هەموو جەستەی ڕووت. گەڵوگون و قن و کۆمی بە گەورەیی لە سەر شاشەکان دەردەکەوتن و بە زومی نزیک و دوورخستنەوە دوور و نزیک دەکەوتنەوە.

کچەکە شتێکی پێ بوو لە دەستکی کەوانێک دەچوو، زوو زوو دەیکرد بە ناو درزی کوڵمەکانی قنیدا و ئینجا لە سەر بارە درێژیەکەی دەیهێنا بە سەر دەم و چاو و سەر و سمێڵیدا.

ئەبابەیلە وشک هەڵهاتبوو. فیلمەکە کۆتایی پێ نەدەهات.

فیلمەکە لە خۆی و کچەکە هەڵگیرابوو.

ئەبابەیلە بە گەڵوقنی ڕووت دەموچاوی لە سەر پێڵاوی کچەکە دادەنا و پێڵاوە پاژنەبەرزە سوورەکانی دەخستە سەر چاو و دەم و چەناگە و سینگ و ورگی خۆی و بە دڵیەوە دەینووساند.

پێڵووی چاوەکانی ئەبابەیلە کەوتبوون بە پرتەپرت و هیچی وەبیر نەدەهاتەوە.

دەنگی کابرای بەرپرسی دووەم ڕاپچڵەکاند:

- ئەوە بۆ دەڵێی مردوویت، هەر گەڵوقنێکە، مەگەر ئێستا تۆ هی چەند کەسی ترت بینی؟ بۆ بینینی ئەوەی خۆت تاساویت؟

هەموویان دایانە قاقای پێکەنین.

کابرا بەردەوام بوو:

- هادی ئۆغڵۆم، ئیشینی یاپ! (دە دەی کوڕم، برۆ کارەکەت بکە).

فیلمی سەر شاشەکان گۆڕان و بوون بە وێنەی خەڵکی تر و ئەبابەیلە لە شڵەژاویەکەی هاتە دەرەوە.

هەر ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو، دوو کەس کە لە ئەوەبەر نەیبینیبوون هاتنە تەنیشتی و چاویان بەست و لەگەڵ خۆیان بردیان.

ئەم جارە لە سەر کوشنەکەی دوواوە پاڵ کەوت و چاوەڕێی ئەوەبوو بگاتە شوێنی مەبەست.

پاش نیوسەعاتێک ئۆتۆمبیلەکەیان ڕاگرت و پێیان گوت هەر خۆت چاوبەستەکەت لابە و هەڵسە و برۆ. هەر لە ئێرە چاوەڕووانت دەبین.

دووکانەکە زۆر دوور نەبوو. کە گەیشت بە دووکانەکە کاتژمێری سەر دیوارەکە چارەک پاش یەکی دوا نیوەڕۆی نیشان دەدا. کابرایەکی ورگنی چاکەتوپانتۆڵ لەبەر کە لە هاتنوچوونی زۆردا بەشێکی کراسەکەی لە پانتۆڵەکەی هاتبووە دەرەوە، دانیشتبوو کەبابی لە ناو تێگرێکی پلاتستیکدا لە بەر دەستدا بوو. پارەویەکی گەورەی ئاخنیبووە ناو

دەمی و بە پەنجەی دۆشاومژەی دەیخزاندە قوولایی دەمیەوە و بە دەمی کراوەوە دەیجوو.

ئەبابەیلە بە لاچاو سەیری شتومەکەکانی دەکرد و ڕاوەستا تا کڕیارێک دووکانەکەی بەجێهێشت و ئینجا لە کابرا نزیک بووەوە پرسیاری لێ کرد ئەگەر ئەو فلان کەس بێت.

پێشتر وێنەیان نیشان دابوو و دەیزانی ئەوە، بەڵام دەیویست تەواو دڵنیا بێت. بەڵێ خۆی بوو.

- ئەمرێک کارێک؟

ئەبابەیلە وەڵامی دایەوە:

- خێر دەبێت ئیشەڵا

کابرا پاروویەکی گەورەی تری بە هاوکاری پەنجەی دۆشاومژەی ڕەوانەی ناوەمی خۆی کرد و پێی گوت:

- کاکە من ئەمە کارمە، ڕاهاتووم، فەرموو.
- نا، خواردنەکەت بخۆ.

کابرا زوو خواردنەکەی تەواو کرد. ئەبابەیلە دەترسا. یەکەم جار بوو ئاوا بەرامبەر مرۆڤێکی زیندوو دابنیشێت و فەرمانی شتێکی بە سەردا بکات. نەیدەزانی کاردانەوەی کابرا چۆن دەبێت. لە ئەوەبەر کابرای بەرپرسی دووەم لە ڕێگای مۆبایلەوە یەک دوو وێنەی بۆ کابرای دووکاندار ناردبوو و پێی گوتبوو سەرت لێ دەدەین.

کاتێک کابرای دووکاندار فیلمی ڕووتی خۆیی بینی کە لە دەیان لاوە گەڵوگون و قن و کۆمی هەموو دەردەکەوتن و لوتی خۆیی لە ناو

ناوگەڵی ژنێکدا دەبینی کە تا بێ هەوا دەما لە ناو ناوگەڵی ژنەکەدا دەهات و دەچوو.

ئینجا وەک ئاژەڵێک، بەڵام بە ڕووتیی، لە سەر زەویەکە دەگەوزا و بە خۆشیەکی منداڵانەوە بە لاقەکانی پایەری لێ دەدا و قاقا پێ دەکەنی.

پیاوەکە دەیزانی ژنەکە کێیە.

سەیری ئەبابەیلەی کرد و گوتی:

- بۆ خاتری ئەڵلا، من پیاوێکی بە ئیمانم. ئەم ساڵ لە سەرەی حەجدام تا خوداگیان بم بەخشێت. ئەمە چییە؟ من غەڵەتم کردووە، من گوم خواردووە، ئێوە بۆ دوژمنایەتیی خودا دەکەن؟

ئەبابەیلە لە پڕێکدا وەک کەسێک دەدوا کە لە ناو خۆیاندا دەیانگوت دووانزە عیلمی تەواو کردووە. بە دەموچاوێکەوە کە یەک دانە ماسولکەی ڕووخساری پەردەیان لە سەر ترسەکەی ناو ناخی هەڵ نەدەدایەوە، بێ چاو تروکاندن ڕووی لە کابرا کرد و نامەکەی نیشاندا کە لێی نووسرابوو "بیست هەزار دۆلار هەر ئێستا، دەنا دەتکەین بە پەند".

نامەکە کورت بوو. نامەکە ڕوون بوو.

کابرا کەمێک لە ئەبابەیلەی ڕووانی و هەندێک دەست و سەری هەر لە خۆیەوە بادا، بەڵام ئەبابەیلە هەر بە هەمان ڕووخسارەوە لێی دەڕووانی.

- منداڵەکانت وردن و ژنەکەت جوانە و خزمی خۆتە و کەسوکارت زۆرن، بۆچی بزانن؟

بە ئەبابەیلەیان گوتبوو تەنها کاتێک ئەمەی پێ بڵێت کە خۆی بە دەستەوە نەدا، بەڵام ئەبابەیلە پەلەی بوو، هەر لە خۆیەوە ئەو قسەیەی لە دەم کەوتە خوارەوە.

- فیلمەکە هەر لای خۆشتان دەمێنێتەوە؟
- نا ئێمە بۆچیمانە؟ سەرفترەی خۆت بدە و فیلمەکە بۆ خۆت.

کابرای دووکاندار هەستا و ڕۆشت و نیوسەعاتێکی پێچوو تا گەڕایەوە. پارەکەی لە زەرفێکدا پێ بوو. ئەبابەیلە لێی وەرگرت و لاپتۆپەکەی پێ دا و گەڕایەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە. بە ڕێگاوە ترسەکەی زیاتر بوو بوو. پێی وابوو ئێستا کابرای دووکاندار لە دوواوە شتێک بە سەریدا دەکێشێت و دەیکوژێت و نەیدەوێرا ئاوەڕ بداتەوە. کاتێک لە دوورەوە ئۆتۆمبیلەکەی بینی لە سەری وەستابوو، دڵی گەشایەوە و ترسەکە لەشی بەجێهێشت.
هەر خۆی چاوبەستەکەی لە سەر چاوی دانا و لە سەر کوشنەکەی دوواوە لێی پاڵکەوت.

کابرای بەرپرسی دووەم هەر ئەوەندەی زەرفەکەی لێوەرگرت، یەکسەر دوو هەزار دۆلاری خستە ناو دەستی ئەبابەیلەوە کە لە ئەوەبەر ئامادەی کردبوو.

کابرای بەرپرسی یەکەم لە سەر کورسیەک بە پشووەوە دانیشتبوو پێی گوت:

- ئۆغڵوم، سینینله گورور دویوروم، ئەڵاھ سەنی زەنگین ئێدەجەگ (کوڕەکەم، شانازییت پێوە دەکەم، خودا زەنگینت دەکات).

ئەبابەیله دڵنییا بوو کە زەنگین دەبێت. وازی لە خەیاڵی ماتۆڕ کڕین ھێنابوو. خەیاڵی بە ئۆتۆمبیلی کەشخەوە لێ دەدا. ئەو ئۆتۆمبیلانەی گەورە و بەرز و بەھێزن و خۆیان بە ناو خەڵک و ئۆتۆمبیلی تردا درِ دەدەن.

ھاوکات لەشی داوای شتێکی دەکرد کە نەیدەزانی چییە، ئالۆشێک بوو، ئالۆشێک کە ھەم خۆش بوو و ھەم دەیترساند. ھەروەھا بیری لە ئەو کچە جوانە دەکردەوە کە سەرتاپای لەشی، لە بەری پێیەکانیەوە تا تەوقی سەری، عاشقی بووبوو.

دەبێت زیاتر فێر بیت

هەر سێ چوار ڕۆژێک و ئەبابەیلە سەردانی دووکانێک یان شوێنێکی دەکرد و هەمان سیناریۆی دووبارە دەکردەوە. لە ماوەیەکی کەمدا هەموو پرۆسەکەی لە بەر بوو. دەیزانی چی دەکات و چۆنی دەکات و چۆن کۆتایی بە باسەکەی دەهێنێت.

ئەوەیش تێگەیشت کە ئەو فیلمانە ناسڕدرێنەوە و هەر لای خۆیان دەمێننەوە. لاپتۆپەکە وا پرۆگرامکرابوو کە ئەو کەسەی لاپتۆپەکەی پێ دەدرا هەر ئەوەندەی دایبگیرساندایە و لە فیلمەکەی بڕووانایە، یان هەر ئەوەندەی بۆ دووەم جار لێی بدایەتەوە یان فیلمەکەی بۆ پێشەوە ببردایە یان بۆ دوواوە بگەڕاندایەتەوە، یەکسەر فیلمەکە نەدەما.

لاپتۆپەکە ئیتر هەر دادەگیرسا و تەواو. شاشەیەکی سپی کە هیچی نیشان نەدەدا. هیچ پرۆگرامێکی تری لە سەر نەبوو.

ئەوەیش فێر بوو کە دووبارە، ئیتر یەک هەفتە و دوو هەفتە دوواتر دەچێتەوە بۆ لای هەمان ئەو کەسانە و داوای شتی تریان لێ دەکات و لە ئەگەری پرسین سەبارەت بە فیلمەکە لێیان تووڕە دەبێت و پێیان دەڵێت "خۆتان خراپتان کردووە، هیوادارم لاپتۆپەکەی ئێمەتان نەشکاندبێت، چونکە زۆر گرانبەهایە".

ماوەی سێ هەفتەیەک تێپەڕی بوو کە دووبارە چووەوە بۆ لای کابرای دووکاندار و سڵاوی لێ کرد.

کابرای دووکاندار گلەیی و گازەندەی هەبوو کە فیلمەکە نەماوە و بە سەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. بەڵام ئەبابەیلە دەیزانی و دەشیزانی چی وەڵام دەداتەوە.

- هیوادارم لاپتۆپەکەی ئێمەت نەشکاندبێت.

کابرا هێشتا لە وەڵامی تۆمەتبارکردنەکەدا دەمی نەکردبووەوە کە دەستەکان و چاوەکانی دەیانویست شتێک بڵێن، بەڵام نەیاندەتووانی. لە پڕێکدا زمانی پژا:

- نا، نا، لاپتۆپەکە هەر وەک خۆیەتی، بە زاتی خودا هەر دەستیشم لێ نەداوە. هەر یەک جار دامگیرساند و تەواو. نازانم چیم کرد یان دەستم بەر چی کەوت، فیلمەکە سڕدرایەوە.

- ئەوە کۆپی خۆتان بووە، کەیفی خۆتانە. من لێرەم بۆ ئەوەی لاپتۆپەکە ببەمەوە و باسێکی ترت لەگەڵدا بکەم.

کابرا دەست لە سەردەست و دەست لە سەرسینگ گوێی بۆ ئەبابەیلە قوڵاخ کردبوو. ئەبابەیلە بە کورتیەکەی داوای لێ دەکرد ئەو مایکرۆچیپە بچکۆلەیەی هەر هێندەی سەرەسۆدایەک دەبێت، لە ژێرەوەی بۆدی ئۆتۆمبیلێک بدات. ئیتر لە هەر شوێنێکی بدات باشە و دەبێت.

کابرای دووکاندار ویستی بڵێت بیری لێ دەکەمەوە، بەڵام ئەبابەیلە ڕێگای نەدا بدوێت و پێی گوت ئەمە تکا و داوا نییە لە تۆ، بەڵکو فەرمانە. دەبێت بیکەیت.

- خۆ ئێوە گوتان فیلمەکە نەماوە.

- بەڵێ نەماوە، بەڵام حەوتبرا خۆ من کۆمپیوتەرم دروست نەکردووە، ئەو کافرە سەگبابانە دروستیان کردووە. نەوەڵا هەتا هەتایە هەر دەمێنێت. ئەم ئیشەش ئەوەندە گران نییە، خۆ پێیوست ناکات هەر ئێستا بیکەیت. ڕۆژێک تەلەفۆنت بۆ دەکەین و پێت دەڵێین برۆ بۆ فلان شوێن و بە ژێرەوەی بۆدی فلان ئۆتۆمبیلیەوەی بنووسێنە. هەر ئەوەندەیە. خۆ پیاوت پێ ناکوژین. ئێمەش وەک تۆ موسڵمانین. سەری بەرز کردەوە و لە ئەو تابلۆیەی ڕووانی کە نووسرابوو "هذا من فضل الربی" (ئەمە لە میهرەبانیی خوداوەیە).

کابرای دووکاندار لەگەڵ ئابەبەیلەدا لە تابلۆکەی ڕووانی. مایکرۆچیپەکەی لە دەست ئەبابەیلە وەرگرت و خستیەوە پاکەتە بچکۆلەکەی خۆی کە هەر هێندەی پاکەتی گوارەیەک گەورە بوو.

- بەڵام ئاگات لێ بێت، ئەوە بایی سەد هەزار دۆلارە.

لەگەڵ ناوبردنی ئەو بڕە پارەیەدا کابرای دووکاندار موچووڕکێکی پیادا هات و ئەوەندەی تر کێشی جەستەی دابەزی.

- نا، نا، بە سەرچاو. ئاگام لێ دەبێت. باشە، بە سەرچاو. نا، نا، خەمتان نەبێت. سڵاویان لێ بکە.

پاش کۆتایی کارەکە، ئەبابەیلە دوو هەزار دۆلاری تری بۆ ئەو کارە وەرگرت و کابرای بەرپرسی دووەم پێی گوت "دەبێت زیاتر فێر بیت".

موچەکەی ئەبابەیلە زۆر باش بوو.

نەک ماندوو نەدەبوو، بەڵکو یەک دڵۆپە ئارەقەی دەرنەدەدا. ئیشێکی بێ ڕەنج بوو. باوکی نەمابوو تا شتێک بە باش یان خراپ بڵێت. باوکی

پاش گرتنێک بێسەروشوێن بوو. دایکی گیرۆدەی سەدان کێشەی سەرزەمینیی بوو. لێی نەدەپرسی خەریکی چییە و پێی دەگوت بەشکم خودا ڕەحمت پێ بکات.

- کوڕم، دەمێکە خێرم بۆ کردوویت تا ئیشێکی باشت دەست بکەوێت.

خودا گوێی لە خۆیی و لە دایکی گرتبوو و لە قوڕاوی هەژاریەتیی و پشتگوێخراوی هێنابوویە دەرەوە. ڕاستە هەندێک کاری خراپ دەکات، بەڵام خودا خۆی دەزانێت کە هەر ئەوەندە ئەقڵی پێ داوە و هەر ئەوەندە ئەقڵی پێ دەشکێت. ئیتر خۆ نوێژەکەی هەر دەکات و ئیشەڵا بە تەمای حەج و عەمرەشە، بەڵام جارێ گەنجە و تەمەنی زۆری بە بەریەوە ماوە. ئیتر ئەڵڵا هەرچیەکی لە چارەی نووسیبێت، هەر ئەوەیە.

دایکی ئەبابەیلە نەیدەزانی فریا ناکەوێت هیچ سوودێک لە پارەی ئەبابەیلە وەربگرێت، چونکە ئەبابەیلە ژیانی خۆی بۆ ئەو ئیشەی تەرخان کردبوو، بیری لە خزمەتکردنی دایکی نەدەکردەوە.

دایکی ئەوەیشی نەدەزانی کە ڕۆژێک بە یەکێک لە ئەو خۆراکە کۆنانە کەڕووگرتووانەی ناو یەخچاڵەکەی تووشی ژەهراویبوون دەبێت و دەیکوژێت، بێ ئەوەی ئەبابەیلە سەری بپەرژێت و بتووانێت لەگەڵ دارەمەیتەکەیدا بەرەو دووا هەوارگەی لەگەڵیدا بڕووات.

مزگەوتی ئەبابەیلە

ئەبابەیلە بووبوو بە کەسێکی تا بڵێی سەرقاڵ. برایانی هاودینی فێریان دەکرد چۆن لیستی ئەو کارانە لە ئایفۆنە دووا مۆدێلەکەیدا بنووسێت و چۆن بیگۆڕێت و چۆن زەنگی تایبەتیی بخاتە سەر ئەو وەبیرهێنانەوانە کە دەبوو بیکردنایە.

ئەبابەیلە لە سەر داوای بەڕێسی یەکەم و دووەم زووتر چوو بۆ "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" کە ئیتر چاویان نەدەبەست و یەکێک بوو لە متمانەپێکراوان. بەڕێسی یەکەم و دووەم وەک جاران بە تەنها نەبوون، بەڵکو سێ کەسی تریش لە ئەوێ بوون بە چاکەتوپانتۆڵی شیک و توند و بە چاویلکەی ڕەشەوە، هاوشێوەی سەرۆککۆمارەکەیان، لەگەڵیان دانیشتبوون.

یەکێک لە ئەو سێ کەسە، کە بەتایبەتیی ڕووی لە بەڕێسی یەکەم بوو کاتێک دەدوا، گوتی:

- تا ئێستا بە سەدان مزگەوتتان دروست کردووە. باشە، دەستتان خۆش بێت، بەڵام هێشتا کەمن. ئێمە دەبێت پرۆسەی ئەسیمیلاسیۆن خێرا بکەین. سەرۆککۆمار بە بەردەوامیی ئامۆژگارییمان دەکات کە هەمیشە بیر لە پرینسیپی بۆمبی هێشووپی بکەینەوە (پارچە تەئسیرلی موهیمەتلەر Parça tesirli mühimmatlar). دەبێت لە قسەی سەرۆککۆمار تێبگەین. بۆمبی هێشووپی ئەو بۆمبەیە کە لە سەرەتادا هەر یەک دانەیە، بەڵام لەگەڵ تەقینەوەیدا بە سەدان و بە هەزاران پارچەی بچووکتری لێ دەبێتەوە و

ئەو پارچانە بە سەر پانتایی زۆر فراواندا بڵاو دەبنەوە. هەموو شتێکمان دەبێت بە نموونەی بۆمبی هێشووپی بێت، هەموو شتێکمان.

سەرۆککۆمارمان، خودا دەست بە باڵیەوە بگرێت، بە سوپا دەڵێت بچن و لە سەرانسەری جیهاندا بۆمبی هێشووپی کۆبکەنەوە. بە پارەی کاش و بە قەرز بیانکڕن، چونکە دەزانێت سوپاکەمان پێویستیەتی. دەێت بۆمب بە هەموو بستە خاکێکیاندا بدەین. بەڵام بە ئێمەیش دەڵێت برۆن و لە ناو خودی خەڵکی عەرشی پەروەردگاردا بۆمبی هێشووپی بڵاو بکەنەوە. خۆ ئێوە مەهمەتچی نیین، ئێوە چەک لە شان نیین. بەڵێ، ڕاستە لە مانایەکدا هەموومان مەهمەتچین، بەڵام ئێوە مەهمەتچی سڤیلین. کەواتە سەرۆککۆمار مەبەستی لە بۆمبی هێشووپی چییە کاتێک لەگەڵ ئێمە دەدوێت؟ ئایا بە پێی مەبەستی سەرۆککۆمار خۆتان ماندوو دەکەن؟

ئێوە نابێت هەر لە بواری کڕین و فرۆشتندا کار بکەن، خۆ زاتەن ئێمە هیچ لە ئەمان ناکڕین و هەر پێیان دەفرۆشین. بازرگانیەکەمان لە ڕاستییدا بازرگانیی نییە و تەنیا فرۆشە. ئەم گەڕوگولە عەشیرەتچیە زۆر خۆر و بۆرانە چیان هەیە تا ئێمە لێیان بکڕینەوە؟ ڕاستە نەوتیان لێ دەکڕین کە ئەویش ئەوەندە حیسابی بۆری و ڕەوانەکردن و کردنەوە و گرتنەوە و لیرە و دۆلار گۆڕینەوەمان لە سەر داناون، لێمان کردوون بە پارەی سواڵ. ئاسانکارییمان بۆ کردوون پارەکە لە بانکەکانی خۆمان بخەنە سەرمایەگوزارییەوە و باقیەکەیشی ببەن بۆ

ئەوروپا و ئەمەریکا. هەر ئەوەندە بۆ ئێمە گرینگە لە ناو عەرشی پەروەردگاردا سەرفی نەکەن. داواکاریی ترمان نییە.

بەڵێ، شتێک بە ناوی بازرگانییەوە لە نێوانماندا نییە و ئێوە دەبێت ئەمە بزانن، بەڵام ناوی بازرگانیمان لەسەر داناوە بۆ ئەوەی فریویان بدەین. ئەم شڕەخۆرە بێهونەرانە چیان هەیە کە نیشتیمانی باوکمان لێیان بکڕێتەوە؟ لە گۆڕەوەی پێیانەوە هەتا ئەو شانەیەی قژیانی پێ دادەهێنن و ئەو چەوریەی لە سەریانی هەڵدەسوون، لە نیشتیمانی باوکمان بەرهەم هێناون.

چیان لێ بکڕینەوە؟ مەگەر هەر بۆ خۆشیی کاخەزلەیبڵی نوێ بە ناوی عەرشی پەروەردگارەوە چاپ بکەن و دووبارە لە سەر بەرهەمەکانی خۆمانی بدەنەوە و ئینجا بە هەرزاتر لە فرۆشی خۆمان، پێمان بفرۆشنەوە و ئێمەش لە بەر خاتری سوعبەت لێیان بکڕینەوە و دووایی دووبارە بە ناوە ئەسڵیەکەی خۆمانەوە پێیان بفرۆشینەوە.

ئینجا بە دەنگی کەمێک بەرز و گاڵتەجاڕیەوە پێکەنی و سەرێکی لە شێوەی سەرسوڕماندا بادا و بەردەوام بوو.

لە حالەتی واشدا هەر دەبێت ئێمە لەیبڵە تازەکەیان بە ناوی خۆیانەوە بۆ چاپ بکەین، خۆ خۆیان هەر بۆ ئەوە ئازان فوو لە چای ناو ژێرپیالە بکەن.

دووبارە دەستی کردەوە بە پێکەنین و بە هەردوو دەستی لە شێوەی ئاماژەدا کە بڵێت، ئایا ڕاستم یان هەڵە، بزووواند و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

بەڵێ، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین بازرگانیی تەنها فرۆشتنە و فرۆشیاریش ئێمەین. ئەو فرۆشیەی ئێمە پایەی ئابووریی سەرکەوتووی نیشتیمانی باوکمانە کە هەر خۆی مەهمەتچیە، وەکو مەهمەتچیەکی سوپا و وەک ئێوە. هەر خودی ئابووریەکەمان مەهمەتچیە. باوکی نیشتیمان چاوی لە سەرمانە. دەمانبینێت و دەبێت گورج و گۆڵ و بە دەست و برد بین.

ئێمە دەبێت بۆمبی هێشووبی لە خوێندنگاکانیان، لە نەخۆشخانەکانیان، لە بەڕێوەبەرایەتیەکانیان، لە فەرمانگاکان، لە ڕاگەیاندنەکانیان و لە بازاڕەکانیان، لە دووکانە لاکۆڵانەکانیان و کوێرەگەڕەکەکانیشیان بتەقێنینەوە. دەبێت ناچاریان بکەین بۆ هەموو شتێک ڕوو لە ئێمە بکەنەوە. نابێت بەزەییمان پیایاندا بێتەوە، چونکە ئێمە باشەیان لەگەڵدا دەکەین و دەمانەوێت بیانخەینە سەر ناسنامە و دینی خۆمان. دووای ئەوە ئیتر هاووڵاتی ئێمە دەبن. جیاوازییەک نابێت. ئێمە خێر بە ئەم عەشیرەتچیانە دەکەین. لە زۆرخۆریی و هەرکەس بۆخۆیی و شیرەشیر و فینگەفینگ و منجەمنج ڕزگاریان دەکەین. بە خەڵاتی تورکبوون دڵخۆشیان دەکەین و کەسایەتیان پێ دەدەین، دەیانکەین بە تورک، بە مرۆڤ. لە ماوەی چەند ساڵێکدا دڵخۆش دەبن کە تورکن.

بیرتان نەچێت، شەڕی کەلتوری زۆر بەهێزمان دەکات. دەبێت کارێک بکەن ئەمانە لە دەست کەلتوری خۆیان ڕابکەن. هەرچیەک پێویستە چست و چالاک بیکەن. سەرۆککۆمارمان، خودا دەست بە باڵیەوە بگرێت، پارەی بە

خەروار خستووەتە بەردەستمان. ئێمە بەهێزین لەبەرئەوەی ڕێکخراوین، لەبەرئەوەی دەزانین چیمان دەوێت، لەبەرئەوەی یەکگرتوو و هاودەنگین و کات بە فیڕۆ نادەین. لەبەرئەوەی شێخ و سەید بەڕێوەمان نابەن و خێڵەکیی وعەشیرەتچی و هۆزچی و ناوچەچی نیین. لەبەرئەوەی ئێمە نەتەوەیەکی سیاسین، ئێمە بەهای نیشتیمانیی و نەتەوەیی و کەلتوریی و زمانمان هەیە، ئەمانە چڵمی لوتن. نابێت بهێڵن هیچ باوەڕێکیان لە دەستدا بمێنێتەوە تا بە ئازارەوە ڕێ نەپێون. تا زووتر ببن بە تورک زووتر لە دەست ئازاری نەفامیی و گەوجیی ڕزگاریان دەبێت.

بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەی دڵخۆشبوونەیان خێراتر بکەین دەبێت لە ناوخۆیاندا بە شەڕیان بدەین و وەک کەڵەشێری تووڕە بە چنگ و بە دەندووک چاوی یەکتر دەربهێنن. مەڵێن کارێکی قورسە. نامەوێت گوێم لە وشەی نێگەتیف بێت، لە مێژوودا باووباپیرانمان هەزاران جار پێیان کردوون. دەمانەوێت گەورە و بچووکیان، عەشیرەتەکانیان و ئاغاکانیان دەست لە بینی یەکتر بنێن. ئەوەمان سەد جار دووپات کردووەتەوە. کاتێک لە کەلتوری خۆیان دابڕان، دەبن بە بەشێک لە ئومەتی ئەڵلا. خۆ ئێمە ئەمە بۆ خۆمان ناکەین، بۆ ئەڵلای دەکەین. دەمانەوێت هیچ جیاوازییەک لە نێوان خوێندنگا و مزگەوتدا نەمێنێت. دەمانەوێت ئەم خەڵکە بێ هونەرە زۆر خۆرە خۆراک ڕێژە مەسرەفچییە لە پیسایی خۆیان ڕزگار بکەین.

لەگەڵ گوتنی "ئێڤەت، ئێڤەت، گەرچیکتەن" دا بەرپرسی یەکەم و بەرپرسی دووەم سەری ڕەزامەندیان بۆ دەلەقاند.

ئەبابەیلە هەر لە بەردەرگا لە چاوەڕوانیی کابرادا کە قسەکانی تەواو بکات، ڕاوەستابوو. لە هەندێک لە وشەکان دەگەیشت بەڵام نەیدەزانی ناوەڕۆکی باسەکە چییە و بە خەیاڵیشیدا نەدەهات.

لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانیدا، کابرا ڕووی لە دووانەکەی تر هەستا و بە کابرای بەرپرسی یەکەم و دووەمی گوت:

- "تەمام، پارچە بۆمبا تەئسیرلی پرێنسیبینی دوشونون، بو توپڵومون هەر ئەلەنینا یایەڵمەسینا ئیستیورم" (باشە، بیر لە پرینسیپی بۆمباهێشووەکە بکەنەوە. دەمەوێت لە هەموو شوێنێک بتەقێتەوە).

ئەوان ڕۆیشتن و کابرای بەرپرسی یەکەم و بەرپرسی دووەم تا لای ئاسانسوارەکەش بەڕێیان کردن. ئاوا هەر چەند چرکەیەک دەبوو کە بە سەر ئم ئمیان لە یەک دەکرد کە بیری ئەبابەیلەیان کەوتەوە. ئەبابەیلە هەر لە لای دەرگاکەوە لابەلا ڕاوەستابوو.

بە ئاماژەی سەر ئەبابەیلەیان بەخێر هێنا و لە لای خۆیانەوە داینانیشاند.

کۆمەڵێک وێنەیان لە سەر مێزەکە دانابوو. یەکێک لە وێنەکان وێنەی خانوویەک بوو. ئەو وێنەیەیان نیشان دا و پاشان لێیان پرسی ئەم خانووە بۆچی باشە؟

ئەبابەیلە ماوەیەک لێی ڕووانیی و بەڵام نەیدەزانی چی بڵێت. هەرچەندە وێنەی تری چواردەوری خانووەکەیان نیشان دا، هەر نەیتووانی بزانێت ئەو خانووە بۆچی باشە.

لە مێشکی خۆیدا بیری دەکردەوە.

بۆ دزی، بۆ کوشتنی خەڵک تیایدا، بۆ شاردنەوەی خەڵکی فڕێندراو، بۆ خواردنەوە و کەیف و سەفا. یان بۆ خۆی کە بیکڕێت. بەڵام ئەبابەیلە مرخی لە خانووی گەورە و جوان، خۆش کردبوو. بە مانی ئاوا ڕازی نەبوو.

پاش ئەوەی کە بەڕێرسی یەکەم و بەڕێرسی دووەم حاڵیی بوون کە نەخێر ئەبابەیلە ناتووانێت وەڵامیان بداتەوە، پێیان گوت:

- ئەم خانووە مانی مزگەوتە.

ئەبابەیلە لە مەبەستیان تێنەدەگەیشت، بەڵام زوو بە وەڵام هات:

- ئاخر خۆ هەر چەند سەد مەترێک لە ئەملاو و ئەولای ئەو خانووەوە دوو مزگەوتی تر هەن.

- ئافەرم، بەڵێ هەن. بەڵام ئەبابەیلە خۆ ئەڵڵاپەرستی پاقلەفرۆشیی نییە ئەگەر سێ کەس لە نزیک یەکەوە بیفرۆشن کاریگەریی لە سەر یەک دابنێن. ناوی ئەڵڵا هەتا زیاتر دووبارە بێتەوە باشترە. ئایا کێ لە بیستن و بیستنەوە و هەزاران جار دووپاتبوونەوەی ناوی ئەڵڵا زیان دەکات، شەیتان نەبێت؟

ئەبابەیلە باوەڕی هێنا. قسەکانیان دروست بوو.

- حسابمان کردووە. بۆ گۆڕینی ئەو خانووە بە مزگەوت لە پێنج هەزار دۆلار زیاتری تێ ناچێت. میحرابێک و مناڕە و گومەز و چەند تەوالێتێک و شوێنی دەستنوێژ. بڕیارمان داوە تۆ بیکەیت.

ئەبابەیلە ڕەنگی پەڕی و ئەوانیش ڕەنگی پەڕیویان بینی. ئەبابەیلە عاشق بە پارە بوو. بە ڕەنج و ئیشکردن ئەو پارانەی کۆکردبووەوە. ئەو پارانەی لە هەموو شتێک خۆشتر دەویست. گرنگترین شت لە ژیانیدا پارە بوو. بە دەستی بووایە و بیتووانیایە پارەی هەموو سەرتاپای گێتیی بۆ خۆی دەبرد. مزگەوتی چی و حاڵی چی.

کابرای بەڕپرسی یەکەم و بەڕپرسی دووەم بێگومان ڕووخساری گوماناویی و نابەدڵیی ئەبابەیلەیان دەخوێندەوە:

- مەترسە، ئەو پارەیە ئێمە دەیدەین، نەک تۆ. دەزانین تۆ پارەت نییە.

ئەبابەیلە یەکسەر گۆڕا. ڕووخساری چووەوەیەکی کرایەوە و لە سەر کورسیەکەی بزووا.

- ئێمە پارەکەی دەدەین. ئێمە وەستا و کرێکار و ئەشیامان بۆ ئامادە کردووە. پارەکەت پێ دەدەین و تۆ بە ناوی خۆتەوە دەیکەیت.

- باشە بۆ من؟ ئەی بۆ ئەو خێرە بۆ خۆتان نەبێت؟ ئاخر ...

هەر دوو بەڕپرس قسەکەیان پێ بڕی.

- ئێمە سەدان مزگەوتی خۆمان هەیە. ئێمە لە بەرەکەتی ئەڵلا بێ بەش نین. تۆ گەنجیت پێویستت پێیەتی، پێویستت بە ناوە، پێویستت بە دەرکەوتن و بە ناسێندراوی هەیە. خۆ هەر تۆ ئەمە ناکەیت، دەیانی تر لە هاودینانمان خەریکی کردنی ئەم کارانەن.

ئەبابەیلە سوپاسمەند بوو.

سوپاسگوزاری بەدەربەستهاتنەوەیان بوو، چونکە پێشیان گوت کە بۆی هەیە بەرماڵ و شوێنی نوێژ و نوخشانە و تاپۆی بەهەشت بفرۆشێتەوە و پارەکەی بۆ خۆی. خەڵکەکە پێویستیان بە هیدایەتکردن بوو. بۆ نموونە ئەو چوکلێتەی بەرگەکەی ناوی ئەڵلای لە سەر نووسرابوو، لە بازاڕدا بە هەواوە نەدەما و خەڵک بە ملچەملچەوە دەیانخوارد و بە هەردوو بەری دەستیان کە دەیانهێنا بە دەموچاوی خۆیاندا، ئاسوودە دەبوون.

هەر لە ئەوێدا زەرفێکیان پێ دا کە پڕ بوو لە دۆلار.

یەکێک لە ئەو شتانەی ئەبابەیلە فێری بووبوو ئەوە بوو کە پارە بژمێرێت، چونکە بە پێی شەرع کارێکی دروست بوو.

کابرای بەرپرسی یەکەم و بەرپرسی دووەەم هەستان و چوون بۆ هۆدەیەکی تر. زەرفەکە شەس هەزار دۆلاری تیادا بوو. ئەبابەیلە زۆری پێخۆش بوو کە پارەکە زیاترە و کەمتر نییە، بەڵام چونکە حەزی لە پارە بوو، موچووڕکێک بە لەشیدا هات.

لە چاوتروکاندنێکدا پێی وابوو پێیان بڵێت باشترە. چوو بۆ لای بەرپرسی یەک و بەرپرسی دوو کە خەریکی قسەوباس بوون و لە سەر نەخشەیەکی جوگرافیی سەر مێزەکەیان هەر ورتەورتیان بوو. بە مەشغووڵییەوە بە ئاستەم سەریان بۆ لای خوارکردەوە وەک پێی بڵێن "فەرموو".

- پارەکە هەزار دۆلاری زیادە، پێنج نییە، شەشە.

هاوکات لەگەڵ قسەکانیدا هەزار دۆلارەکەی لە دەستیدا بەرەو ڕوویان ڕاگرتبوو.

ئەوانیش بە دەم پێکەنینەوە هەر وەک چاوەڕێی کاردانەوەیەکی وابن، پێیان گوت هەڵیبگرێت و وەک زێدەموچەیەک لێی بڕووانێت. پێش ئەوەی بڕووات، بەرپرسی یەکەم پێی گوت "تۆزێکی لێ بکە بە خێر".

دروستکردنی مزگەوتەکە زۆر ئاسانتر بوو لە ئەوەی ئەبابەیلە بیری لێ دەکردەوە.

مۆڵەتی گۆڕینی خانووەکە بۆ مزگەوت لە ئەوە پێش وەرگیرابوو و ئەشیای پێویست و وەستا و کرێکار هەبوون.

هەر ئەوەندەی خەڵکی گەڕەک زانیان کە ئەبابەیلە مزگەوتێک دروست دەکات بە پیریەوە چوون و بە هەزاران نزایان ڕووەو ئاسمان بۆ ڕەوانە کرد کە خودا بە خاوەنی سەد مزگەوتی بکات و ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە. دەیانگوت ئەبابەیلە ڕۆشنبیرێکی بێهاوتایە و ناوی شاری فەیزوڵای ڕۆشنبیریی، کە خۆیان لە خۆشەویستییدا پێیان دەگوت گەورەدێ، لە بەئەژماردیی مزگەوتەکانیەوە سەرچاوەی گرتووە.

خەڵکی گەڕەک بە نیعمەتیان دادەنا کە لە نێوان بانگی بڵندگۆی سێ مزگەوتدا دێن و بچن و فەڕ و پیتی ئاسمانیان بە سەردا دەبارێت. خەڵکی عەرشی پەروەردگار عاشق بە ناوی ئەڵلاگیانەکەیان بوون.

لە ماوەیەکی کورتدا پارەیەکی زۆریان کۆکردەوە و بۆیان هێنابوو. خۆشنووسێکیش هاتبوو و ناوی مزگەوتەکەی دەنووسی: "مزگەوتی ئەبابەیلە".

عەرشی پەروەردگار عەرشی دامەزراوە و وەزارەتگا بوو. وەزارەتی دین و ئیمان وێنەی ئەبابەیلەیان لە چوارچێوەیەک گرت و لە ڕیزی ئەو هەموو ناوانەی تردا کە مزگەوتیان دروست کردبوو، هەڵیانواسی.

ئەو بەیانیەی بڕیاربوو لە مزگەوتەکەیەوە یەکەم بانگ بدرێت، ئەبابەیلە زوو هەستابوو. خەڵکەکە کە بۆ نوێژکردن دەهاتن دەچوون بۆ لای ئەو و لە دەوری کۆدەبوونەوە.

لە پڕێکدا کابرای بەرپرسی یەک و دوو و لەگەڵ سێ کەسی تردا پەیدا بوون. سڵاویان کرد و هیچیان نەگوت. ئەبابەیلە بە بینینیان دڵخۆش بوو.

دەنگی بانگدان لە بڵندگۆکانەوە بەرز بووەوە. ئەبابەیلە بۆ یەکەم جار گوێی لە بانگی مزگەوتەکەی خۆی بوو. دایە پڕمەی گریان و سینگی وەک هەوری بەهار دەیگرمان و کەوتە سەر چۆک و خەڵکەکەیش لەگەڵ ئەودا کەوتنە بارەی گریان و سەر چۆک. قەدەرێکی پێ چوو تا دەستی یەکیان گرت و پێکەوە بۆ یەکەم نوێژی ئەو بەیانییە پێیان نایە ناو مزگەوتەکەوە. مەلای مزگەوت بە جلکوبەرگی خاوێن و ڕیشی ئوتوکراوەوە چاوەڕوانی دەکردن.

ئەو بەیانیە بەیانیەکی کەمێک سارد بوو. هەوا بە تەواوی ساردی کردبوو. بە جلکوبەرگیشەوە مرۆڤەکان هەر خۆیان کوشکۆڵە دەکرد و بە کەمێک خۆگرمۆڵەکردنەوە ڕێگایان دەبڕی.

هۆڵە بچووکەکەی مزگەوت نە گەرم بوو و نە سارد و هەستی پێکەوەبوون بە ڕووخساریانەوە دیار بوو. پێکەوە گوێبیستی باسی حەزرەتی یوسف بوون. براکانی، حەزرەتی یوسفیان فریو دابوو و وەک کۆیلەیەک فرۆشتبوویان. حەزرەتی یوسف زیندان و ئازاری چێشتبوو، بەڵام لە کۆتاییدا میهر و خەڵاتی خودا بە سەریدا باری.

"ئەبابەیلە بوو بە بازرگانێکی دەستڕۆیشتوو"

خەڵاتی خودا و ڕازیبوونی خەڵک لێی، بووبوون بە کەژاوەیەک و بە سەریدا دادرابوو. کەژاوەیەکی شینی کاڵی ئاسمانیی کە خەڵکی عەرشی پەروەردگار دەیاگوت دەیبینن و سڵیان لە هەیبەتی دەکردەوە. ئەبابەیلە لە ناو کەژاوەیەکی شینی کاڵی ئاسمانییدا.

مقۆمقۆ لە شاردا کەوتبووەوە و هەر کەس نەیتووانیایە ئەو کەژاوەیە بە سەر ئەبابەیلەوە ببینێت بە کەر و گەوج و بێ باوەڕ لە قەڵەم دەدرا. هەندێک دەیانگوت کەسێک کە ئەو کەژاوەیە یان هیچ نەبێت تۆزێکی نەبینێت ،کوشتنی حەرام نابێت.

ئیتر بە بەردەوامیی پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنەکان و ڕادیۆکان و سپۆنسەری بەردەوامی سۆشیالمیدیاکان سەبارەت بە بینینی ئەبابەیلە لە ناو کەژاوەیەکدا، هەبوو. خەڵکانێکی زۆر جوێنیان بە خوشک و دایکی خۆیان دەدا کە بە هۆی بەدکارییەوە ئەبابەیلە و کەژاوەکەیان پێکەوە نەدەبینی، بەڵام دەیانگوت هەر بە تەنها کەژاوەکە یان چمکێکیان لە شوێنێکەوە بینیووە. ئیتر بە دەنگێکی خۆشی بڵند هەلهەلەیان بۆ ئەو کەسە لێ دەدا و نوێنەرانی باوەڕداران دەیانسەلماند کە تەنانەت ئەگەر بە قەد نینۆکێکیشی ببینن هەر قبووڵە.

خەڵکەکە بە یەکتریان دەگوت "خودا دەستی حەزرەتی یوسفی بە سەر ئەبابەیلەدا هێناوە و کردوویەتی بە بازرگانێکی دەستڕۆیشتوو" و لە خودا دەپاڕانەوە کە بە دەستەکانی خۆی، ئەمانیش بە گوێ بۆ ئاستی لای ئەو هەڵبکێشێت.

لە ماوەیەکی کەمدا ئەبابەیلە تووانی چەندین بینای خوێندنگاکانیش بکڕێتەوە.

ئەبابەیلە لە ئەهلی هاودینەکانیەوە فێر بووبوو کە بەنیئادەم هەر یەک کتێبی پێویستە و ئەویش کتێبی خودایە و هەموو ڕاست و ڕەوانیەکی تێدایە و لەبەرئەوە خوێندنگاکان لە زیادەمەسرەفیی زیاتر نیین.

ئەبابەیلە پارەی کڕینەوەی خوێندنگاکانی بە وەزارەتی خوێندن دەدا، بەڵام شتێکیشی هەر بە بەرێوەبەر و جێگرەکەیی و مامۆستاکان و فەڕاشەکانیش دەدا. وەزارەتی خوێندن دەوامی ئەو خوێندکارانەی دەخستە سەر خوێندنگایەکی تر. خوێندنگای وا هەبوو لە ڕۆژێکدا سێ جار دەوامی تیادا دەکرا.

خوێندنگاکانی ئەبابەیلە یان ڕاستر ئەوانەی بە ناوی ئەبابەیلەوە بوون، هەموویان دەگۆڕدران بۆ سەر خاوەنداریەتیی تایبەتیی. ستافی ئەو خوێندنگایەی دەفرۆشران، دووبارە لە ئەو دانە نوێیە دەستیان بە دەرسگوتن دەکردەوە.

عەرشی پەروەردگار عاشقی ناوی جوان بوون. ناوی وەک خوێندنگای "ئەبابەیلەی خۆشڕەفتار"، "خوێندنگای ڕووناکیی"، "خوێندنگای گەورەدێ"، "خوێندنگای مۆمی ژیان"، "خوێندنگای بەهەشت"، "خوێندنگای بەخشین"، "خوێندنگای دەربازبوون لە دۆزەخ" و "خوێندنگای ڕووناکیی فەزیلا" و چی و چی وەک کارگ هەڵدەتۆقین.

بیناکان ڕەنگی سەوزی تۆخ دەکران و پشتوێنەیەکی سووری بە مانگ و ئەستێرە لە ئەم سەر بۆ ئەو سەر نیشانە دەکرا. شوێنی نوێژ و بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی خودا تیایاندا دروست دەکرا و

کتێبخانەیەک لە بەرهەمی دینەکەیان بە زمانی عەرشی پەروەردگار و عەرەبی کە بە ڕەسمیی زمانی خودایە و هەروەها لە هەموویان زۆرتر بە تورکیی فەراهەم دەکرا. هەر شتێک لە ئیتاعەتەکەدا پێویست بووایە هەبوو.

بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بە ئەو مزگەوتانەوە دەبەسترانەوە کە "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" بەڕێوەی دەبرد. هەر هەموویشیان بە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنەکان و بێژەر و هەواڵنێرەکانەوە پێوەست دەکران و لیستێکی دووردرێژیان بۆ چالاکیی هاوبەش دروست کردبوو کە نزیکەی هەموو ڕۆژێکی سااڵ دەگرتەوە.
ئەو کارەی دەیان کرد زۆر باش بوو. بە دڵی "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" بوو. هەمیشە بە دیاری بە نرخ دەست خۆشییان لێ دەکرا. بەاڵم دوو داوای زۆر لە سەر هەموویان هەبوو. یەکێکیان ئەوەبوو کە پێیان دەگوتن دەبێت زیاتر و زیاتر بیر لە پرینسیپی بۆمبی هێشووپی بکەنەوە.
ئینجا بۆیان باس دەکردن بۆمبی هێشووپی چییە و پرینسیپی بۆمبی هێشووی چییە.
مەالی سەروڕیش چاککراوی مرادخانی لەبەری شیک و پیک، کە قوت دەڕۆیشتن و دەهاتن و دەچوون و لەسەرخۆ دەدووان و لە نێوان هەر چەند وشەیەکدا ناوی ئەڵال و پەیامبەریان بە پاشگر و پێشگرێکی زۆرەوە دووپات دەکردەوە، چالاکانە دەست بە کار بوون.
زانیاریی زۆریان لە سەر بەهەشت و هەشت دەرگاکەیی و گەورەیی دارودرەخت و سێبەرەکانیان و حۆری و غیلمان و خزمەتگوزاریەکان و چۆنیەتیی ڕابووواردن و خواردن و خواردنەوە هەبوو.

هەموویان لە پێش ناوی خۆیانەوە، نازناوی "مامۆستا شێخ سەیدی حاجی فلان کەس" یان پێوە بوو. بە خەڵکەکەیان دەگوت ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لە هەر یەکێک لە حەوت تەبەقەی ئاسمان بە هەشتێکی هەشت دەرگایی بەر بکەوێت، دەبێت ژیانی خۆی هاوشێوەی بۆمبێکی هێشووبی بکات.
بە واتایەک کە خۆشاوی خۆی و ئەڵلا لە هەموو شوێنێک بپرژێنێت و بە سەر هەر شوێنێکیدا بکات کە تەنانەت بە چاو نایگاتێ. ئەوە بەس نییە تۆ دەستی پیاوێکی ژندار بگریت. ئەدی ئەی ژنەکەی یان ژنەکانی؟ ئەی کچەکەی، ئەی منداڵەکانی؟
ئایا لە یەکێک لە ئەوانە غافڵ بوویت؟ ئەگەر غافڵ بوویت ئەوا مەگەر سوبحانەهوتەعالا خێرت پێ بکات و بەزەیی بە ئەقڵتدا بێتەوە دەنا هەرچی باشەیەکت کردبێت هەر بە دۆزەخ سزا دەدرێیت. ئەگەر غافڵ نەبووبیت و دەستت بە هەموو چواردەوری خۆت و ئەو دەوروبەرە گەیشتبێت ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا کە چاوەکانت لە سەر تەوقی سەرت ڕووان، فریشتەکان دێن و بە دەستی خۆیان بۆ بەهەشتی تەبەقەی یەک دەتفڕێنن. ئینجا بە پێی ئەوەی چەندە خێری ترت کردووە، کلیلی حەوت دەرگاکەی ترت دەدەنێ یان ناتدەنێ. هەمیشەش ئەوەیان وەبیر دەهێنانەوە کە هەر کەسێک ژنێک بە حەرەمی جلکوبەرگی حەیا و شەرەف شاد بکات، نەعوزوبیلا ئەو کەسە لە بەهەشتدا حۆریەکان بە سەر باڵی خۆیانەوە لە ئەم سەر بۆ ئەو سەر دەیفڕێنن و ناهێڵن پێی لە سەر زەوی دابنێت. تووانای سێکسکردنیان هەزاران جار زیاتر دەبێت و هەوەسیان بێ بڕان و پشوو لە هەستاندا دەبێت.

لەبەرئەوە بیرکردنەوە لە پرینسیپی بۆمبی هێشووپی گرینگە. بیرکردنەوەی بیری هێشووپی واتا هیچ درزێک بۆ شەیتان و بەندەکانی شەیتان و بۆ جندۆکە و بەندەکانی جندۆکە ناهێڵیتەوە. هەموویان کونبڕ دەکەیت.
ئینجا لێیان دەپرسین:

- ئایا هیچ کەسێک لە ئێوە هەیە ڕۆژانە سەدان جوێن بە ئەو هەموو کەموکورتیانە نەدات کە چرکە بە چرکە دەیانبینن؟ باشە، ئایا ئێوەیەکی بێقیمەت و بێنرخ ئەو هەڵانە دەبینن، بەڵام پێتان وایە ئەڵلاگیان، بە ئەو گەورەیی و عەزەمەتەی خۆیەوە، نایانبینێت؟

خەڵکەکە نەیاندەتووانی وەڵام بدەنەوە. مەلاکان وەڵامی پرسیارەکانی خۆیانیان دەدایەوە.
ئینجا لە شێوەی ئەفسەردا ڕادەوەستان و وەک ئەوە وابوو بۆ پۆلێک سەربازی کەمتەرخەم بدوێن، دەیانگوت:

- ئێوە ئەگەر ئەقڵی بچووکی خۆتان بە کار بخەن تێ دەگەن و دەزانن کە ئەڵلا بە فوویەک دەتوانێت هەمووی بگۆڕێت، بەڵام لە داخی ئێوە نایکات. لێتان زوێرە و لێتان تووڕەیە.
ئەو دەیەوێت بزانێت ئێوە چەند بە پرینسیپی بۆمبی هێشووپی بیر دەکەنەوە. ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوە خۆی بکات بە بۆمبێکی هێشووپی و هەموو درز و کونەبەرێک بگرێت، ئیتر گێتیی لە چاکەدا دەمەیێت. شەیتان نەعوزوبیلا هیچ شوێنێکی نامێنێت.

ئێوەی عەرشی پەروەردگاریی نەگبەت و نەفامن، وا دەزانن بە چوار پێنج عەمرە و دوو سێ حەج و سێ چوار ژن گوناهەکانتان هەڵدەوەرێن. بێگومان هەڵناوەرێن. نەخێر، هەڵەن. گوناهەکانتان بە ئەوە هەڵدەوەرێن بۆ دینەکەتان بین بە بۆمبێکی هێشووی. ئێمە یەک ئومەتین، یەک ئاڵا و یەک زمان و یەک خاک. ڕاستە عەرەبی زمانی خودایە، بەڵام تورکیش زمانی ئومەتە، زمانی ئەقڵ و ئیدراکە لە دینەکەدا. ڕاستە عەرەبی زمانی خودایە، بەڵام تورکیش زمانی تەقوای دینی خودایە. ئەگەر جوان سەرنجی بدەن، هیچ جیاوازییەک نییە. ئێوە کە فێری تورکیی دەبن، فێری زمانێکی دیکەی هاکەزایی نابن، بەڵکو فێری زمانێک دەبن بۆ تەقوای ڕەبولعالەمەین. تورکیش زمانی ئەڵلایە. بەڵێ، هەمیشە دەبێت بە "ئەلسەلامولاهی عەلیکم" دەست پێ بکەن کاتێک یەکترتان بینی، بەڵام ئەڵلا ئەوەندەی تریش شاد دەبێت کە بە زمانی تەقواش بڵێن "ئەڵاهنەن سەلامی ڤە بەرەکەتی ئیوزەرینیزە ئۆڵسن".

لە "ئابەبایلە جامیعسی" ماموّستا شێخ سەید حاجی وەک ئەفسەرێکی سوپا بە تووندیی هەر دوو دەستی بە یەکدا دا، بە شێوەیەک کە ئامادەبووانی لە ئەفسوونی کەمانگیربوونی خۆیدا بە هۆش خۆیان هێنایەوە. ئینجا بە ددانەکیرەیەکی بە ئاستەم زبرەوە پێی گوتن:

- قەرزداری قیامەتم دەبن ئەگەر بە قسەم نەکەن. لە ڕۆژی قیامەت، بە ئامادەبووان لە بەردەم پێی پەروەردگارماندا، کەس دەست بە منجەمنج نەکات و بڵێت "نەمزانی" و "دەستم بشکێت"، چونکە ئەو کاتە بە ئەم چینگە جەنگیزیانەم (هەر دوو دەستی هێنایە پێشەوە و پەنجەکانی وەک شەنێک، بەڵام ڕەق و تیژ، بەرەو پێشەوە و دوواوە دەیهێنانە پێشەوە و دەیبردنەوە بۆ لای خۆی) پشتی ملتان دەگرم و ڕووڕەشی بەر قاپی ئەڵلاگیانتان دەکەم. دەزانم ئێوە ئەهلی درۆ و دەلەسەن، بەڵام لەگەڵ ئەم مامۆستا شێخ سەید حاجیەتان پێ ناکرێت. وەڵاهی وەڵاهی (ئا لێرەدا دڵی پڕ بوو لە گریان و لچ و لێوی خواربووەوە) تا نەتانهێنم بۆ سەر ڕێی ڕاست بەرۆکتان بەر نادەم.

ئینجا بە ئاستەم بە زەردەخەنەیەکی شیرینیەوە لێی ڕووانین و کەمێک ترسەکەی لە سەر دڵی ڕەواندنەوە و پرسیاری لێ کردن، ئایا ئێستا چی لە دووای منەوە دەڵێنەوە؟

هەموو بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد:

- تەکبیر! دەبین بە بۆمبی هێشووپی! پارچە تەئسیرلی بۆمبا! پارچە تەئسیرلی بۆمبا (parça tesirli bomba)!
- بژی برایەتیی هاودینیی
- ئێڤەت، ئێڤەت، موسلمان قاردەشلەر!

شێرە سەری لێ دەرناچێت

لەگەڵ ئەو هەموو رازیبوونەیشدا بە باشی خودا و ملکەچییان بۆ سەرۆککۆمارە هێژاکەیان، خەڵکی عەرشی پەروەردگار هەرگیز لە قووڵایی ڕۆحیاندا هەستیان بە سەقامگیریی نەدەکرد و لە ناو گێژاوێکدا خولیان دەخوارد.

نەیاندەتووانی لە پانتایی و ڕەهەندی ئەو گێژاوە سەریان دەر بکەن. نەیاندەتووانی چونکە تووانای بینینیان نەبوو. بەڵێ، بە چاوەکانیان شتیان دەبینی، هەموو شتێکیان دەبینی. دەیانتووانی دەست لە هەر شتێکەوە بدەن کە دەیانویست، خۆ کوێر نەبوون، بەڵام نەیاندەتووانی دۆخی ژیانی خۆیان ببینن. نەیاندەبینی چونکە کاتێک لە دایک دەبوون لە ناو ئەو گێژاوەدا لە دایک دەبوون و لە ناویدا یەکەم گریانی سەر زەوی دەگریان و لیک و خوێناوی هەناوی دایکیان لە جەستەیان دەسڕدرا و بانگ بە گوێیاندا دەدرا .

لە ئەو دۆخەدا پێیان دەگرت و گەورە دەبوون. لە ناو ئەو گێژاوەدا هەر کە لە دامێنی دایکیان دەکەوتنە خوارەوە دەبوون بە کوڕی باوکی خۆیان و فێری ئەڵڵاپەرستیی و قەزاوقەدەر و شەڕەقۆچی ڕۆژانە و سوڵحی عەشایەریی و خێر و سەدەقە و خوداپەرستیی و باشە و خراپەکانی ژیان دەبوون. فێر دەبوون چۆن یەکتر "بە حەوتبرا" و بە "خزمبرا" و بە "تاکەبرا" و بە "کاکەبرا" بانگ بکەن و لە ژێریشەوە جوێنی تەڕ و بڕ بە یەکتر بدەن.

ئەمانە ئاسان بوون، چونکە کاتێک شیری دایکیان دەخوارد و وەک زەروو خۆیان بە سینگە گەرمەکەی دایکیانەوە دەنووساند، گوێیان لە

هەموو ئەو وشانە و ئەو بەسەرهاتانە و ئەو ڕووداوانە و ئەو چیرۆکانە بوو.

مژە بچووکەکانی شیرە خۆشە شلەوتێنە شیرینە بۆنخۆشەکەی دایکیان لەگەڵ ئەو وشانەدا تێکەڵ بە مێشک و جەستەیان دەبوو. دایکیان دەیبیستن و ئەمانیش لە ناو کۆشکی ئامێزەگەرمەکەیدا دەیانبیست.

شێرە و ئەبابەیلە کوڕی عەرشی پەروەردگار بوون. ئەو کۆرپانەبوون کە بە خواردنی شیرە بە چێژەکەی دایکیانەوە ئەو دۆخانەیان هەڵمژی بوو و چاویان لەگەڵیاندا پشکوتابوو.

لە ئەو منداڵانە بوون کە پاش خامۆشبوونی تەقەی تفەنگی شەڕی ناوخۆ قەوانەفیشەک و فیشەکی نەتەقیو و ئەو گوللانەیان کۆ دەکردەوە کە لە دیوارەکان هەڵدەچەقین و پاندەبوونەوە. ئەمان بە پارچە قەید و تەنەکەی تیژ و بە پەنجە هەڵیان دەکۆڵ و دەیانهێنانە دەرەوە.

هەردووکیان لە ئەو منداڵانە بوون کە ساڵی چەندین ڕۆژ خوێندنگاکانیان بە هۆکاری جیاواز دادەخران. هەر بە ئاستەم بارانێک ببارییایە، یان لافاوێک لە شوێنێکی دوور هەڵبستایە، دونیا گەرم بووایە یان ئاژەوە و پشێوەیەک لە شوێنێک هەبووایە ئیتر ئەو دەوامەی خوێندنیان پێ نەدەبڕدرا کە هەر چەند کاژێرێک بوو. لە ئەو منداڵانە بوون کە مامۆستاکانیان حەزیان لە وانەی بایۆلۆژی و فیزیک و کیمیا و ماتماتیک نەدەکرد و پێیان خۆش بوو فێری نوێژ و حەدیس و ئایەتیان بکەن، چونکە دەیانزانی هەر ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە و ژیانی دونیای فانیی تڕێک ناژی. هەر لە منداڵییەوە دەیانزانی کە لە

بەهەشتی خودادا جێگایەکیان دەبێت و ئەم ژیانە پڕ چەرمەسەرییە زۆرکاتیی تڕە لەوەی بیری لێ دەکرێتەوە.

فێریان دەکردن بیر لە عەرشی پەروەردگار نەکەنەوە، چونکە لە کۆتاییدا هەر تەنها بستەخاکێک لە خۆیان دەگرێت. فێریان دەکردن کە نیشتیمان وەهمە، درۆیەکە. ئەو قسە قۆڕەیە کە مولحیدەکان، ئەوانەی لەگەڵ خوشک و دایکی خۆیاندا زینا دەکەن، دایانهێناوە. مولحید نیشتیمانی هەیە، دینداریش ئوممەت. مولحید لە دۆزەخدا ئەڵڵا شەقشەقێنی پێ دەکات و دینداریش بە ئارەزووی خۆی بە دوو قامکان میوە لە باخی بەهەشت دەچنێت و حۆریە ناسکەکان بە دەمیەوەی دەکەن.

فێرکرابوون کە ژیان پێچی مێزەرێکە و دونیای ئەولاش هەتاهەتاییە، کە خودا لیستێکی درێژی لە تەقوا دەوێت و باسی ڕەز و باخ و باخات و دارستانی سەوز و ئاوەدانی سەر زەوی ناوێت. ئەگەر ئەوەی بیویستایە هەر بە کونفەیەکونێک خۆی هەموو ئەم جیهانەی دەکرد بە بەهەشت.

لە پۆلی شەشدا شێرە لە خوێندنگایەک بوو کە مامۆستایەکی لە مامۆستاکانی تری دیندارتر بوو، چونکە بە وردیی فێری نوێژ و دەستنوێژگرتن و وردەکاریی ئایینەکەی دەکردن. هاوڕێیەکیشی هەبوو، ناوی "خەڵات" بوو. تاکە هاوڕێ و هاوڕێی منداڵیی بوو.

هەردووکیان کێشەیەکی زۆر گەورەیان هەبوو. کێشەی شێرە ئەوە بوو کە هیچ نەدەبینرا و کەس نەیدەبینی. کێشەی خەڵاتی هاوڕێیشی ئەوەبوو کە زۆر زۆر زۆر دەبینرا و دەبیسترا، چونکە دەیانگوت ناشیرینە. دەیانگوت هەر ناشیرین نییە، بەڵکو هێندە ناشیرینە کە

بووە بە نەفرەتیەکی سەر زەوی. کاتێک بەرگریی لە خۆی دەکرد دەیانگوت مەرگوەڕە.

شێرەش کوڕێکی ناسکی چاوگەشی ڕوومەت ئاڵی قژ پڕ بوو. خەڵاتیش کورتەباڵایەکی لاوازی بابردەڵەی چاونەپشکوتووی قژ تەنکی ددان وردیلەی بێ چەناگە بوو. لە یەکەم هەنگاویەوە لە ماڵ دەهاتە دەرەوە قسەی ناخۆشی پێ دەگوترا. بە بەچکەشەیتان و ناشیرین و گول و نەفرەتی خودا و چی و چی بانگ دەکرا. لە سەرەتادا بێگومان وەڵامی خەڵکی دەدایەوە، بەڵام ئیتر بە جوێن و تووانجەکان ڕاهاتبوو و وەڵامی کەسی پێ نەدەدرایەوە، چونکە بە دەیان بوون.

شێرە هیچ نەدەبینرا، تەنانەت کاتێک کە خراپکاریەکیشی دەکرد کەس نەیدەبینی. بەڵام خەڵاتی هاوڕێی کێشەی زۆر بینراوی هەبوو. هەموو کەسێك ئەوەندە بە چڕیی دەبینی کە بچووکترین عەیبی ڕووخسار و جەستەیان بە گەورەیی دەبینی و بە ئەو وشە ناشیرینانەی خۆیان دایاندەپۆشی.

مامۆستاکەیان فێری ئایەتولکورسی کردبوون بۆ ئەوەی لە چاوی پیس بە دوور بن، بەڵام بە ڕای مامۆستاکەی، خەڵات پێویستی بە ئایەتولکورسی نەبوو، چونکە خودا جوانیی پێ نەدابوو. خەڵات هیچ شتێکی نەبوو جێگای بەخیلیی و چاوی پیس بێت.

شێرە ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام خەڵات خۆی پێی ڕاهاتبوو و بە خەیاڵییدا نەدەهات.

شێرە ئەو ڕۆژەی بیر دەهاتەوە. ڕۆژێکی بە هەوری چڕ بوو، تنۆک تنۆک دەنکە باران ئەملاولای تەڕ دەکردن. شێرە دەستی لە سەر شانی

خەڵات دانابوو و فێری ئایەتولکورسی دەکرد و پێی دەگوت " تۆش فێر بە، با خودا خراپترت لێ نەکات".

ئێستا نەیدەزانی خەڵاتی هاورێی لە کوێیە. لە هەر کوێیەک بێت بە دڵنیاییەوە خۆی لە زۆر بینراویی شاردووەتەوە. ئەم ئازاری پێچەوانەکەیی دەچێژت.

نەبینراوی زۆر ناخۆش بوو. زۆر بینراویەکەی خەڵاتی بە لاوە باشتر بوو، ئەگەرچی دەیزانی بە واتای جوێنپێدان و سووکەتێهەڵدانیش دێت. ئازاری نەبینراویەکە بە تەواویی ناخی دەهەژاند.

پاش بوونی بە بەرپرسی باڵای ڕاگەیاندنی هەموو ڕاگەیاندنەکانی عەرشی پەروەردگار، ئەمیش دووچاری نەخۆشی زۆر بینراویی بوو. ئێستا ئینجا تێدەگەیشت کە زۆر بینراوییش تا بڵێیت ناخۆش بوو. شێرەی بەدبەخت هەم زۆر نەبینراویی و هەم زۆر بینراویشی چێشتبوو.

لە عەرشی پەروەردگاردا نەبینراویی و زۆر بینراوی لە فۆرمێکی ئاساییدا نەبوون. لەبەرئەوە ئازاریان بە قوواڵایی ڕۆح دەگەیاند و مرۆڤیان بە سەرای مەرگ دەگەیاند.

شێرە لە سەر کارەکەی خۆی دانیشتبوو و لە دونیای عەرشی پەروەردگار و دەوروبەری دەڕووانی. چ جیهانێکی بە ئاشوب بوو. تاسەی ئەو کاتانەی دەکرد کە خەریکی دانانی دەنگی پێکەنینئاوەر بوو لە سەر سەگ و پشیلە. سەگەکان دەیانمیاوان و پشیلەکانیش دەوەڕێن. یاخود سەگەکان وەک کەڵەشێر دەیانخوێند و پشیلەکانیش وەک مەڕ دەیانباعان. ئەوانەی چواردەوری هەم بە کارەکانی و هەم

بە خۆی پێ دەکەنین و ئینجا گاڵتەیان پێ دەکرد تەنیا دایکی نەبێت، دایکی کە بە کۆمپیوتەری دەگوت کۆمیوتەر.

ئەو ژیانە بە ئازارانەی ئەو کاتانە تێپەڕیبوون، بەڵام ڕۆژگاری ئەمڕۆشی لە دونیایەکدا بوو کە لە هەموو لایەکەوە لە ئاوردا بوو.

ئەو کاتەی شێرە لە گێژاوی ئەو خەیاڵانەدا ژیانی بە سەر دەبرد، ئەبابەیلە لەگەڵ چل کەسێکی تر لە "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" کە هەر یەکەی لە شوێنێکی عەرشی پەروەردگارەوە هاتبوون، لە خولێکی پەروەردەییدا بوون.

مامۆستاکەیان فێری خۆشەویستیی بێ بەرامبەری ئەڵلای دەکردن و ڕوونی دەکردەوە کە بەرژەوەندیی بەرتەسک دوژمنی مرۆڤە و کە کاتێک خەڵکان لە عەشقی خودا دوور دەکەونەوە یەکسەر ڕۆحی خۆیان ون دەکەن و هەر یەکەی دەیەوێت وڵاتێک بۆ خۆی دروست بکات. ئەوانەی لە عەشقی خودا دوور دەکەونەوە باسی ئاڵا و ماڵا و سروودی نیشتیمانیی دەکەن. ئەمان ئەهلی دین بوون و ئەهلی دینیش هەر دەبێت یەک خودا کۆیان بکاتەوە. کاتێک کە دەڵێن "یەک ئاڵا، یەک ئومەت، یەک خاک و یەک زمان" لە ڕاستییدا هەر هەمووی بە یەک مانا دێت. ئەویش مانای ئومەتی دینە. ئەوەی دژ بە ئومەتی دین بێت لە هەموو خوێریەک خوێریترە، چونکە چی هەیە لە دین گرنگتر بێت، چی هەیە لە قیامەت و لە بەهەشت گرنگتر بێت.
پرسیاری لێ دەکردن:

- ئایا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەڵلای گەورە و میهرەبان لێت دەپرسێت "چ قەومێکیت؟"، "نەوتت هەیە؟"، "ئاڵا و

سروودی نیشتیمانیی و گۆرانی و موزیکت هەیە؟"، یاخود لێت دەپرسێت "ئەی عەبدەکەم، تۆ سەر بە چ ئومەتێک بوویت؟".

پاش ئەو پرسیارانە، مەلاکە بە چاوێکی کەمەرکێشەوە لێی دەڕوانین و بە هەموو جەستەی ئاماژەی دەکرد کە پێویستی بە وەڵامێک هەیە. ئەوانیش بە یەک دەنگ وەڵامیان دەدایەوە: "ئەی عەبدەکەم، تۆ سەر بە چ ئومەتێک بوویت؟".
ئەویش بە دەم پێکەنین و چەپڵەوە پێی دەگوتن: "(براڤۆ، براڤۆ، ئێوە چەند جوانن، برایانی دینەکەم/ براڤۆ، براڤۆ، هاریکەسینز، دین قەرداشلەرمBravo bravo, harikasınız din kardeşlerim !".

"ئەنڵاهن مێسجیدە"

شێرە ئاگادار بوو کە مایکرۆچیپێک بە ئوتومبێلێکەوە نراوە. تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیل زووزوو لە عەرشی پەروەردگار ڕوویان دەدا و دووان و سیان و زیاتر لە مرۆڤ دەکوژران. دەزانرا تورکەکان ئەو کارە دەکەن.
شێرە زانیاریی پێگەیشتبوو. هەر بە تەنها خۆی بەرەو ئەو دووکانە ڕۆشت و کابرای بینی. دووکاندارێکی جیاواز لە ئەوەی ئەبابەیلە پێشتر سەردانی کردبوو.

کاتێک کابرای دووکاندار شێرەی بینی بێگومان شێرەی ناسیەوە. لەگەڵ بینینی شێرەدا هەستی دەکرد وەک چۆن میز بە خۆیدا بکات ئاوا هێزی جەستەی دەڕژایە خوارەوە بۆ ناو ئەژنۆکانی و ون دەبوو. هیچ هێزێک لە لەشیدا نەبوو تا بتووانێت زمانی بگەڕێنێت.

شێرە بە ئەزموون بوو، تێگەیشت. کابرای دووکانداری دانیشاند و یەکێک لە ئەو ئاوانەی بۆ هەڵپچڕی کە لە تێگرێکی پلاستیکدان و هەر هێندەی پەرداخێک ئاویان تێدایە. لە سەری نووسرابوو: ئاوی عەرشی پەروەردگار.

کابرا ئاوەکەی بە سەریەوە نا و شێرە تێگرەپلاستیکیەکەی لێوەرگرت و فڕێ دا و هات بەرامبەر بە کابرا دانیشت. کابرای دووکاندار دەیزانی شێرە بۆ کاری خراپ نەهاتووە، بەڵام هەر دەترسا.

شێرە بە نەرمیی چاوی لە چاوی کابرا بڕی و پێگوت دەزانم و پێویست ناکات نکۆڵی لێ بکەیت کە تۆ یەکێک بوویت لە ئەو کەسانەی

مایکرۆچیپێکی ئاوات لە فلّان ئۆتۆمبیل لە سەر شەقامی نورنورێن لە نزیک مزگەوتی "ئەڵڵاهن مێسجیدە/ مزگەوتی ئەڵڵا" داوە. تەنانەت ئەوەیشی پێگوت کە ئەوە نۆیەم مزگەوتە ئەبابەیلە دروستی کردبێت.

- دەشزانم چۆن ئەو کارەت پێ کراوە.

کابرای دووکاندار سوور و ڕەش هەڵدەگەڕا و ڕەنگی دەگۆڕا و لەشی مزراخ ئاسایی لە سەر کورسیەکە خولی دەخوارد. زانیاریەکانی شێرە ورد بوون.

کابرا دەستەکانی بۆ ڕانەدەوەستێنران و لە سەر ڕانی و ئەژنۆی دای دەنان و پاشان دەیگواستنەوە بۆ سەرسینگی و ئینجا دەیخستنە ژێر قنی.

- زانیارییم لە سەر ئەو کەسە دەوێت مایکرۆچیپەکەی پێداویت. مەترسە، هیچت لێ ناکەم.

کابرای دووکاندار شێرەی خۆش دەویست.

یەکێک بوو لە ئەوانەی لە سەرەتای ڕووداوەکاندا لە سەر مەترسیی بێشەرەفبوونی عەرشی پەروەردگار سەدان جوێنی بە شێرە دابوو.

شێرەی دایک و خوشکحیز کردبوو و ئیمزای کۆکردبووە بۆ ئەوەی لێی خۆش نەبن و لە سێدارەی بدەن، چونکە ئەمیش وەک هەموو ئەوەکانی تر دەیزانی شەرەف بۆ خەڵکی عەرشی پەروەردگار لە هەموو شتێک خۆشەویستترە. بەڵام پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە شێرە بکوژی باوکی نییە و دۆستە کوڕی ژنەکەی باوکی، کوڕەی ماتۆڕ و ژنەکەی باوکی، بکوژی ڕاستەقینەن، پەشیمان بووەوە و دوو مەڕی

کرد بە خێر، یەکێکیان بۆ شێرە و ئەوی تریان بۆ خۆی، تا خودا لە ئەو گوناهانەی خۆش بێت کە بەرامبەر بە شێرە کردبوونی.

ئێستا بەرامبەر ئەو شێرەیە دانیشتبوو کە هەم قەرزاری بوو و هەم دەسەڵاتدار بوو. لەبەرئەوە سێودووی لێ نەکرد و هەمووی بۆ هەڵڕشت.

شێرە بە ئەو زانیاریانە داچڵەکی، چونکە تا ئەو کاتە تەنها ناوی پیاوانی بیستبوو کە خەریکی ئەو کارە بوون. ئێستا ژنێکیش لە ئارادا بوو. بە ئەو واتایە دەهات کە زیاتر لە یەک ژنی سیخوڕ هەیە.

پاش چەند ڕۆژێک کارکردن بۆی دەرکەوت کە ئەو تیمە سێکەسیەی بۆ تەقاندنەوەی ئەو پیکئاپەی دوو هەفتەیەک لە ئەوەبەر لە نێوان شاری شەرەفئاوا و بەخشندەئاوادا لێی درا، هەر سێکیان ژن بوون.

ئەو سێ ژنەی بیر کەوتەوە. هەر سێکیان لە دژایەتیکردنی پرشنگدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. لە ئەو ژنانە بوون کە بە عەبا و باڵاپۆشی تۆخ لە سەر تۆیوە، بە سەربۆش و لەچکی توند بەستراوەوە کە هەر چاوەکانیان دیاربوون، هاواریان دەکرد "شەرەف ژیانە، با پرشنگ بمرێت". لە چاوپێکەوتنەکاندا دەیانگوت "ژیان لە بەردەبازێک بۆ قیامەت هیچی تر نییە". هاواریان دەکرد: "هەموو ئەم خاکە بە داروودەوەن و شاخ و داخ و دۆڵ و دەشتیەوە، یەک گەردی بەهەشت ناهێنێت، خاکمان ناوێت، شەرەفمان دەوێت. پرشنگ بێ شەرەفی کردووین".

شێرە ئەو فیلمانەی بینی کە لای کابرا بوون. فیلمی ئەو ژنانە لە هی پیاوەکان خراپتر بوون. ئەوەندە خەڵک تێوەگلابوون کە شێرە هەموو

عەرشی پەروەردگاری بە ناوگەڵ و گەڵوقنی ڕووتی ژنان و پیاوان دەهاتە بەر چاو.

بەڵام چۆن ئەوە باس بکات و بۆ کێی بەیان بکات؟ لە کوێوە دەست پێ بکات؟

ئەو دەوڵەتەی ئەو کارەی دەکرد دەمێک بوو چنگی خۆیی لە گەرووی خەڵکەکە گیر کردبوو. تەواوی عەرشی پەروەردگار لە ناو مەنگەنەی کەڵبەکانیدا بوو.

شێرە خۆی بوونێکی نەفرەتلێکراو بوو. بکوژی دایک و بکوژی باوکی و سەرچاوەی جوێندانی سووک بە خوشکەکانی بوو. هۆکاری ئازاردانی ڕۆحی بێگوناهی پرشنگ بوو کە ئەم لە ئەو پەڕی شارەوە تیرێکی ژەهراوی تێگرت و فڕێ دایە بەر دەمی حەشاماتی بێسەروبنی عەرشی پەروەردگار، کە ڕەوە چەقەڵی سۆشیالمیدیای لێ هان دا. خۆی سەرچاوەی بەجۆشکردنی فیتنەی ناو خەڵک بوو. بە خۆیی دەگوت "خۆم لە هەرە حیزی عەرشی پەروەردگار حیزترم".

لە دیدگای خۆیەوە، بە پێی ئەو ئەزموونەی هەیبوو، هەر یەک دانە چارەسەر هەبوو. بڕیاری دا هەر سێ ژنەکە بکوژێت.

کوشتنی ئەو سێ ژنە پارەیەکی یەکجار کەمی تێچوو. پارەی شیرین کەمیش بێت هەر کاری خۆی دەکات.

شێرە ئەو ئەرکەی بە کەس نەسپارد. ڕووخساری خۆیی کەمێک گۆڕی و خۆڕاکێکی جوانی کڕی و بە ئارەزووی خۆی ژەهراوی کرد. ئینجا بە جلکوبەرگی دیلیفەری و بە باقەیەک گوڵی گەورەوە لە دەرگای ئەو ماڵەی دا کە هەر سێ ژنەکە تیایدا کۆبووبوونەوە.

پەنجەی لە سەر دوگمەی جەڕەسەکە بوو. بەرەو نائومێد بوون دەچوو و بیری دەکردەوە کە ئایا بۆ جاری سێیەمیش لێی بدا یان بڕووات باشترە. دوودڵ بوو، نەیدەزانی لێدانی دوو جەڕەس بەسە، یان پێویستە بیکات بە سێ جەڕەس.

دیاربوو لە ئەو دیوەوە کەسێک لێی دەڕووانێت.

ئا لە ئەوێدا بوو دەرگاکە کرایەوە.

ژنێکی بێ لەچک بە قژی پەخش و پەرێشانەوە کە بێگومان شێرە دەیناسیەوە و دەیزانی یەکێک لە سێ ژنەکەیە، بە دەنگێکی لە خۆڕازێی و توند و ڕەقەوە بە شێرەی گوت:

- ئێمە هیچمان داوا نەکردووە.

شێرە کە ڕووخساری خۆی گۆڕیبوو، بە دەنگێکی منداڵانەوە گوتی:

- نازانم خانمەکەم، من هەر هێناومە.

ژنەکە دێڕێکی تورکی بینی لە سەر پۆستکاردێکی بچووکی جوان کە بە باقە گوڵەکەوە نووسێنرابوو، نووسرابوو "دەست خۆش بۆ کارە گەورەکەتان"، بەڵام وا خێرا ڕووەو ژوورەوە وەرچەرخا و هاوکات دەرگاکەی پێوەدا کە هیچ کاردانەوەیەکی بۆ کارتەکە نەنوواند.

شێرە بە نائومێدیی و بە هەنگاوی خێرا ڕووەو ئاسانسوارەکە ڕۆیشت و بە دڵی پڕ لێدانی تووڕەییەوە چاوەڕوانی گەیشتنی ئاسانسوارەکە بوو. ژمارەی نهۆمەکان لە سەرەوەی دەرگای ئاسانسوارەکە بە ڕەنگێکی سەوز لە سەر شاشەیەک دەنووسرا. ئاسانسوارەکە لە خوارەوە دەگەڕایەوە بۆ سەرەوە. سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت،

هەشت، نۆ، دە و یانزدە. دەرگاکە کرایەوە و شێرە بەرەو ناو ئاسانسوارەکە هەنگاوی نا.

ئەو کاتە دەرگای یەکێک لە شوقەکان کرایەوە و ژنێک بانگی کرد:

- وەرە، وەرە، بگەڕێوە.

شێرە هەر لە ناو ئاسانسوارەکەدا گیرمابوو. خەریک بوو دووبارە دەرگاکە پێوەبدرێتەوە کە بە پەلە پێی فرێ دایە بەردەمی دەرگاکە و هاتە دەرەوە و بەرەو لای دەنگەکە و ژنەکە کەوتەوە ڕێ.

ژنەکە سەد دۆلاریەکی لە نێوان دوو پەنجەیدا گرتبوو:

- خواردنەکە چییە؟
- نازانم، بۆنی گۆشت و کەبا ...

ژنەکە قسەکەی پێ بڕی. هەر دوو دەستی بۆ خواردنەکە و باقەگوڵەکە گرتەوە و سەد دۆلارەکەی لە بەینی دوو پەنجەیدا بە ئاراستەی سینگی شێرە ڕاگرتبوو.

- پارەکەی دراوە.
- بۆ خۆت.

ژنەکە زەرفی خواردنەکە و باقە گەورە گوڵەکەی خستە ناو باوەشیەوە و دەرگاکەی بە سینگی پێی داخستەوە.
ئەو ژنە نەیدەزانی، بەڵام بە هەمان شێوە دەرگاکەی داخست کە سااڵنێک لە ئەوەبەر لە عەرشی پەروەردگاردا دەرگایان لە سەر فەقێیەک پێوە دەدا و کۆم دەکرد کاتێک کە خواردنیان بۆ ڕۆدەکردنە

سەر سینیەکی گەورە و لەگەڵ خۆراکی دەروەدراوسێکاندا تێکەڵ دەبوو و پێیان دەگوت چێشتی مجێوەر.
شێرە پارەکەی خستە گیرفانی.

بێ ئەوەی هیچ بڵێت و هیچی تر بکات، بە هێمنیی بەرەو ئاسانسوارەکە و ڕووەو کارەکەی خۆی سەری هەڵگرت.

بۆ سبەینێکەی سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە دەنگوباسەکە لە ڕاگەیاندنەکانی شاردا بڵاو بووەوە و هەر کەسە و هەر لایەنە و شتێکی دەگوت:

"سێ خانمی شەرەفمەند لە شوقەیەکدا مردبوون و کەس نازانێت چۆن و بۆچی".

"دەگوترێت دەستی پیس لە پشتیەوەیەتی، چونکە ئیماندارن".

"لە ڕێگای زیکروفیکرەوە بە ئەو باوەڕە گەیشتوون کە قیامەت لە جیهان گرینگترە".

لە تەلەڤیزیۆن و هەموو سۆشیالمیدیای ڕێکخراودا دەیاننووسی کە "ژنەکان لە تەقوا و زیکر و فیکری خودادا بە لوتکە گەیشتبوون".

هەندێک پێیان وابوو ئەو ژنانە لە خەمی بەرەو بێشەرەفچوونی عەرشی پەروەردگار بە کۆمەڵ خۆکوژییان کردووە. وڵاتێکیان بۆ چییە شەرەف و کەرامەت و ناموسی تیادا نەمابێت.

ئەو ژنانە لە ئەوەبەر لە دژی بێشەرەفیی پرشنگ ئەو قسانەیان کردبوو.

ڕاستیەکەی ئەوە بوو تورکەکان پێشتر گەیشتبوونە سەریان و ئەو ناوەیان بە پێی پێویست خاوێن کردبووە و جلکوبەرگی باڵاپۆشیان لە بەرکردبوون و عەبا و بەرماڵ و تەسبیحی خەتم و شتی پێویستیان لە لایان دانابوو.

کەس نەیدەزانی چ بووە و چی ڕووی داوە، بەڵام تورکەکان دەیانزانی. تورکەکان دەیانزانی و زۆر زۆر لە کەموکورتیی خۆیان و لە ئەو سێ ژنە بێئەقڵە عەرشیە بێ ئەقلە سەریان سوڕمابوو کە بووبوون بە قولاپی پارووی کی ئاسانەوە.

عەرشی پەروەردگار عەرشی هەمووان بوو

تورکەکان باش لە ڕووداوەکان ئاگادار بوون.

شێرە سەرجی نەدابوو کە لە بەشی سەرەوەی نەخشی سەر دەرگای شوقەکەی ژنەکاندا چاوێکی بچووکی کامێرا دانرابوو کە هەموو هاتن و چوونێکی بەر دەرگای بە "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" دەگەیاند.
تورکەکان بە ئەو نووسینە کورتەی سەر کارتەکە "دەست خۆش بۆ کارە گەورەکەتان (هەریکە بیر ئیش چیکاردنیز ئیچن تەشەکیورلەر) کە بە تورکیی نووسرابوو (Harika bir iş çıkardığınız için teşekkürler) زۆر تووڕە بوون.

هەر زۆر تووڕە نەبوون، زۆریش دەترسان.

هەتا ئێستا وەک مەیدانێکی فوتبۆڵ، وەک بارێک و وەک کۆیلەگا و مەیدانی مەڕومالات و وەک خەڵکێکی سەرنەوی سەیری خەڵکی عەرشی پەروەردگاریان دەکرد، بەڵام ئەو کوشتنە و ئەو نووسینە تورکەکانی داچڵەکاند، واق ورماندن و تووڕەی کردن و هەروەها ترساندنی.

ئەم کارتە بە ئەو مانایە دەهات کە کەسێک لە ناو عەرشی پەروەردگاردا دەزانێت تورکەکان خەریکی چین. ڕەنگە لە یەک کەس زیاتر بن. یان هەر زۆر زیاتر بن.

تورکەکان خۆیان بە خودای عەرشی پەروەرگار دەزانی. دینی عەرشی پەروەردگاریان گۆڕیبوو. دینێکی تایبەت بە خۆیان دروست کردبوو و

وردەوردە بە دەم چەورکردن و بە پارەپێدان بە سەریاندا ساخیان کردبووەوە، نەریت و خوو و حەزی خۆراک و خواردنەوەیانیان گۆڕی بوون.

فڕێیان دابوون بۆ ناو عاشقبوون بە هەرچی پاشماوە و خۆڵ و خاشاک و گەنوگووی بەرهەمی خۆراکیی تورکیە. بازاڕیان پڕ کردبوون لە خەڕەشکاوی میکانیکی و تەکنیکی کە خۆیان کۆپیان دەکرد و بە سەر ئەماندا ساخیان دەکردنەوە و بە ئەو شێوەیە خۆیان فێری پیشەسازیی و تەکنیککاریی دەکرد. لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە کە بۆیان فەراهەم کردبوون گوێیان لە هەموو ئەهلی عەرشی پەروەردگار بوو چیان دەگوت و دەیانبینین. تاک بە تاکی عەرشی پەروەردگاریان دنە دەدا و دڕ بە یەک هاندەدا. خەڵکی حەرشی پەروەردگار وەک ڕۆبۆتێکی پرۆگرامکراو بە قسەیان دەکردن و شەڕەکەیان بۆ بەئەنجام دەگەیاندن.

ریکلامچیەکانی عەرشی پەروەردگار سەر و قنی خۆیان بۆ برنج و ڕۆن و شەکر و چا و قۆری و کتلی و مەنجەڵی تورکیی با دەدا و گۆرانیان بە سەردا هەڵ دەدان.

تورکەکان زڕکۆپییەکی زۆر خراپی خۆیان لە عەرشی پەروەردگار دروست کردبوو.

نەیاندەویست و بێزیان نەدەهات وەک خۆیانیان لێ بکەن و لێ بێت، چونکە خۆیان زۆر زۆر بە گرینگ دەزانی.

لەبەرئەوە لە ئەوەدا سەرکەوتوو بوون کە خەڵکی عەرشی پەروەردگار بکەن بە زڕەتورکێک و ئینجا ئەوەندەی تریش گاڵتەیان بە بێ هونەریی و بچووکییەکەیان دەهات. دڵیان خۆش بوو، مێشکیان ئاسوودە بوو

کە ئاخریەکەی پاش سەد ساڵ "چەند کامەرانە ئەو کەسەی دەڵێت من تورکم" بەرهەمێکی هەبوو، بەڵام ئەو کارتە بچووکە و ئەو چەند دێڕەی سەری پشتی شکاندن.

پشتی شکاندبوون چونکە ڕیسی لێ کردبوونەوە بە خووری.

بەرپرسانی "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" نەیاندەوێرا بە سەرۆککۆمارەکەیان بڵێن و نەشیاندەوێرا لێی بشارنەوە، چونکە ئەو هەموو هەنگاوێکی بە ئەو پەڕی وردەکارییەوە لێ داوا دەکردن. چەندین کەسی لە بەر چاویاندا کوشتبوو، یان بە کوشت دابوو، یان فڕێدرابوون بۆ ناو زیندان یان بە بەرچاوی هەمووانەوە گوێ بڕیبوون و لە سەر کارەکەیان هەر یەکسەر دوورخرابوونەوە.

ئەم بەڵایە چی بوو بە سەریاندا هاتبوو.

ئاخریەکەی هەر ناچار بوون بە سەرۆککۆمارەکەیان بڵێن.

ئەویش پاش ئەوەی گەڕوکفی دامرکایەوە ڕاستەوخۆ تەلەفۆنی بۆ سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگار کرد کە بە بەرێز سەرۆکعەشیرەت ناوی دەبرد، و بە هەڕەشەوە داوای لێ کرد ئەو کەسە بگرێت و بە دەستی خۆی بیانداتێ.

سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگار لە ئەو هەڕەشەیە نەدەترسا. ڕاستە دەیان فیلمیان لەسەر خۆی و ژنەکەی بۆ ناردبوو، هەروەها سەدان فیلم لە گەڵوقنی خۆی و لەگەڵ چەندین ژنانی تردا کاتێک کە لە سەفەردا لە تورکیا بوو یان ئەو فیلمانەی کە لە سەرمەستیی و هۆشونکردنی تەواودا سێ چوار پیاو بە ڕووتیی لە سەر هەموو قولانجێکی لەشی دەهاتن و دەچوون، و هەر چەند چرکەیەک لە بینینیان بەس بوو بۆ ئەوەی خەڵکی عەرشی پەروەردگار پێی

ببوورێنەوە و لە هۆش خۆیان بچن و هەتاهەتایە لە گەورەیی دۆزەخی بێشەرەفیی سەرۆککۆمارەکەیاندا کە ئاوا زەفەری پێ بردرابوو هەتاهەتایە بسووتێن و پێست و گۆشتیان بە دەم بڵێسەی ئاگرەوە لە ئێسکیان بەر بێتەوە. بەڵام ئەو فیلمانە هەر ئەوەندە سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگاریان دەترساند کە دژ بە نفوز و بە سوپای تورک لە ناو عەرشی پەروەردگاردا نەوەستێت و نەهێڵێت خەڵک لێیان ڕابپەڕێت، زیاتر نا.

سڕی دیکەی لە لای ئەمەریکایی و ڕووس و ئەڵمانیی و سویدیی و ئەوانی تر زۆر کەڵەکە بووبوو. ئەوان دەیانپاراست. بە ئاشکرا پێیان دەگوت تا بە گوێی ئەمان بکات ئەوا سەرۆککۆماری تورکیا دراوێکی قەڵبە.

لەبەرئەوە هەر بەڕێزی دیپلۆماسیانەوە وەڵامی سەرۆککۆماری تورکیای دایەوە، چونکە دەیزانی بەرپرسی هەموو بازرگانییە لەشفرۆشیەکانی ناو تورکیا و بەڵکان و ئەوروپای خۆرهەڵات و ئۆکرانیایە. بە وردیی ئاگاداریی هاتنی بە سەدان هەزار کەس لە وڵاتانی عەرەبیی بوو بۆ ناو تورکیا بە تایبەتیی بۆ ئەستەنبوڵ. بازرگانییەکە لە وردەکارییەکانییدا هەتا وەزیرەکانی ئەو دەوڵەتانە دەگەیشت و باسەکە زۆر لە ئەوە ئاڵۆزتر بوو ئەو لە خۆی بئاڵۆزکێنێت.

- دڵنیات دەکەمەوە کە ئەمە لە دەرەوەی بازنەی ئێمەدا ڕووی داوە، بەڵام بەڵێن دەدەین کە چاوی لێ غافڵ ناکەین.

قسەکردنەکەیان هەر بە گرژی کۆتایی پێ هات، بەڵام نەشبوو بە کێشەیەک.

سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگار دەیزانی چۆن کارەکانی بە ڕێ دەکات. هەمیشە بە ژنەکەیی دەگوت "من چ کارەم، ئاشم بە دەست ئەڵایە".

ساڵانێک پێش ئێستا ئەم هێشتا مندال بوو باوکی کەوتبووە تەنگەژەیەکی گەورەوە، لەبەرئەوەی دەوڵەتانی دەراوسێ و هەموو دەوڵەتانی زلهێز هەر یەکەی بە شێوەیەک داوای سیاسیی و ئابووریان لێ هەبوو. بە پێی ئەو دۆخە و ئەو کاریگەرییەی ئەوان لە ناو عەرشی پەروەردگاردا هەیانبوو تا ئەو پەڕی هەوڵیان دەدا داواکارییەکانیان بسەپێنن. کار بە ئەو ئاستە گەیشتبوو کە بووڕابووەوە و تا هەفتەیەک بەهۆش خۆی نەهاتبووەوە. ئەو دەوڵەتانە هەموو لە تێکچوونی بەرژەوەندیی خۆیان چاک ترسابوون. سەرۆککۆمار بمردایە کەسیان نەبوو لە شوێنی ئەو دایانبنایە کە ئاوا دڵسۆزیان بێت.

پاش ئەوەی تەندروستیی بۆ گەڕابووەوە، نوێنەری هەموو دەوڵەتەکانی کۆکردبووەوە و پێی گوتبوون کە پێیان خۆش بێت یان نا، سەری لە ئەم هەموو سیاسەت و پرسیار و داواکارییانە دەرناچێت و ئەوان دەبێت خۆیان لە ناو خۆیاندا ڕێک بکەون. پێیگوتن هەموتانم خۆش دەوێت و حەز ناکەم لەگەڵ هیچ لایەنێکدا لە کێشەدا بم.

قسەکانی ماقوڵ بوو.

لە ئەوکاتەوە هەر لایەنێک و بە پێی ئارەزوو و تووانا و تاقەت و وزەی خۆی لە ناو عەرشی پەروەردگاردا بە کار بوو. هیچ بەربەستێکی تایبەتیی نەبوو، مەگەر خۆیان دژ بە یەکتری بەربەستیان دروست بکردایە و ئەوەیش هیچ پێوەندییەکی بە سەرۆککۆمار و خەڵکی عەرشی پەروەردگارەوە نەبوو.

عەرشی پەروەردگار عەرشی هەمووان بوو.

ئێستا ئەم، ئەو مەنتیق و زانست و بەهرەداریەی لە سیاسەت و دیپلۆماسییدا لە باوکی بەڕێزیەوە بۆ مابووەوە و تا دەهات تیایدا زیرەکتر و زیرەکتر دەبوو.

لە ناخی خۆیدا دەیزانی هیچ کەسێک ئەو کارەی نەکردووە شێرە نەبێت. بەڵام بووبوو بە مەراقی کە ئایا شێرە چۆن ئەو کارەی کردووە.

شێرە خۆی فێری خوێندنەوە کردبوو و دەیزانی خوێندن دەردی دەرمانانە. ڕۆژێکیان بیرەوەریەکانی چەرچڵی دەخوێندەوە، یەک ڕستەی خوێندەوە کە چەرچل دەڵێت "نهێنی تەنها تا ئەو کاتە نهێنیە کە لە سەری یەک دانە کەسدا بێت و کاتێک کە چووە ناو دوو سەرەوە ئیدی بە نهێنیی نامێنێتەوە".

لەبەرئەوە شێرە هەر خۆی ئەو کارانەی دەکرد و بە دەستەکانی خۆی دەیکردن و تەنانەت سوار ئۆتۆمبیلیش نەدەبوو. بە سوار لاق و پێی خۆیەوە دەهات و دەچوو، ڕووخساری خۆی دەگۆڕی و هەر جارەی جلکوبەرگێکی لە بەر دەکرد کە لە کەسێکی ئاسایی گوێپێنەدراو و نەبینراوی عەرشی پەروەردگار دەچوو. خەڵکی عەرش هەر لە شێوەی سێبەردا یەکتریان دەبینی.

سەرۆککۆمار ڕۆژێک شێرەی بۆ لای خۆی بانگ کرد و لەگەڵیدا کەوتە گفتوگۆ و لە شێرەی پرسی چۆن لە سەر ئەم مەسەلە و ئەو مەسەلەیە بیر دەکاتەوە.

شێرە ماوەیەک بە بێدەنگیی بەرامبەر بە سەرۆککۆمارەکەی خۆی مایەوە و هەر لە یەکتریان دەڕوانی و پاشان بە دەم هەڵسووراندنی قەڵەمەکەیەوە لە نێوان پەنجەکانی دەستییدا گوتی:

- گەورەم، دایکم کە نیسکی دەبژارد هەمیشە سەرنجم دەدا. جیاکردنەوەی هەندێک وردە زیخ ئاسان بوو. هەر ئاوا بە سینگی پەنجەیەکی و بە نیگای چاوی بۆ ناو نیسکەکە وردە زیخەکانی دەبینی. جارێکیان هەر بۆ سوعبەت یەک دوو مست وردەبەردی بچکۆلە و زیخم تێکەڵ بە نیسکەکە کرد و بینیم دایکم بە سەر ڕاوەشاندنێکەوە لەگەڵ خۆیدا کە لێی تێ نەدەگەیشت، هەر هەمووی فڕێدا. نیسکەکە بە کەڵکی بژار نەدەهات.

سەرۆککۆمار لە مەبەستی شێرە تێگەیشت. شێرە بە دووای ڕەگی ئەو بنکەیەدا دەگەڕا کە سەرچاوەی پیسکردنی عەرشی پەروەردگار بوو. بەڵێ، بنکەیەک لە شاری فەیزوواڵا بوو. دەیزانی دەبێت بنکەی تر لە نورائاوا و بەخشندەئاوا و شەرەفئاوا و شوێنی دیکەش هەبن، یەکێکیان دەبێت سەرەکیی بێت. ئەمە سەرچاوەکەی نەبوو، ناوەندی ئەو کارانە شوێنێکی تر بوو.

سەرۆککۆمار ترسی لێنیشت. بۆ یەکەم جار بوو هەم لە بڕیارەکەی خۆی سەبارەت بە کردنی شێرە بە بەرپرسی هەرە باڵا، نادڵنیا بێت، و هەم شێرەی وەک مەترسییەک، مەترسیەکی گەورە ببینێت.

لەبەرئەوە هەر پاش ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ شێرەدا پیاوەکانی خۆی تێگەیاند کە ئیتر بە پێی پێویست هاوکاریی شێرە نەکەن. بەڵام شێرە هاوکاریی کەسی پێویست نەبوو.

"ئەمە مووچەکەتە بە خەڵاتەوە"

سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگار بە پیاوەکانی خۆی ڕاگەیاند کە ئیتر زانیاریی تایبەتیی بە شێرە نەدەن و هاوکاریی نەکەن، ئەوانیش تێگەیشتن کە ئیتر شێرە ڕەسیدێکی لای سەرۆککۆمارەکەیان نەماوە جا با هەر هەمان پلەوپایەشی مابێت.

هەر یەکسەر لە لای چەند کەسێکیانەوە ئەو زانیارییەیان بە بەرپرسی یەکەمی بنکە گەیاند و ئەویش تێگەیشت کە ئەوە زانیاریەکی کلیلیە. سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگار ئیتر شێرەی بە بار دادەنا نەک بە بارهەڵگر.

لەبەرئەوە بەرپرسی دووەم کە ڕاستەوخۆ بەرپرسی یەکەمی ئەبابەیلە بوو، سیخوڕی خستە دووای سێبەری شێرەوە.

بەرپرسی یەکەم و بەرپرسی دووەمی ئەبابەیلە لەگەڵ ئەبابەیلەدا دانیشتن و کەمێک باسی دونیای فانیی و قیامەت و مرۆڤی باش و خراپ و خۆشیی و ناخۆشیی و چی و چیان کرد. بە پێچەوانەی هەموو جارەکانی پێشووەوە بەرپرسی یەکەم لەگەڵ ئەبابەیلە دەدوا و بەرپرسی دووەم هیچی نەدەگوت و هەر گوێی گرتبوو.

بەرپرسی یەکەم جانتایەکی نزیکەی کراوەی خستە بەردەم ئەبابەیلە کە پڕ بوو لە سەد دۆلاریی پەستراوە. بە مەزەندەی ئەقڵی ئەبابەیلە دەیان هەزار دۆلار زیاتر دەبوو.

- فەرموو، ئەمە مووچەکەتە بە خەڵاتەوە.

ئەبابەیلە سوپاسی کرد و پێی وابوو هەر زۆر زۆرە، بەڵام مووچەی خۆی بوو. ئاسایی بوو قبوڵی بکات.

پاشان جانتایەکی تری خستە بەردەستی کە نزیکەی دۆلاری لەسەر دەڕژا و پێی گوت:

- ئێمە بڕیارمان داوە لە مانگێکدا زەمینە بۆ کۆچکردنی چەندین هەزار گەنجێک خۆش بکەین، زۆر زیاتر لە جاران. تۆ خۆت گەنجیت، خەڵکی ئێرەیت. دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین. ئێمە سنووورمان کردووەتەوە و فەرموو، ئەوەش پارە.

ئەم وڵاتە بۆ ئەو گەنجە بەدبەختانە زیندانێکە. تۆ خۆت کارێکی باشت هەیە. با ئەوانیش بچن بۆ دەرەوەی وڵات. لە عەرشی پەروەردگاردا دامەزراندن نییە، کار نییە، ئەو لاوانە نەک ناتووانن هاوسەرگیریی بکەن، تەنانەت ناتووانن خۆیان بەخێو بکەن. دەبێت زیاتر کارئاسانیان بۆ بکرێت ئێرە بەجێبهێڵن.

هێشتا نیگای چاوەکانی ئەبابەیلە هەر لە سەر جانتا کراوەکە بوو کە بەرپرسی یەکەم کۆمەڵێک وێنەی شێرەی خستە سەر مێزەکە و نیشانی ئەبابەیلەی دا و لێی پرسی:

- ئایا ئەمە دەناسیت؟
- بێگومان دەیناسم. هەموو عەرشی پەروەردگار دەیناسێت.
- دەبێت بە زووترین کات بیکوژین. تۆ دەبێت بیکوژیت.
- بەڵام گەورەم، ئەم شێرەیە، شێرە دووای سەرۆککۆمار باڵاترین پلەی هەیە. چۆن کاری وا ئەنجام دەدرێت؟

- ئێمە ڕێگات نیشان دەدەین. تۆ پیاوێکی زیرەکیت. یەکێک لە مرۆڤە ژیرەکانی عەرشی پەروەردگاریت. سەدان کەسمان لە بەردەستدایە ئەم کارەی پێ بسپێرین، بەڵام تۆ جیاوازیت. تۆ خێر و شەڕ دەناسیت. ئێمە هەموومان دینێکمان هەیە، ویژدانێکمان هەیە، شەرەف و کەرامەتمان هەیە. بەڵام کەسانێک هەن بەس بۆ ئەوە کراون ژیان لە خەڵک زەحمەت بکەن. فەرموو، بە چاوی خۆت دەبینیت ئێمە پارەی وڵاتەکەمان کە بە ئارەقەی ناوچاوانمان پەیدای دەکەین بۆ گەیاندنی لاوانی ئەم وڵاتە بە ئەوروپا سەرفی دەکەین. ئێمە ئاوا لە خەمتانداین. شێرەش ئاوا لێتان تێک دەدات.

ئەبابەیلە هیچی نەگوت.

زۆر پێخۆش بوو شێرە بکوژێت.

پێی وابوو شێرە هەر لە خۆڕا بارانی ئیمتیازی بە سەردا بارێنراو بوو. ئیمتیازێکی زۆر بەئەژمار بە شێرە درابوو کە شایستەیان نەبوو.

ئەم، کۆڵانەوکۆڵان لە چەق گەرمای هاویندا، زانیاری لە سەر خەڵک کۆ دەکردەوە، خەڵکی هان دەدا نوێژەکانیان بکەن و لێیان تووڕە دەبوو کە دەنا ژنەکانیان پێیان حەڵاڵ نییە و وەک ئەوە وایە زینا بکەن، بە چاوسوورکردنەوە و دەنگی هەڕەشەئامێزەوە لە خەڵکی دەپرسی بۆ لە مزگەوت ناتانبینم و بۆ ئەمە و ئەوە ناکەن، سڵاوی لە خەڵک دەکرد و بە دەمیانەوە پێ دەکەنی و سوێندی بۆ دەخواردن و تەسبیح و بەرماڵ و شتی تری بە خەڵک دەدا.

ئەم بە تەواویی خۆی ماندوو دەکرد و زەحمەتی دەکێشا، بەڵام شێرە هەر لە خۆڕا کەوتبووە سەر حازریی. سەدان و هەزاران کچ و ژنی عەرشی پەروەردگار بە قوربانی دەبوون و ئەو هەموو ڕێزەی لە بەر دەنرا، بەڵام ئەم، تا ئەم چرکەیەش، یەک دانە ژن پێی ڕازی نەبوو و کەس نەیدەبینی و کەس ئاوەڕی لێ نەدەدایەوە.

ئەم ڕقی لە شێرە و لە ژنانی عەرشی پەروەردگار بوو.

سەنگی ئەو لاپتۆپەی پێیان دابوو هەستێکی پێ دەدا. هەستی خۆشییەک، هەستی بەهێزبوونی بەرامبەر بە شێرە.

ئەو لاپتۆپە وەک هەموو لاپتۆپەکانی تر فیلمێکی تیادا بوو، فیلمێک کە دەبووایە شێرە بیبینیایە.

ئاسمان زەوی ماچ ناکات

پاسەوانەکان بە شێرەیان ڕاگەیاند کە کەسێک دەیەوێت بە شەخسیی ببینێت و بۆیان باس کرد کە کۆمپیوتەرێکی پێیە نایەوێت لای ئەوان بەجێببهێڵێت و دەڵێت هی شێرەیە. ئەویش بێ ڕاوەستان فەرمانی پێکردن ڕێگای بدەن.

ئەبابەیلە هاتە ژوورەوە و ئاساییانە، بێ ئەوەی ڕێزێکی تایبەت نیشان بدات، سڵاوی لە شێرە کرد و شێرەش فەرمووی لێ کرد دابنیشێت.

ئەبابەیلە وەک جاران نەبوو. ڕاستە، خۆری ڕۆژگەڕێی و ماڵەومانکردن ڕووخساری سووتاندبوو، بەڵام خۆی لە چاکەت و پانتۆڵێکی شیکی گرانبەها هەڵکێشا بوو. کاتژمێرەکەی دەستی لانی کەم دە هەزار دۆلاری پێ دابوو. پێڵاوەکانی گرانبەها بوون و دەبریسکانەوە.

شێرەش بە جلکوبەرگی ئاسایی و پێڵاوی ناوبازاڕەوە کە خەڵکە سەرجادەییەکە لە پێیاندا بوو، بەرامبەر بە ئەبابەیلە دانیشتبوو و لێی دەڕووانی. دەیزانی ئەبابەیلە مرۆڤێکی بێ ڕۆحە. لە چاوەکانی ئەبابەیلەدا جەستەیەکی بۆشی گەنیوی دەبینی کە لە مێژ بوو ڕۆحی بەجێیهێشتبوو.

ئەبابەیلە بێ باک و بێ پەروا و بێ خەم بوو. هەموو ئەوە لە ڕووخساریدا دەبینرا.

ئەبابەیلە، لە پۆزە بێباکەکەی خۆیدا، هەر ئاوا زنجیری جانتای لاپتۆپەکەی ڕووەو کردنەوە ڕاکێشا و لاپتۆپەکەی هێنایە دەرەوە و خستیە بەردەمی شێرە.

شێرە بە پرسیارەوە لە ئەبابەیلەی ڕووانی. ئەبابەیلە هەر ئەوەندەی پێگوت کە شتێکی تایبەت نییە، هەر بیکاتەوە و دایبگیرسێنێت، ئیتر خۆی هەموو شتێک دەبینێت.

شێرە لاپتۆپەکەی دایگیرساند و فیلمەکە دەستی پێ کرد.

ئەوەی شێرە هەرگیز چاوەڕووانی نەدەکرد ئەوەبوو.

فیلمی جوانکیلە بوو، خوشکە هەرە بچووکەکەی. بە ڕووت و قووتیی و بە دەم لیتر لێدانەوە بە نەرمی بە ئەملاولادا دەڕۆیشت و ڕووەو سیسەمێکی گەورەی خەو بۆ لای مێردەکەی بەڕێوەبوو. مێردەکەی لە سەر سیسەمەکە پاڵ کەوتبوو و لە جوانکیلەی دەڕووانی. هەر دووکیان ڕووت و قووت و مەست، کامێراکە لە دەیان لاوە دەیهێنانە پێشەوە و وێنەی دەگرتن کە چۆن سەروگوێلاکی هەردووکیان بەرەو سەر و بەرەو ژێر بە سەر جەستەی یەک و بە ناو یەکدا دەخشان و ڕۆ دەچوون و چۆن پێکەوە ڕایاندەبووارد.

شێرە تووڕە نەبوو، زیاتر بێزی لە کردارەکە دەکردەوە.

بێزی دەهاتەوە چۆن ڕێگایان بە خۆیان داوە وێنەی ژن و مێردێک بگرن.

لە بیری چووبووەوە خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکی لە ئەو جۆرە کردبوو. شتێکی وا کە لەگەڵ ئەمەدا جیاوازیەکی تایبەتیی نەبوو.

دیار بوو فیلمەکەیان کورت کردبووەوە.

شێرە لە ئەو کارانەی دەزانی و دەیبینی چۆن سیکوێنسەکان پێکەوە بەستراون و گرێدراونەتەوە. دەیبینی زاواکەی بە شلەپەتێی سەر سیسەمەکە بە جێدەهێڵێت و ئینجا پیاوێکی تر دێتە ژوورەوە و خۆی

بە سەر جوانکیلەدا دەدات و پاش چاوتروکاندنێک پیاوێکی تر بە ڕووتیی و ئینجا یەکێکی تریش کە بە دەم ڕێگاوە ئاخر پارچەجلەکانی خۆی فڕێ دەدات و سێ قۆڵی لەگەڵ جوانکیلەدا تێکەڵ دەبن.

زووبی کامێراکان بە ئارەزووی خۆیان دەچوونە سەر هەر شوێنێکی لەشیان پێیان خۆش بێت. فیلمەکە بە شێوەیەکی پسپۆڕانە گیرا بوو.

دیار نەبوو جوانکیلە ڕازیبە یان ناڕازیی، ئاگاداری کارەکەیە یان نا، فریودراوە یان بە خواستی خۆی، چونکە مەست بوو. بە بزووادنی نائاسایی پەل و پۆی دەبزووادن و پیاوەکان بە زمانی عەرشی پەروەردگار دەدووان. بە دەم سوعبەتەوە جوێنی ناشیرینیان بە خۆی و بە دایکی و بە خوشکەکانی تری و بە شێرەی برای دەدا.

پێکەوە پێ دەکەنین و جوانکیلەیان بەرز دەکردەوە و دایندەنایەوە و بە ئەو شێوەیەی پێیان خۆش بوو رایاندەخست و هەڵیاندەگێڕایەوە.

فیلمەکە ئاوا کۆتایی پێ هات کە زاواکەی بە دەم ڕۆیشتنی پێچاوپێچی قورسەوە دووبارە بەرەو لای جوانکیلە ڕووادڕووی سیسەمەکە دەهاتەوە و دیار نەبوو بەتایبەتیی ئەو دۆخەی بە لاوە گرینگە یان نا.

شێرە زۆر تووڕە بوو.

هەناسەی سواربووبوو.

سیەکانی لە ناو قەفەسەی سنگیدا پەنەمابوون. هەموو ماسولکەکانی لەشی هاتبوونەوە یەک و دڵی لە هەڵبەزین و دابەزینێکی بێ ئاماندا بوو. ڕووی لە ئەبابەیلە کرد و لێی پرسی "چیت دەوێت؟".

- هیچم ناوێت، سبەی کاتژمێر نۆی شەو وەرە بۆ ئێرە.

کوتەکاخەزێک کە دیاربوو ناونیشانێکی لە سەر بوو خستە بەردەستی شێرە و هەستایە سەرپێ.

شێرە دەیتووانی هەر لە ئەوێدا بە قەپاڵ بیخوات. دەیتووانی بە ئاسانی بیکوژێت و بە پاسەوانەکانی بڵێت هەموو ئەو گوللانەی پێیانە تیایدا خاڵی بکەنەوە. دەیتووانی لە زیندانی بهاوێژێت و هەتاهەتایە چاوی بەر ڕۆشنایی نەکەوێتەوە، بەڵام نەیکرد چونکە کونجکاو بوو، چونکە دەیویست بزانێت ئەم باسە بە کوێ دەگات و چی لە پشتەوەیە و دەیویست بە سەرچاوەکەی بگات.

ئەو ترسەی لە سەرەتادا ئەبابەیلە لە هەیبەتی شێرە هەیبوو ڕەویبووەوە و بە ئاسانیی سەیری شێرەی دەکرد و تووڕەییە دیارەکەی نەیدەترساند.

ئەبابەیلە بە هەنگاوی ئاسایی و ڕوو لە ئاسمان و لووت لە کەشکەڵانی فەلەک ئۆفیسەکەی شێرەی بەجێهێشت و سوار ئۆتۆمبیلە گرانبەهاکەی خۆی بوو و ڕۆیشت.

ئەو شەوە شێرە بە ئازاری بینینی فیلمەکەوە زۆر گریا.

بیری دایکی دەکرد.

دایکی ڕاستی دەکرد کە ئەو کۆمیوتەرە وڵاتەکەی شێواندبوو.

خەڵکەکە نەیاندەزانی بۆ شتی باش بەکاریبهێنن و هەر کاری خراپیان پێ دەکرد. خەڵکی عەرشی پەروەردگار دەچوون بۆ ناو خودی ئەو کۆمیوتەرە و لە ناویدا ون دەبوون. دەچوون بۆ ناو ڕیشەکانیی و دەبوون بە بەشێک لە وایەرە دەزووەلەییەکان. دەچوون لە چاڵاوی ئەو کۆمیوتەرەدا نقوم دەبوون و پاش چەند کاتژمێرێک دەبوون بە

مرۆڤێکی تر کە نەدەناسرانەوە. خۆی یەکێک بوو لە ونبووانی ناو ڕەگە دەزوولەییەکانی ئەو گەردوونە لە تەینەهاتووە.

بینین و بیستنی ئەو گەنجانەی بە خوێنی سەری یەک تینوو بوون. هەموویان ئەهلی ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیا بوون. تەسبیح و مۆبایل بە دەست و مەشغوڵ بە خەیاڵەقووڵەکانی خۆشگوزەرانییەک لە ئەم دونیا و بەهەشتێک لە ئەو دونیا. ئەو گەنجانەی لە یەکتر تووڕە بوون و کەس نەیدەزانی بۆچی وا لە یەک تووڕەن و کەس کەس ناخوێنێتەوە.

یەکێک دەیگوت دوعا لە گەنجانی عەرشەکەیان کراوە، یەکێک دەیگوت تەلیسمە و بە خوداش ناشکێت، یەکێک دەیگوت نە دوعایە و نە تەلیسمە و نە تەڕەماشە، هەر ئەوەیە کە بێ ئیشوکار و بێ خوێندن و بێ پارەن، یەکێک دەیگوت نەخێر کار زۆرە بەڵام ئەمانە خۆیان نایانەوێت کاری پاککردنەوە و خزمەتگوزاریی بکەن و هەموویان لە ئەوپەڕی نەخوێندەواریشدا دەیانەوێت حیسابی دکتۆر و ئەندازیاریان بۆ بکرێت.

لە سەر ئەو جۆرە لێکدانانەوانەش دەبوو بە شەڕیان.

شەڕەکانیان شەڕ نەبوو. بە جارێک سەد گەنج دەکەوتنە ناو یەکتر و دەیان چینگ لە ئێخەکان گیر دەبوون و نووکەشەق و شەق و بۆکس دەهاوێژراون. کەس ناوبژیوانیی نەدەکردن و پۆلیس نەدەکەوتە بەینیان. نەخۆشخانەکان پڕ دەبوو لە کوژڕاو و بریندار و دکتۆرەکان بە نرخی نەخۆشخانەی ئەهلی تیماریان دەکردن، چونکە حکومەت بە قسەی خۆی نەخۆشخانەی بۆ پێویستیی دروست کردبوو، نەک بۆ بریندارانی شەڕەچەقۆ.

هیچ هەستێکی پێکەوەبوون و گرێدراوی کۆمەڵیان نەبوو. هیچ ناسنامەیەکی هاوبەشی پێکەوەبوونیان سەبارەت بە خاک و نیشیمان و کەلتور و نەریت و بەهای کۆمەڵگایی و کۆمەڵایەتیی نەبوو. هیچ خۆشیی و شادییەکی هاوبەش کۆی نەدەکردنەوە و هیچ ڕووداوێک، تەنانەت ئەو وشکەسالّانەش کە ئیتر وردەوردە هەڕەشەی نەمانی لێ دەکردن، یەکدەنگیی و یەکهەڵوێستیەکی لێ هەڵنەدەخراندن. هیچ زمانێکی هاوبەشیان بۆ دەربڕینی ئێش و ئازار و ناڕەحەتیی نەبوو.

هەر حەشاماتێک بوون لە ئەو دەشتە.

ئایێندەش شتێک نەبوو ببێت بە خاڵی هاوبەشیان، چونکە پێیان وابوو ئایێندەی هەر تاکێکیان لە دەست ئەڵلاگیاندایە و هەموو ئەو شتانەی ڕووەدەن چارەنووس و قەزاوقەدەر و مۆری بەختە، هەر پێش ئەوەی لە دایکیان بن، دیاری کراون.

سەرئەنجامی ململانێ و ناکۆکیەکان بە ئاستێک گەیشتبوون ئەگەر خێزانێک کچێکی تازەپێگەیشتوویان نەبووایە کە لە سوڵحی عەشایەریدا بیبەخشن، ئەوا دەبووایە چەندین هەزار دۆلار و ئۆتۆمبیل و تراکتۆر و مانگا و کەر و ماکەر و بەرد و داریان هەبووایە تا پارەی خوێنێکیان پێ بدرایە و هێشتاش پێیان نەدەدرا. بەڵام کچێکی تازە پێگەیشتوو، بە تایبەتیی ئەگەر جوان بووایە لە ئەو بازاڕی ناکۆکییەدا بە ئاسانیی ساخ دەکرایەوە و دەبوو بە ئاوێک و بە سەر ئاگرێکدا دەکرا.

وەڵامی "بەڵێ"ی یەک کچ، کە لە ڕاستییدا بە شەق پێیان دەچرپاند، ئاگرێکی گەورەی خامۆش دەکرد.

هەموو کچێک گوێی لە پیاوەکان دەبوو کە پاش ئاشتبوونەوە و یەکتر ماچ کردن، بە یەکتریان دەگوت: "کورە وەڵا برا سەد شکور کە ژنان ئەهلی دۆزەخن. ئێوە خۆتان بینیتان هەتا ئەو "بەڵێ" یەی لە دەم هاتە دەرەوە هەموومانی سەد جار کوشت".

- کورە، حەوتبرا، ژنان حەزرەتی سولەیمانیان خستووەتە گریان، ئێمە لە چاو حەزرەتی سولەیماندا چین؟ ئەوە ئێستا پێی وایە غەدریشمان لێ کردووە.

ئەم جۆرە باس و بەسەرهاتانە بۆ هەمووان ڕوون بوون و لە کەس شاراوە نەبوون.

یەکێک لە بەرنامە سەرکەوتووە دڵگیرە پێزانراوە تەلەڤیزیۆنیەکانی عەرشی پەروەردگار ئەو بەرنامەیە بوو کە کچەمایکریفۆن بە دەستێک سەردانی پیاوێکی چوار ژنە دەکات و لەگەڵ پیاوەکە و ژنی یەکەم یان چوارەمیدا دەدوێت. پیاوەکە دەڵێت خودایار بێت و ئیشەڵا بە نسیبی کردبم دانەیەکی تر دەهێنم، ڕەنگە عەرەبێک بهێنم، چونکە خوێنشیرین و گوێرایەڵن. ژنەش، بە دەم چەمۆڵە و خۆبادانەوە، ڕوو لە مێردەکەی وەڵام دەداتەوە: "پیرۆزی بێت، ماشەڵای لێ بێت، ژن هەر لە خۆی جوانە. جا قەیچیەکا با عەرەب بێت، وەڵا من تورکیشم خۆش دەوێت".

عەرشی پەروەردگار عەرشی ژنان بوو.

ژن بەژن دەدرا، کچێکی جوان بە دوو کچی ناشیرین دەگۆڕدرایەوە، گەورە بە بچووک دەکرا، ژنان لە خوێندا وەردەگیران و لە سەر بێشکە ماردەکران.

کاتێک پیاوێک لە تووڕەیی خۆیدا تەڵاقی بدانایە و دووایی پەشیمان ببووایەتەوە، ئەوا ژنان مارەبەجاشیان پێ دەکرا.

شێرە بێگومان دەیزانی کە دایکی لە گۆڕینەوەیەکی گەورە بە بچووکدا بووبوو بە ژنی باوکی. باوکی هەمیشە وەک بێنرخێک لێی دەڕووانی. شێرە هەموو ئەوەی بە منداڵیی دەبینی، بەڵام نەیدەزانی هەڵەیە، وایدەزانی کە ئەوە کەلتوری ڕەسەنی عەرشی پەروەردگارە، چونکە هەموویان باسی ئەو کەلتورە پایەبڵندە مێژوویییە دە هەزار ساڵەییەی خۆیان دەکرد و بە شانوبااڵیدا هەلیان دەدا.

کەلتورەکەیان پاشماوەی باووباپیرانیان بوو، جێگای سەربڵندیی و شانازیی بوو، نە دەکرا پەنجەی تانەی لێ بدرێت و سەرپێچی لێ بکرێت. عەرشی پەروەردگار بە کەلتورە ڕەسەنەکەیەوە جوان بوو. جاجم و بەڕە و چراکۆن و فانۆسی ڕەشهەڵگەڕاو و سندوقی مۆرانەگرتووی بوراق و گوڵی تۆزگرتووی پلاستیک و سرکەیی و هەوری و شتی تریان کۆدەکردەوە. بە بۆنە و بێ بۆنە سێوی سیس و هەڵقرچاو و کەڕووگرتوویان مێخەکئاژن دەکرد و دایان دەنا و وێنەیان لەگەڵدا دەگرت.

هەموو تەنەکەیەکی بە باقوبریق و زەردەوەچوو لە جیاتی زێڕ بە سەر سێ چوار دەست لە جلکوبەرگ و پارچە لە سەر پارچەی ناهاوئاهەنگ بە سەر یەکدا، هەڵدەواسرا.

دۆخەکە ئاوا بوو.

شێرە سەردانی ماڵی جوانکیلەی کرد. جوانکیلە ناخۆشبەخت و دڵگران دیار نەبوو. زاواکەیان پەلەی بوو بچێت بۆ ئیش.

شێرە دەیتووانی هەردووکیان بکوژێت، بەڵام نەیکرد. جوانکیلەی لە خوشکەکانی تری خۆشتر دەویست. لە پێدانی جوانکیلەدا باوکی پارەیەکی زۆری لە مانی ئەو زاوایەی سەندبوو.

جوانکیلەی بێگوناە دەهاتە پێش چاو. لە ئەوە نەدەچوو شتێک لە شێرەی برای بشارێتەوە، بەڵام لە ناو قوواڵایی چاوەکانیدا ترسێک هەبوو، نیگەرانییەک هەبوو، خەمێک هەبوو.

ئەو ڕۆژە هەتا کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ شێرە سێ کەسی تری کوشت. ئەوانەی مایکرۆچیپیان وەرگرتبوو. دووا دانەیان هەر لە خۆیەوە دەیزانی شێرە دەیکوژێت. بێ ئەوەی شێرە فشاری بۆ بهێنێت، لەبەر خۆیەوە لە خودا دەپاڕایەوە کە لێی خۆش بێت و بە شێرەی دەگوت "هەموومان بارمتەی وێنەی گەڵوقنماین، بە ئەڵڵا قەسەم برا گەورەکەم، وێنەی گەڵوقنی هەموو عەرشی پەروەردگاریان لایە".

بێگومان ڕاستی نەدەکرد. کابرا دەیویست مەسەلەکە گەورەتر لە ئەوە نیشان بدات کە هەبوو.

بە شێرەی گوت نامەوێت خوێنم بچێتە گەردنت. خۆم خۆکوژیی دەکەم. هەر ئاوا دوو خولەک بەجێمبهێڵە، بە پشتوێندەکەم خۆم هەڵدەواسم و تەسلیم بە دەروازەی عەرشی خودا دەبم.

شێرە کەمێک لێی دوور کەوتەوە و لە پێشی دووکانەکە و ترافیکەکەی دەڕووانی. هەر ئاوا پێنج دەقیقەیەکی پێ چوو کە ئاوەڕی دایەوە هاوکات خەڵکی تریش بە ئاماژە بە ئەوەی کە دیبوویان بەرەو لای ئەم ڕایان دەکرد. کابرا خۆی هەڵواسیبوو و بە هەواوە لینگەفرتێ بوو.

شێرە بە گەیشتنی بە ماڵەوە زۆر ماندوو بوو. ئەو ئێوارەیە یەکەم جار بوو هەست بە تەنیایی بکات. زوو ڕاکشا و زوو خەوی لێ کەوت.

لە خەونیدا خوشکەکانی بە ڕیز لە سەرەدا بۆ لای ئەم وەستابوون و خۆیان ڕووت دەکردەوە، وەک بیانەوێت لەگەڵ ئەمدا بن.

بە دەم ڕاچڵەکین و تەکانی هەستان و ڕاکردنەوەوە خەبەری بووەوە.

هەموو گیانی لە ترس و لە تووڕەییدا دەلەرزی.

خەون بوو. خەونێکی خراپ بوو.

کوشتنی شێرە ئاسان نەبوو

کاتژمێر نۆی شەو بە کاتی شاری فەیزوواڵا شێرە لە بەردەم ئەو ناونیشانەدا بوو کە ئەبابەیلە پێی دابوو. شوێنەکە ئۆتۆمبیلشۆرییەکی گەورە بوو. شار تاریک بوو. تەنها لە دووری سێ سەد مەترێکەوە گڵۆپی دارتەلەکان داگیرسابوون و هەروەها هەندێک ماڵیش لە دەوروبەر ڕووناکیان پێوە دیار بوو

بەڵام خەڵکەکە وەک هەمیشە بە بەشی خودا ڕازی بوون و دەیانگوت ڕاستە ڕووناکیی ئەلەتریکمان نییە، بەڵام شاری فەیزوواڵا شاری ڕۆشنبیرییە. ڕاستە، ماڵ و کۆڵان و جادەکانمان تاریکە، بەڵام مێشکمان ڕۆشنە. ناحەزانیش دەیانگوت بە تەوسەوە پێی دەڵێن شاری ڕۆشنبیرێی، چونکە لە ئەسڵدا شاری ڕۆشنبیرخۆر و شاری ڕاوەڕۆشنبیرە، ئەو شارەی جێگای ڕۆشنبیری تیادا نابێتەوە.

فەیزوواڵییەکان، هەروەک عەرشیەکانی تر، لە ماڵەوە سەیری بەرنامەی کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنیان دەکرد کە هەر یەکەی شتێک بوو. زۆرێکیان زنجیرەی دراماپی لە بەرهەمی فارسیی و تورکی. فیلمە تورکیەکان بە شانوبااڵی مێژووی تورک و دەوڵەتی عوسمانیی و تورکیادا هەڵیان دەدا و ناڕاستەوخۆ، بەڵام کە مرۆڤ بە ئاساپی تێدەگەیشت، خەڵکی عەرشی پەروەردگاریان بە کەر و گوێرەکە و بە نەفام و نەزان و عەشیرەت و خێڵەکیی وێنا دەکرد.

شێرە لە دەرەوە بوو، بە شوێنەکە گەیشتبوو. لە سەرخۆ هەنگاوی بەرەو قووڵاپی تاریکیەکە ڕووەو ناوەوەی ئۆتۆمبیلشۆرییەکە هەڵگرت.

بیلبیلەکانی چاوی خەریک بوون خۆیان لەگەڵ تاریکیەکەدا دەگونجاند.

شوێنەکە گەورە و تا ڕادەیەک خاوێن و کۆکراوە بوو.

چەند مەترێک لە قوولایی ژوورەوەدا، گوێی لە دەنگی پێ بوو.

نە یەک و نە دووان و نە سیان. کۆمەڵێک پیاو کە ژمارەیان دە کەس زیاتر دەبوو لە شوێنی جیاوازەوە پەیدابوون و هەر ئاوا دەمەترێکیان مابوو بە ئەم بگەن کە لە شوێنی خۆیان ڕاوەستان و بە نزیکەی نیوەبازنەیەک دەوری ئەمیان دا.

چرکەکان لەسەرخۆ دەڕۆیشتن و بوو بە خولەکێک و دووان و سیان و شێرە و ئەوانی تر بەرامبەر بە یەک ڕاوەستابوون. دیاربوو، مەبەستی ئەوان ڕوون بوو. ئەوان دەیانویست شێرە هەنگاوێک یان زیاتر بۆ دوواوە پاشەکشە بکات و ئەمانیش لە دووای بکەون و لە هەڵهاتندا ببەزێنن، بەڵام، بە پێچەوانەوەی چاوەڕوانیی ئەوانەوە، شێرە یەک دوو هەنگاوی تریش لێیان چووە پێشەوە.

سەرنجی دا هەموویان چاویلکەی شەویان لە چاودایە و ئەمیان باش دەبینی، بەڵام شێرە ئەوانی هەر لە فۆرمی تەرماییەکانیاندا دەبینی.

پیاوەکان وردەوردە نیوەبازنەکەیان تێکدا و لە لای دەستەڕاستییەوە کۆبوونەوە. وایاندەزانی شێرە وەک زۆرینەی خەڵک ڕاستەیە و نەیاندەزانی چەپەیە. نەشیاندەزانی لە ژێر قۆڵی کراسەکەیدا، قەڵەمبڕێک کە لە نەشتەر تیژتر بوو، نزیک بە لەپی دەستی هەیە.

هەموویان لە بێدەنگیەکی بێهەناسەدا وەستابوون. بە ڕاستیی چیان لە شێرە دەویست. ئەو بنکەیەی کاریان بۆ دەکرد هەموو عەرشی

پەروەردگاریان بە شێوەی جیاواز کۆنترۆڵ کردبوو. چەندین کەسیان تیرۆر کردبوو، بە سەدان کەسیان خستبووە ناو بازنەی سیخوڕییەوە و ناچاریان کردبوون زانیاری لە سەر هەموو شتێک کۆبکەنەوە.

دەیانتووانی بە ئاسانیی شێرە بکوژن. ئەم گەلەکۆمەکێیە بیرلێنەکراوە و غەشیمانە بوو. جۆرێک بوو لە نووساندنی غروریی. غروری کەسێک. کارەکە لانی هەرە کەم ناپسپۆڕانە بوو. جێی سەرنج بوو ئەم هەموو پیاوە بۆ پەلاماردانێکی ئاوا رێک خرابوون.

لە ناو ئەو خەیاڵانەدا کە بە خێرایی بە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون، لە پڕدا هەر هەموویان پێکەوە شاڵاویان بۆ هێنا.

لە خێراییەکی چاوەڕوواننەکراودا شێرە بە باڵی چەپی لەگەڵ خولاندنەوەی خۆیدا قەڵەمبڕەکەی لە هەموو شوێنێکیان دەدا و ئەوی بەر بکەوتایە مەحاڵ بوو بتووانێت زیاتر دەست بکاتەوە، چونکە لانی کەم شەش حەوت سانتیم لە تیغی تیژ، لە نەشتەرێکی گەرم، بە نەرمەگۆشت و ئێسکیاندا تێدەپەڕی.

ئەوان وایان دانابوو کە شێرە یەکسەر هەڵدێت و ئەمانیش شوێنی دەکەون و ئەوەی لێ دەکەن کە پلانیان بۆ داناوە، بەڵام شێرە وەک پەروانە دەخولایەوە و باڵی وەک سەڵییەی زنجیرەیی چەکێکی ئۆتۆماتیک دەهات و دەچوو.

لە ئەو تاریکیەدا شێرە هەر لە مەکینەیەکی بکوژ دەچوو. وەک چۆن دەمی دروێنەیەک هەڵدەسووڕێت، ئاوا شێرە یەک یەک و دووان دووان دەپێچانەوە.

چاکەتوپانتۆڵ لەبەری چاویلکە لە چاو لە سەر زەویەکە دووان و سیان و چوار دەکەوتن یان بە ئەملاولادا دەخولانەوە کە ئەوانەی

تەنیشتیان سەریان لێ دەشێوا و نەیاندەتووانی و نەیاندەوێرا لە شێرە نزیکتر ببنەوە.

ڕەنگە پلانەکە وا بووبێت کە لە بێدەنگیی و تاریکیی شەودا بە پێنج خولەک شێرە دووڕەبەزێن دەکەن و لوولی دەدەن، بەڵام ئێستا بووبوو بە هاوارهاوار و گریە و ڕاکەڕاک و خولانەوەیەک کە بە تەواوی سەریان لێ تێک چووبوو.

لە پڕێکدا دەنگی ئەبابەیلە بەرز بووەوە کە هەتا ئەو کاتە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. بە جوێندانەوە تێی خوڕین کە کەی بڕیار وابووە هێرش بۆ سەر ئەو بەڕێزە ببردرێت. قیژاندی بە سەریاندا کە هەر کەسە و ملی خۆی بشکێنێت و بڕووات.

ئەبابەیلە ڕزگارکاریان بوو. لەگەڵ بیستنی قسەکانی ئەبابەیلەدا ئەوانەی مابوونەوە هەر بە هەڵاتن بەرەو دەرەوە ڕووەو شەقامەکان هەڵدەهاتن. ئەوانەش کە خوێنیان لە بەر دەڕۆیشت یان کەوتبوون و دەپاڕانەوە و جوێنیان دەدا یان بە شێوەی جیاواز لە هەوڵی دوورکەوتنەوە لە شێرە و سێبەرەکەیدا بوون، چونکە هەر کەسێکیان هەر ئەوەندەی بە هۆی ئازارەوە خۆی ببزووواندایە، شێرە یەک شەق لە بنچەناگەیان هەڵ دەدا کە قرخەی مەرگیان لێ پەیدا دەبوو.

شێرە نرخێکی بۆ قسەکانی ئەبابەیلە دانەنا. بێ ئەوەی خۆی تێک بدات ڕووەو دەرەوە بە هێمنی هەنگاوی هەڵهێنا و بە دەم ڕێگاوە یەک دانە شەق تووندی لە سەری یەکێک لە بڕیندارەکان هەڵدا کە دەستی بە ورگیەوە گرتبوو و هەر قرخەقرخ و نرکەنرکی بوو.

ئەبابەیلە هەر دەنگێک بوو، دیار نەبوو لە کوێدا ڕاوەستاوە و لە کوێوە لە شێرە دەڕووانێت و هیچی تری پێ نەبوو بیڵێت و دەیزانی هەرچیەک بە شێرە بڵێت پولێک ناژی.

شێرە لە ناو تاریکایی شەو و بێدەنگیی شار و لە یەکێک لە کۆڵانە پێچاوپێچە بێ ناوونیشانەکانی شاردا، بە ڕقێکی بێبنەوە لە خۆی، لە بێنرخیی خۆیی و نەزانیی و نەفامیی خۆی، کە ئاوا پرشنگی لە خاچ دا، ملی ڕێگای گرتە بەر.

وێنەی پرشنگ، ئەو کاتەی لە بندەستی کۆماندۆکاندا وەک کیتەڵەیەک بەرز کرابووەوە و ئەم پێی شاد بوو، ئێستا لێی بووبوو بە گەورەترین تابلۆی بە ژیان و زمانی لێ دەردەهێنا.

لە ناو زمان دەرهێنانەکەی پرشنگدا هەموو خەڵکی عەرشی پەروەردگار هەر وەک پرشنگ، وەک گۆزەڵە و کیتەڵەیەک، بە دەست کۆماندۆ ڕووخسار داپۆشراوەکانەوە، بوون.

شێرە بە تەواوی دوور کەوتبووەوە. ئەبابەیلە هێشتا هەر لە ناو ئەو ئۆتۆمبیلشۆرییە گەورە تاریکەدا نەیدەوێرا بێتە دەرەوە. لە هەموو ئەوانەی دەڕووانی کە لاڵ و پاڵ کەوتبوون و چاوەڕێی هاوکاریی بوون کە کەسێک یان کەسانێک بێن و دەستیان بگرن.

هەموویان لە خوێناوی خۆیاندا، سەردێڕی ئەم ڕووداوەیان لە ڕاگەیاندنە هەزاربەهەزارەکانی سبەینێ و دووسبەیدا، دەخوێندەوە. دەیانزانی دەنووسرێت تیرۆریستەکان هەر لە خۆیانەوە هێرشیان بۆ سەر کرێکاری ئۆتۆمبیلشۆری بێگوناە بردووە و پارەیان لێ دزیون و شتومەکیان بردوون.

شێرەیان هەر بۆ نەکوژرا!

دوو ڕۆژ پاش ئەوە شێرە لە ئۆفیسەکەی خۆی لە کاتی بەڕێکردنی هەندێک کاردا بوو کە دیسانەوە یەکێک لە پاسەوانەکانی هاتەوە بۆ لای و پێی ڕاگەیاند هەمان کەس هاتووە بیبینێت و لێیان پرسی ئایا بیکەینە ژووڕەوە یان نا. شێرە بە نەخێر وەڵامی دانەوە و پێی گوتن کە خۆی دەچێت بۆ لای.

لە ماوەی دەست بە کاربوونیدا شێرە دووچاری بەرەنگاربیەکی گەورە هاتبووەوە و بێهوودە ئاڵنگاریی زۆر کێشە و ململانێ دەبووەوە.

ڕاستە خەڵکی عەرشی پەروەردگار هەموو داوای لێبوردنیان لێ کردبوو و بە هەزاران مەڕیان بۆ کردبوو بە خێر و بە ساقەی پێ و پێڵاوی دەبوون و بە شێرەی شێران ناویان دەبرد و زۆر جار ناوی وڵاتەکەیان بە خۆشەویستی ئەوەوە دەکرد بە "عەرشی شێرە" و هەموو ئەو شتانەی تر کە دەیانگوتن و دەیانکردن، بەڵام ئیتر وردەوردە لە شێرە بێتاقەت بووبوون، چونکە شێرە نەیدەهێشت ریکلامچی بە ئەکتەر ناوببرێت. ریکلامچیەکانیش لێی تووڕە بوون و لە ناو خۆیاندا لە یەکتریان دەپرسی باشە، ئەگەر کەسێک ئەکتەرێکی باش نەبێت چۆن دەتووانێت ئاوا لوتی بهێنێتە پێشەوە و بۆنی ئەو برنج و چایە خۆشە تورکیە بکات و ئاوا قن و سینگ و ورگی بۆ با بدات؟

پاشان دەیانگوت شێرە بە تەواوی ناخۆشی کردووە، چونکە هەر کەسێک شتێک بڵێت کە نەتووانێت بیسەلمێنێت، ڕاپێچی لێپرسینەوەی دەکات و ناچاری دەکات ددان بە ئەو درۆ و دەلەسە و بوختانەدا بنێت کە هەڵیبەستبوون و کردبووی. هەر کەسێک شتێکی

لە ناو پاوانی گشتییدا بگوتایە یان قسەیەکی بە ناوی کەسێکی تڕەوە بکردایە یان قسەیەکی بۆ کەسێک هەڵبەستایە، بە تووندیی سزای دەدا.

لەبەرئەوە خەڵکەکە تووڕە بوون. خەڵکەکە لە بەشی ئەڵلا و لە ژیانی خۆیان ڕازی بوون، بەڵام لە شێرە تووڕە بوون. خەڵکەکە فێری درۆودەلەسە بوون. حەزیان دەکرد درۆ بکەن و درۆ بە ناوی خەڵکەوە بکەن و قسە بۆ ئەو کەسانە هەڵببەستن کە لە بەر هەر هۆکارێک بووایە حەزیان لێ نەدەکردن. کەسی وا هەبوو هەر لە بەر حەسوودی بردن بە ڕەنگی ئۆتۆمبیلی کەسێک لە هەرچی سۆشیالمیدیایەکدا لە بەردەستی هەبوون، دەینووسی "ئەوەی بە دزیکردن کڕیوە"، یان "خوشکەکەی بە گاندان پەیدای کردووە"، یاخود "لێی بپرسن دایکی چۆن بۆی کڕیوە".

خەڵکەکە دەیانگوت خودامان نەماوە ناوێرین شتێک بڵێین، شێرە هەڵدەکوتێت بۆ سەرمان. دەیانگوت ئێمە ئازادیی ڕاگەیاندن و ئازادیی بەیانمان دەوێت و شێرە دیکتاتۆرە و نایەڵێت دەممان بکەینەوە. دەیانگوت "کاکە، خۆ ئێمە ڕۆبۆت نیین دوو قسەی حیز نەکەین، ئێمە مرۆڤین، بەڵام شێرە حیسابی پێڵاوی ڕۆبۆتێکی چینیشمان بۆ ناکات".

دەیانگوت هەتا شێرە نەهاتبوو هەموو کەسێک بە دڵی خۆی دەدوا و دەینووسیی و عەرشی پەروەردگار وڵاتی ڕۆشنبیریی بوو. دەیانگوت فەیزوولا بنکە و ناوەندی ئەو ڕۆشنبیریە بوو. دینداراني شاری فەیزوولا بە چاوی خۆیان بینیبوویان کە مانگ لە سەر شاری فەیزوولا زیاتر لە هەر شوێنێکی تری ئەم سەر زەمینە، دەرەوشاوەتەوە.

ئەگەر خودا خۆی ئەو فەرمانە بە سەر مانگدا نەکات، قابیلە مانگ هەر لە خۆیەوە ڕووناکیی زیاتر بە شاری فەیزوولا ببەخشێتەوە و پڕ

بێت لە ڕۆشنبیر. ئینجا دەیانگوت لە ئەوەتەی شێرە دەستی لە هەموو کارێک وەرداوە، مانگیان لێ تۆراوە.

دەیانگوت ئێستا ئەگەر وتارێک لە شوێنێک بڵاو بکەیتەوە یەکسەر پۆلیس دەتگرێت و پێت دەڵێن ئەوە هی فلان کەسە تۆ دزیوتە و ئینجا بەڵگەت نیشان دەدەن. دەیانگوت، جا کاکە وتارێکی حیز چییە لە یەکتری بدزین؟ کێ هەیە دزی نەکات؟

"جا حەوتبرا، کابرا لە سەر وتارێک ئاوامان پێ دەکات".

دەیانگوت "جا کاکە، خۆ ئێمە عیلمی غەیبمان پێ نییە کە لە سەداسەد بزانین فلانکەسێک چی گوتوە، ئێ خۆ کفر نییە بڵێین وای گوتوە، با نەیشی گوتبێت، خۆ نەمان کوشتووە! قسەیەک چییە پێمان وابێت کردوویەتی و کەسەکە نەیکردبێت".

لە بەر هەموو ئەو هۆیانە خەڵکەکە ڕقیان لە شێرە دەبووەوە. دوعایان دەکرد خودا دەستی شێرە لە بەرۆکیان بکاتەوە. دوعایان لێ دەکرد تەمەنی درێژ نەبێت و سبەینێ کە لە خەو هەستان کەس فریای بە خاکسپاردنی نەکەوتبێت.

دیارە لە بەر هۆی تریش لە شێرە تووڕە بوون. دەیانگوت عەرشی پەروەردگار وڵاتی واسیتەیە. ئەم وڵاتە بە واسیتە دروست بووە. لە سەدا نەوەدوپێنجی دامەزراوەکانی هەموو شوێنێک هەر بە واسیتە بووە. پلەوپایەی سەربازیی بە واسیتە وەردەگیرێت، وەزیر و بەڕێوەبەر و ئەندام پەرلەمان بەرهەمی واسیتەیە. سەدان کار و پیشە و پلەوپایەیان ڕیز دەکرد کە بەرهەمی واسیتە بوون. دەیانگوت ڕاستە، لە ئەسڵدا ڕەنگە واسیتە شتێکی خراپ بووبێت، بەڵام لە عەرشی پەروەردگاردا بووبوو بە نەریتێکی نیشتیمانیی و بە کەلتورێکی جوان.

خەڵکەکە ئاگایان لە یەکتر بوو. ئێستا شێرەی سەگباب دەیگوت ئەوەی واسیتە بکات، خۆی بە مردوو حیساب بکات. جارێکی تر گوایا گوتبووی ئەوانەی واسیتە دەکەن خوشک و دایکیان حیزە. خەڵکەکە تووڕە بوون، دەیانگوت یانی عەرشی پەروەردگار هەموو خوشک و دایکمان حیزە. جا کاکە چی ماوە شێرە پێمان نەڵێت؟

خەڵکەکە چەندین جار خۆپێشاندانیان دەکرد و دەیانگوت ئەگەر شێرە پیاو بووایە ڕێگای لێ دەگرتین و نەیدەهێشت خۆپیشاندان بکەین، بۆیە ڕێگامان دەدات تا بڵێت بڕۆن بۆ خۆتان بقیڕێنن و بە پیاوتان نازانم. دەیانگوت خۆمان دەزانین مەبەستی ئەوەیە و بە پیاومان نازانێت. لە ڕاستییدا پێمان دەڵێت فەرموون وەرن بە گونمدا بقیڕێنن. دەیانگوت دەزانین باوەڕی بە ئازادیی دەربڕین نییە، هەر ئێمەی پێ تووڕە دەکات.

لە سەر قەدەخەکردنی سوڵحی عەشایەریی ئەوا ئاگریان لێ دەباری. دەیانگوت کچی خۆمانە و لە خوێندا دەیدەین و شێرە بۆ ڕێگامان لێ دەگرێت. داوایان لە خودا دەکرد شێرە بۆ عەرشی خۆی بباتەوە و لە خودا تووڕە بوون کە بۆچی دوعاکەیان قبوڵ ناکات.

دەیانگوت بە بێ سوڵحی عەشایەریی ئێمە دەبێت ڕۆژی دوو سەد دۆلار بە دەعمی سەیارە و بە قەرزی کۆن و بە تۆمەتی قسەهەڵبەستن و نازانم چی بدەین. ئەرێ بۆ خاتری ئەو ئەڵلا جوانە شێرە چ مافێکی بە سەر ژن و کچی ئێمەوە هەیە.

بە یەکتریان دەگوت "ئەرێ کاکە من لە تۆ خۆش دەبم کە گوتوتە دایکت لە فلان لەشفرۆشگا کار دەکات، ئێستا بۆچی ئەم شێرەیە لە کۆڵمان نابێتەوە؟".

لە تووڕەیی و حیرسی دڵی خۆیاندا بەرامبەر بە کامێراکان ڕادەوەستان و بەرۆکی خۆیانیان دادەدڕی.

شێرە ڕێگای بە ڕاگەیاندنەکان دابوو کە ئاستەنگ بۆ هیچ جۆرە قسەوباسێک دروست نەکەن و دەنگ و ڕەنگ و قسەی هاوواڵاتیان وەک خۆی، بێ دەستکاریکردن، بگوێزنەوە. خەڵکەکە دەیانگوت ئەگەر ئێمەی بە پیاو دابنایە چۆن شتی وای لەگەڵ دەکردین. ئەوە پێمان دەڵێت چاوتان دەردەهات، وەرن و بیڕێسن.

هەموویان ددانەکرۆژەیان لە شێرە دەکرد و و نزایان لێدەکرد کە هەر لە دایکی نەکەوتایەتە خوارەوە. دەیانگوت خوداش پێی ناوێرێت دەنا ئێستا دەیکوشت. دەیانگوت، فەرموو ئەوە سەلماندمان شێرە خراپە، ئەگەر خودا پێی دەوێرێت با بیکوژێت.

دەیانگوت بریا هەموو عەرشی پەروەردگار کوێر ببوونایە و نەیانبینیایە کە "بەرنامەی تێڵاترێنی نیشتیمانیی" قەدەخە دەکرێت. بریا هەموومان کەڕوڵاڵ و ئیفلیج بووینایە و ئەو تێڵاترێنیە نیشتیمانییە قەدەخە نەکرایە.

هاوواڵاتیانی عەرشی پەروەردگار عاشق بە شەق ئەو پێنج پۆلیسە بوون کە جەنابی سەرۆککۆمار بە تایبەتیی ئەرکی تێڵاترێنی نیشتیمانیی لە ئەستۆ خستبوون. دەیانگوت کاکە ئەو پێنج پۆلیسە بەڕێزە دوو شەق گەرم و گوڕییان تێ هەڵ دەداین و لە ناخی دڵمانەوە هەستمان بە هاوواڵاتیبوونی خۆمان دەکرد. تێڵاترێنیە کە بۆ خەڵکی غەیرە نەبوو. لەبەرئەوە هەستی هاوواڵاتیبوونە کە زیاتر بەرجەستە دەبووەوە.

هاواریان دەکرد و پێکەوە دەگریان و لە سەر زەویە کە خۆڵیان بە سەر خۆیاندا دەکرد و قوڕیان دەگرتەوە و لە خۆیان هەڵدەسوو. دەیانگوت حیسابی پەناهێندەمان بۆ دەکرێت، ئەی مافی هاوولاتیبوون کوا.

دەیانگوت شێرە حیسابی شەیتانپەرستێکیشمان بۆ ناکات. ئیتر کەلتور و نەریت و خوو و فەرهەنگی عەرشی پەروەردگار بە قووڕدا چووە و تازە مەگەر هەر بە موعجیزەیەکی خودایی چاک بکرێتەوە.

ئەو کەسەی لە پشت ئەم تاوانە گەورانەوە بوو شێرە بوو. ئەو شێرەیە بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەزەییان پیایدا هاتبووەوە. ئێستا داوای لێبووردنیان لە خودا دەکرد کە بە هەڵە داوای لێبووردنیان سەبارەت بە شێرە لێ کردبوو.

دەیانگوت خودایە داوای لێبووردنەکەمان قبوڵ مەکە و هەڵیبووەشێنەوە. ئێ کاکە، بە خودایان دەگوت، خۆ کفرمان نەکرد بە هەڵەدا چووبووین، ئێستا بۆ لێت کردووین بە بەڵا.

سەرۆککۆمارە قۆزە شیکپۆشە سوعبەتچیە دەوڵەمەندەکەی خۆیان زۆر خۆش دەویست و پێیان دەگوت ماقوڵ نییە، شێرە ڕاگەیاندنەکانی خستووەتە ناو نەخۆشخانەکانیشەوە و سەبارەت بە پرسی خزمەتگوزارییە دەچن لە نەخۆشەکان دەپرسن. دەیانگوت بە هۆی شێرەوە خوێندنگاکانیشمان لە سەر لێواری داڕمانن. هەر مامۆستایەک لە خوێندکارێکی بدایە یەکسەر فەسڵیان دەکرد. بە تەوسەوە دەیانگوت "جا کاکە منداڵەکانمان پێش ئەوەی بچن بۆ مەکتەب با چینێکی باش لە خۆشمان هەڵ بدەن". دەیانگوت ئەگەر لە منداڵانمان هەڵ نەدەین سبەینێ لێمان دەبن بە شێرە. بیست ساڵی تر عەرشی پەروەردگار پڕ دەبێت لە شێرەکان.

شێرە کاتێک ڕووداوڕووی بینینی ئەبابەیلە دەڕۆیشت بیری لە هەموو ئەو گازەندە و گلەییانەی خەڵک دەکردەوە. دەیزانی خەڵکی عەرشی پەروەردگار ئیتر ڕقیان لێیەتی. لە سەر تەلەڤیزیۆنەکان دەیبینین بیچمێکیان لە شێوەی داهۆڵێکدا بە هێمای وێناکردنی ئەم دروست کردبوو، چەمۆڵەیان لێ دەنا و لچیان لێ هەڵدەقورچاند و مۆڕەیان لێ دەکرد.

ناڕاستەوخۆ فیلمێکی کارتۆنیشیان لە سەر دروست کردبوو. فیلمە کارتۆنیەکە سەبارەت بە دارستان و ئاژەڵان بوو. شێری دارستانەکەیان ناونابوو "شێرە". هەموو ڕۆژێک شێرەی دارستان بە زۆری زۆرداریی هەرچی بوونەوەری دارستانەکە کۆ دەکاتەوە. هەموویان ناچار دەبن دەست لە کار هەڵبگرن و بەرەو شوێنی کۆبوونەوە پێ هەڵبگرن. ئەگەر دایکێک بە دیار منداڵە نەخۆشەکەیەوە بێت، هەر دەبێت منداڵەکەی سوار کۆڵی خۆی بکات و هەڵتەک هەڵتەک لە کۆبوونەوەی شێرەی دارستاندا بەشدار بێت. هەموو کۆبوونەوەیک شێرەی دارستان بە کاوەخۆ باسی ئازایەتیی حەوت پشتی خۆیان بۆ دەکات و ئینجا بە پێی "هەلووربلوور تەکامە" ئاماژە بە یەکێکیان دەکات، بەڵام هەر لە خۆیەوە پەلاماری یەکێکی تریان دەدات و دەیخوات و خوێناوەکەی بە دەمیدا دێتە خوارەوە.

دەرهێنەری فیلمەکارتۆنیەکە ئەو گرتەیەی خوێناوەکەی دەمی شێرەی دارستانی یەک کاژێر ڕادەوەستان. فیلمەکە خۆی هەر چەند دەقیقەیەک بوو، بەڵام دەیگوت لە ڕێگای وەستاندنی ئەو گرتەیە بۆ ماوەی کاژێرێک ئەوا هەم فیلمەکە دەبێت بە فیلمێکی درێژ و هەم با شێرەش لە بینینی ڕەووشتی خۆیدا، شەرم بیگرێت. دەیانگوت با بزانێت فیلمەکە جام نەبووە و ڕانەوەستاوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە

خودی ساتەگرتەی خوێنپیاداهاتنەخوارەوەکە بە ئیسراحەت ببینێت، بەشکم خەجاڵەت بێت و دەست لە کار بکێشێتەوە.

شێرە گوێی بە ئەو گازاندە و گلەییانە نەدەدا، چونکە دەمێک بوو بڕیاری دابوو دەست لە کار بکێشێتەوە. لە ڕاستییدا بڕیاری دابوو سەری خۆی هەڵبگرێت. وێنەیەکی عەرشی پەروەردگاری کێشابوو. لای شێرە جوانترین وڵاتی سەر زەمین بوو.

وێنەکەی خستبووە ناو جزدانەکەیەوە بۆ ئەوەی لە غەریبیی لە گیرفانییدا بێت، بۆ ئەوەی هەمیشە عەرشی پەروەردگاری لێ دیار بێت. منارە و گومەزەکانی ئەوەندە بەئەژمار کێشابوون وێنەکە جێگای بۆ خانوبەرە و ڕێگاوبانی تیانەمابووەوە.

وێنەکەی زۆر پێ جوان بوو. عەرشی پەروەردگار لە گوندێکی چەند ماڵەی هەزارمنارەیی دەچوو. فەیزوواڵاکەی، شاری ڕۆشنبیریی، کۆمەڵێک گوند بوو لە ناو مزگەوتێکی گەورەدا.

ئێستا ئەم کێشەیە بەرۆکی گرتبوو و نەیدەهێشت عەرشەکەی بەجێبهێڵێت. بە دەم ڕێگاوە بۆ لای ئەبابەیلە بە خۆیی دەگوت هەر ئەوەندەی لە ئەم کێشەیە ڕزگارم ببێت و دەستی ئەو بەدکارانە گرێ بدەم، پێنج خولەک تیایدا نامێنمەوە.

بە دەم ئەو خەیاڵانەوە بە ئەبابەیلە گەیشت کە لە دەرەوە چاوەڕێی دەکرد. سڵاویان لە یەکتر نەکرد. شێرە زۆر بەرزتر و گەورەتر لە ئەبابەیلە دیار بوو. ئەبابەیلە جۆرێک لە ترس لە باڵای ئاڵابوو. پێوەی دیار بوو.

- من ئاگاداریی ئەو ئابڵووقەدانە نەبووم.

شێرە بە شێوەیەک لێی دەڕووانی کە پێی دەگوت بڕووات پێ ناکەم و درۆ دەکەیت.

ئەبابەیلە دەیبیست شێرە بە بێدەنگیی وای پێ دەڵێت.

- ئێستا چیت دەوێت؟
- دەمەوێت بتبینمەوە.
- ئەی ئەگەر نەمەوێت؟
- ئەوا فیلمی هەموو خوشکەکانت بۆ لێ دەدەم.

لە چاوتروکاندنێکدا شێرە دەستی چەپی هەڵسووڕاند و لەگەڵ هەڵسووڕاندنەکەدا خوێن لە لاڕوومەتی ڕاستی ئەبابەیلەوە فیچقەی کرد. ئەبابەیلە لە ترسان ڕەنگی پەڕی و بە هەردوو دەستی هەوڵی دەدا شوێنی بڕینەکە دابپۆشێت. بە هەر چواردەوری خۆیدا دەخولایەوە و ئەژنۆکانی نەوی بووبوون. خوێنەکە بە تەوژم دەهات و لە نێوان هەردوو لەپی دەستەکانی ئەبابەیلەوە دەڕژایە خوارەوە.

- دەتووانم بە پاسەوانەکانم بڵێن هەلابەهەلات بکەن. دەتووانم بۆ هەتاهەتایە فڕێت بدەمە ناو زیندان. دەتووانم هەر ئێستا وەک کاوڕێک سەرت ببڕم، بەڵام ئەو بڕینەت بەسە. ئەوە دەبێت بە هێمای بوودەڵێی و بێغیرەتیت و لە ژێر گلێشدا لێت نابێتەوە. کاتێک خەڵک دەیبینن لە ڕەنگدانەوەی بینینی ئەواندا بوودەڵەیی و بێئابڕووییی خۆت دەبینیتەوە.

پاسەوانەکانی شێرە لە دووڕەوە ڕاوەستابوون و ئامادەبوون شێرە فەرمانیان پێ بکات کە شتێک لە ئەبابەیلە بکەن، بەڵام شێرە هەر ئەوەندەی پێگوتن کە بە نەخۆشخانەی بگەیەنن.

هەر بڵێیت یەک و دوو، بنبانی ئەبابەیلەیان گرت و فڕێیان دایە ناو ئۆتۆمبیلێکەوە و ڕووەو نەخۆشخانە بردیان.
لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا دڵی ئەبابەیلە لە سەمای ژیاندا بوو، چونکە بۆی دەرکەوتبوو کە هەر بە ئەوەندە ڕزگاری بووە.
دەنگی خۆشیی "نەیکوشتم، نەیکوشتم" بە هەموو کونج و کەلەبەرێکی لەشیدا بڵاو دەبووەوە.
ئەو مژدە خۆشە دەبوو بە گەرمیی و گەرمیەکە دەبوو بە وزە و دووبارە هەستی بە درێژەدانی ژیانی دەکرد.

ئەو برینە نەخشی جوانییە

ئەو ڕۆژانە هەور بەری ئاسمانی بەر نەدەدا و باران لە شێوە جیاوازەکانی خۆیدا بە سەر زەمینی عەرشی پەروەردگاردا دەهاتە خوارەوە. ئەبابەیلە ڕقی لە باران بوو، بەڵام لە بەر برینەکەی پێی ناخۆش نەبوو.
هەفتەیەک بە سەر بریندارییەکەی ئەبابەیلەدا تێپەڕ بووبوو کە هێشتا هەر چەسپێکی تیماریی پێوە بوو. ئەوەی لە هەمووی پێ ناخۆشتر بوو ئەوە بوو کە پێیان گوت نابێت ئەو چەسپەتیماریییەی لێ بکاتەوە دەنا ڕەنگی برینەکە جۆرێک لە پەمبەیی لە خۆی دەگرێت و ئەگەر لێشی نەکاتەوە شتێکی وا جیاواز نابێت، بەڵام ڕەنگەکەی خەتێکی ڕەشی تێ دەکەوێت و هەروەها دووریشەوەکەیشی زبر دەبێت. هیچیان لە ئەوەی تریان باشتر نەبوو.
ئەبابەیلە ئاگری لێ دەباری.
لە داخاندا چەسپەکەی فڕێدا و بە ئەو شێوەیە لە خۆی دەڕووانی.
ڕاستەوخۆ لە خوار ئێسکی گۆناوە تا یەک سانتیم نزیک بە دەمی بە قوولایی هەموو گۆشتەکە بڕدرابوو. ئەگەر ئەو سانتیمەی پێوە بووایە لەگەڵ دەمیدا دەبوو بە کونێکی گەورە.
بە لایەوە سەیر بوو شێرە تووانیبووی بە لێهاتوویی کی لە ئەو شێوەیە ڕوومەتی هەڵبدرێت.
تا قوولایی گەردوون ڕقی لە شێرە دەبووەوە.
شێرە داخی کردبوو.
شێرە مۆرێکی لێ دابوو کە لە ڕۆژی قیامەتیشدا پێوەی دەبێت.
شێوەی برینەکە ناشیرین بوو، لە دڕاوی سەر تۆپێکی فوتبۆڵ دەچوو کە جێگای دەمەپێیەکی پێوە دیار بێت.

دووریندەوەکەی لە تێهەڵکێشی سەر و بنی پێڵاوێک دەچوو و بە شێوەیەک کە کەمێک دەمی بە لای ڕاستدا خوار کردبوو. کاتێک دەدوا دەنگی وشەکان جیاواز بوون. پیتەکانی س، ش، چ، ج لەگەڵ یەک دوو دانەی دیکەدا دەنگیان تێکەڵ بە یەک دەبوو.
نەیدەوێرا لە ئاوێنە بڕوانێت و کاتێک بە زۆر لە بەردەم ئاوێنەیەکدا خۆپی دەوەستاند ڕووخسارێکی ترسێنەری دەبینی. ڕووخسارێکی ناحەز و ترسێنەر.
دەموچاوی پێکەوە ڕووالەتێک لە هەستی بێمتمانەیی و بێباوەڕیان بە بینەر دەدا.
دەیزانی ئەو خەتەبڕینەی دەموچاوی هەموو کەسێکی بەرامبەری لێ بەهێزتر دەکات.
کار و بار و خۆراک و خەو و خەیاڵ و ئەندێشەی بووبوو بە تۆڵەستاندنەوە لە شێرە.
بەرپرسی یەکەم بانگی کرد بۆ لای خۆی. هەمووان هەر یەکە و سەرقاڵی کاری خۆی بوو، پێیگوت:

- ئەبابەیلە بە ئەم کارەت ئێمەت تووڕە کردووە. زۆر تووڕەت کردووین. لە ڕاستییدا لە ناو چنگی مەرگدا بەخشیومانیت. دەبووایە بمانکوشتیتایە. ڕەنگە پرسیار بکەیت بۆ نەمان کوشتیت. لەبەرئەوەی بەزەییمان پیاتدا هاتەوە. هەر ئەوە بوو. زیاتر نا.
سەرپێچییت لە فەرمانی ئێمە کرد کاتێک شێرەت خستە ناو ئابڵووقەیەکی وەک ئەو شەوەوە. ئەوە چ ئەقڵێکە. ئەمەت لە کوێوە هێنا؟ ئێمە دەمانتووانی بە یەک فیشەک بیکوژین. بەڵام دەمانەوێت تۆ پاڵەوانی عەرشی پەروەردگار بیت. دەمانەوێت تۆ بکەین بە پاڵەوان. بەڵام هەر سەرپێچییت لە

فەرمانی ئێمە کرد. نەدەبووایە بچوویتایە بۆ ئەو وەزارەتە. سزای ئاسایی بۆ تۆ هەم دەرکردن بوو و هەم کوشتن. یەک جاری تر بە ئاستەم پێت خوار دابنێیت، دەرخواردی گورگەکانی عەرشی پەروەردگارت دەدەم.

ئەبابەیلە بە بیستنی ئەو قسانە سەرودڵی داگیرا و قسەکانی بە کابرای بەرپرسی یەکەم بڕی.

- من ...

ئەویش دەنگی فەرمانی بە سەردا بڵند کرد و بەردەوام بوو ...

- تەنها یەک شت تۆی لە بڕیاری ئێمە بۆ کوشتنت ڕاگرت. سەرۆککۆمارمان فەرمانی پێداین یارمەتیت بدەین تا ببیت بە پاڵەوانی وڵاتی عەرشی پەروەردگار. چونکە ئێمە عەرشێکی پەروەردگاری بە شەرەف و بە کەرامەتمان دەوێت، عەرشێک کە ژنەکانیان سووک و چرووک نەبن و بیستوچوار سەعاتە باسی ئازادیی نەکەن، عەرشێك خەڵکەکەی لە ئەڵلا بترسن و ئێمە لە هاودینیەکەدا رابەریان بین تا بزانن قیامەت لە هەموو شتێک گرینگترە و لە زیکر و فیکری قیامەتدا بن و شەق لە ژیانی سەرزەمین هەڵ بدەن، عەرشێک کە واز لە هەواوهەوەسی ئازادیی و ناشوکریی بهێنن و سوپاسگوزاری خودای گەورە بن کە چواردەورتان لە هاودینانی خۆتانە. بیر بکەرەوە، چیتان دەکرد ئەگەر چواردەورتان کافر بوونایە. هەر ئەو کارەی ئەڵلا لەگەڵتاندا کردوویەتی کە چواردەورتان هاودین و هاوبراتانن و دەستتان دەگرن، بەسە بۆ ئەوەی هەتا بە ڕۆژی قیامەت دەگەن،

سەد جار بە ژیانی سەر زەمین شکور بن. بۆ خاتری ئەڵلا ئێوە چی ترتان دەوێت؟

قسەکانی کابرای بەرپرسی یەکەم کاریگەریی لە سەر ئەبابەیلە دانابوو. ئەبابەیلە برینەکەیی لە بیر چووبووەوە.

- سەرەڕای سەرپێچی کردنت لە فەرمانمان لێت خۆش دەبین. لێت خۆش دەبین چونکە لە خوداترسێکی ئازایت. ئەو برینەی دەموچاوت خەوشێک نییە، بەڵکو ڕووخسارتی نوورانی کردووە. ئێستا ئێمە خەریکین تۆ بە یەکێک لە خۆمان دابنێین. پلانێکمان ئامادە کردووە. شێرە بە پێی خۆی دێتە بەردەستت. پاشان چی لێ دەکەیت خۆت ئازادیت. کاتێک شێرە نەما هەر یەک تاقیکردنەوەت لە سەر ڕێگدا دەمێنێت کە بیکەیت و ئەگەر تیایدا سەربکەویت ئەوا دەبیت بە یەکێک لە ئێمە. سەبارەت بە ئەو برینەی ڕوومەتت لە ناو خۆماندا قسەمان کرد. ئەو برینەت بۆ دەکەین بە پلەیەکی سەربازیی. دەمانەوێت ئەو پلەیەت پێ ببەخشین. لە دۆخی ئاساییدا بە هیچ کەسێکی نادەین، تەنها بە ئەو کەسانە نەبێت کە لە دووا تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو دەبن. بەڵام بیرمان لێ کردەوە و بڕیارمان دا کە تۆ شایستەی ئەو پلەیەیت. ئەوە برین نییە، نەخشێکی جوانییە، تۆ دەبێت وەک نەخشێکی خودایی ببینیت.

ئەبابەیلە هاتەوە سەر خۆی. دووبارە هەستی دەکرد کە کورەکەی جارانە و گەرمیەکی دڵخۆشکەر بە جەستەیدا بڵاو دەبووەوە، بەڵام هاوکات ئەوەیشی دەزانی کە هەر وەک چۆن جاران بوونەوەرێکی

نەبینراو بوو، ئیتر لە ئەمەوبەدووا دەبێت بە بوونەوەرێکی زۆر بینراو. ئەوە ئەو تیغە بوو کە سەرەڕای هەموو دڵخۆشیەکی و هیوای تۆڵەسەندنەوەی لە شێرە، جەرگی دەسووتاند.
هاودینەکانی پێیان دەگوت ئەوە نەخشی جوانیی و نەخشی خوداییە، بەڵام ئەم خۆی دەیزانی ئەوە ڕاست نییە. ئەوە نەخشی نەفرەت بوو. لەبەرئەوە تەرکی چوون بۆ هەموو ئەو مزگەوت و خوێندنگایانە کرد کە دروست کردبوون و کە لە ئەوە پێش بە بەردەوامیی سەری لێ دەدان. بە خۆی دەگوت: بە ئەم شەیتانەوە کە خۆی بە ناوچاوانمەوە هەڵواسیووە، ڕوو لە کوێ بکەم.

عەرشی پەروەردگار، هەر عەرشی پەروەردگار نەبوو

لە ماوەی ئەو نۆ ڕۆژەدا شێرە دە کەسی لە ئەوانە کوشت کە پێی وابوو دەستیان لە بەدکاریی و شێواندنی وڵاتی عەرشی پەروەردگاردا هەیە.
سەرۆککۆمار وردەوردە تینی بۆ دەهات و لە ژێر فشاردا بوو کە شتێک لە شێرە بکات. نەیدەزانی چۆن شێرە لە کۆڵ خۆی و گەلەکەی بکاتەوە.
لە دڵی خۆیدا چەندین پلانی دانابوو. چەندین پلانی جیاواز کە شێرە لە ناو ناواندا نەهێڵێت و لێی ڕزگار بین.
تورکەکان چاویان پەڕیبووە پشتی سەریان و تێنەدەگەیشتن چۆن کەسێک هەیە یان چەند کەسانێک هەن کە بتووانن ئەو زانیارییە وردانە پەیدا بکەن و بە ئەو شێوەیەش بڕیاردارانە، بێ هیچ گومان و دوودڵییەک، ئەو کەسانە بە مەرگ سزا بدەن.

دەیانزانی شێرە یەکێک لە ئەو کەسانەیە، بەڵام ئیتر زیاتریان نەدەزانی. وێنەی شێرەیان لە سەدان کامێراوە وەرگرتبوو. سیخوڕە بیانیەکانیش بۆ ئەوەی پێشوەخت سەرۆککۆمار ئاگادار بکەنەوە و بیپپارێزن، هەموو زانیاریەکیان بە دەست دەگەیاند. ئەوانیش دەیانزانی شێرە لە پشت کوشتنەکانەوەیە، بەڵام سەریان سوڕمابوو ئاخۆ چۆن دەتووانێت ئاوا بە ئاسانیی ئەو کەسانە بناسێت و بیاندۆزێتەوە و بیانکوژێت.

ئەوەیشیان نەدەزانی کە بۆچی گوێ بە سیخوڕی وڵاتانی تر نادات و هەر بە تورکەکانەوە گرتوویەتی.

عەرشی پەروەردگار، هەر عەرشی پەروەردگار نەبوو. عەرشی هەموو ئەوانەش بوو کە نیشتیمانی خۆیان خۆش نەدەویست، کە ڕقیان لە خۆیان و لە مرۆڤەکانی چواردەوریان بوو، کە ڕقیان لە ژنان بوو. حەزیان دەکرد ژنان هەم لە چێشتخانە و کونجی ماڵەوەدا بهێڵنەوە و هەم هەر کاتێک ویستیان لێیان بدەن و بیانکوژن.

عەرشی پەروەردگار عرشی ئەو ژنانەش بوو کە کەوتبوونە ناو هەڵپاچین و داپاچینی خۆیانەوە و وەک بازی ڕامکراو خولیان دەخواد و بە دەم فڕینەوە گازەندە و گلەییان دەکرد و سەیری ماڵ و حاڵی خەڵکی دیکەیان دەکرد، بەڵام ئاخریەکەی هەر بە سەر دەستی خاوەنەکانیانەوە دەنیشتنەوە و بە دڵخوازی خۆیان هەر دوو پێیان دەخستەوە نێوان دوو پەنجەی قولاپیانەوە.

عەرشی پەروەردگار عەرشی دونیای ئینتەرنێت بوو. ئینتەرنێت گێتیەکی تایبەتیی بوو کە عەرشی پەروەردگاری قووت دابوو. خەڵکەکە ئەوەندە عاشق بە ئینتەرنێت بووبوون کە بۆ کۆمپیوتەر دەلاوانەوە. پرچ و برۆ و چاو و دەمولێو و سینگ و مەمک و سمتیان بۆ پەیدا کردبوو و گۆڕانی عیرفانیان بە سەردا دەخوێند و شیعریان بۆ دەچڕی.

ئەوە نەریتێکی کۆنی عەرشی پەروەردگار بوو کە خەڵکەکە هەموو شیعریان دەنووسی و عاشق بە خوێندنەوەی شیعری خۆیان بوون. بە سەدان شێوە شیعریان هەبوو. دەیانگوت شیعر ژیانە و ژیان شیعرە و لە نێوان هەردووکیاندا مێرگی شیعر هەیە.

لەبەرئەوەی لە ڕێگای خودی کۆمپیوتەرەوە بە گەردوونی سایبەر دەگەیشتن، دەیانگوت کۆمپیوتەر یەکێک لە ڕووخسارەکانی خودایە لە سەر زەوی. زۆر ڕێزیان لە بەر دەنا و زۆر خۆشیان دەویست.

بە دەیان هەزاریان شەوانە کۆمپیوتەرەکانیان لە باوەش دەگرت، ئەگینا نەیاندەتووانی بخەون. ژنی بە مێرد و پیاوی بە ژن لە سەر لە باوەشگرتنی کۆمپیوتەر و سەرەی لە باوەشگرتن لە یەکتر جیا دەبوونەوە. لە مزگەوتەکاندا لە کاتی دابەستنی نوێژدا و لە کاتی حەج و عەمرە و سەرەخۆشیی و شایی و ناوبژیوانییدا قامکێکیان هەر لە سەر ئینستاگرام و تیکتۆک و فەیسبووک بوو. هەموو شتێکی ناو ئینتەرنێتیان بە زانست دەزانی و دەیانگوت "حەوتبرا، خۆ گاڵتە نییە لە ناو ئینتەرنێتدا نووسراوە".

دەیانگوت بۆ دەیان سال لە خوێندنگا بخوێنن کاتێک ئەو زانستە جوانەمان لە بەر دەستدایە. ئەو ئامێرەی هەمیشە لە کاتی خۆیدا بانگ دەدات و هۆشیارمان دەکاتەوە نوێژ بکەین. لە ئەشکەوتێکیشدا بین دەتووانین ڕوو لە قیبلەی خۆمان بکەین. دەیانگوت ئەگەر خەڵک گەوج و نەفام نەبن ئینتەرنێت مرۆڤ لە کوفر ڕزگار دەکات.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە ئەو ژنە جوان و نیوەڕووتانەیان دەڕووانی کە بە چاو و ئەبرۆ و دەم و لێو لە ناو قوواڵایی شاشەکەدا لەگەڵیان دەدووان و فەرموویان بۆ چێژتنی خۆشیی دەکردن.

عەرشی پەروەردگار هەروەها عەرشی جاسووسیی و سیخوڕیی بوو. ئەو عەرشە بوو کە سەرۆککۆمار وەک کۆلارەیەکی بەن پچڕاو، بەرەڵای کردبوو. هەر مرۆڤێک بیوویستایە دەیتووانی سیخوڕی بۆ دەوڵەتێک و لایەنێکی تر بکات. ئاسایی بوو، ئازادیی بوو، دیموکراسیی بوو، مافی مرۆڤ بوو، کەیف و ویستی شەخسیی بوو. سیخوڕیی وەک هەر کاسبیەکی تر بوو.

ئەمەریکا و ئەڵمانییا و فەڕەنسا و بەریتانیا و چین و ڕووسیا و چەند دانەیەکی تر لە مێژ بوو سیخوڕی خۆیان هەبوو و زانیاریی وردی پێ دەگەیاندن. بەڵام ئێتر دەوڵەتە گچکۆکانیش سیخوڕی خۆیان هەبوو. دەستیان بە شان و بە پشت قنی هەر کەسێکی عەرشی پەروەردگاردا بکێشایە یەکسەر ئاوەڕی دەدایەوە و دەیگوت "حەوتبرا، بە چ شێوەیەک لە خزمەتتاندا بم؟".

دەوڵەتەکان تێگەشتبوون کە حەوتبرا لە زمانی عەرشی پەروەردگاردا ئەگەر بکرێت بە ئینگلیزیی بە مانای سێڤن برازەر دێت. دەیانگوت مەبەستمان ئەوەیە کە بە قەدەر حەوت دانە برازەرت بۆ دەکەین و بۆت ئەنجام دەدەین.

جەماعەتی سێڤن برازەر بە هەموو وڵاتێکیان دەگوت کامە زانیاری دەفەرموون، بفەرموون. لە سەر هۆز و خێڵ و عەشیرەتی خەڵکەکە، لە سەر تاک بە تاکیان، لە سەر ژینگە، لە سەر جوگرافیا، لە سەر باڵندەکان، لە سەر شارەکان، گەڕەکەکان، لە سەر ماڵەکان، لە سەر شەقام و پرد و ڕێگاوبانە گەورەکان، لە سەر کارەبا و ئاو و زێراب و ئاوەڕۆ و هەر شتێکی تر کە بتانەوێت. زانیاریی بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوە و فرۆشتن نەبێت، ئەدی بۆ چییە؟

عەرشی پەروەردگار بێ لە ئەوەی عەرشی ئەخلاق بوو، بێگومان عەرشی دین و ئیمانیش بوو. عەرشی جێبەجێکردنی فەرزەکانی دین و سوننەتەکانی بوو، عەرشی گوێگرتن و گوێڕایەڵیی لە شێخان و سەیدان و مەلاکان بوو، عەرشی سەرپێچیکردن لە شەیتان و پێڕەوکردنی ڕێنمایی و فەرمایشتەکانی ئەڵلا بوو.

عەرشی پەروەردگار هەر پارچەیەک لە خاکی گێتیی بوو. خەڵکەکەیشی بیچمی لە سەر دوو لاق وەستاو بوون. بێگومان عەرشی درۆ و بوختان و قسەوقسەڵۆک و موجامەلەی درۆ و سوێندی ناڕاست و هەموو ئەو جۆرە پێچوپەنا و بە لادارۆشتنانەبوو کە مرۆڤەکان دەبووایە بیانکردنایە بۆ ئەوەی ڕۆژگاری خۆیان بە سەرکەوتوویی بە سەر ببەن. خەتای کەس نەبوو هەر وابوو.

سەبارەت بە ئەو مەسەلەیە حکومەت بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تایبەتی پێشکەش دەکرد بە ناوی "خۆ ئێمەش نەیکەین، خەڵکی تر هەر دەیکەن، جا ئیتر ئێمە بۆ نەیکەین!".

لەبەرئەوە عەرشی بێویژدانیی و بێهەستیی و بێدەربەستیی بوو، عەرشی کەوتنی بێ هەستانەوە و بە خاکدا ڕۆچوون و مەرگی نەخوازراو بوو.

ڕێگای ڕاست ڕێگای نەهامەتیی بوو.

عەرشی پەروەردگار هەروەها عەرشی سەرۆککۆمارە خۆشەویستەکەیان بوو. عەرشی ئەو خانەوادەیە بوو کە بە گەرانتی دەسەڵاتیان بۆ مابووەوە، بەڵام کە لە بەر خاتری خەڵکەکە هەڵبژاردنیان هەر دەکرد. سندوقەکانی دەنگدانیان دادەنا و دانیشتووان بە خۆشیەوە لە سەرەی حەوت ڕۆژەدا دەوستان و دووبارە دەنگیان بە سەرۆککۆمارە سوعبەتچیە زیرەکەکەیان دەدایەوە.

پسوولەی دەنگدان حەوت جار ناوی سەرۆککۆماری لە سەر بوو. هاوولاتیی بۆی هەبوو هەر حەوت جارەکە سەح لە ناوی سەرۆککۆمار بدات بە ئەو مانایەی زۆر سەرۆککۆماری خۆش دەوێت. بێگومان پەنجا ناوی تریش بۆ کێبەرکێی سەرۆککۆماریی بۆ

هەڵبژاردن لە سەر بوو، وەکو "حەمەی گەڵامێوفرۆشی ڕەشەتەپانی"، "دوختۆر ڕەشەچەڵانی"، "عوسەی مامەم کە باوکیشمە"، "سەمای ڕەحمەی خوداگرتوو"، "خەسرەوی ڕەنج بە بادی شیرین"، "جەلالی لای دەلاکی حەوت فوارەکە" و "حەمەی جگەرفرۆش، برام و مامۆزام"، "دڵخۆشی کوڕی مەلا پاڵێوراو" و "هەر ڕۆژەی شۆرتێک و کیلۆیەک ئاڵتوون" و "خانم هەموو شتێکی بن بەڕەیان بۆ دەخەمە سەر بەڕە"، و "خێزانە پارلەمێنتارەکە" و تاد تاد.

هاوواڵاتیانی عەرشی پەروەردگار لە ناو سەرەی دەنگداندا ئەو ناوانەیان دەخوێندەوە و پێیان ڕادەبووواردن و دەیانگوت "ئەوانەش لیستی دەنگ پێنەدراوەکانن". ئیتر لە قاقای پێکەنینیان دەدا و بە سەدان جۆر خۆیان دەهێنا و دەبرد و دەچەماندەوە. هەندێکیان دەکەوتن بە سەر گازەرای پشتیاندا و لە سەر زەویە بە خۆڵ و زیخەکەدا، تەپ و تلیان دەدا.

پاش هەموو هەڵبژادنێک سەرۆککۆمار بۆ گەشتێکی دەرەوەی وڵات دەچوو، چونکە زۆر ماندوو دەبوو. لەگەڵ هاتنەوەیدا سوپاسێکی زۆری هاوواڵاتیانی دەکرد و ڕای دەگەیاند کە بێگومان ئەوانەیش کە بەربەرەکانی بوون هەر لە ئێستاوە لە پارلەمان و لە وەزارەتەکاندا دەست بە کار دەبن، چونکە هەر عەزیەتیان کێشاوە. ئینجا قاقا پێ دەکەنی و بە خەڵکەکەی دەگوت: من پیاوێکی تووندم، بەڵام تکایە با ئێوە دڵتان گەورە بێت.

عەرشی پەروەردگار هەر عەرشی خودا نەبوو، عەرشی بەرەکەتی خودا و هەل و دەرفەت و لە پڕدا دەوڵەمەندبوون و پەیداکردنی سەرمایەی خەیاڵییش بوو.

عەرشی ناوی شاعیرانە و پاشناوی دێیەکان بوون. ڕۆشنبیرەکان شەقیان لە ناوی باوکی خۆیان هەڵ دەدا و ناوی دێیەکەیان دەکرد بە پاشناوی خۆیان. بۆیە شار دێ بوو، مرۆڤ دێ بوو، گۆرانیەکان و بەسەرهاتەکان و بیرەوەرییەکان لە دێیەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت.

لە باوەشی ئەو عەرشی پەروەردگارە بێوێنەیەدا، لە ئامێزی شاری فەیزوولا و لە ناو یەکێک لە کۆشکەکانی سەرۆککۆماردا، سەرۆککۆمار بەرامبەر بە شێرە دانیشتبوو و هەوڵی دەدا لە ناخی شێرە بڕووانێت کە بە ئارامیی خۆراکی بە میز و بە تفی پاسەوانەکانی دەخوارد. لە ژێر سەدای دەنگدانەوەی هەزاربەهەزاری خوشکودایک حیزکردندا پاروو بچووکەکانی دەجووی و قووتی دەدان.

سەرۆککۆمار پێی ڕاگەیاند کە بڕیاری داوە بگوێزێتەوە بۆ شاری شەرەفئاوا، بۆ پایتەختی عەرشی پەروەردگار، بۆ شەرەفئاوا، بۆ شاری چوارخودا. ئەو شارەی لە بازنەی هەریمێکدایە کە چوار دەروازەی گەورەی بە ناوی دەروازەی خوداکان هەیە و کە میژوو وەبیری نایەت کێ یەکەم بەردی بناخەیی داناوە. شاری چوارخودا، شاری شەرەفئاوای خۆشەویست، ئەو پایتەختەی ئاشی خودای گەورەیە و بۆ خۆی بە دەستی خۆی، بە کاوەخۆ لە سەر عەرشی ئاسمانی خۆیەوە، لە ژێر میهر و بەخشندەیی خۆیدا، دەیگێڕێت. ئەو شەرەفئاوایەی ئیدی مرۆڤەکانی سەرپشتی خاوەنی ناسنامەیەک نیین، خاوەنی زمانێک و نەریتێک و کەلتورێک نەماون، بەڵکو خاوەنی فەزڵی ئیلاهیین و لە ئەو ڕەحمەتە گەورەیە زیاتر نە هیچیان دەوێت و نە هیچیان پێویستە و نە داوای هیچ دەکەن و نە بیر لە هیچ دەکەنەوە.

شەرەفئاوای پایتەخت هەر خۆی دەستهارِی مێژوو بوو. هەر خۆی هەم دەستهارِ بوو و هەم دانەوێڵەی بە خۆڵ و ئاردبووی هارِینێکی بێ بەزەیی بوو.

شێرە هیچی نەگوت. وشەیەکی وا تایبەتیی نەگوت کە شایانی باس بێت. شێرە هەر بە چاو و بە ڕووخسار لەگەڵ سەرۆککۆمارەکەیدا دەدوا و نیشانی دا کە ڕازییە و فەرمان فەرمانە.

سەرۆککۆمار بە ڕیشە فەیزوولایی بوو، بەڵام بە دەوامی فەرمیی و زۆر مانەوە، بێگومان شەرەفئاوایی بوو. جار جار لە شارەکانی تری وەک بەخشندەئاوا و موناڕەئاوا و گومەزئاوا و پیاوانئاوا هەواری هەفتە و دوو هەفتەیی هەڵ دەدا و لە ناویاندا دەمایەوە، جونکە سەرۆککۆمار سەرۆکی هەر یەک شار نەبوو، سەرۆککۆماری هەموو عەرشی پەروەردگار بوو.

هەر باڵندەکان کۆچ ناکەن!

هەر زوو بە زوو لەگەڵ بڕیارەکەی سەرۆککۆماردا خاوەنکارەکەی ئەبابەیلەیش بە بڕیارەکەی زانی و فەرمانی بە ستافی "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی"دا کە ئەگەرچی بنکەکەیان لە شەرەفئاوای پایتەختی وڵات گەورەترین بنکەیە، بەڵام ئەمانیش هەر دەبێت وەک ستافی ئاگادار بە کەیسی شێرە، بگوێزنەوە بۆ ئەوێ.

شێرە هیچ گرنگیەکی بە بڕیارەکە نەدا. دیارە دەیزانی شارەکە و خەڵکەکەی ناناسێت. هەیبوو و نەیبوو ئەو چەند جارە سەردانە بوو کە بۆ کۆبوونەوەی سیاسیی چووبوو. دەیزانی مانەوەیەکی سەخت و گران دەبێت و ئاسان لێی ناگوزەرێت.

بەڵام دەیزانی، نەک هەر لە پایتەخت، بەڵکو لە هیچ شارێک خۆشناو نەماوە و نییە. ئەم ئەو کەسە بوو کە هەموو بەها کەلتوریی و نەریتیەکانیانی لە ژێر پێی خۆی نابوو و یەکیەتیی عەشایەرەکانی هەڵوەشاندبووەوە، هەرچەندە ئەوان بە ئاگاداریی سەرۆککۆمار و بە دزی شێرەوە، هەر کۆدەبوونەوە و لە سەر ئەو شتانە ڕێک دەکەوتن کە پێیان وا بوو قازانج بە کۆمەڵگا خۆشەویستەکەیان دەگەیەنێت. عەشیرەت و دێ، شێخ و سەید و مەلا لایەنە جوانەکانی عەرشی پەروەردگار بوون.

بۆ نموونە، هەر لە ئەو ڕۆژانەدا کوڕ و کچێکی هاوتەمەن کە بە هەوای حەزلەیەککردووویی پێکەوە ڕایان کردبوو، گیران و بە دادگای عەشایەریی دران. هەر دوو عەشیرەت لە ترسی شێرە ڕێک کەوتن بە

درۆوە شاییەکی گەورە ساز بکەن و ئینجا لە پشتەوە دادگایی ئەو دوو بێناموسە بکەن. دەیانگوت کوڕەکە کچەکەی هەڵگرتووە، بەڵام کچەکە تاوانباری یەکەمە، چونکە بەرامبەر بە هەوەس و حەز لاواز بووە و خۆی پێ نەگیراوە و هەر دووای فیکەی کوڕەکە کەوتووە.

کوڕەکە منداڵکار بوو، بەدبەختێکی عەرشی پەروەردگار بوو. مۆبایل و کۆمپیوتەر و تەسبیحی خەتم و تەسبیحی یاری و کارتی قومار و چەندین شتی تری لە ناو ژوورەکەیدا کۆکردبووە و یاری پێ دەکردن. کاتێک دەیانگوت "کچەکە دووای فیکەی کوڕەکە کەوتووە" شێت و هار دەبوو. هاواری دەکرد و دەیگوت: "لە ژیانمدا فیکەم لێ نەداوە".

گەورەکانیش هەموو پێکەوە لێیان دەپرسی "ئەی چۆن دووات کەوتووە؟". "بێگومان دووای فیکەت کەوتووە".

کوڕەکە لە داخاندا کفری دەکرد و دەیگوت "بزانن، نەک هەر ئەم دوو دێیە، حەفتا دێیش وێران بێت، ئیتر یەک دانە نوێژ ناکەم".

گەورەکانیش وەڵامیان دەدایەوە و باسەکە دەگۆڕدرا "جا بێ ئەقڵ، خۆ نوێژ بۆ ئێمە ناکەیت، بۆ خۆتی دەکەیت. بزانە چۆن خواداگیان لە قیامەتدا شەق شەقێنت پێدەکات".

قسەوباسەکان ئاوا بوون. وشەیەک لە ئەم سەری باسێکەوە دەچوو بۆ باسێکی تر کە کەس نەیدەزانی چ مانایەک دەدات و چۆن لە باسی ماستەوە دەبێت بە باسی فرۆکەی بێفرۆکەوان.

شەودرەنگانێک کوڕە بە قسە جۆراوجۆرەکاندا کە لە ئەملاولاوە گوێی لێیان دەبوو، تێگەیشت کە دەنکە خۆشەویستەکەیان کوشتووە. ئەو کچە جوانەیان کوشتبوو کە ئەم زیاتر لە شەش مانگ بوو بە دەمیەوە پێ دەکەنی و لە دوورەوە گۆرانیی بۆ دەگوت. ئەو کچە شیرینەی نەیدەزانی ژیان چییە چونکە زووزوو پرسیاری لە ئەم دەکرد: "قەت بەجێم ناهێڵیت؟"، "شەو و ڕۆژ هەر ماچم دەکەیت؟"، "خواردنی دەستم دەخۆیت؟"، "ئەگەر مردم زوو ژن ناهێنیتەوە؟"، ئەو جۆرە پرسیارانە.

ڕاستە، ئەم کوڕ بوو، بەڵام هەر نەیدەزانی ژیان چییە .بەس دەیزانی وەڵامی پرسیارەکانی ئەو کچە لە بەردڵانەی خۆی بداتەوە: "نا، قەت قەت بەجێتناهێڵم"، "ئا، شەوورۆژ هەر ماچت دەکەم"، "ئەرەوەڵا، ژەهراویشی بکەیت هەر دەیخۆم"، "تۆ مەمرە، با من بمرم و تۆ بیر لە ژنهێنانەوەی من نەکەیتەوە".

ئیتر هەر دووکیان لە قوواڵاییی بێئامانی ڕەنگی چاوی یەکتردا ون دەبوون و سەریان بەرەو لای یەک، بۆ ماچێک، دەبزووا، بەڵام هەر زوو، دەنگێک و جووڵەیەک، ڕایدەچڵەکاندن و دووری دەخستنەوە.

کوڕە، بە گوێیەکانی گەیشت کە دوو ژن لە ئەملا و دوو ژن لە ئەولا، پێکەوە دەنکەکیان خنکاندبوو. بە چوار ژن خنکاندبوویان. هیچ جۆرە نزایەک نەبوو کە تاوانی ڕەدووکەوتن پاک بکاتەوە. گوێ لێ بوو دەیانگوت "سەد ساڵ دەبێت کەس جورئەتی نەکردووە شەرەفی ئەم دوو عەشیرەتە بشکێنێت، ئەم دەڵەقۆڕە نەبێت".

ئەم دەڵەقۆڕە، ئەم چاو نەرمی سەر پڕ لە ئاشووبە!

کوڕەکە لە جێی خۆی وشک بووبوو. ئیتر هیچ وشەیەکی تری نەدەبیست. کوڕەی زەمین ئەوەندە بچووک بووبووە کە لێی کەوتبووە خوارەوە و لە ناو فەزادا بە خولاوەیی و بێ لەنگەر بەر تەنەکانی چواردەوری دەکەوت. نەیدەزانی جەستەیەتی یان ڕۆحیەتی کە وا لە ئازاردا دەژیا.

بەیانی زوو ڕووخسارە ماندووە کەمخەوەکانی خەڵکانی ئەو دەڤەرە ئەگەرچی جەستەیان پێی خۆش بوو هەر لە پێخەفی خەودا بێت، لە خەو هەستان. لاقەکانیان بە سەرپێچییەوە ڕووەو جیهانی بە خەبەر هەنگاوی بچووکیان دەنا. بینیان کە کوڕە بە لەتە گوێزانێکی فڕێدراو هەموو دەمارەکانی مەچەکی چەپی خۆیی هەڵدڕی بوو. یەک دانە دڵۆپ خوێن لە لەشیدا نەمابوو. ڕووخساری لە مۆمیاکراوێک دەچوو. زەردهەڵگەڕاو و وشەکەوەبوو. خوێنەکەی بە چۆڕاوگەیەک لە نزیک خۆیەوە ڕووەو دوور لە خۆی، بەرەو زەوی تینوو، سەری هەڵگرتبوو.

سەرنجیان دا کوتەکاخەزێکی لە پاش خۆی بەجێهێشتبوو. دایکی دەگریا و لە خۆی دەدا و هەڵدەبەزیەوە و دەیزریکاند و دەیگوت کە ئەو کوتەکاخەزەی بۆ ئەو بەجێهێشتووە. خوشکەکانیشی دەیانگوت، نەخێر ئێمە دەزانین بۆ ئێمەیە.

دەرکەوت کوتەکاخەزەکە نە بۆ دایکی و نە بۆ خوشکەکانی بوو. بۆ پیاوەکانی هەردوولا بوو. دیاریش بوو بە تووڕەییەوە نوسیبووی و هەر ئەوەندەیشی نوسیبوو: لە ژیانمدا فیکەم لێ نەداوە.

دایکی هاواری دەکرد "نامەکە هەر بۆ منە، بە قوربانی فیکەکانت بم" و ئینجا بە فینگەفینگی لوت سڕینەوە لە تەرمی کوڕەکەیی دەپرسی

”چۆن لێت نەداوە کوڕەکەم، چۆن لێت نەداوە؟“، ”ئەی چۆن ئەو مەکربازەت دووای خۆت خست بە قوربانت بم؟“.

لە سەرئەنجامی جوێندانی بەردەوامی دایکی کوڕە بە مانگی کچە، شەڕێکی گەورە هەڵگیرسا. هێشتا خەڵکەکە بە باشیی تێکەڵ نەبووبوون شەش حەوت کەس لە هەردوولا کەوتبوون و خوێنیان لە بەر دەڕۆشت.

خودا و ڕاسان هەوالی خۆش گەیشت کە عەشیرەتێکی تری ئەو ناوە بە هانایانەوە هاتووە بەشکم جارێکی تر سوڵحی عەشایەری بکەنەوە. سوڵحەکەی پێشوو هەر بۆ سزادانی کچەکە بوو. ئەمەیان بۆ ئەوە بوو داخوا تۆڵەی کوڕەکە بکرێتەوە یان نا.

چیرۆکەکان بە سەدان بوون. دەیانگوت پۆلیسی پاسەوانی دارستان هەم ناوەکەی خۆشە و هەم مووچەکەی باشە، بەڵام حەوتبرا، خۆ ناکرێت ئیتر نەهێڵن خزم و کەسوکاریان دار بۆ سووتاندن ببڕنەوە، خۆ کافرستانی نییە.

لەگەڵ گێڕانەوەی ئەم جۆرە ڕووداو و باسانەدا، ئیتر لە بەر خۆیانەوە جار جار جوێنێکیان بۆ شێرە ڕەوانە دەکرد کە ناچاری کردبوون بە دزیەوە سوڵحی عەشایەریی بکەن.

شێرە لە گێتیەکی تردا دەژیا. گێتیەک زۆر جیاوازتر لە ئەو گێتیەی عەرشی پەروەردگاری لە خۆگرتبوو. بیری لە ڕۆشتنی خۆی بۆ پایتەخت دەکردەوە و بە دەم همەهمی ئاوازێکەوە کە لە بەرخۆیەوە دەیچڕی: ”هەر باڵندەکان کۆچ ناکەن ...“.

ئینجا دەنگی لێ بەرز دەکردەوە و ئۆکتەیڤێک دەچووە سەروو‌تر "مرۆڤەکانیش کۆچ دەکەن"... و لە قوواڵایی دڵییەوە دەهاتە دەرەوە.

"هەر باڵندەکان کۆچ ناکەن، مرۆڤەکانیش کۆچ دەکەن.
باڵندەکان دەزانن بۆ کۆچ دەکەن، مرۆڤەکان نازانن".
ئا لێرەدا دووبارە ئۆکتەیڤێکی تریش دەچووە سەرەوە:
"هەر باڵندەکان کۆچ ناکەن، مرۆڤەکانیش کۆچ دەکەن.
باڵندەکان دەزانن بۆ، مرۆڤەکان نازانن.
بەڵام هیچیان ناگەڕێنەوە.
زێد چیدی نایەوێت هیچ بوونەوەرێک لە خۆی بگرێت".

شێرە دەستی بە خوێندنەوە کردبوو، زوو فێر دەبوو.
جیهانێک لە ئەو دیو عەرشی پەروەردگار هەبوو کە ئەمان نەیاندەبینی. بە داخەوە بوو بۆ ئەو ژیانەی لاوانی عەرشی پەروەردگار ناچارن بەرەو ڕووی مەرگ بە کۆڵیانەوە بێت. بەڵام ژیانکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ پرۆژەیەک بوو بە ئەم نەدەکرا، بەڵکو پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتییەکی سیاسیی گەورەوگرانی نیشتیمانیی بوو. بێگومان ئاگای لە ئەو کوڕە نەبوو کە ئاخر خەفەتی سەر زەمینی ئەوەبوو چواردەوری تێبەگەیەنێت کە فیکەی لێ نەداوە.
کوڕەکە دەیویست پێیان بڵێت ئەو بە ڕاستیی کچەکەی خۆش ویستووە. وشەی فیکەکەی بە ئاستێکی زۆر نزمتر لە خۆشەویستیی و خۆشویستن، لە ئەڤین و هاورێیەتیی، دەبینی، بەڵام نەیدەزانی چۆن خۆی دەربڕێت. هەر ئەوەندەی دەزانی کە فیکە و فیکەلێدان بە ئاستی بەری پێی ئەو کچە نازدارە نەدەگەیشت کە ئەم حەزی لێی بوو، کە خۆشی دەویست و کە لێیان ستاند.

پێیان دەگوت هەر کچێکی ترت بوێت بۆت دەهێنین، بەس هەر ئەو نا، چونکە ئەگەر ئەو بە فیکە دووات کەوتبێت، ئەوا دووای هەموو فیکەیەکی تریش دەکەوێت.
ئەو ژنانەی دووای فیکەیەک بکەون، دووای هەموو فیکەیەک دەکەون.
ئێستا کوڕە و کچە هەردووکیان مردبوون و زۆر لە دوور یەک نێژرابوون. ئیتر پێویست نەبوو کچەکە خەمی وەڵام بۆ پرسیارەکانی بخوات.
خەڵکی عەرشی پەروەردگار پێیان وابوو کە ئەوانەی دڵداریی دەکەن و ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ئامۆژگاریی و ڕێنمایی و خەت و خەتکاریەکانی خێزان و باوان و خاڵوان و ماموان و کەسوکارانی چواردەور و دووردەستدا بیر دەکەنەوە و سەرپێچیان لێ دەکەن، ژنانی خراپن.
لە عەرشی پەروەردگاردا وشەی "ژنی خراپ" مانای زۆر زۆر تایبەتیی هەبوو.
لەبەرئەوە گرینگ بوو دوور لە یەک بنێژرێن.
بێگومان شێرە ئاگای لە ئەو ڕووداوە نەبوو.
ئاگای لە سەدان و هەزاران ڕووداوی لە ئەو جۆرە نەبوو.
شێرە ئاگای لە ئەو ڕووداوانە بوو کە دەیزانی یەکێکن لە هۆکارە گرینگەکانی هەڵوەشانەوەی شیرازەی عەرشی پەروەردگار. خۆی خراپترین نموونە بوو.
لە بەرئەوە ڕقی لە خۆی دەبووەوە.

چوار خودای ماندوو

شاری شەرەفئاوا شارێک بوو بە تووندیی هەڵتەکێنرا بوو. لە ئەو شارانەی کوردەی زەمین بوو کە هەر لە بەرەبەیانی دروستبوونیەوە مەیدانی شەڕ و پشێوی و ئاشووب بوو. شارێک هەر وەک سووکایەتی پێکرابێت بە شێوەی فەرشێک لە ناوەڕاستی دەشتێکی کاکی بەکاکیی بێ ئاماندا ڕاخرا بوو، وەک فەرشێکی سوور بۆ ژێر پێی ئەوانەی ناحەزی بوون، نەک ئەوانەی تیایدا دەژیان.
شاری شەرەفئاوا لە بێ ئاوی و بێ تەڕایی و بێ شێیدا لە شاری مارمێلکە و قۆڕپی دەچوو.
چیاکانی چواردەوری سەرسەوز و بەرز و بڵند و تۆکمە و بە هەیبەت بوون، بەڵام لێی دوور بوون و بە ئەو شێوەیە شارەکەیان هێندەی تر لە بەر پێی ناحەزانیدا دادەخست. جوانیی و سەرکەشیی ئەو چیا و کێوە دوورانە ڕووخساری تەپتۆزاویی و پاشموردەیی و وشکوبرینگیی شارەکەیان بەرجەستەتر دەکرد.
هەر لەبەرئەوە بەجێهێشتنی شار ڕوواوڕووی ئەو شاخ و کێوانە و گەیشتن پێیان وەک بەجێهێشتنی دەمی ئەژدیهایەک بوو، وەک ڕزگاربوون لە تۆڕی تەلیسمێک بوو، قوتاربوون بوو لە نینۆکە درێژە چڵکنە بە ئێسکبووەکانی مەرگ.
زۆرینەی شارەکانی ئەو دەڤەرە لە ژێر سایەی یەک خودادا بوون، بەڵام هیچ دادێکیان نەبینیبوو.
تەنانەت بارانی زستانانیش وردەوردە لە ئاسمانی شاری شەرەفئاوا دوور دەکەوتەوە.

چوار خوداکانی شەرەفئاوا نەک دادیان نەدەدا و بە هانای خەڵکەوە نەدەچوون، بەڵکو زیاتر بە مانای نەفرەت بوون وەک لە دەست بە سەرداهێنان. شەرەفئاوا بە جوانیی لە ناو ئەو نەفرەتەدا دەبینرا.
خەڵکەکەی وەک هەموو خەڵکی عەرشی پەروەردگار وڕ و سەرگەردان و وێڵ و ون بوون، ڕقیان لە خۆیان و لە ئەوانەی چواردەوریان بوو، بەڵام سەرەڕای هەموو نەهامەتیی و شکستیەکانی ژیانیان هەر دڵ و دەروونیان لای تەنها خوداکەی خۆیان و سەرۆککۆمارەکەیان و ماڵ و منداڵی بوو.

شێرە لە شاری شەرەفئاوادا هەستی بە غەریبایەتیی نەدەکرد، چونکە نە ئەم و نە کەسی تر نەیدەزانی کام شاری عەرشی پەروەردگار زرکۆپی شارێکی تر و کامیان لە بنچینەدا ئەسڵە. ئەگەر هەموو خەڵکی شارێکیانت بخستایەتە ناو سنووری شارێکی ترەوە و جێگۆڕکێت پێ بکردنایە کەس هەستی بە هیچ جیاوازییەک نەدەکرد. کەس نەیدەپرسی ئەم شۆستەیە، ئەم جادەیە و ئەم کۆڵانە و ئەم خوێندنگا و نەخۆشخانەیە گۆڕدراون یان شێوەیەکی تریان هەبووە.
کۆلکەی هاوبەشیان ئەڵلاگیان بوو. ئەو بۆ هەموویان گیانی شیرینیان بوو ئەگەرچی بە نەریت درۆیان بە دەمەوە دەکرد و قسەیان بە دەمەوە هەڵدەبەست. هەموشیان سەرۆککۆمارە پاکوتەمیزەکەی خۆیان خۆش دەویست و دەیانگوت لە دووای خوداوە ئەو دەپەرستن، بەڵام لە پراکتیکدا زیاتر گوێڕایەڵی ئەو بوون و دەست لە سەر دەست لە بەردەمیدا ڕادەوەستان.

سەرەڕای سەرقاڵیی بە هەموو ئەو کارانەوە کە دەیکردن و دەبووایە بیکردنایە، شێرە هەروەها گوێی لە موزیک دەگرت و دەیخوێندەوە.

سەرۆککۆمار زۆر لێی تووڕە بوو و چەندین پلانی بۆ سەرنگونکردنی دانابوو، بەڵام جار جار لە شوێنێکی پشتی سەریدا پێی خۆش بوو شێرە بتووانێت لە سەر کارەکەی بەردەوام بێت. شتێکی لە شێرەدا دەبینی کە نەیدەتووانی قامکی بخاتە سەر، بەڵام دەیزانی جیاوازە.

بەشی "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" شاری شەرەفئاوا لە عەرشی پەروەردگاردا گەورەترین بنکە بوو. لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا چاوێکیان کردبوو بە دە چاو و شێرەیان خستبووە ژێر چاودێریەکی چڕەوە.
هاوکات پلانێکی گەورەیان دارشتبوو سەبارەت بە ئەوەی کە چۆن بکەن و چۆن بە ئەنجامی بگەیەنن.
بە پێچەوانەی چڕیی چاودێریی پیاوانی سەرۆککۆمار و پیاوانی دژ بە سەرۆککۆمار و "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" و بنکەکانی تری سیخوڕیی، شێرە لە گەرمەی نیوەڕۆی ڕۆژی چواردەدا سێ کەسی کوشت کە تا ئەو کاتە دەیان ژن و پیاویان هەتا ژێر چاوی کامێراکان بردبوو.

سەرۆککۆماری تورکیا بە سەر بەرپرسی یەکەمدا کە لە ڕاستییدا بەرپرسی یەکەمی هەموو بنکەکان بوو و ئەو ماوەیە بە تایبەتیی لە شاری فەیزوواڵا خەریکی ڕێکخستن بوو، دەینەڕاند و داوای دەکرد کە دەبێت بە زووترین کات ئەو هەتیوە ناکەس بەچەیە پارچەپارچە

بکرێت. دەیگوت تازە بە زیندوویەتیی نامەوێت و چش بۆ هەموو زانیاریەک کە بتووانین لێ دەربهێنین، هەر بیکوژن و تەواو، بەڵام بە ئازارەوە بیکوژن.

ئەوانیش پێیان وابوو زانیاریی لە دەست و لە چنگی شێرە دەرناهێندرێت، چونکە زانیاریەکانی لە خوداوە بە دەست دەگات.
کەس نەیدەزانی سەرچاوەی زانیاریەکانی کوتەکاخەزێک بوو. کوتەکاخەزێک کە کابرایەکی سوانکەر لە شاری فەیزووڵا پێیدا. زانیاریەکان ئەوەندە ورد و دروست بوون کەس باوەڕی نەدەکرد سەرزەمینیی بن.
دەمەوئێوارەیەک بوو شێرە سەرقاڵی ئیشکردن بوو.
پاسەوانەکان چوون بۆ لای شێرە و پێیان ڕاگەیاند کابرایەکی سوانکەر داوا دەکات کە حەتمەن هەر دەبێت شێرە ببینێت و نەخێر بە وەڵام دانانێت.
شێرە بە کونجکاویەوە چوو بۆ دیداری کابرای سوانکەر و هەندێک پارەی دەرهێنا و کاتێک دەیویست بیداتێ، ئەویش پارچەکاخەزێکی چرچ و لۆچی پێ دا کە لە سەرەتادا شێرە نەیدەویست لێی وەربگرێت. کابرای سوانکەر چاوی لە چاوی شێرە بڕی و پێی گوت کە هەر دەبێت وەری بگریت. لە ئەو کاتەدا کە ئەم کاخەزەکەی پێ دەدا و ئەویش بڕێک پارە، بە شێرەی گوت "لە تاریکیدا دەیبینیت".

شێرە بە سەر سوپاسی کرد و بەجێیهێشت و کاخەزەکەی خستە گیرفانی. شەو کاتێک لە ماڵەوە بوو و جلوکبەرگی خۆی دەگۆڕی، گیرفانەکانی بە تاڵ کرد و هەموو شتێکی خستە سەر مێزەکە. بینی کە

کاخەزەکەی هەر لە گیرفاندا بوو. بە بێخەمییەوە هەروا لەسەر مێزەکە فڕێ دا. کاخەزێکی ئاسایی بوو، لە گیرفانیدا چڕچ بووبوو. کەمێک لێی ڕووانیی و دووبارە هەڵیگرتەوە و لێی ڕووانییەوە. تاقەتی نەبوو فڕێی بداتە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، بە بێ نرخیەوە ڕووەو سەر مێزەکەی فڕێ دا.

لە ناو پێخەفی خەودا ڕاکشابوو، کاتێک لە خوێندنەوە و وردە گوێگرتن لە موزیک و دەنگوباس وەڕس بوو، ڕووناکیەکەی کوژاندەوە. ژوورەکەی تاریک بوو. شێرە بۆ کەشی خەوتن حەزی بە تاریکی نووتەک و کەمێک ساردیی دەکرد.
وەک هەمیشە لە خەیاڵەکانیدا نوقم دەبوو. بیلبیلەکانی چاوەکانی خەریکبوون لە تاریکیەکەدا خۆیان ڕادەهێنا کاتێک کە لە دوورەوە پارچەکاخەزەکەی بینی.
پارچەکاخەزەکە دەبریسکایەوە.
لە سەرەتادا هیچی نەکرد و کاردانەوەیەکی نەدایەوە. بەڵام دووبارە کە لێی ڕووانیەوە بریسکدانەوەکەی زیاتر بینی. دەستی بۆ چرای سیسەمەکەی برد و گڵۆپەکەی داگیرساند، بەڵام برسیکانەوەکە نەما. پارچەکاخەزەکە هەمان پارچەکاخەز بوو. هەستا و چوو بۆ لای مێزەکە و کاخەزەکەی هەڵگرت و لێی ڕووانیی، هیچی نەبینی.
هاتەوە بۆ سەر سیسەمەکەیی و ڕاکشایە و بە دەم ڕاکشانەوە چراکەی کوژاندەوە. بەڵام هەر ئەوەندەی تاریکیەکە خۆی زاڵ کرد، دووبارە کاخەزەکە دەبریسکایەوە.
لەبەرئەوە دەستی بە داگیرساندن و کوژاندنەوەی گڵۆپەکە کرد و دەیبینی کاخەزەکە لە تاریکیەکەدا دەدرەوشێتەوە. هەر لە

تاریکیەکەدا ڕووەو کاخەزەکە ڕۆیشت و لە تاریکیەکەدا ڕایگرت، بەڵام سەربەرەوخوار ڕایگرتبوو.
دەستی جوڵاند و بە ڕێکی ڕایگرت و بینی چی نووسراوە:
"لە سەرەتای مانی خۆتەوە سێسەد مەتر ڕووەو خۆهەڵات بڕۆ. لە ژێر تەنەکەخۆڵێکی سەوز دایە".

بیری کابرای سوانکەری کەوتەوە کە پێی گوت: "لە تاریکییدا دەیبینیت!".

نووسینەکە بە ئاوی تۆنیک نووسرابوو کە تەنها لە تاریکییدا دەبینرا. شێرە ئەوە و تەنانەت فۆرمولە کیمیاویەکەیشی فێر بوو کە $C_{20}H_{24}N_2O_2$، بیست کاربۆن و بیستوچوار هایدرۆجین و دوو نایترۆجین و دوو ئۆکسجین. گیراوەکە پێی دەڵێن کیونینە و لە درەختی جینکۆنا بەرهەم دێت. بە هەرحاڵ، ئەو جۆرانە لە نووسین بە جۆرێک لە ئاوی لیمۆن یان شلەی جلکوبەرگشۆردن یاخود ئاوی تۆنیکیش دەنووسران. لە ئەوە زیاتر نەبوو.

شێرە چەند جارێک گڵۆپەکەی داگیرساند و کوژاندیەوە و تێکستەکەی خوێندەوە. بۆ سبەینێکەی بە ئەو شێوەیەی کرد کە کوتەکاخەزەکە ڕێنمایی کردبوو. لە ئەو شوێنەدا پارچەکاخەزێکی تری دۆزیەوە و دووبارە لە تاریکیەکەدا خوێندەوە.
تیایدا زانیاریی ورد لە سەر یەکەم کەس نووسرابوو.
پاش ئەوەی یەکەم کەسی کوشت. زانیاریەکان بەردەوام بوون.
زانیاریەکان لە شەرەفئاواش هەر بەردەوام بوو.

زانیاریەکان لە ئاسمانەوە دەهاتن و خودا بوو کە چاوی لە سەر شێرە بوو. لە رۆژی چواردەدا لە شەرەفئاوا سێ کەسی لە ماوەی کەمتر لە سێ کاژێردا کوشت، دوو پیاو و ژنێک.

ئەو هەواڵی کوشتنە هەر زوو بە زوو بە ناو دەستگا سیخوڕیەکانی شاری شەرەفئاوای پایتەختدا بڵاو بووەوە کە لە بە ئەژماریدا ژمارەیان نەدەزانرا.
خەڵکی شەرەفئاوا سوپاسمەندی خودا بوون کە لە هەر گەڕەکەماڵێکدا لانی کەم یەک مزگەوت و جاری وا هەبوو تا سێ مزگەوتیان هەبوو. کەس بیانووی لە دەستچوونی نوێژی کۆمەڵی نەبوو. لە پاش نوێژ دادەنیشتن و سوعبەت و گاڵتەوگەپیان لە سەر هەموو شتێک دەکرد و دەیانگوت لە هەموو گەڕەکێکیش دەستگایەکی سیخوڕی وڵاتێکی لێیە و لەبەرئەوە ولات ئەمن و ئەمانە و بە قوربانی سەرۆککۆمارەکەیان دەبوون کە دەروازەی وڵاتی خستووەتە سەر پشت و بیانیەکان بە ئارەزووی خۆیان دێن و دەچن و دەبینن ئازادیی و دیموکراسیی بەر قەڕارە.

بە پێچەوانەی دانیشتووانەوە، سەرۆککۆمار لە دڵی خۆیدا ناڕەحەت بوو. ڕاستە، دەیزانی زلهێزەکان دەستیان بە قنیەوە گرتووە و خەڵکەکەیشی لە دووای خوداوە خۆشیان دەوێت و وەک بیلبیلەی چاویان دەیپارێزن، بەڵام هەر ناڕەحەت بوو.
باوکی خودالێخۆشبووی هەر لە کۆنەوە هەموو شتێکی بە قسەی زلهێز و کەمهێزەکان کردبوو. ئەمیش هەر لە سەر بەڵێنی باوکە خۆشەویستەکەی دەڕۆشت و کێشەیەک لە ئارادا نەبوو، بەڵام

شەرمی دەکرد و بە خۆیدا دەشکایەوە کە دەیبینی هیچ زانیاریەکی لە سەر ئەو ڕووداوانە نییە.
چەند جارێک فشاری بۆ خۆی دەهێنا کە شێرە بانگ بکات بۆ لای خۆی و لێی بپرسێت، بەڵام لە ئەوە دەترسا کە شێرە بە قسەی نەکات و پرسیارەکەی بشکێنێت. ئەوسا چی بکات؟ دەیزانی شێرە گۆڕاوە و وەڵام بە پرسیارەکەی ناداتەوە، نەک لەبەرئەوەی ڕێزی سەرۆککۆمارەکەی ناگرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی هەستی پەنهانپارێزیی ڕێگای لێ دەگرێت.

سەرۆککۆمار بە ئەو باوەڕە گەیشتبوو کە خودا خۆی لە ئاسمانەوە زانیاریی بە شێرە دەدات. خودا نەبێت، هیچ کەسێکی سەر زەوی ئەو جۆرە زانیاریەی لا دەست ناکەوێت.

خودا دەیویست شتێک بۆ شێرە بکات. ئەو شتە چی بوو؟ خۆ شێرە پۆستی سەرۆککۆماریی نەدەخواست و بە زۆر بیشیاندایەتێ نەیدەویست. شێرە باڵاترین پۆستی هەبوو و دەیتووانی بڕە پارەیەکی زۆری عەرشی پەروەردگار بەکاربهێنێت، بەڵام نەیدەکرد.
حەزی لە دڵداریی و ژنهێنانیش نەدەکرد. هێشتا ئەو خونچەیە لە لەشیدا نەپشکوتووبوو.
کەسێک نە دەسەڵاتی زیاتری بوێت و نە پارە و نە ئۆتۆمبیل. ئەی چی دەوێت؟
سەرۆککۆمار شێرەی بانگ کرد بۆ لای خۆی و وەک هەموو جارێکی دیکە ڕێزێکی زۆری لە بەر نا و وەک هاورێیەک لەگەڵی دەدوا و بە تەوسەوە پێی گوت:

- خەرمان بەرەکەت، ماندوو نەبیت!
- سوپاس، گەورەم. تەمەنتان درێژ بێت.
- کورِم، کەمێک نیگەرانم. هەر شتێکت دەوێت یان پێویستە پێم بڵێ با بۆت جێبەجێ بکەم.
- هیچم ناوێت گەورەم. لە ئەوە زیاتر کە هەمە چیم بوێت؟

قسەوباسەکانیان کورت و ڕاشکاو بوو. کەسیان خۆی بە دەستەوە نەدەدا.

هەردووکیان تێگەیشتن کە ڕەنگە ئەوە دووا دیداریان بێت.

سەرۆککۆمار بڕیاری کوشتنی شێرەی دا

شێرە کەسایەتی ڕاستەقینەی سەرۆککۆماری دەناسی، لەگەڵ ئەوەشدا بە تایبەتیی دژی نەبوو، بەڵام ئەو لە لای خۆیەوە بڕیاریدا بوو بە هەر شێوەیەک بێت شێرە بکوژێت. باشترین شێوە ئەوەبوو هەر لە ناو ژۆفیسەکەی خۆی، لە دانیشتنێکی ئاوادا، بە گوللەیەک بیکوژێت. پاشان سووک و ئاسان بە گەلەکەی ڕابگەیەنێت کە شێرە ولاتی بەجێهێشتووە. ئینجا لە وەکیلیی شێرەوە مانّئاوایی لە تەواوی عەرشی پەروەردگار دەکات و بە خواگیانی خۆیانی دەسپێرێت.

بەرپرسی یەک و دووی "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" لە بنکە سەرەکیەکەی شاری شەرەفئاوا بە نیگەرانیی لە ئەگەری نائومێدبوون دەهاتن و دەچوون. پلانێکی باشیان بۆ گرتن و کوشتی شێرە دانابوو. هەر کەسێک بە موو لە ئەو پلانە لابدات، ڕیسیان لێ دەکاتەوە بە خووریی.
لەبەرئەوە بە بەردەوامیی لەگەڵ بکەرەکانی خۆیاندا لە پێوەندییدا بوون.

ئەبابەیلە ناڕەحەت و تووڕە بوو، چونکە نەیدەتووانی ناوەندەکە بەجێبهێڵێت و بڕوواتە دەرەوە.
بڕینەکەی سەر دەموچاوی هەموو جۆرە مرۆڤێکی دەترساند. هەرچەندە هەر بەختی خۆیی تاقیکردەوە و چوو بۆ ناو کۆڵانەکانی شاری شەرەفئاوا کە هەر بە ئەوانەی شاری فەیزووڵا دەچوون، بەڵام

کەمێک پیسوپۆخڵتر و تەپوتۆزاوییتر بوون. ئاوەڕۆی ماڵانیش بە لای جادەکاندا لە شێوەی جۆگەلەیەکدا سەری خۆیان هەڵ دەگرت.

لە کۆڵانێک مێردمندالان یاریان دەکرد و بە یەکتریان ڕادەبووارد و قاقا بە دەم یەکدا پێ دەکەنین. کاتێک ئەبابەیلەیان بینینی ترسان و ترسەکەیان پێوە دیار بوو. هەر هەموویان گرژ بوون و بە ناو یەکدا دەچوون تا خۆیانی لێ بپارێزن.

شێوەی برینەکەی ئەبابەیلە هەر ناشیرین نەبوو، هەر ئەوەیش نەبوو کە لە دڕاوپی سەر تۆپێکی فوتبۆڵ دەچوو و جێگای دەمەپێیەکی پێوە دیار بێت، بەڵکو لە کۆدا ڕووخساری ترسناک بوو. هاوکاتیش لە ئەوە دەچوو ئەو لایەی ڕووخساری گاڵتەی بە ئەم لایەی تری بکات.

ئەبابەیلە لە مرۆڤ نەدەچوو، بەڵکو لە بوونەوەرێکی دەرزەمینیی تووڕە دەچوو، بەتایبەتیی کە ئەو چاوەی بچووک بووبووەوە و بێ ئەوەی دەسەڵاتی پێ بشکێت ڕوو لە خوارەوە دەیڕووانی و خۆی هەستی پێ نەدەکرد کە لای ڕاستی جەستەی ڕووەو لای چەپی پێچی کردبووەوە، هەر وەک ئەو لایەی دەموچاوی فەرمان بە سەر ئەو بەشەی خوار خۆیەوە لە جەستەی بکات.

ئەبابەیلە چوو بۆ گەڕێکی تر و بۆ و دووان و سیانی تر. نزیکەی شەش حەوت گەڕەکی تاقی کردەوە. کاردانەوەی منداڵان هەمان شت بوو. هەموویان لێی دەترسان. منداڵە بچووکەکان بە پەلە دەچوون بۆ ژێر

باڵی دایکیان یان ڕایان یان دەکرد و لە پشت دایکیانەوە بە سەرەتاتکێوە لە ئەبابەیلەیان دەڕووانی.
بێگومان ژنەکانیش لێی دەترسان.
جارێکیان، دایکی یەکێک لە منداڵەکان کە منداڵەکەی لە پشتییەوە توند لۆچی ماکسیەکەی لێ ڕاکێشابوو، بە ژنەدەراوسێیەکەی تەنیشتی گوت "کچێ ئەوانەیان کە ساخن ژنان دەترسێنن، جا ئەم دەعبایەی".
ئەبابەیلە دەیزانی باسی ئەو دەکەن و حەزی دەکرد ورگی هەموویان هەڵبدڕێت، بەڵام لە کارەکەی و لە موچەکەیی و لە سزادان دەترسا.
دەیزانی ئیتر ناتوانێت منداڵان بخاتە ژێر کار. چۆن بتوانێت کە ئەوان ناوێرن لە ڕووخساری بڕوانن.
لە ئەمەوبەدووا خۆی دەبێت هەموو شتێک بکات.
ئەو بڕینەی دەموچاوی، ئەو بڕینە گەورە ناحەزەی وەک بانگ بە گوێدادانی ناوی خۆی دەبینی.
ئەو بڕینە درێژە زیرە کە لە لوویەکی پەمەیی دەچوو.
ئەو بڕینە بەرامبەر بە موچەکە و ئۆتۆمبیلە جوانەکەیی و خانووە گەورە خۆشەکەی و ئەو هەموو سەفتە سەد دۆلارییە بوو کە دەیتووانی هەموو شتێکیان پێ بکات.
شێرە، وەک شتێکی پێ بفرۆشێت، بە ئەو بڕینە پارسەنگی بۆ گشت سامانەکەی بۆ دانابوو، ئەوە نرخێک بوو، نرخێک بۆ کڕینی شتێک، بۆ دانی شتێک و بۆ وەرگرتنی شتێک.

لە جیهانێکی تردا، بەڵام هەر لە ناو هەمان شاری شەرەفئاوادا، لە ساختمانە فەرمییەکاندا، شێرە دانیشتبوو و لە ڕاستەیەکی بیست

سانتیمەتری دەڕووانیی کە بە دەستیەوە گرتبووپی و بیری لە ژیانی خۆی دەکردەوە. ژیانی ئەم وەک لەرینەوەی گەڵایەک بوو لە بەراووردی درەختێکی چەند هەزار ساڵەی پڕ گەڵادا.
ئەو شارە هێندە بەیکدادانی شارستانییەکان/ و شارستانیی و بەڕەییەکان/ و شارستانیی و درندەکانی/ بەخۆیەوە بینی بوو لە زمان کەوتبوو.
ڕووداوەکان شاریان لاڵ کردبوو. لەبەرئەوە ئەگەر سەد جار دوژمن بهاتایەتە سەری و خۆڵ و خاک و زیخ و چەو و بەرد و دار و دەوەنەکانی بخستنایەتە ژێر پێیەوە، خەڵکەکە دەنگیان لێوە نەدەهات. دەنگیان لێوە نەدەهات نەک لەبەرئەوەی ڕازی بوون، بەڵکو لەبەرئەوەی ئیتر زمانیان هەڵنەدەسووڕاو و نە دەهاتە گۆ.
شەرەفئاوا وەک خوشکەکانی شێرە بوو. هەزاران جار بیانگوتایە نا و نا و نا، یاخود بپاڕانایەتەوە و بیانلاوانایەتەوە هەر باوکی بە ئەو کەسانەی دەدان کە بەڵێنی پێ دابوون. لەبەرئەوە دەنگەکان خۆیان ماندوو نەدەکرد و زمانەکان و بۆ گۆکردن هەڵنەدەسووڕان.
شەرەفئاوا چەندین جار ئەزموونی سوپای داگیرکاری کردبوو کە بە عینوانی ناوبژیوان، لە سەر سینگ و بەرۆکی، ماندووپی خۆیان شکاندبوو. ئەو سوپایانەی ئیتر شەرەفئاوا و دەوروبەریان بە موڵک و ماڵی خۆیان دادەنا.
شێرە دەیزانی شەرەفئاوا نازانێت لە کوێوە مێژوو بگێڕێتەوە.
دەشیزانی ئەگەر شەرەفئاوا بڕیاریش بدات بیگێڕێتەوە، نازانێت چۆن بیگێڕێتەوە؟

دەیزانی شەرەفئاوا ناتووانێت باس لە سکڕبوونەکانی سەردەمی زیندانیی خۆی بکات، چونکە دەستدرێژیکردنی داگیرکاران زیاتر قابیلی قبوڵ بوو وەک لە شەرەفی شکاو و شەرەفی دەستبۆبردراو.
لاڵبوونی شەرەفئاوا بژاردە نەبوو، خەڵات بوو.
شەرەفئاوا شارێکی لاڵ بوو. هەر بە بێدەنگیی خۆی دەردەبڕی. بێدەنگیی نیشانەی چەوسانەوە بوو، چونکە خەسڵەتێکی بەرچاوی چەوسانەوە بوو.
خەڵکی شەرەفئاوا لەگەڵ لەدایکوونیاندا جەناتیکی شارەکەیان هەڵ دەگرت. بە لاڵی لە دایک دەبوون و بە لاڵیی دەژیان و هەر بە لاڵیی دەمردن. ئەوانیش دەبوونەوە بە هەمان خاک کە دوژمن بە سەریاندا دەهات و دەچوو.
شێرە دەیزانی کە خاچپەرستەکان بە ئەوانە دەگوترێت کە کریستیانن، سەر بە باوەڕی کریستیان یان مەسیحن، بەڵام پێیان دەگوترێت خاچ پەرست و کە لە ڕاستییدا خاچێک ناپەرستن، بەڵکو خودایەک دەپەرستن. خەڵکی عەرشی پەروەردگار عادەتیان وابوو هیچ دینێکی تریان بە ناوی خۆیەوە نەدەگوت، هەر بە مووسایی و شەیتانپەرست و ئاگرپەرست و خۆرپەرست ناویان دەبردن.
کریستیانەکان هێندە ئەم لایەی تری ڕوومەتیان هێنابووە پێشەوە کە ئیتر ئەوەی بەرامبەر چاوەڕوانی لە ئەوە کەمتریان لێ نەدەکردن. کۆبوونەوە و چڕبوونەوەیان لە سۆمای کاوەدا واتای هەبوو. لە سۆمای کاوەدا پارێزراو بوون. ئەوە یەکێک لە جوانیەکانی، دیارە هەروەها لە تاڵترینەکانی، تابلۆی ئەو دەڤەرە بوو.
لە ئەو کاتەدا بوو کە لە دەرگای ئۆفیسەکەی شێرە درا. سەرۆککۆمار ناردبووی بە شوێنیدا.

شێرە وەک هەموو جارێک بە ڕێزەوە سڵاوی لە سەرۆککۆمارەکەی کرد و لە سەر ئەو کورسیە دانیشت کە سەرۆککۆمار ئاماژەی پێ کرد. سەرۆککۆمار بەرامبەری دانیشت و لەگەڵ شێرەدا کەوتە قسەی گشتیی و پاشان بە شێرەی گوت:

- بە دڵنیاییەوە دەزانیت بۆچی بانگم کردووویت؟
- نەخێر، گەورەم. ناتووانم بە دڵنیاییەوە بزانم، بەڵام لە خزمەتتاندام.

سەرۆککۆمار لە ئەوەبەر چەندین کەسی بە هەمان شێوە کوشتبوو. بیری دەکردەوە کە دەتوانێت ئەمیش بە یەک دانە گوللە بکوژێت، بەڵام هەر دڵنیا نەبوو. لە قووڵایی ناخییدا پێی وابوو خودا ئەو زانیاریانە بە شێرە دەدات. خودا بوو کە زانیاریەکە دەخاتە دەستیەوە و ڕێنمایی دەکات و بە وردەکارییەکی لێتێنەگەیراوەوە کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکات.

- کورِم، کێ ئەو زانیاریانەت پێ دەدات؟

شێرە بێ دەنگ بوو. نەیدەزانی چی بڵێت و نەیدەویست درۆ لەگەڵ سەرۆککۆمارکەیدا بکات.

- نازانم گەورەم. نازانم کێیە.
- نازانیت یان ناتەوێت بیڵێیت؟
- ئەگەر بمزانیایە لە تۆم نەدەشاردەوە. ئەرکی سەرشانی من هەر ئەوەندەیە لە تاریکییدا لە کوتەکاخەزێک دەڕووانم کە زانیاریەکانم بۆ ئاشکرا دەکات.

سەرۆککۆمار بە ئەو قسەیەی شێرە داچڵەکا.

دەیزانی شێرە درۆ ناکات، بەڵام سەری لێ دەرنەدەکرد.

دەمانچەکەی دەرهێنا و لە سەر کۆشی خۆی دایناو. دەمانچەیەکی ڕەق و سارد، بێبەزەیی و توند وەک خودی مەرگ خۆی.

- بێگومان دەزانیت کە ئێستا دەتووانم بە یەک گوللە کۆتایی بە ژیانت بهێنم.
- بەڵێ گەورەم، دەزانم.
- ناترسیت؟
- نەخێر گەورەم.
- کورِم، بۆ وا دەکەیت؟ ئایا پێویستە ئەمە بکەیت؟ ئاگاداریت کە دەتووانیت چەند زیان بە من، بە ئەم وڵاتە، بگەیەنیت؟
- ناتووانم ڕوونی بکەمەوە، نامەوێت زەرەر بدەم. بەڵێ، پێویستە بیکەم. دەبێت بیکەم، دەبێت کەسێک بیکات.
- گوللەکە بە سەرتەوە دەنێم کە ڕاستەوخۆ ژیان لە بەرتدا ناهێڵێت. وات پێوە دەنێم کە تەنها یەک دوو دڵۆپ خوێن بێتە دەرەوە و ئەوەش هەر لە چواردەوری بریندەکە دەمێنێتەوە. پاش چەند خولەکێک تەنها ئاسەوارێکی ڕەشباو دەردەکەوێت و هیچی تر.
- ڕاست دەکەیت، گەورەم.

سەرۆککۆمار دەمانچەکەی لە دەستییدا توندتر گرت و پەنجەی ئاماژەی لە سەر پەلەپیتکەکەی دانا و کەمێک ڕووی لە شێرە کرد. شێرە هیچ نەبزووا. هەر ئاوا وەک هەموو جارێکی تر بە نەرمیی لە سەرۆککۆماری دەڕوانی.

- کورِم، من لە خۆم ناترسم. چەندین دەوڵەت من دەپارێزن. بەڵام پێویست ناکات من کەس بپارێزم. تۆ بۆ من بوویت بە

ئاشووب، ئاگرێکیت و لە ناو پاوانی باووباپیرانمدا هەڵبوویت. دەبێت بتکوژم، ناتووانم لەگەڵتدا درۆ بکەم، ناتووانم هەر ئاوا وەک هەر کەسێکی تر بتکوژم.

- ڕاست دەفەرموویت، گەورەم.

سەرۆککۆمار لە هێمنیی و ئارامیی شێرە سەری سوورِ مابوو. دەمانچەکەی بەرزکردەوە و ڕووەو شێرە ڕایگرت. بەڵام لە پرسیاردا بوو لە خۆی و بیری دەکردەوە "بۆچی خودا ئەو زانیارییانەی بۆ دەنێرێتە خوارەوە؟".

لە شێرەی پرسی:

- ئایا بەڵێنم پێ دەدەیت کۆتایی پێ بهێنیت؟
- نەخێر گەورەم. تا زانیارییم پێ بگات بەردەوام دەبم.

سەرۆککۆمار تووندتر دەمانچەکەی ڕووەو شێرە ڕاگرت. دەیزانی گوللەکە بەر کوێی دەکەوێت و چی ڕوو دەدات. شێرە هەر بە ئەو شێوەیەی خۆی بە ئارامیی، لە سەرۆککۆماری دەڕووانی.

- کورِم، شتێک بڵێ!
- هیچم بۆ گوتن پێ نییە، گەورەم، دەنا پێم دەگوتیت.

پاش چەند چرکەیەک سەرۆککۆمار شێرەی ئیزن دا بڕووات و دەمانچەکەی خستەوە سەر مێزەکەی. لەگەڵ هەستان و ڕۆیشتنی شێرە و دانانی دەستی خۆی لە سەر دەمانچەکەی، هەردووکیان دەیانزانی ئیتر یەکتر نابینەوە.

"کارێکی پێ بدە، خۆیت پێشکەش بێت"

سێ ڕۆژ پاش دیدەنیەکەی لەگەڵ سەرۆککۆماردا شێرە زانیاریەکی زۆر شایانباسی دەستکەوتبوو. پێی وابوو ڕەنگە بتووانێت بە ڕێشەی سەرەکیی ئەو کێشەیە بگات کە بووبوو بە خولیای هەمیشەیی. دەیزانی بنکەیەک هەیە و پێی وا بوو دەتووانێت ئەو بنکەیە لە بناخەدا هەڵبتەکێنێت.
لە سەروبەندی کوشتنی ئەو ژنەدا بوو کە لەبەردەمییدا دەپارایەوە و داوای لێ دەکرد بەرامبەر بە گۆڕینەوەی زانیاریی، ژیانی پێ ببەخشێتەوە.
شێرە بووبوو بە مەکینەیەکی مرۆڤکوژ. سەروسیمای هیچ شتێکی تیادا نەدەخوێندرایەوە. ژنەکە لێی دەڕووانیی و نەیدەزانی شێرە ژیانی پێ دەبەخشێت یان نا، بەڵام ئەو گرەوەی هەر کرد و وەک کتێبێک پەڕەکانی خۆیی خستبووە بەردەمی شێرە.
زانیاریەکان شێرەیان شۆک کرد کە تا چ ئاستێک ئاڵۆز بوون و بە قوواڵیی خەڵکی عەرشی پەروەردگاردا شۆڕ بووبوونەوە. گەرای ئەو بنکەیە لە کۆشکە بەرز و جوانەکانی دەسەڵاتدا تروکابوون و بە ناو کوێرەکۆڵانەکانی هەموو شارەکانی عەرشی پەروەردگاردا دانرابوون و بڵاوبووبوونەوە.

ژنەکە لە دووا هەناسەکانی ژیانیدا بیری لە پێوەندیی پارە و مەرگ دەکردەوە.
پارە شیرین بوو، مەرگ تاڵ.

لەبەریەکگەوتنی ئەو دوو دژبەرەدا پارە هەمیشە براوە بوو، بەڵام مەرگ بوو دووا بڕیاری دەدا.
ژنەکە هیچ فریا نەکەوت بە سەرئەنجامێک بگات، چونکە مێشک بێ گیان هەڵنەدەسووڕا و ئەمیش زوو گیانی دەرچوو. شێرە ژیانی پێ نەبەخشی.

لە کۆشکەکەی خۆیدا سەرۆککۆمار بیری لە پلانێکی تر دەکردەوە. پلانێک کە هیچ نەبێت بەرپرسیاریەتیی فەرمیی لە شێرە بستێنێتەوە. ڕاستە نایەوێت و لە دەستی نایەت بیکوژێت، بەڵام خۆ دەتووانێت کارەکەی لێبستێنێتەوە، بەتایبەتیی کە ئیتر خەڵکی عەرشی پەروەردگار نەک هەر لێی ڕازی نەبوون، بەڵکو لێی تووڕەش بوون.

لە ژێرەوە هەموو ئەو نەریت و یاسایانەیان دەشکاند کە شێرە دەیویست بە سەریاندا بسەپێنێت یان فێریان بکات. لە پشت شێرەوە هەموو دەستیان کردبووەوە بە واسیتە و واسیتەکاری.
هەندێک هەبوون ڕووخساری جیاوازتریان بە واسیتەکردن دەدا.
باوکێک بە کچەکەیدا نامەیەکی سەرداخراوی بۆ بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیەک ناردبوو کە زۆر لە دووڕەوە دەیناسی. بەڕێوەبەرەکە لە پشت مێزەکەوە ڕووبەڕووی کچەکە نامەکەی بە بێدەنگیی بۆ خۆی دەخوێندەوە: "کارێکی پێ بدە، خۆیت پێشکەش بێت".
بەڕێوەبەرەکە بە دەم خوێندنەوەی نامەکەوە سەیری بەژن و باڵای ئەو کچە تازە پێگەیشتووەی دەکرد و حەزی هەوەسی بە سەر شەپۆلی جەستەی کچەکەدا سەرەبەرەوخوار خلیسکێنەی دەکرد.

کچەکە کە نەیدەزانی نامەکە چی تیادا نووسراوە، بە زەردەخەنەیەکی گەرمەوە وەڵامی زەردەخەنەی بەڕێوەبەرەکەی دەدایەوە.
هەر ئەوەندە نەبوو کە خەڵک بە دزی شێرەوە کەوتبوونە واسیتە و خوراندنی پشتی یەک، بەڵکو ئیتر هەموو نەریتە باوەکانی خۆیان زیاتر لە جاران پیادە دەکردەوە.

لە کۆشکەکەی خۆیدا سەرۆککۆمار بە خۆیی دەگوت، ئەگەر ناتووانم بیکوژم، خۆ دەتووانم بەرپرسیاریەکەی لێ وەربگرمەوە.

سەرۆککۆمار ژیر بوو، دەیزانی هەندێک جار چەرخی فەلەک وا دەسووڕێتەوە کە ڕەنگە هەموو دۆستەکانی لە پڕێکدا ببن بە نەیاری و لەبەرئەوە بڕیاری دا بە زووترین کات لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی تایبەتدا لەگەڵ گەلە خۆشەویستەکەی خۆیدا بدوێت و بڕیارێک کە سەبارەت بە زێدە شیرینەکەیانە، بدات.

کاتێک سەرۆککۆمار لە ژوورەکەی خۆیدا لە ئەو بیرکردنەوە و خۆئامادەکردنەدا بوو، پاسەونێکی شێرە هات بۆ لای شێرە و بە دەم تەقەتەق سڵاوی فەرمییەوە بە شێرەی ڕاگەیاند کە کەسێک لە دەرەوە هەواڵی دەپرسێت و نایەوێت بێتە ژوورەوە.

لە دەرەوە شێرە کەسێکی بینی کە لە ئەوەبەر نەیبینی بوو. ئۆتوبوسێکیش لە دووری چەند مەترێکەوە ڕاوەستابوو. کەسەکە پێی گوت "سوار بە!".

کاتێک شێرە لە ئۆتوبوسەکە وردبووەوە جوانکیلە و زاواکەیی بینیی. هەردووکیان توند دەموچاویان بە جامە گەورەکەی پشتەوەی ئۆتوبوسەکەوە نووساندبوو و وەک منداڵ بن لوت و دەمیان لە سەر توند کردبوو و پێ دەکەنین. بە دەم شێرەوە پێ دەکەنین.

شێرە جوانکیلەی زۆر خۆش دەویست، بەڵام نەیویست لەگەڵ ئۆتوبوسەکە بڕووات تا لە پڕێکدا ئەبابەیلەی بینی کە لە پشتی خوشکەکەیی و زاواکەیەوە ڕاوەستابوو، لە شێرەی دەڕووانیی و بە پێوە تەکانی بە خۆیی و کۆشی دەدا و زمانی لە شێرە دەردەهێنا.

شێرە ئەبابەیلەی بە ئەو شێوەیە بینی. بە بینینی ئەبابەیلە هەموو بیرێکی پسپۆڕیی و فەرمیبوونێکی لە دەست دا و ڕووەو ئۆتوبوسەکە ڕۆیشت و چووە ناو ئۆتوبوسەکەوە. کابرای لای دەرگاکەش بە هەمان شێوە لە دووای شێرەوە پێی هەڵگرت.

هێشتا دانەنیشتبوو کە کابرای شۆفێر لەگەڵ داخستنی دەرگاکاندا پێی پیادا نا. شێرە بە دەم سەرسمێکی بچووکەوە لە سەر کوشنێک دانیشت و بینی کە چوار پیاو، دووان لە ئەم بەر و دووان لە ئەو بەر دانیشتبوون. ئەبابەیلەیش لە ناوەڕاستی کوشنەکەی دووەوەدا بە لینگی کراوەوە و بە ڕووخسارێکی پێکەنیناویەوە کە هێندەی تر ڕووخساری خوار کردبووەوە لە شێرەی دەڕووانی.
جوانکیلە و مێردەکەی بە دەم وردە سەمای بە لیترلێدانەوە بەرەو لای شێرە هاتن و دیار بوو لە هیچ شتێک ئاگادار نەبوون، بەڵام هەروەهاش مەست و دوور لە ئەوێ بوون. جوانکیلە بێگومان

دەیزانی ئەوە شێرەی برایەتی و زۆری خۆش دەویست، و بە ڕوویەوە بە هێمنی پێدەکەنی، بەڵام دەمی لە ئەوە زیاتر گۆی نە دەکرد و پێڵووی چاوەکانی بە ئەسپایی هەڵدەهاتن و لە پڕیش تۆزێک لە ئاسایی زیاتر دەکرانەوە.
زاواکەی کە خەریک بوو دەکەوت بە دەمدا، لەپەدەستێکی بە سەر شانی ڕاستی شێرەدا کێشا و خۆی گرتەوە.

ئەبابەیلە کە ڕوو لە شێرە بوو قامکی ئاماژەی خۆیی بە واتای جوێندان بڵند کردەوە و لە سەرخۆ خستیە دەمیەوە و کەوتە قاقای پێکەنین.
شێرە دەمانچەکەیی دەرهێنا و ویستی گوللەی پێوە بنێت کە چوار پیاوەکەی تر هەستان و دەستیان بەرەو کەللەکەیان بۆ دەمانچە برد.
شێرە هاتە دەست و تەقەی لە هەر چواریان کرد و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە.

گوللەیەک لە هی یەکێک لە پیاوەکان کە لە بەشی سەرەوەی ئۆتوبوسەکەدا بوون بەر شۆفێرەکە کەوت و دەستبەجێ ئۆتوبوسەکە کەوتە ئەملاوئەولا کردن و خۆی بە بەربەستێکی گەورەی نزیک پردێکدا دا. بەربەستی بەردەم پردەکە هەمووی تایەی گەورەی ئۆتۆمبیل بوون، بەڵام پڕیان کردبوون لە لم.
لەگەڵ پێداکێشانەکەدا پێشی ئۆتوبوسەکە بەرەو ناوەوەی خۆی ڕوو بە ناوەڕاست هاڕەی کرد و پلیشایەوە. هەروەک چۆن فشار بۆ سەر قوتوویەکی ناسکی ئەلەمینیۆمی بە تاڵ بهێنرێت، ئاوا پان بووەوە و لەگەڵ زرمەیەکدا پشتەکەی بۆ سەرەوە بەرز بووەوە و بە تونديی بە ئەردیدا دایەوە.

هێشتا بۆدیی ئۆتوبوسەکە دەلەرییەوە کە شێرە بە سەرێکی کاسەوە لە ئەملاوئەولای خۆی ڕووانی و لەبەر تەپوتۆز و خۆڵبارین و بە سەریەکدا کەوتنی کوشنەکان و کەپسبوونی پێشی ئۆتۆبوسەکە هەموو شتێک لە بەر دیدەیدا لێڵ بوو. تارمایی ئەبابەیلەی دەبینی کە فڕێ درابووە دەرەوەی ئۆتۆبوسەکە و بە لارەلار خەریکبوو هەڵدەستایەوە سەر پێی.
شێرە لە هەوڵی پەلەکردندا بوو کە سەیری کرد بە سەر لاشەی زاواکەیدا هەنگاو دەنێت کە بێگیان کەوتبوو.
لەگەڵ پێ هەڵبڕینەکەیدا جوانکیلەی بینی. یەک گوللە بەر تەختی سینگی کەوتبوو و برینەکەی هێشتا خوێنی دەدەڵاند. بە زەردەخەنەیەکی بچووکی لالێویەوە سارد بووبووە.
شێرە زۆر تووڕە بوو. بە سەری کاس و وڕەوە لە ڕووداوەکەی دەڕووانیی و بە شێکی لەشی شۆفێرەکەی بینی کە لە ناو قوپاووپی و کەپسبوونی ئەو بەشەی پێشەوەی ئۆتۆبوسەکەدا گیری خواردبوو.
شۆفێرەکە و ئەو چوار پیاوەی تر کە هەر یەکەیان بە لایەکدا فڕێدرابوون گیانیان سپاردبوو.

ئەو کاتەی دەچووە دەرەوە سەیرێکی جەستەی جوانکیلەی کردەوە کە لە پشتەوە لە پۆزی قسەکردندا خۆی بە سەر پشتی کوشنەکەدا دابوو. لە ئەوە دەچوو کەسێک بدوێنێت.

شێرە چووە خوارەوە. ئەبابەیلە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو.

بە دەم خۆ تەکاندن و هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی پەیکەری جەستەی، ئۆتۆبوسەکەی بەجێهێشت.
ئۆتۆمبیل و بارهەڵگرەکانی سەر جادەکە کە بە دەیان بوون هەموو لە ئیستۆپگرتن و بە سەریەک کەڵەکەبووندا بوون و نەیاندەزانی چی ڕووی داوە.
لە عەرشی پەروەردگاردا تەقە و بەیەکدادانی ئۆتۆمبیل کاری ڕۆژانە بوو. هەموو دەیانزانی لە وڵاتی قەزاوقەدەردا دەژین و دەشیانزانی خودا ئەگەر کاریشیان زەحمەت بکات، هەر ئاگای لێیانە.
هەموو لە شوێنی خۆیانەوە لە ڕووداوەکەیان دەڕووانیی و داوایان لە خودا دەکرد سەرنشینەکان بپارێزێت.

ئافەرم ئەبابەیلە، تۆ شێرەت کوشت!

سەرۆککۆمار بەڵگەیەکی زۆری دژ بە شێرە کۆکردبووە بۆ ئەوەی ڕازی بکات عەرشی پەروەردگار بەجێبهێڵێت و بڕووات بۆ وڵاتێکی تر. بێگومان بە تەمابوو دڵنیاشی بکاتەوە کە لە ڕووی ئابووریيەوە یارمەتیدەری دەبێت.
سەرۆککۆمار دەیزانی شێرە نە هیچ پارەیەک دەدزێت و نە بەرتیل لە کەس وەردەگرێت، بەڵکو هەموو ئەو پارەیەی خۆی وەریدەگرێت بە خەڵکی هەژار و نەدار دەدات. بەڵام ئیتر، بە تایبەتیی پاش ڕووداوی ئۆتوبوسەکە چوار ڕۆژ لەمەوبەر، سەرۆککۆمار نەیدەویست شێرە نە لە بیناکانی حکومەتدا و نە لە خودی وڵاتیشدا بمێنێتەوە. نەیدەتووانی لە ئەوە زیاتر بەرامبەر بە تاپۆی باوکی بێ موبالات بێت.
هەموو ئەو بەڵگەنامانە بە دەستی گەیشتبوون بە زیادەوە دەیانسەلماند کە خەڵکی عەرشی پەروەردگار تاقەت و حەوسەڵەی ئەو هەموو جیدیەت و ڕێکوڕەوانیەیان نییە کە شێرە دەیویست فێریان بکات.
بە تایبەتیی ئەو هاوولاتیانەی داوایان لە سەرۆککۆمار دەکرد کە تێلاتڕێنی نیشتیمانیی بخاتەوە گەڕ. ئەوان ڕێکخستنێکیان بە ناوی "تێلاتڕێنی نیشتیمانیی مافی هاوولاتییە" دامەزراند بوو. خەڵکەکان کە ژمارەیان بە هەزاران بوون لە بەردەمی کۆشکی هەموو شارێکی سەرۆککۆماردا خۆپیشاندانی ئاشتیانەیان ئەنجام دەدا و لە پاسەوانەکانی کۆشک دەپاڕانەوە بەشکم قسەیەکی خێریان بۆ بکەن.

عەرشی پەروەردگار عەرشی زۆر شتی گرینگ بوو، بە تایبەتیی عەرشی کۆمەڵە دیموکراتیکەکان و یانە دیموکراتیکەکان بوو. هەموویان خەریکی کۆکردنەوەی نەریتی نیشتیمانیی بوون کە بە کەلتوری ڕەسەنی خۆیان ناویان دەبرد، وەک یاری گۆرەوی گۆرەوی و پەتپەتێنە و شەڕەگوریس و کۆڵکۆڵێنە و جاجمجامێن و یاری تر.

ئەو دەمەی شێرە "تێڵاترێنی نیشتیمانیی" ڕاگرتبوو، کابرایەکی سوعبەتچی بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی پێ درابوو تا هیچ نەبێت بە شێوەیەک قەرەبووی نەمانی پەخشی "تێڵاترێنی نیشتیمانیی" بکاتەوە و خەڵکەکە ژیر بکات. بەرنامەکە ناوی "بەرنامەی فلّقفلّقێنە" بوو. تا دەهات بینەرانی بەرنامەی "فلّقفلّقێنە" زۆرتر دەبوون.

دەمی پاشنیوەڕۆی چوار ڕۆژ لە ئەمەوبەر کە ئۆتوبوسەکە خۆی بە بەربەستی پێش ئەو پردەدا کێشا و هەروەها لە ناویشیدا بوو بە شەڕە تەقە و شەش کەسی تیا کوژرا، کەس لە خەڵکی عەرشی پەروەردگار لە ڕاستییەکان ئاگادار نەبوو. هەر ئەوەبوو کە لە ناو خۆیاندا، وەک هەموو ڕووداوێکی تر، بە ئارەزووی خۆیان لێیان دەهۆنییەوە.
ڕاگەیاندنەکان هەر هەمووی مەشغوڵی پەخشی ئەو بەرنامەیەی کابرای "فلّقفلّقێنە" بوون و هەر یەکەی بەرنامەی ڕاستەوخۆیان بە نوێنەری تایبەت بە خۆیانەوە پەخش دەکرد. دەیانگوت ئێمە هەموومان سەربەخۆین و دەبێت پەخشی ڕاستەوخۆی تایەت بە خۆمان هەبێت.

کابرای سوعبەتچی دایکی خۆیی هێنابوو بۆ ئەو بەرنامە تایبەتیەی خۆیی و هەموو ئەهلی ڕاگەیاندن لە دەوری کۆبووبوونەوە. پیاوانی ڕاگەیاندن، سەروسمێڵ چاککراو و بۆیەکراو، بە چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخی تەواو ئوتوکراوی داپەستراوەوە، هەموو لە لە فەردەکای بچکۆلە و مامناوەندیی و گەورەی پەستراوە دەچوون.

.

ژنانیش بە دەیان پارچەی جۆراوجۆری ڕەنگاوڕەنگەوە کە بە سەر یەکدا لە بەریان کردبوون و بە سەر شان و مل و لەشیاندا هاتبوونە خوارەوە. بە کیلۆ زێڕ یان مەعدەنی زەردەوەچوو و لەگەڵ ملوانکەی مێخەک و موورووی دانە گەورەدا بە خۆیاندا شۆڕ کردبووەوە.

بەرنامە تایبەتییەکە سپۆنسەری خودی سەرۆککۆمار بوو و ڕێگایشی بە هەردوو سەرۆککوەزیرانەکەی دابوو کە هەردووکیان بۆیان هەیە بوستی بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ یەک بە شەڕ نەیەن.

هەموو خەڵکی عەرشی پەروەردگار بوستیان دەکرد و ئەگەر لە برسیشان بمردنایە هەر بەشە پارەی بوستکردنیان دادەنا یان قەرزیان دەکرد.

کابرای سوعبەتچی دەچوو بۆ لای دایکی خۆیی و پێی دەگوت: "دەی دایە بفڵقێنە!".

دایکی، پیرەژنێکی ماندووی هەڵکورماو، ددانەکانی لە دەمدا نەمابوو لە سەر کورسیەکی نیوە قەنەفەیی گەورە دانیشتبوو. لە کوندەپەپوویەکی تەڕی سەرمابردووی خەواڵوو دەچوو، سەیری ئەو هەموو کامێرایەی دەکرد و چاوەکزەکانی هێندەی تر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هەموو پرۆژێکتەرە گەورەیەی ستودیۆکەدا کزتر دەکرد و لە بەر خۆیەوە

شتێکی دەگوت کە لە بەر بێ ددانیی و پووکە خوراوەکەی دەنگی نەدەهاتە دەر.
کوڕەکەی ڕووی خۆیی لە کامێراکە دەکرد و بە تەماشاکارانی دەگوت "دە بڵێن بفڵقێنە". ئەوانیش هەموو بانگیان لە پیرەژن دەکرد: دە بفڵقێنە.
ئینجا خۆی لە دووای ئەوانەوە بە دایکی خۆیی دەگوت "دە کچێ بفڵقێنە".

سەرۆککۆمار و هەموو عەرشی پەروەردگار هاواریان دەکرد "دە کچی بفڵقێنە" و لە قاقای پێکەنیندا بە پشتدا دەکەوتن و بە دەستووری خۆیان، لە سەر زەویەکە پاڵ دەکەوتن و دەگەوزان و لاقەکانیان بە ئاسماندا دەهێنا و دەبرد و پایەدریان لێ دەدا و هێندەی تریش دەنگیان بەرز دەکردەوە: "دە کچێ بفڵقێنە".

کابرای سوعبەتچی ڕوو لە کامێراکان، دەیگوت:
کەو دەقاسپێنێت
بزن دەبارێنێت
مەڕ دەباعێنێت
کەر دەزەرێنێت و
ژنان دەفڵقێنن

ئینجا بە هەنگاوی کەمێک گەورەوە بە ناو ستودیوەکەدا ڕاکەڕاکی دەکرد و دەچووەوە بۆ لای دایکی خۆیی و مایکریفۆنەکەی لە بەر دەمدا ڕادەگرت:

"دەی دایە بفڵقێنە!".

دایکی بە هەمان شێوە ڕووی دەکردەوە کامێراکان. ئەو هەموو گڵۆپە گەورە تیژە گەرمەی چواردەوری چاویان پێ کز دەکرد. لە خەیاڵی خۆیدا وایدەزانی مرۆڤەکان هەموو شێت بوون و هەر یەکەیان کڵاوێکی ڕووناکیی لە سەر کردووە و پێی سەیر بوو بە خۆیان ڕادەبوێرن. لە بەر خۆیەوە شتێکی دەگوت کە کەس لێی تێنەدەگەشت.

کورەکەیشی بە دەستێکی مایکریفۆنەکەی لە بەردەم دەمی دایکیدا ڕادەگرت و بە دەستێکیش سەمای لەگەڵ تەماشاکاران دەکرد و قنی هەڵدەتەکاند و دەیگوت:

- "دە کچێ فڵقەفڵق".

لە ئەو دەمەدا کە هەموو عەرشی پەروەردگار بە دایکە بەساڵداچووە ماندووەکەی کابرای سوعبەتچی پێدەکەنین، شێرە لە ئۆفیسەکەی خۆی خەریکی پلان دانان بوو. جووکەیەک بە تەلەفۆنەکەی گەیشت و لێی ڕووانیی.

فیلمێکی کورتی لە تێلەگرامەوە پێگەیشت.

فیلمەکەی بینی.

خوشکەگەورەکەی بوو لەگەڵ زاواکەی. لە نزیکەی خولەک و نیوێکدا خوشکەگەورەکەی و مێردەکەیی و کەسانی تر بە ڕووت و قووتیی بە سەر یەکدا دەکەون و ئەوە دەکەن کە مرۆڤی ئاسایی نایەوێت بیری لێ بکاتەوە.

هەرچەندە شێرە چاوەڕوانی هەموو شتێکی دەکرد، بەڵام بینینی خوشکەکانی تری لەگەڵ مێردەکانیان و کامێرامان و ستافی فیلمگرتن کە هەر یەکەی گەڵ و قنی ڕووتی نیشانی گۆشەیەکی جیاواز لە چاوی کامێراکان دەدا، بە تەواویی ناڕەحەتی کرد.

لە ژێر باری تووڕەییدا جەستەی شێرە بە سەر کورسیەکەیدا داتەپابوو و ڕووخساری خستبووە نێوان هەردوو لەپی دەستیەوە و بەرەو سەرەوە وخوارەوە ماسولکەکانی ڕووخساری خۆیی ئوتو دەکرد.
لە کاردانەوەی بینینی ئەو دوو سێ خولەکەدا ئەو ماسولکانەی ڕووخساری خەریک بوون بە ناو یەکدا دەچوون.

جووکەیەکی تر لە تەلەفۆنەکەی بەرز بووەوە و سەرنجی دا نووسرابوو: ”هەیمەن ئەشیغدەکی ئەدرێس یالنز ڤە سیلاحسیز گەلن، ئەقسی تەقدیردە هەر شەی جەهەنەمە دوێنوجە (Hemen aşağıdaki adrese yalnız ve silahsız gelin, aksi takdirde her şey cehenneme dönece)/ بە زووترین کات بە تەنیا و بێ چەک وەرە بۆ ئەم ناونیشانەی خوارەوە، دەنا دۆزەخ بەرپا دەبێت“.

پاش چەند چرکەیەک لەگەڵ جووکەیەکدا ئەدرێسەکەیان بۆ نارد.

شێرە هەستا و بەرەو ناونیشانەکە ڕێگای گرتەبەر.
لە بەردەم بیناکەدا بە سەرنجەوە لە چواردەوری خۆیی دەڕوانی و دەیبینی کە چۆن چەندین باڵەخانەی بڵند بە ناو بۆشایی ئەو ناوەدا ڕوویان لە ئاسمان کردووە. بێئاگا بوو لە ئەوەی کە لە چەندین کامێراوە

دەبینرا. چەندین کامێرا تەنانەت چەند گەڕەکێک لە ئەو لای ئەو بینایەوە کە ئەم بەرەو ناوەوەی هەنگاوی دەنا.

چوو بۆ بەر دەروازەکە. دوو کەس ڕاوەستابوون کە لە پاسەوان یان دەرگاوانی ئاسایی نەدەچوون.
کەمێک لە دەرگاکە و بۆکسە کۆدەکە نزیکبووەوە، دەرگاکە خۆی ئۆتۆماتیکی کرایەوە. شێرە تێگەیشت کە چاویان لێیەتی.
شێرە چووە ژوورەوە و بینی کە دەرگای ئاسانسوارەکان کراونەتەوە هەر وەک چاوەڕوانی ئەم بن و هەر کە لە ناوەوەی ئاسانسوارەکەدا وەستا، یەکسەر جووتی لادەرگاکان ڕووەو یەک هاتنەوە.

بە پێچەوانەی داواکاری ئەوانەوە شێرە لە جیاتی یەک دەمانچە دووانی لەگەڵ خۆی بردبوو. دانەیەکیان، گلۆکێکی بیستودوو، کەمێک لە خوار سپڵیەوە ڕوواوڕووی لاکەمەری بۆ دواوە گیری کردبوو و ئەوەی تریان، ناینتین ئیڵەڤینێکی کوڵی سپرینگفیڵدی مەخزەن بیست فیشەکیی نۆ میلیم ڕێک لە سەر ناوەڕاستی پشتی قنی کە بە کەمەری پانتۆڵەکەی ڕایگرتبوو. لەگەڵ کۆمەڵێک مەخزەنی پڕدا لە چواردەوری پشتی و گیرفانەکانیدا.
لە قاتی پێنج کاتێک لادەرگاکانی ئاسانسوارەکە خۆیان ڕووەو ناوەوە کشاند، شێرە لەگەڵ هەنگاونانی بۆ ناوەوەی بنکە، بۆ ناو هۆڵەکە، دەمانچە گلۆگەکەی هێنابووە دەرەوە و توند کلکەکەیی لە ناو لەپی دەستیدا گوشیبوو. بە دەم چوونە ژوورەوەوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ بکات و چاوپۆشیی لە هیچ بکات، گوللەی بە هەموو ئەوانەوە دەنا کە دەیبینین. بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگاویدا بۆ ناوەوە کە لە

گەرمەی تەقەکردندا بوو، یەک زرمە هات و هەستی بە شکانی ئێسکی کوڵەپێی ڕاستی کرد و بە دەم هاوارێکی کورتەوە کەوت بە زەویدا. هاوکات هەر تەقەی لە ئەوانە دەکرد کە دەردەکەوتن.
ئازارەکەی زۆر بوو. تەڵەیەکی گەورەی ورچ ڕاوکردن ڕاستەوخۆ لە بەردەم یەکەم هەنگاوی دووای ئاسانسوارەکە لە ناو چاڵێک نرابوو. تەڵەکە بە هەموو هێزی خۆی گازی لە پێی ڕاستی شێرە گرتبوو، لە ئاستی کۆتایی کوڵەپێیدا.
کاردانەوەکانی لە تاو ئازارەکە ناکۆنترۆڵکراو بوو، بەڵام هەر هەوڵی تەقەکردنی دەدا. لە ئەو کاتەدا چوار کەس زەفەریان پێ دەبرد و لە دوورەوە بە شێوەی جیاواز دەمانچەی کارەباییان لێ دەدا.

کاتێک بە ئاگاهاتەوە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوو. لە سەر کورسیەکی چەرخدار بەستبوویانەوە و خوێنێکی زۆری لە بەر ڕۆیشتبوو. تەڵەکە هێشتا هەر بە قاچیەوە بوو، لێیان نەکردبووە.
لە ئەو دۆخەیدا هەستی بە هیچ نەدەکرد. دەیبینی کە ددانەکانی تەڵەڵەکە لە قووڵایی ئێسکی پێیدا هەڵچەقیبوون.
وڕ و کاس بوو، چاوەکانی بە لێڵی چواردەوریان دەبینی.

ئەبابەیلە بە دەوریدا دەهات و دەچوو.
هاوکات جار جار لە ناو ئەو هۆڵە گەورەیەدا خولی پێچاوپێچی بە گالیسکەکە دەدا و شێرەی ناچار دەکرد ئەو فیلمانە ببینێت کە لە سەدان تەلەڤیزیۆنی هەڵواسراو و دانراوەوە پەخشیان دەکرد. فیلمی خوشک و زاوا و دەرهێنەر و ریکلامچی و ستافەکانی ڕاگەیاند و کەسانی تر بە ڕووتیی، لە ئەو پەڕی خۆونکردن و خۆلەبیرچوونەوەدا، هەموو

شتێکیان بە یەکتردا دەکرد و هەڵدەستان و دەکەوتن و دەهاتن و دەچوون و بە یەکتر پێ دەکەنین.

ئەو دەمەی شێرە نەیدەتووانی سەری زیاتر ڕابگرێت، ئەبابەیلە بە لەپی دەستی ڕاستی ژێرچەناگەی شێرەی بەرز دەکردەوە و لەگەڵ سووڕاندنی کورسیەکەیدا ڕووبەڕووی شاشەکان سەری ڕادەگرد بۆ ئەوەی فیلمەکان ببینێت. لە ڕاستییدا شێرە وێنەکانی بە ڕوونیی نەدەبینی.
لە ناو بینایی شێرەدا ڕەنگی وێنەکان تێکەڵ بە یەک دەبوون و تارمایی و سێبەریان بۆ پەیدا دەبوون.
بەرپرسیاری یەک و دوو لە دووڕەوە لە ناو ژووڕێکەوە دانیشتبوون و قاوەیان دەخواردەوە و لە شێرە و ئەبابەیلەیان دەڕوانی.
پێنج شەش کەس خەریک بوون لاشەی ئەوانەیان کۆدەکردەوە کە شێرە فریا کەوت گوللەیان پێوە بنێت. شەش حەوت کەس کوژرابوون و سیانیش زۆر خراپ بریندار بوون. یەکێک لە بریندارەکان گوللەیەک ڕێک بەر کۆتایی گەردنی بۆ سەر سینگی کەوتبوو. شێرە دەیزانی گوللە بە کوێوە دەنێت.
ئەوانەی خەریکی کۆکردنەوەی لاشەکان و سڕینی خوێنەکانیان بوون، لە ئەوپەڕی سەرقاڵیی خۆیاندا بوون.

خوێنی لەشی شێرە لە برینەکەیەوە بە حەزی خۆی دادەچۆڕا و ئەو ناوە یەک پارچە خوێناوی شێرە بوو. شێرە لەشی بەرەو ساردبوونەوە دەچوو. هێزی بینینی نەمابوو و هەستی بە بوونی لاق و پێی ڕاستی نەدەکرد. لە ڕاستییدا ئازاری نەبوو.

ئەبابەیلە لە خوێناوی سەر زەویەکەدا دەهات و دەچوو، هەروەک چۆن تایەی کورسیەکە بە پانیی خۆی لەگەڵ هاتن و چوونییدا ڕێچکەی بەخوێنی لە دووای خۆیەوە جێدەهێشت.
شێرە جەستەی لەگەڵ هەموو چرکەیەکدا ساردتر و ساردتر دەبووەوە.
ئەبابەیلەش هەر هەوڵی دەدا سەری شێرە ڕووەو شاشەکان بووەستێنێت، بەڵام سەری شێرە واقورس بوو کە ئیتر لە لەپی دەستی ئەبابەیلەدا نەدەوەستا.
ئەبابەیلە دەستی لە بن چەنەی بەردا و سەری شێرە بەرەو خوارەوە بەر بووەوە.
شێرە لە دونیایەکی تەواو جیاوازدا بەرەو باوەشی دایکی دەچوو کە لە دوورەوە بۆی گرتبووە.
باوەشی دایکی کە هێندەی بۆشایی ئاسمان گەورە بوو. بە دەم زەردەخەنەیەکی گەورەوە کە چاوەکانی دەهێنایەوە یەک بە شێرەی دەگوت:

- وەرە کوڕە تاقانەکەم، وەرە بکوژەکەی دایە، وەرە شەرەفپارێزە میهرەبانەکەم، وەرە کورەتاقانەکەم، بەرهەمی شەرەفپەروەریی عەرشی پەروەردگار.

بێگومان هیچ کەسێک لە هاوواڵاتیانی عەرشی پەروەردگار نەیدەزانی کە گۆڕستانێکی تری بێ ناوونیشان لە ناوەڕاستی پایتەختەکەیاندا، لە ناو بینایەکی هاودینان و برایانی دینەکەیاندا هەیە کە جەستەی ئەمان لە خۆی دەگرێت. ئەگەر بیشیانزانیایە هەر وەک بەشێک لە

چارەنووسی خۆیان و لە قەدەری خودا دەیانبینی و سەرئەنجامێکی دیکەی لێ نەدەکەوتەوە.

ئەبابەیلە هەر لە ناو خوێناوەکەدا دەهات و دەچوو و شوێنپێی نوێی لە ڕێچکەی خوێن لە پاش هەنگاوەکانیەوە دروست دەکرد و لە ناو ئەو چەند مەترە چوارگۆشەیەدا وێڵ و سەرگەردان بوو.

بەرپرسی یەکەم لێی هاتە پێشەوە و بە ئاستەم سەرێکی بۆ لەقاند و بەرەو ژوورەکەی خۆی بردی.
پەڵەی تەڕی خوێن و کەمتر تەڕ و کەمتر تەڕ لەگەڵ هەنگاوەکانییدا ڕەنگیان بە بەرەوە نەدەما.
بەرپرسی یەک بەرامبەر بە ئەبابەیلە دانیشت. ماندووبی ڕۆژێکی درێژی کاری پێوە دیار بوو. کەمێک دەستەکانی بە هێمنی لەیەک هەڵسوو و بە ئەبابەیلەی گوت:

- ئافەرم ئەبابەیلە، تۆ شێرەت کوشت!

تەنها یەک تاقیکردنەوەت ماوە!

شاری شەرەفئاوا، هەروەک باقی شارەکانی تر، سەرقاڵی هەموو ئەو بەرنامانە بوون کە دەستگاکانی ڕاگەیاندن پێشکەشی دەکردن. خەڵکەکە، گەورەو بچووک و ژن و پیاو و خوێندەوار و نەخوێندەوار، هەموو فێری وشەی "واقیع" بوون و زۆر پێی سەرسام بوون و زووزوو دەیانگوت "لەگەڵ واقیعدا هیچ ناکرێت" و "کاکە ئەمە واقیعەکەیە". مەبەستیان ئەوە بوو کە ئەوە چارەنووسیانە. دەیانگوت حەوتبرا، کاتێک ئەڵلاگیان تاوێکی دەزوو لە لاقەکانی باڵندەیەک بئاڵێنێت، بۆ دەبێت ئەو باڵندەیە بە دەندووک تێی بکەوێت و هەوڵ بدات لێی بکاتەوە، کە ئەوە واقیعەکەیەتی.

لە شەرەفئاوا لە ناو بنکەدا، لە ئەو کاتەدا کە دووا دڵۆپەخوێن بە خەستیی ڕوو لە مەیین لە جەستەی شێرە دەهاتە دەرەوە و چاوەکانی ماوەیەک بوو تاریک داهاتبوون، خەڵکی عەرشی پەروەردگار بە دەم کابرای سوعبەتیچیەوە بە دایکی پێدەکەنین.
سەرۆککۆمار بەڵێنی پێ دابوون کە هەموو ئێوارەیەک بە پێکەنینەوە ڕووەو ڕاکشانی سەر پێخەفیان ببات. ئەوە یەکێک لە قسەی سەرۆککۆمارە خۆشەویستەکەیان بوو: "دەبێت گەلەکەم بە دەم پێکەنینەوە پێڵووەکانی چاوی بۆ خەو لێک بنێت".

ڕاگەیاندنەکان پسپۆڕ بوون، ستافی ڕاگەیاندن، سەر بە سەرۆککۆمار بوونایە یان ئۆپۆزیسیۆن یاخود لە نێوان هەردوولادا بهاتنایە و بچوونایە، پارەیەکی زۆریان وەردەگرت و پارەی خەیاڵیان تیادا خەرج

دەکرا. هەر هەموویان دەرگایان لە سەر مەلا و ئەهلی دین ئاوەڵە کردبوو و پێیان دەگوتن ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانمان مااڵی خۆتانە و هەر کاتێک دەتانەوێت دڕێخ لە بەکارهێنانیاندا مەکەن.
ڕۆژی هەینیی بوو کە کابرای سوعبەتچی خەڵکەکەی هێنابووە پێکەنین و ڕێکلامچیەکانی کۆکردبوونەوە و بەرامبەر بە دایکی خۆی ڕایگرتبوون. داوای لێدەکردن لە سەر سەکۆکە وەک ریکلامەکانیان بکەن و ئینجا لەگەل بینەرانی خۆیدا پێیان پێ دەکەنین.
لە ریکلامچیەکی برنجی تورکی دەپرسی: ئایا ئەم برنجە تورکیە؟
ئەویش وەاڵمی دەدایەوە: "نەخێر قوربان، بەرهەمی برنجی تورکیا ئەوەندە نییە بە دەرەوە بفرۆشرێت، هەر کیسەکەی لە تورکیا دروست کراوە". ئیتر هەردووکیان قاقا بە کیسەبرنجەکە پێ دەکەنین و ڕوو بە خەڵکەکە دەیانپرسی: "باشترین برنج هی کوێیە؟"
خەڵکەکەش بە یەک دەنگی بڵند وەاڵمیان دەدایەوە: برنجی تورکیە!
ئینجا کابرای سوعبەتچی و ڕێکلامچی چەپڵەی ئافەرینیان بۆ خەڵکەکە لێ دەدا.
کابرای سوعبەتچی کە بە پێی شەرع شەرمی نەدەکرد، پرسیارێکی تریشی لە کابرای ریکلامچی دەپرسی: "تو سەری خوشکە نازدارەکەت، ئەوەی خاڵەکە بە سەر لێویەوەیەتی، جیاوازیی لە نێوان ئەم برنجە و ئەوەکانی تردا چییە کە خۆت و ئامۆزاکەت ریکلامیان بۆ دەکەن؟".
ئەویش وەاڵی دەدایەوە: "بە ئەاڵ قەسەم جیاوازیان نییە، بەاڵم گوێنیەکانیان لە یەک ناچن".
ئینجا کابرای سوعبەتچی و ریکلامچی و هەموو عەرشی پەروەردگار پێکەوە لە قاقای پێکەنینیان دەدا، جونکە عەرشی پەروەردگار عەرشی

پێکەنین و دەم پانکردنەوە بوو. عەرشی سوعبەت و بە یەک ڕابووواردن بوو.

بەیانی ڕۆژی شەممە خەڵک هێشتا لە خەودا بوون و نەبووبوو بە کاتژمێر دە کە سەرۆککۆمار پۆستێکی تایبەتیی بە دەست گەیشت و کە کردیەوە کۆمەڵێک وێنە بوون.

وێنەی شێرە کاتێک پێی بە تەڵەکەوەیە/ کاتێک تەڵەکە ئێسکی لاقی هەموو ورد کردووە/ شێرە کە خوێنی لێ دەچۆڕا/ کە بۆ دووا جار سەری بەربووەتەوە/ کە هەموو جەستەی کوتکوت کراوە و لە ناو کیسەیەکدا لە ناو تێگرێکی خۆڵوخاشاک دانراوە/ دووا وێنە: لە سەر پارچەیەک کاخەز نووسراوە: کوڕی عەرشی پەروەردگار (Erşi Perverdigar'in oğlu).

سەرۆککۆمار نارەحەت بوو، بەڵام هیچی پێ نەدەکرا.

ئەمە یەکەم جار نەبوو. خەڵکانێکی بە ئەژمارد لە چواردەوری بە شێوەی جیاواز ون دەبوون و نەیدەبینینەوە، بەڵام بۆ شێرە پێی ناخۆش بوو. یەکێک بوو لە ئەوانەی بیری دەکرد.
بۆ ئێوارەکەی داوای دیمانەیەکی تایبەتیی لە سەر تەلەفیزیۆن کرد.
هەروەک هەمیشە هەموو دەستگاکانی ڕاگەیاندن پێکەوە بەسترانەوە و لە هەموو شوێنێک ستیودیۆ تایبەتیەکەیان، کە دیکۆرێکی شادیان بۆ کردوو، بۆ سەرۆککۆمارەکەیان ڕازاندەوە.

دەیانگوت سەرۆککۆمارکەمان هەمیشە هەواڵی خۆشی پێیە. تەنانەت ئەگەر بە گەلەکەی بگوتایە هەمووتان دەمرن، هەر بە خۆشمژدە و دەم بە گوڵ دایان دەنا.

سەرۆککۆمار بە هاوواڵاتیانی ڕاگەیاند کە شێرە چووە بۆ دەرەوەی وڵات و بڕیاری داوە نەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە ئیتر ئەو گۆڕانکاریانەی شێرە کردبوونی وەک خۆیانیان لێ دەکرێتەوە.
خەڵکەکە هەموو دەستیان بە چەپڵەڕێزان و سەما کرد.
هەموو یەکتریان لە باوەش دەگرت و سوپاسی خودای گەورە و سەرۆککۆمارە دەم بە مژدە بە گوڵەکەی خۆیان دەکرد کە هەردووکیان، ئەو لە سەرەوە و ئەم لە خوارەوە، هەمیشە فریای عەرشی پەروەردگار دەکەون.

ئەوانەی مەڕیان بۆ کردبوو بە خێر کاتێک کە سەرۆککۆمار بڕیاری دا بەرپرسیاریەتیی پێ بدا، ئێستا ڕوویان دەکردە ئاسمان و دەیانگوت "ئەڵڵا گیان لێمانی قبوڵ نەکەیت، ئەو هەتیوە ماڵی وێران کردین".
هەموویان لە خێرەکانی خۆیان پەشیمان دەبوونەوە. بەڵێ پێیان ناخۆش بوو گۆشتەکە بە خۆڕایی دەست خەڵک کەوتبوو، بەڵام هەر ئەوەندەی خوداگیان گیرای نەکات، هەر ڕازیین. دەنا زۆریان زەرەر بوو.

حکومەت دەستبەجێ "خزمەتگوزاریی تێڵاتڕێنی نیشتیمانیی" بە خەڵک دایەوە و هەروەها ڕێگای بە هەموو دەستگاکانی ڕاگەیاندن دا ڕوومالێ بکەن.

بۆ ئێوارەی دووایی بە ڕاکێشانی بەختی ناو تووڕەکە سەرەی خزمەتگوزاریی تێڵاتڕێنییەکە بەر ماڵی کەسوکاری پرشنگ کەوت. ئەو پرشنگەی خەڵکە عەوامەکە پێیان وابوو هەر لە زیندانداید. خەڵکی عەرشی پەروەردگار بووبوون بە چەند بەشێکەوە. بەشێک دەیانگوت مافی خۆیانە، بە ڕەزای خوداگیان بۆیان دەرچووە و هەندێک دەیانگوت حەتمەن ساختەیەکی تێدایە دەنا چۆن هەر ئاوا بە ڕێکەوت کەسوکاری پرشنگ تێڵاتڕێن دەکرێن کە دینارێکیان زەرەر نەکردووە، لە کاتێکدا ئەمان ئەو هەموو ماوەیە لە سەرەدا وەستاون. هەندێک دەیانگوت "ڕەنگە دەستی شێرەی سەگابی تیادا بێت" و بەشێکیش دەیانگوت ئەگەر حکومەت حکومەت بێت ئەوا بە پێی موالید دەیبەخشێت و هەندێکی تر دەیانگوت ئەگەر حکومەت بووایە پێنج شەش دەستەی بۆ خزمەتگوزاریی تێڵاتڕێنی نیشتیمانیی دادەنا، ئاخر گرووپێکی پێنجکەسی چۆن فریای تێهەڵدان لە هەموو ئەو خەڵکە دەکەوێت.

بە هەر حاڵ، کەسوکاری پرشنگ بە باشی تێڵاتڕێن کرابوون. هەر کەسێکیان لە ماڵەوە دەهاتە دەرەوە دەستی بە گەڵوقن و شان و ملی خۆیدا دەهێنا و دەیگوت "لە ژیانمدا ئاوا بە باشیی تێیان هەڵنەداوم. هەموو پێکەوە بە شادییەوە هاواریان دەکرد:
"بژی عەرشی تێڵاتڕێن".
پرشنگ حەوت برای هەبوو.
پێنج شەش مانگێک پێش ئەوەی شێرە ئەو بوختانە بە دەمی پرشنگەوە هەڵببەستێت. کابرایەک چووبوو بۆ داخوازیی.

پرشنگ پێی ڕازی نەبووبوو، چونکە کابرا خاوەنی سێ ژن و حەڤدە منداڵ بوو.
براگەورەکەی پێشوەخت بەرامبەر بە بەڵێنی ڕازیبوونی پرشنگ شیربایی لە پیاوە بە سێ ژنەکە وەرگرتبوو، بەڵام کابرا پەشیمانبووبووەوە و دەیگوت پرشنگ ماشەڵا بە ئەخلاقە، بەڵام ناشیرینە. بە هەزار سوڵجی عەشایەریی کاکی پرشنگ نیوەی شیربایەکەی بە کابرا دایەوە و بە نیوەکەی تری نانەواخانەیەکی بە ناوی "نانەواخانەی حەڵاڵ" کردەوە.
کاتێک ڕووداوەکە بە سەر پرشنگدا هات و نازناوی یەکەم بێڕەووشتی شارەکەی بە سەردا سەپێنرا، کابرای سێ ژنە شکاتی لە کاکی پرشنگ کرد و داوای نیوەی هاوبەشی لە نانەواخانەکە دەکرد. کابرا بە دادوەری دەگوت "قوربان، من هەر لە سەرەتاوە فریودراوم و درۆم لەگەڵدا کراوە. ئەم ژنە زۆر پێش ئەوەی من داوای بکەم، بێ شەرەف بووە".
بە پێی بەڵگەکان دادوەر نیوەی نانەواخانەکەی بە کابرای سێ ژنە بەخشی و بە پێی ئەو دیمانانەی زووزوو لەگەڵیان دەکرا، هەم کاکی پرشنگ و هەم کابرا کە خودا هاوسەرپی پرشنگی بە نسیب نەکردبوو، زۆر دڵخۆش و ڕازیبوون.

ئینجا پاش تەواوبوونی خزمەتگوزارپی تێڵاترێنیی، ئەو برایەی هاتبووە دەرەوە و بە هەر دوو لەپی دەستی پشتقنی خۆپی دەماڵپی و سوێندی بە خودا دەخوارد کە ئەو یەکەمین کەسی عەرشی پەروەردگارە لە ژێر ئەو تێڵایانەدا ترپی لێ دابێت و بە ڕاگەیاندنەکانی دەگوت: "سوێندم بە خودا یەکەمین کەسم لەبەر ئازار ترپم لێ بەربووەتەوە. خۆم

هەڵناکێشم، بەڵام منم کە ناوی ڕاستەقینەی ئەم تێڵاترێنیەم بە خزمەتگوزارییەکە داوە". دەیگوت ڕاستە هاوولاتیەکی زۆر دارکاریی کراون، بەڵام لە مانای ڕاستەقینەی خۆیدا لە ژێر تێڵاکاندا لێیان بەر نەبووەتەوە.

ئەوانەی بووبوو بە نسیبیان، تووڕە بوون و دەیانگوت بێگومان ئێمەیش لە ژێر دارکاریەکەدا ترمان لێ داوە و چاکیشمان لێ داوە، بەڵام بە گرنگمان نەزانیووە بێن بۆ پێشەوە و باسی بکەین. دەیانگوت مەسەلەکە نە تڕەکەیە و نە خەڵاتکردنەکەیەتی، و نە چاولەسەربوونە و نە ئێرەییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە حەرامە بۆ مەرامی خۆدەرخستن و دەرکەوتن، بە درۆ سوێند بخورێت. لەبەرئەوە سوێندیان دەخوارد کە سکاڵا لە سەر کاکی پرشنگ تۆمار دەکەن و دەیانگوت دەزانین براوەین چونکە کاکی پرشنگ تۆماری پێشینەی درۆکردنی هەیە.
عەرشی پەروەردگار عەرشی تۆمارکردنی سکاڵاش بوو.
لابەلا ڕووبەڕووی کامێراکان دەیانگوت: حەوتبرا، بۆ لە لێی ناپرسن پرشنگی خوشکی لە زیندان چی دەکات.

بە لەناواندانەمانی شێرە حکومەت لە سەر ریفۆرمەکانی بەردەوام بوو. وەک زیاترکردنی پاداشت بە بەرەکەتی خودا بڕیاری دا کە دەستە جۆراوجۆرە چەکدارەکانی وڵات لە چوارسەد و ئەوەندە هەزارەوە زیاتر بکات و ژمارەی دامەزراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانیش بە هەمان شێوە.

لە هەندێک بەڕێوەبەرایەتییدا ئەوەندە کارمەند زیادی کردبوو کە پێکەوە بە دەستە دادەنیشتن و گوڵەبەڕۆژەیان دەترووکاند و یاری گۆرەوی گۆرەوینە و گوریسپچڕێنەیان دەکرد و سوپاسی خودای گەورە و سەرۆککۆمارەکەیان دەکرد کە لە دامەزراندندا بێ نموونەیە. هەندێک مەلا پشتگیریان لە ئەو بڕیارە بە سوودە دەکرد و لە زۆرێک لە مزگەوتەکانەوە نزایان بۆ تەندروستیی و تەمەندرێژیی سەرۆککۆمار دەکرد و بە حەدیس پشتگیریان دەکرد.

لە نزیک ناوەڕاستی شارەوە، لە "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" کابرای بەرپرسی یەک لەگەڵ ئەبابەیلەدا دانیشتبوو و لە بێدەنگیی ئەبابەیلەی دەڕووانی. بۆ جاری دووەم بە ئەبابەیلەی گوتەوە:

- تۆ شێرەت کوشت!

ئەبابەیلە زۆر نەدەدوا. هەر لە بەرپرسی یەکی دەڕووانی. پاش کەمێک بێدەنگیی وەڵامی دایەوە:

- قوربان، کاری خودا بوو. ئەو کارە هەر بە خودا دەکرا. ئەوە کاری عەبد نەبوو. من نەمکوشت، خودا کوشتی!

کابرای بەرپرسی یەک وەڵامی شێرەی نەدایەوە.

- ئێستا تەنها یەک تاقیکردنەوەت لە بەردەمدا ماوە. ئەگەر لە ئەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو بیت خەڵاتی جێمتمانەییت پێ دەبەخشرێت.

ئەبابەیلە بە بێدەنگیی دەیڕووانی.

کابرای بەرپرسی یەکەم بۆی ڕوون کردەوە. لە ڕاستییدا هەموو کەسێک دەبێت بە ئەم پرۆسەیەدا بڕووات بۆ ئەوەی خەڵاتی جێمتمانەیی پێ ببەخشرێت. بە داخەوە دایکت نەماوە، بەڵام هەر دەتووانین ئەو تاقیکردنەوەیە بە تۆ بکەین. ئەم تاقیکردنەوەیە گرینگە، دەنا زیاتر لە مووچەخۆرێک هیچی تر نابیت.

ئەبابەیلە بێ ئەوەی بزانێت ئەو تاقیکردنەوەیە چییە، وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، ئامادەم.

کابرای بەرپرسی یەک لێی پرسی:

- ئەبابەیلە خوشکەکەت ئێستا تەمەنی چەندە؟

ئەبابەیلە لە ئەویادا بیری کەوتەوە خوشکێکی هەیە. کاتێک دایکی مرد ئەوەندە مەشغوڵ بوو کاتی بۆ بەخاکسپاردن و پرسەی دایکی نەبوو. ئێستا لە پڕێکدا بیری کەوتەوە کە ڕاستە، خۆ خوشکێکی هەیە. کەوتە بیرکردنەوەوە. سەیرێکی چواردەوری خۆیی کرد و ڕووی لە کابرای بەرپرسی یەک کردەوە. نەیدەزانی، بیری نەمابوو خوشکەکەی تەمەنی چەندە. ئایا بەرسیلەی خوشکی تەمەنی چەندە؟ سیازدە، چواردە یان پازدە؟

لە ئەو بیرکردنەوەیەدا بوو کە کابرای بەرپرسی یەک شیرازەی بیرکردنەوەی هەڵوەشاندەوە و پێی گوت:

- خەڵاتی جێمتمانەیی بە کەسێک دەدرێت کە بە هەموو تاقیکردنەوەکاندا بڕووات و تیایاندا سەرکەوتوو بێت. دەبێت خوشکەکەت بهێنیت بۆ ئێرە و لەگەڵیدا بخەویت.

بە بیستنی ئەو قسەیە ئەبابەیلە وریا بووەوە و زیاتر گوێ قوڵاخ بوو.

کابرای بەرپرسی یەک لە کارەکەیدا پسپۆڕ بوو. بە زمانی خۆی تێگەیاند کە ڕەووشت دینە و دینیش ئامانجە. سێکسکردن لەگەڵ هەر کەسێکدا زیاتر لە کردەیەکی سێکسیی نییە. ئەمان ڕێز لە هەموو ژنان و پیاوانێک دەگرن. لە حاڵەتی ئەبابەیلە دا هەر ئەوەیە کە تووانای ئەبابەیلە بۆ جێمتمانەیی تاقی دەکرێتەوە، دەنا خۆ وڵاتەکە پڕە لە ژن.

لە کاتی قسەکردنەکاندا زەرفێکی سەردانەخراوی خستە بەردەمی ئەبابەیلە کە سەفتە دۆلارەکانی ناوی بە ئاستەم جێیان دەبووەوە.

- ئەبابەیلە، ئەوانەی هیدایەتیان دەدرێت، دەبن بە جێی متمانە. دووای ئەوە بەشێکی کاری ئەم بنکەیە تەسلیم بە تۆ دەکەم. ئێمە لە تۆ دڵنیایان و دەزانین جێمتمانەی ئێمە دەبیت. بێگومان ئایینەدی خوشکەکەشت باش دەبێت، خۆت هەر ئیشێکی پێ دەسپێریت، بیکە. ئەمە هەمووی لە ژێر بڕیاری تۆدا دەبێت.

ئەبابەیلە هەر بێدەنگ بوو. هیچی نەدەگوت. هیچی وای پێ نەبوو بیڵێت. بیری دەکردەوە کە دەمێکە پێوەندیەکی وای لەگەڵ

بەرسیلەی خوشکیدا نییە. بە ڕاستیی ئێستا بەرسیلە چی دەکات و لە کوێیە.

کابرای بەرپرسی یەک هەستا و ژووورەکەی بەجێهێشت. ئەبابەیلە لە بیرکردنەوە پچپچڕەکانی خۆیدا بوو کە کچە جوانەکەی ئەو جارە بە پێڵاوی پاژنەباریکی بەرز و بە سەمای نازەوە هات بۆ لای و لەگەڵ بە سەردا ئاوێزانبوونیدا زوو زوو هەمان شتی پێشووی پێ دەگوت "دیقەت ئەیت یاشلی کوێیێک، هالا باکیرەیم" (وریابە پیرەسەگ، هێشتا کچم) ".

کچەکە هەروەک لە هەموو وردەکارێی برینە پەپکخواردووە گرێگرێکەی دەموچاوی ئاگادار بێت، بە نەرمیی و لە سەرخۆیی سینگی پەنجەی ئاماژەی بە سەر خەتی برینەکەدا دەهێنا.ئەبابەیلە خەریک بوو لە ژێر دەستیدا دەتووایەوە. ئەو ژنە تەنها کەسێک بوو نەک هەر سڵی لێ نەدەکردەوە، بەڵکو نازیشی هەڵدەگرت و سۆزی پێ دەبەخشی.

دەمی خستە لاپەناگوێی ئەبابەیلە و بە دەم هەڵاوی دەمیەوە بە گوێیدا چرپاند کە هەستێت و دووای بکەوێت.

ئەبابەیلە بە قسەی کرد.

بۆنی نەناسراوێکی لێ دەهات

بەشێکی ئەو ڕاگەیاندنانەی لە ژێر لێوەوە دەدوان و خەڵکە گشتییەکە لێیان حاڵی نەدەبوو، کەوتبوونە تووانج و پلار و دەیانگوت شێرە شیرینیی ولاتی بە شەکری شام گۆڕیوەتەوە و هەموو پارەی ولاتی لەگەڵ خۆیدا بردووە. دەیانگوت هەر لە سەرەتاوە لە پێناوی چوون بۆ دەرەوەی ولاتدا وا خۆی شین و مۆر دەکردەوە، دەنا فشەی فشان بووە.

دەیانگوت خەڵک دەزانن کە بە خۆپی و هەموو ماڵ و منداڵیی خوشکەکانیەوە بۆ دەرەوەی ولات چوون و کۆشکی گەورە گەورەیان کڕیوە.

ئەو کچە لەچک بەسەرە هەواڵخوێنەرەوەیەی کاتی خۆی شێرەی بە ڕێوی چواندبوو و لە سەر ئەوە سزایان دابوو و خرابووە زیندان، لە زیندان ئازاد کرا و خەڵاتی بێ تاوانیی پێ بەخشرا.

دەیانگوت ئەو ژنە ئاقڵە سالارە جوانە زۆر پێش ئێمە شێرەی دەناسی و داوای لێبووردنیان لێ دەکرد کە ئەو کاتە ئەمان وەک ئەو شێرەیان نەناسیووە.

کابرای مێردی ئەو ژنە، ژنێکی تری هەر لە ناو دەستەی ڕاگەیاندنکاراندا هێنابوو کە هەر هەفتەی چەند وێنەیەکی جیاوازی خۆپی بە پۆزی جیاوازەوە بڵاو دەکردەوە و لە ژێریدا دەینووسی "من ئێستا ژنی ئەوم کە هەر لە ستودیۆکەدا فلان کەسی ترۆ کرد".

خەڵکی عەرشی پەروەردگار بەتایبەتیی ئومەتی ڕاگەیاندن لە سەرئەنجامی پەروەردە لە هونەری ئاخافتن و گوتاردا هەموو بە ئەو شێوەیە دەدوان.

ئیتر بە هۆی پیاوچاکان و کارسازانەوە و لە ڕێگای بە مارە بە جاشەوە، کابرا دووبارە ژنەی پێشووی لە خۆی مارە کردوە.

عەرشی پەروەردگار هەروەها عەرشی پیاوچاکان و کارسازان بوو.

لە سەرەتادا کابرای مارەبەجاشچی ڕازی نەدەبوو ژنەکەی بۆ تەڵاق بدات. دەیگوت هەردووکمان پێمان خۆشە پێکەوە بمێنینەوە و وەرن لە ژنە خۆی بپرسن. ژنەش بە حیلکەحیلک دەکەوت بە گازەرای پشتیدا و دەستی بە دەمیەوە دەگرت و بە دەم چەمۆڵەلێنانێکی نازەوە بە کابرای مارەبەجاشی دەگوت "بە کەلامولا ئەوە قسەی خۆتە. من حەدم نییە، ئەڵلا هەر کەسێکی لە چارە نووسیبم، دەبم بە هی ئەو".

ئەهلی دین هەم هەڕەشەیان لە کابرای مارەبەجاشچی کرد و هەم پارەیەکی زیاتریان پێیدا و هاوکاتیش بە پێی عورف و حەدیس و دەقی تری پێویست، ڕێگایان دا دوو هەفتەی تریش ژنە لای بمێنێتەوە وحەڵالی خۆی بێت. لە ڕێگای ئەهلی ئیمانەوە حکومەت ڕێگای پێی دا کە ئۆفیسێک بە فەرمیی لە ژێر ناوی "مارەبەجاشگا" بکاتەوە. بۆ یەکەم جار بوو عەرشی پەروەردگار بە دەستکەوتێکی ئاوا گرینگ شاباش بکرێت. گرینگیی مارەبەجاشگاکە هەر ئەوە نەبوو کە هەموو لایەک بە حەڵاڵیی و سەرڕاستیی و ئیزنی بێ مەکان و بێ زەمان ئەو کارە ئەنجام بدەن، بەڵکو هەروەها کابرا بەڵگەنامەیەکی مۆرکراویشی

پێ دەدرا کە ژنەکەیی بە حەلاڵیی وەرگرتووەتەوە و ئەو شەرەفەی پێ دەبڕا کە دەیتووانی پیشانی ئەهلی ئیمان و هاونیشتیمانیانی عەرشی پەروەردگاری بدات.

کابرای مارەبەجاشچی بە بەشی خودا ڕازی بوو.

عەرشی پەروەردگار عەرشی ڕازیبوون بوو بە بەشی خودا.

خەڵکەکە دەیانگوت عەرشی پەروەردگار عەرشی سوڵح و ڕێککەوتن و ئاشتەواییە. دەیانگوت، هەر شتێک بە پارە و بە ژن بکرێت، با بێخەم بە ئەنجامیان بگەیەنین.

لە عەرشی پەروەردگاردا هەموو کەس و لایەنێک براوە بوو، چونکە هەموو عەرشی پەروەردگار ڕۆڵێتێکی یەک ژمارەیی بوو، خەڵکەکە هەموویان هەر لە سەر هەمان ژمارە گرەویان دەکرد و دەیانبردەوە. لەبەرئەوە هەموویان براوە بوون.

سەرۆککۆمار دەیگوت تا ئەو سیوشەش ژمارەیەم لابرد و ئەو ڕۆڵێتە نیشتیمانییەم دروست کرد و کردم بە یەک ژمارە قیر سپی بوو. ئێستا نەتەوەکەم هەرگیز نادۆڕێت و هەر هەمووی دەیباتەوە، هەموومان پێکەوە دەیبەینەوە.

عەرشی پەروەردگار عەرشی نەتەوەی براوە بوو.

دەیانگوت ئەو ئەڵایە چەند ناوی بە خۆی داوە ئەوەندەش ناوی بە عەرشی پەروەردگار داوە. عەرشی خۆشبەختیی و عەرشی ئاسوودەیی

و عەرشی سوڵح و عەرشی ئاشتبوونەوە و عەرشی براوەیی و عەرشی جوانان و عەرشی نەبەردان.

کاتێک ژنە، پاش تەواوبوونی گرێبەستی ماڕەبەجاش، چووەوە بۆ لای کابرای مێردی، بە سێ قۆڵی لەگەڵ یەکدا وێنەیان دەگرت و لە سۆشیالمیدیادا بڵاویان دەکردەوە. هەموو عەرشی پەروەردگار وێنەکانیان لە تیکتۆک و فەیسبووک و ئەوانەی تردا بوست و سپۆنسەر دەکردەوە و دەیانگوت "ملی شێرە بشکێت" و "یا خودا پارچەپارچە بکرێت" و هەندێک دەیانگوت "خودا بکات جەستەکەی فڕێ بدرێت و خاک لە خۆیی نەگرێت" کە ئاوا ئازاری دڵی ئەم مرۆڤە جوانانەی دا.

دەیانگوت شوکرانەبژێرین کە ماڕەبەجاشچمان هەیە، دەنا ئەو ژن و پیاوە بە یەک نەدەگەیشتنەوە.

ژنی دووەمی بە پۆشاکی زێڕەوە لە بەر کامێراکاندا دەوەستا و بە دەم و لێوی کۆکراوەوە، دەیگوت: هەر بە ئەمەوە ناوەستم، بە سەری باوکم و براکانم پشوو نادەم تا دوو ژنی تریشی بۆ نەهێنم و شەرت بێ هەر لە دەستەخوشکەکانی ڕاگەیاندنی بۆ بهێنم.

هەندێکیش دەیانگوت "ئیتر واز لە قسەی ناخۆش بهێنن و شێرە لە بیر خۆتان ببەنەوە، گرینگ ئەوەیە ئەو ژن و مێردە بە یەکتری شاد بوونەتەوە".

جوانترین وێنەی ئەو سیانە، وێنەی دوو ژنەکە بوو کە پێکەوە باوەشیان بە یەکتردا کردبوو و مێردەکیشیان لە دواوە باوەشێکی ورچینەی بە هەردووکیاندا کردبوو.

خەڵکەکە دەگریان و بە دەم گریانەوە ئەو وێنەیەیان دەشۆردەوە و دەیانخستە قاپەوە و هەڵیان دەواسی.

عەرشی پەروەردگار عەرشی فرەژنیی دڵخۆشانە و دڵخوازانە بوو. عەرشی زاوا و مێردی شاناز بوو. عەرشی ژنانی یەکەم و دووەم بوو بۆ داواکردنی ژنی سێیەم و چوارەم بۆ مێردەکەیان.

کاتێک ئەبابەیلە گەڕایەوە بۆ شاری فەیزوواڵا و خۆی کرد بە ماڵی خۆیاندا، ئا لە ئەو کاتەدا کە بە هەنگاوی گەورە دەچووە ژوورەوە، سێ ژن و پیاوێک لە ناو ماڵەکەی ئەماندا خەریکی هەڵواسینی وێنەی ئەو دووژنە و مێردەکەیان بوون، وێنەکەیان لە چوارچێوە گرتبوو و شوێنێکیان لە سەر دیوارەکە بۆ دیاری کردبوو. سێ ژنەکە پێکەوە کورسیەکیان بۆ پیاوەکەیان گرتبوو و ئەویش بە سەر کورسیەکەوە خەریکی دۆزینەوەی شوێنێک بوو بۆ بزمارەکە.

ژنەکان پێکەوە بە یەک دەنگ، هاوئاهەنگیانە و خوشکانە، پێیان دەگوت "پیاوەکە یەک تۆز ئەم لا تر، دەی دەی بە قوربان زیاتر، زیاتر، دە ماڵت ئاوا بێت، یەک تۆز بۆ سەروتر، ئا، ئا، ئا، باشە باشە، دە بیگرە و دایبوکتە".

ئەبابەیلە بە هەمان هەنگاوی گەورە چووە دوواوە و ڕۆشتەوە دەرەوە و لە گەڕەک و لە جادە و لە ماڵەکەی ڕووانیەوە. نەخێر، بە هەڵەدا

نەچووبوو. ئەوە مانگی خۆیان بوو. گەڕەک، هەر هەمووی وەک خۆی وابوو؛ خۆ هەزار ساڵ نەبوو ڕۆیشتبوو. ئەبابەیلە خۆی کردەوە بە ژووردا و سێ ژنەکە و پیاوەکەی وێنەکەیان هەڵواسیبوو، بەڵام پیاوەکە هێشتا هەر لە سەر کورسیەکە بوو، ئەڵبەت ئێستا ئاوەڕی دابووەو و ڕووی لە ژنەکان و پشتی لە دیوارەکە بوو. هەر سێ ژنەکەیش لە هەمان پۆزی دوو ژنەکەی وێنەکەدا، پێکەوە یەکتریان لە باوەش گرتبوو و پیاوەکەیشیان بە شێوەیەک دەبینرا وەک لە سەر شانی خۆیانیان دانابێت.

وێنەیەکی پڕ مانا بوو.

لە ڕاستییدا ئەگەر وێنەی ئەمان لە ئەم پۆزەیاندا بگیرایە ئەوا لە ڕووی هونەرییەوە زۆر جوانتر و پڕ ماناتر لە وێنەکەی سەرەوە بوو کە هەموو عەرشی پەروەردگار پارەیەکی زۆریان پێ دەدا. ئەمان سێ ژنیش بوون، نەک دووان. هەر سێکیشیان پێکەوە هەمان وشەیان دەگوت و پێکەوە لە لای هەمان پزیشکی جوانکاریکار لوتیان چاککردبوو و لێویان پڕکردبووە و ئەبرۆیان تاتوو کردبوو. ئەمان پڕڕێکی سێیی بوون.

هەر ئەوە نەبوو ئەمان سیان بوون، بەڵکو وەک یەک جەستە بن بە دووای ژنێکی تری وەکو خۆیان جواندا وێڵ بوون کە بۆ پیاوەکەیانی بهێنن.

پیاوەکە بە خۆی و چەکوشەکەی دەستییەوە و ژنەکانیش دەستیان بۆ سەرەوە بۆ لای ناوقەدی مێردەکەیان، هەموو بە پۆزی دەم

خونچەییەوە پێکەوە لە ئەبابەیلەیان دەڕووانی. ئەبابەیلە ڕووخسارێکی ترسێنەری هەبوو.

بڕیندەکەی لە مارێکی بچووکی دەکرد کە خۆڕی لە سەر لاڕوومەتی گیر کردبێت و دەموچاوی خوار کردبوو. ئەو دیمەنەی ئەبابەیلە گرژی کردن و ئێستا شێوەی ڕاوەستاندنەکەیان لە ئەوە دەچوو لە ترساندا باوەشیان بە یەکدا کردبێت.

هەر چۆنیەک بێت پێکەوە بە یەک دەنگ لێیان پرسی:

- فەرموو حەوتبرا، چیت دەوێت؟

- ئەمە ماڵی ئێمەیە، ماڵی منە، ماڵی ....

قسەکەیان پێ بڕی و تێیان گەیاند کە لەبەرئەوەی خوشکەکەی لە خوار تەمەنی یاساییەوەیە ئەوا ماڵی پووری هەڵیانگرتووەتەوە و خانووەکەیشیان بە ئەمان فرۆشتووە.

ئەبابەیلە کەمێک داما، هیچ وشەیەکی پێ نەبوو. وەرچەرخابووەوە و خەریک بوو ڕووەو دەرەوە هەنگاوی دەنا کە هەر چواریان بە یەک دەنگ لێیان پرسی:

- ڕات چییە بەرامبەر بە شێرە؟

ئەبابەیلە وشک بوو. ئەمان چوزانن، ئەمان لە کوێ ئەم و شێرە دەناسن.

لە ئەو خەیاڵە دڵخستنەدا بوو کە هەر هەموویان پێیان گوت:

- کەس نازانێت بۆ کام وڵات چووە.

ئەبابەیلە هاتبووەوە سەر خۆی و بە هەر شێوەیەک بێت زمانی هەڵسووڕا:

- مافی خۆیەتی بۆ هەر شوێنێک بڕووات. عەرشی پەروەردگار عەرشی ئازادییە.

خێزانە دڵخۆشەکە وەڵامەکەیان بە لاوە پەسەند بوو. خۆیان هەر لە ئەو ئازادیەدا بوون. هەر تەنها عەرشی پەروەردگار و دەستەخوشکەکانی ئاوا بە خەم پیاوەوە بوون کە بۆیان هەبێت سیان و چوار لە باخەڵیاندا خۆیان ژیر بکەن.

ئەبابەیلە لە وەڵامەکەی خۆی ڕازی بوو.

بەڵێ، عەرشی پەروەردگار عەرشی ئازادییش بوو.

لە ماڵی پووری بە لالوتەوە بە خێریان هێنا و هاوکاتیش نەیاندەناسیەوە. ئەبابەیلە گۆڕابوو. لە کەسێکی ئاساییەوە بووبوو بە دەموچاو شوختدارێک. هەر ئەوەندە نەبوو دەموچاوی گۆڕابوو، بەڵکو ڕەشیش داگیرسابوو. پێستی دەموچاوی ڕەشتر لە جاران بوو، ڕەشێکی بێڕەنگ و وشک. بێگومان پووری دەیناسیەوە، ئەڵبەت زۆر ناشیرین و تا ڕادەیەک قێزەون دەهاتە بەرچاوی.

بەڵام ئەبابەیلە دەوڵەمەند بوو و دەوڵەمەندییەکەی پێوە دیار بوو. پارەدارییەکەی پێوە دیاربوو، چونکە دەرگای شەق و شڕی دڵی پووری خستە سەر گازەرای پشت.

جلکوبەرگەکەی شیکوپیک و قایم و سفت و پێڵاوەکانی توندوتۆڵ و بۆیاخکراو بوو، سەعاتەکەی دەستی و ئەنگوستیلە ئەستوورە گەورەکەی و هەروەها ملوانەکە زێڕە قورسەکەی ملی هەیبەتێکی تایبەتیان پێی دابوو، ئەگەر دەموچاوی نەبینرایە کەس نەیدەزانی کێیە.

بەرسیلەی خوشکی لە دووری دوو مەترەوە خۆی فڕێدایە باوەشیەوە، خۆی پیادا هەڵزنی و ماچ و بۆنی دەکرد و "کاکە کاکەی" وەک گوڵاو بە سەردا دەپرژاند.

ئەبابەیلە لاشەیەکی سارد بوو.

بەرسیلە سڵی لە برینە ناحەزە ترسێنەرەکەی ئەبابەیلە نەکردەوە. لە ڕاستییدا بریی سەر ڕوومەتی براکەی هەروەک شوختێکی باریک دەبینی. ڕاستە، لە دڵییدا پێی ناخۆش بوو ئەو ڕووخسارە جوانەی برایەکەی شوختێکی ئاوا هەڵبگرێت، بەڵام لە بەرچاوی ناشیرین نەبوو.

ئەو باوەش و بۆن و ماچ و کاکەکاکەیەی بەرسیلە هیچ هەستێکی ئەبابەیلەی نەبزووواند. بە هەمان شێوە، بە ئامێزی گەرم و توند وەڵامی بەرسیلەی نەدایەوە. بۆنی لاملی هەڵنەمژی و لوتی بە قژ و پەناگوێیەوە نەنا.

لە جلکوبەرگ و پێڵاودا دەیان ساڵ ئەوانی بەجێهێشتبوو. ئۆتۆمبیلەکەی کە لە بەردەرگا ڕاوەستابوو سەرنجی گەڕەکەکەی ڕاکێشابوو. ئەهلی دەراوسێ خوداخودایان بوو لە پێڵاوەکانی ئەبابەیلەدا بن. هەم بەخیلیان پێ دەهات و هەم لە خوداگیان دەپارانەوە ئەو دەستی ڕەحمەتەیش بە سەر ئەمان و منداڵەکانیاندا بهێنێت.

پووری قەدەرێک لەگەڵ ئەبابەیلە دووا تا ڕازی بکات کە بەرسیلە لەگەڵ خۆیدا نەبات. بەرسیلەی بۆ کوڕی برایەکی دانابوو کە لەگەڵ ماڕەکردنیدا پارەی خانووە بەجێماوەکەیان دەبوو بە هی برازاکەی. بەڵام بەرسیلە خۆی حەزی دەکرد بڕووات. حەزی دەکرد لەگەڵ برا گەورەکەیدا بڕووات و ببێت بە بەشێک لە خۆشەویستیی ئەو، ببن خۆشەویستی یەکتر.

گەورە و بچووکی ماڵی پووری باسیان لە خۆشیی ژیانی خۆیان دەکرد و عەرشی پەروەردگاریان بە عەرشی بەرەکەت دادەنا. ئەگەرچی چاوەڕوانی میوانیش نەبوون، هەر خواردنێکی زۆریان دروست کردبوو و هەموو تێریان لێ خوارد. ئەگەرچی بەرماوەکە زۆر بوو، بەڵام هەڵیان نەگرت و فڕێیان دا.

سێ چوارێکیان هەر بە واسیتەیەکی بچووک لە فەرمانگای جیاواز دامەزرابوون، دووانیان لە ڕاگەیاندنا بوون و پێدەکەنین و بە دڵخۆشییەوە دەیانگوت "کاکە ئەبابەیلە، کار هەر ناکەین، ئەگەر هەفتەی جارێک نوکتەیەکی کۆنیان بۆ بنووسین، ئەوا سەد جار لە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆکانەوە بڵاوی دەکەنەوە. یەکێکیان پێیگوت:

”باوەڕ بکە نوکتەی وا هەن سەد جار زیاترم گێڕاونەتەوە کەچی خەڵکەکە هەر داوای دەکەنەوە“.

کابرا بەردەوام بوو.

ئەو هەتیوەی برام پێی گوتون ئینگلیزی دەزانێت و ئەوانیش باوەڕیان پێ کردووە. ئەو ڕۆژە بۆی نووسیبوون ”سەرۆک ترامپ هەموو ڕۆژێک دووای خۆشتن سەعاتێک لە ژێر ئاوی ساردا رادەوەستێت“. حسابم کرد سەد و پانزە تەلەڤیزیۆن و دوو سەد پەیجی تیکەتیکەتۆک و ئەمەنستا و ئەم فەیسبووکەی خۆمان بڵاویان کردبووە.

لە خێزانەکەیاندا سیانیشیان بووبوون بە مەلا. یەکێکیان دەیگوت سندوقێکم بۆ خێر داناوە، مانگی دوو هەزار دۆلاری تێ دەکەن. ئەوی تریان دەیگوت گەڕاجەکەی دەستکاریی کردووە و کردوویەتی بە مزگەوت و خۆیی و چەند کەسێکی گەڕەک نوێژی خۆیانی تیادا دەکەن. لە ئەبابەیلەی دەپرسی و ئەویش دڵنارەزا وەڵامی دەدایەوە:

- ئەرێ برا، مزگەوت مزگەوت دەخوات؟
- نەوەڵا
- کەس ڕزقی کەس دەبڕێت؟
- نەوەڵا
- ڕزقی هەموومان لای ئەڵڵاگیان نییە؟
- بەڕەوەڵا

- ئیتاعەتی هەموومان هەر بۆ یەک تاکە خودای عەزەمەت نییە؟
- بەڕەوەڵا
- مەگەر شایەتومان لە ئەوەی منیشدا ناهێنرێت؟
- بەڕەوەڵا
- پێت وایە وەزیری ئەوقاف زیرەک نییە؟
- بەڕەوەڵا
- ها؟
- ئەستەغفیرووڵا، بەڕەوەڵا
- بە ئەڵڵا چووم لە شارەکانی خوارەوە فەقێ و مجێورم هێناوە. کاکە، دەچن لە سەر تەلەڤیزیۆنەکان و ئەم تەیتۆک و مەیتۆکە کار دەکەن، ئەوە بە ڕیشی کەس ڕەوایە دوو فەقێ و یەک دوو مجێوەرت دەست نەکەوێت؟
- ناوەڵا.
- جا دەزانیت بۆ هەموو خۆیان کردووە بە تەلەڤیزیۆن و ئەم پەیج و نازانم چیانەدا؟
- ناوەڵا
- چۆن نازانیت؟ لە بەر هەوەسی دونیا و بێ باکیی لە قیامەت. ئەی وا نییە؟
- بەڕێوەلا
- کابرای مجێوەر خوشکێکی جوانی هەیە، بە تەمام بیهێنم و عەرەبیەکەم چاکتر بکەم.

ئەبابەیلە ئیتر لە وەڵامدانەوەکان ماندوو بوو.

گرینگ ئەوە بوو پێشوەخت خودا دەیزانی بڕیار دەدات شێرە بکوژێت و پێش کوشتنی خەڵاتی دەبەخشیەوە.
هەر لەگەڵ نەمانی شێرەدا دەروازەی بەخت لە سەر خەڵکی عەرشی پەروەردگار کرابووەوە.

ئەبابەیلە دڵنیا بوو: خودا شێرەی کوشتبوو.

قسەیان بەرامبەر بە یەک بارەی دەهات و بەسەرهاتیان بۆ یەکتر تەواو دەکرد. نزایان دەکرد خودا شێرە و دایوباوکی بۆ هەتاهەتایە لە دۆزەخدا بسووتێنێت، لەبەرئەوەی ئاوا سەریان لە عەرشی پەروەردگار تێک دا. دەنا عەرشی پەروەردگار عەرشی خەتی موستەقیم بوو.

پووری بە ئەو هیوایەوە کە ئەبابەیلە ڕای خۆی بگۆڕێت و بەرسیلە لەگەڵ خۆیدا نەبات، هەر قسەی بۆ ئەبابەیلە دەکرد و نموونەی بۆ دەهێنایەوە:

- ئێ لە دەورت بگەڕێم، بە خودا ئیشەڵا خزمەتگوزاریی تێڵاترێنیشمان بۆ دەردەچێت، خۆ هەر خودا خۆی قنی ئێمەشی دروست کردووە، قابیلە بە کەڵکی دوو شەق نەیەت؟ کاتی خۆی گلەییمان دەکرد و بە تووڕەییەوە خۆمان با دەدا و خۆپێشاندانمان دەکرد و دەمانگوت "جا چۆن لە چلەی هاویندا نەوتی زستان بکڕین؟"، کەچی فێری بووین و وەک گوڵ دەیکڕین و هیچ عەیبێکیشی نییە. من چوار بەرمیلم لە مانگی هەشتدا کڕی. بە پێغەمەر، هەزار سڵاواتی لە سەر بێت، هەتاوەکەی ئەوەندە گەرم بوو دەترسا

تەنکیەکەی بتەقێتەوە. نازانم چۆن کردوویانە بە نەوتفرۆش.

ئەبابەیلە وەڵامی نەدەدایەوە، چونکە نەیدەزانی چۆن وەڵام دەدرێتەوە.

- ئێ باشە ئەبا گیان، کوڕە جوانەکەی خوشکە جوانەمەرگەکەم، بە تەمایت بەرسیلە بنێریت بۆ مەکتەب؟

ئەبابەیلە نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە.

- بەڵێ، دەینێرم.

- نا، نا، بۆ خاتری ئەو خودایە کوڕم. ئا بە ئەو نانە، کچ نییە بە ساخی لە مەکتەب بێتە دەرەوە.

ئەبابەیلە دەیزانی دەبێت بە یەکێک لە بەرپرسەکانی گەورەترین "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" و لە پایتەختە ناوداڕەکەیدا دادەنیشێت. بیری کارەکەی خۆیی دەکەوتەوە. ئەمیش دەبێت فریا بکەوێت کۆمەڵێک کچ بکات بە ژن.

پووری بەردەوام بوو:

- خودایە ئەم عەرشی پەروەردگارەمان بۆ بکە بە عەرشی بێ مەکتەب

ئەوانەی تر، ئەبابەیلەی لێ دەربچێت، پێکەوە بە یەک دەنگ دەیانگوت:

- ئامین!
- خودایە بیکە بە عەرشی بێ مەکتەب
- ئامین!
- خودایە با هەر عەرشی پیاوچاکان بێت
- ئامین!

پووری ئەوەندە نزاکانی بە ڕوونیی دەکرد و لە ئەبابەیلەی دەڕووانی کە ئەبابەیلەیش وردەوردە لەگەڵ ئەوەکانی تردا دەیگوتەوە "ئامین!".

بەرسیلەی خوشکی لە تەنیشت ئەبابەیلەوە دانیشتبوو و هەر لە ئەبابەیلەی برایی دەڕووانی.

لە درێژەی دانیشتنەکەیدا بەرسیلە نەیدەزانی بۆ ئەبابەیلەی برای بۆنی نەناسراوێکی لێ دەهات. منداڵ بوو لە ئەوە زیاتر دۆخەکەی بۆ لێک نەدەدرایەوە. وایدەزانی ڕەنگە بۆنی جلکوبەرگەکانی بێت، بۆنێکی گرانبەها بێت. دەوڵەمەند زۆرن حەز بە بۆنی ئاسایی ناکەن، حەز بە بۆنێکی سارد و وشکی کەڕوویی دەکەن، بۆنێکی کەمێک ترشاو. بۆنێکی کەمێک کۆنە و چڵکبووواردوو.

بۆساردێکی وشک. بۆنێکی جیاواز بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکە سادە هەژارەکە جیاواز بن.

لە شاری فەیزوواڵاوە هەتا بە شاری شەرەفئاوا، بە شاری چوارخودا بێنازەکە، گەیشتن، بۆ خۆراک و دابەزینێک نەبێت، ئەبابەیلە وشەیەکی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە.

بەرسیلە لە دڵی خۆیدا بیری دەکردەوە، بەڵام نەیدەزانی برای گەورە دەبێت وا بێت یان نابێت وا بێت. پێی وابوو ئاساییە وا بێت. هەر باسێکی لەگەڵ ئەبابەیلەدا دەکردەوە، ئەبابەیلە بێ لە ڕووانینێکی کورتی جاروبار، وەڵامێکی نەدەدایەوە.

خودا شێرەی نەکوشتبوو!

لە هۆڵە گەورەکەی "بنکەی چاودێریی هاودینان و برایەتیی" دا بەرسیلە لە حەیبەت و لە واقی وڕماو و لە سەرسوڕماوییدا وەک کێچ لە جێی خۆیەوە بەرز دەبووەوە. ئەو هەموو شاشە گەورە و بچووکەی دەبینی. گرووپی موزیک و گۆرانیبێژان و کۆنسارت و تاد.
هەستی شەرمەزاریی دایگرت سەبارەت بە ئەوەی بۆنی نەناسراوێکی لە ئەبابەیلەوە بە لووت گەیشتووە. دەیبینی، ئەبابەیلەی برای پیاوێکی گرینگ بوو و لە شوێنێکی گرینگدا کاری دەکرد.
بە ئۆتۆمبیل و بە جلکوبەرگ و کاتژمێری دەستی و ئەنگوستیلە و ملوانکەی ملیدا دیار بوو. هەر پێڵاوەکانی بایی نازانم چەند دۆلار بوون.
لە بەشێکی تری هۆڵەکەدا کە ئەبابەیلە سەرقاڵی هەندێک کار بوو، لە پڕێکدا کۆمەڵێک خەڵکی بینی لە کۆبوونەوەیەکدا دەهاتنە دەرەوە. ژنەکانی نەدەناسیەوە، هەموو لەچک و سەرپۆش بە سەر و هەندێکیان دەمامکپۆش بوون کە هەڵیان دابووەوە، لە ناو چەندین پارچە جلکوبەرگی جیاوازی ڕەنگاوڕەنگدا خۆیان پێچابووەوە و ئینجا کۆڵوانەیەکی گەورەیان بە سەر هەموو پارچە جلکوبەرگەکانی تردا، لە سەر شانیانەوە بۆ دوواوە بۆ سەر سمتیان، شۆڕ کردبووەوە.
هەموویان قەڵەوۆکە و سینگ و مەمک هەڵتۆقاو و سمت دەرپەڕیو، بە ڕوومەت و گوپ و غەبغەبەی شۆڕەوەبووەوە بە دەست پاقلاوە و شیرینی تریان دەخوارد و سەر و بنی پەنجەکانی خۆیان دەلێسایەوە.

هەندێک لە پیاوەکانیشی دەناسیەوە، بەڵام نەیدزانی لە کوێ بینیبوونی.
بیری دەکردەوە.
لە پڕێکدا کەوتەوە بیری.
لە شاری فەیزوولا بینیبوونی، ئەو کاتەی لە بارەی سۆماوە لە مزگەوتەکە دەدووا. ئەمە ئەو مەلایە بوو کە پڕ بە دەنگی خۆی دەدوا و بڵندگۆکانی مزگەوتەکەی دەلەراندەوە. ئەو مەلایە لە ئەم کۆبوونەوەیەدا بوو. ئەو کەسانەشی دەناسییەوە کە ئەم کاتێک باسی سۆمای بۆ ڕاگەیاندنەکان دەکرد لە مزگەوت کەوتبوون بە سەرپێیدا و پێیان دەگوت تۆ گەورەترین پیاوچاکی عەرشی پەروەردگاریت و جوانترین و باشترین کچی شارەکەت بۆ دەهێنین. ئەو پیاوەشی جوان دەناسیەوە کە پێڵاوەکانی ئەمی بەرز کردبووەوە و ماچی دەکردن و هاواری دەکرد و بە خەڵکەکەی دەگوت "ئەمە پێڵاوەکانیەتی، بە قوربانیان بم". ئەو کەسانەی ئەو کاتە بە هەڵەداوان نیشتنە سەر کابرای پێڵاو بە دەست و زۆرانیان لەگەڵ کابرا دەگرت تا پێڵاوەکانی لە دەست دەربهێنن، هەموو لە ئەم کۆبوونەوەیەدا بوون.

دەیزانی شتێک هەیە کە دەبێت بیزانێت، کە دەبێت سەری لێ دەربکات و لێی تێبگات، بەڵام نەیدەتووانی.
ئەبابەیلە پیاوێکی نازیرەک نەبوو، بەڵام ئەم مووچە باشە و ئەو ئیمتیازانەی هەیبوو دەبوون بە بەربەست و نەیاندەهێشت گومان لە خاوەنکارە هاودینەکانی بکات.
وەک تر ئەبابەیلە زۆر باش لە دۆلار و ئۆتۆمبێل و خانوو تێدەگەیشت.

لە دووڕەوە لە بەرسیلەی دەڕووانیی.
لە ڕووانینەکەیدا مرۆڤێکی نەدەبینی، خوشکێکی نەدەبینی، کچێکی کونجکاوی لە بەرەبەیانی تەمەنییدا نەدەبینی.
ئەبابەیلە لە مێردمندالییەوە پێی وابوو لە چەند پارچە تەختەیەکی پێکەوە لکێندراو دەچێت، لە شێوەی سەرەتای پینۆکیۆدا کە هێشتا بێ ناو بوو. لەبەرئەوە هەر لە ئەو کاتەوە ڕق دونیای لە پینۆکیۆ بوو.
بێگومان کارلۆ لۆرێنزینیی کە بە کارلۆ کۆلۆدیی ناسراوبوو، نەدەناسی، کەچی هەر ڕق دونیای لە پینۆکیۆ بوو. دەیگوت سەگبابی وا دەبووایە سەد جار لاشەی سیسرکەکەی پان بکردایەتەوە و سەدان جار ڕێوی و پشیلەکەی بکوشتایە و ئەو داربڕەی لە دڵی جێپێتتۆ ببڕیایە.
ئەو کاتانە بە ئەو هەگبە ئەزموونیەی لە ژیانیدا هەیبوو، هەوڵی دەدا بڵێت "ویژدان فشەیە"، بەڵام نەیدەزانی چۆن بیڵێت و کەسیش نەبوو فێری بکات، یاخود پێچەوانەکەی بۆ بسەلمێنێت.

کابرای بەرپرسی دوو هاوکات لەگەڵ نووسینی بابەتێکدا کە پێوەی مەشغوڵ بوو، بانگی لە ئەبابەیلە کرد و بە دەمێی ناونیشانی قاوەخانەیەکی ناو شاری شەرەفئاوای پێ دا و پێیگوت کە دوو کاژێری تر لە ئەوێ دەبێت یەکتر ببینن.
ئەبابەیلە کە فریا نەدەکوت خێرا بیر بکاتەوە، وەڵامی دایەوە:

- ئەو دوو کاژێرە لە ئێرە دەمێنمەوە و پاشان پێکەوە دەڕۆین.
- نا، نا.

بەرپرسی دووەم بە دڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە.

- تۆ هەر ئێستا برۆ و لە ناو شاردا خۆت مەشغوڵ بکە و دوو کاژێری تر لە قاوەخانەکە بە.

ئەبابەیلە دەیزانی فەرمان فەرمانە و خۆی کۆکردەوە و بەرەو دەرەوە هەنگاوی نا. هەر ئاوا چرکەساتێک بیری لە بەرسیلەی خوشکی کردەوە، بەڵام هەر ئەوەندە بوو.
لانی کەم کاژێرێکی پێچوو تا بەڕپرسی دووەم کاری نووسینی خۆی تەواو کرد و پاشان بانگی لە پێنج لە کارمەندە تایبەتیەکانی ئەوێ کرد و پێیگوتن کە بەرسیلەی خوشکی ئەبابەیلە هی خۆیانە.
ئەوانیش ڕاستەوخۆ بە سڵاوی سەربازیانە وەڵامیان دایەوە.
زۆری نەخایاند بە شەربەتی هەمەڕەنگی تام جیاوازەوە بانگیان لە بەرسیلە کرد بۆ لای خۆیان.

ئەبابەیلە ئاوا چارەکە کاژێرێک زووتر لە قاوەخانەکە بوو. قاوەخانەکە هەر یەک دوو کەسی لێ بوو. دیار نەبوون عەرشی پەروەردگارییان یان خەڵکی شوێنی ترن و لە ئێرەوئەوێ دانیشتبوون و بە جگەرەکێشانەوە خەریکی مۆبایلەکانی خۆیان بوون.
ئەبابەیلە لە کونجێکی دوورەدەستدا دانیشت.
بیری لە ژیانی خۆی دەکردەوە. لە هەموو ئەو جارانەی کە دەرگای یەخچاڵە کۆنەکەی خۆیانی دەکردەوە و هیچی وای تیادا نەبوو بیخوات و کەچی دایکی هەر دەنگی لێ بەرز دەکردەوە. ئەو یەخچاڵەی کە لە چەندین سووچەوە کەڕووی تەڕ گرتبووی. بیری لە ئەو پێخەفەی خۆی دەکردەوە کە هەرگیز بیری نایەت کەی نوێ کرابووەوە، لە پێڵاوە پڕ کونەکانی کە پێیان لە هیچ شتێک نەدەپاراست و لە جلوکوبەرگەکانی بەری کە لە ڕۆژی شوشتندا دایکی ناچاری دەکرد بە دەرپێیەکی کوڵەوە لە ماڵەوە بمێنێتەوە تا دەیشۆردن و وشک دەبوونەوە، لە ونبوون و بێهەواڵیی باوکی، لە ئەو نانەوخانە

نزیکانەی کە ئیتر بە قەرز نانیان پێ نەدەدان یان ئەو دووکانانەی کە پێیان دەگوت "بە دایکت بڵێ تا قەرزەکان نەداتەوە، قەرزی نوێ نییە" و دەیان شتی ئاوا.
بیری لە هەموو ئەو کەناڵە تەلەڤیزیۆن و پەیجانەی سۆشیالمیدیا دەکردەوە کە ڕۆژانە هەموو بە جلکوبەرگی جوان و کاتژمێری دەست و ئەنگوستیلە و ملوانکەی زێڕەوە خۆیان نیشان دەدا، ژن و پیاو هەموو ماکیاجکراو و دڵخۆش باسیان لە کۆمەڵگای عەرشی پەروەردگار دەکرد و هەموو ئەو دەستکەوت و سەرکەوتن و میژووە گەورەوگرانەیان نیشان دەدا کە وەدەستهێنرابوون. بیری لە هەموو ئەو مەلایانە دەکردەوە کە ڕۆژانە بە جلوکبەرگی خاوێن و هەموو سەروڕیش تاشراو و پاکوتەمیز و تێر و جاوبگێڕ و وریا، باسی گەورەیی ئەڵڵایان دەکرد و خەڵکیان فێر دەکرد سوپاسگوزاریی بەشی خودا بن و مەمنوونی ئەرکەکانی دونیای فانیی و پاداشتەکانی دونیای ئەزەلیی بن.
لە مێشکی خۆی تێنەدەگەیشت. مێشکی کەناسێک بوو بە فڵچەیەکی گەورەی ڕیشنی زبر وردەزیخ و گەڵای ڕزیو و تێگری جۆراوجۆری پلاستیکی فڕێدراوی کۆدەکردەوە.
سەری لە ئەو سەرەنوێلکە دەرنەدەچوو، چونکە لە بنی دابوو. خۆیی لە بنی سەرەنوێلکەکەدا دەبینیی و بۆگەنیوەکەی لە کونەکانی لوتیەوە بە ناو هەموو وردە تۆڕەدەزوولەییەکانی خوێنیدا بڵاو دەبووەوە.

ئا لە ئەو کاتەدا بوو دەنگی بەرپرسی دوو کە لە دووایەوە ڕاوەستابوو، ڕایچڵەکاند.

کابرای بەرپرسی دوو بە جەستەیەکی کەمێک قورسەوە بەرامبەری دانیشت. ئەبابەیلە دووبارە ساردیەک و ئەمیش قاوەیەکی گەورەی زۆر خەستی داوا کرد.
بە دەم قومێک قاوەوە، کە ڕاستەوڕاست لە بیلبیلەکانی چاوی دەڕووانی، بە ئەبابەیلەی گوت:

- ئەمڕۆ شۆرباکەی شێرەمان بە گەورەترین هەتیوخانەی شاری شەرەفئاوا بەخشی.
- شۆرباى شێرە؟
- بەڵێ. گۆشتەکەیمان کرد بە شۆربا. خۆ ناچین فڕێی بدەین؟

ئەبابەیلە هیچی نەگوت. نەیدەزانی چی بڵێت. یەکەم جار بوو ببیستێت گۆشتی مرۆڤ کراوە بە شۆربا. شۆرباکەیش بەخشراوەتەوە. بێ ئەوەی بیری لە قسەکانی کردبێتەوە، بە کابرای بەرپرسی دووی گوت:

- خودا زانیاریەکانی پێ دەدا و هەر خوداش کوشتی.
- نا، نا، ئەبابەیلە. تۆ شێرەت کوشت، خودا نەیکوشت. خودا نەبوو کوشتی، تۆ کوشتت. تەڵەکەی تۆ بوو کوشتی.

ئەبابەیلە لە کابرا تێنەدەگەیشت. لە فەرهەنگی ئەبابەیلەدا هەموو مردنێک بە دەست خودا بوو. هەموو لەدایکبوونێک بە دەستی خودا بوو. هەموو کەوتن و هەستانەوە و پێچکردنەوەیەک، هەموو شتێک بە فەرمانی خودا بوو.

کابرای بەرپرسی دووەم بە دەم قومی بچووک لە قاوەکەی سەیری ئەبابەیلەی دەکرد و لە مێشکیدا ژاوەژاوێک هەبوو کە دەبووایە باسی بکات و دەریببڕێت. ئەبابەیلە کێ بوو ئەم دەیویست یان خۆی بە ناچار دەبینی هەگبەی دڵی خۆیی بۆ هەڵبڕێژێت؟
کابرای بەرپرسی دووەم بێگومان دەیتووانی بەرامبەر بە دیوارێک، کورسیەک، تابلۆیەک یان شتێکی بێ گیان دابنیشێت و ناخی خۆیی بۆ هەڵبڕێژێت، بەڵام ئەوە بژاردەیەک نەبوو.
ئەبابەیلە بوونەوەرێکی عەرشیی بوو کە هەناسەی دەدا و دەیتووانی دەنگی وشە ببیستێت، بەڵام ئایا ئەم پێویستی بە ئەو بوونەوەرە بوو؟ ئایا لە بەر ئەوە بوو دەیویست بۆ ئەبابەیلە بدوێت؟
ڕاستیەکە ئاڵۆز بوو.

- ئەبابەیلە، پاش ئەم دانیشتنە ئیتر من نابینیتەوە.

بە بیستنی ئەو قسەیە ئەبابەیلە لە شوێنی خۆیدا جوڵا. نەیدەزانی چی بڵێت و چۆنی بڵێت. کابرای بەرپرسی یەکەم و ئەم، کە بە گشتیی بەرپرسی دووەمیان پێ دەگوت، سەرچاوەی هەبوونی ئەم و پارە و سامان و کار و ڕێنمایی و ئافەرینیی بوون. هەر لە خۆیەوە و لە ئەو پەڕی سادەبوونی خۆیدا پرسی:

- بۆ کوێ دەڕۆیت؟
- بۆ هیچ کوێ ناڕۆم. یان ڕەنگە بزانم بۆ کوێ دەڕۆم. ئەوە پرسیارە سەرەکیەکە نییە. یاخود لە ڕاستییدا دەڕۆم، بۆ

هەتاهەتایی دەڕۆم. دەڕۆم بۆ نەبوون. بە دڵنیایەوە منیش دەکرێم بە شۆرباوێک و دەرخواردی خەڵکی عەرشی پەروەردگار دەدرێم.

ئەبابەیلە سەری لێ تێک چوو، چونکە لە باسەکە تێ نەدەگەیشت.

- ئەبابەیلە تۆ کوڕی عەرشی پەروەردگاریت. منیش دوژمنی سەرسەختی عەرشی پەروەردگارم، واتە دوژمنی سەرسەختی تۆم. من و تۆ جووتێکی دژ بە یەکین. یان دەبوایە جووتێکی دژ بە یەک بووینایە. چیرۆکەکە ئاڵۆزە. لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ کاتم نییە لە بەرەبەیانیی مێژووەوە بۆت باس بکەم. کاتێک عەرشی پەروەردگار لە دۆزەخی ئەم دەڤەرەدا ئاسۆی لێ ڕوون بووەوە، ئێمە ترسمان لێ نیشت. دەرکەوتنی ئاسۆ لە عەرشی پەروەردگار دەرکەوتنی مەرگ بوو لە ئێمە. ئێمە دوو ئەڵتەرناتیف لە بەردەستماندا هەبوون. یەکێکیان ئەوە بوو وازتان لێبهێنین و ئێوە لە ئاسۆی ڕووبی خۆتاندا باوەش بە ژیاندا بکەن یاخود ڕێگاتان لێ بگرین و بتانخەینە ناو شەوەزەنگێکەوە کە نەتووانن تاکە یەک هەنگاویشی تیادا بنێن. ئەوەش ئاڵنگاریەکی گەورە بوو. لە ڕاستییدا کاتێک بڕیارماندا دژ بە عەرشی پەروەردگار بووەستین هیچ باوەڕێکمان بە خۆمان نەبوو، بەڵام لە ترسی مەرگی خۆمان ئەو بژاردەیەمان هەڵبژارد کە زەحمەت بوو، کە زۆر زەحمەت بوو.

ئێمە شانمان خستە ژێر باری بە نامرۆڤکردنی ئێوەوە، کە لە مرۆڤبوونتان بخەین. تەنیا و تەنیا بە ئەوە ڕازیبووین کە ئێوە لە دەعبایەکی دووقاچ زیاتر نەبن، کە باوەڕتان بە خۆتان و بە یەکتر و بە عەرشی پەروەردگار نەمێنێت. لە سەرەتادا ئەمە هەر خەونێک نەبوو، بەڵکو خەونێکیئالۆز بوو. خۆمان لێ دەترساین.

پاش لێتوێژینەوەیەکی تا ڕادەیەک خێرا و تێگەیشتن لە مێژوو و لە کەلتوری عەرشی پەروەردگار لە ماوەیەکی تا ڕادەیەک کەمدا خاڵە لاوازەکانمان دەستنیشان کرد.

لە ماوەیەکی کورتدا هێندە سەرکەوتوو بووین خۆمان باوەڕمان بە چاوی خۆمان نەدەکرد.

قەدبڕێکمان دۆزییەوە نالێم لە مێژوودا پەی پێ نەبراوە، بێگومان ئەوە ڕاست نییە، بەڵام ئێمە مۆری خۆمان لێ دا. زوو بە زوو بە دەیان فیلمی ڕووتمان لە گەڵوقنی خەڵکی عەرشی پەروەردگار گرت. پاشان کردمان بە سەدان و بە هەزاران.

سەرەتا لە سەرۆککۆمارەوە دەستمان پێ کرد. کارەکەمان زۆر لە ئەوە ئاسانتر بوو کە بیرمان لێ دەکردەوە. سەرۆککۆماری عەرشی پەروەردگار خۆی هاوسەرێکی جوانی هەیە، بەڵام دەندووکی بە ئەو ژنانەوە دەبوو کە ئێمە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆمان دەنارد. لە پڕێکدا ژمارەی ئەو فیلمانەی لە سەرۆککۆمارمان دەگرت بوون بە سەدان. سەرۆککۆمار و وەزیرەکان و پەرلەمێنتاران، خۆیان و هاوسەر و خوشک و دایکیان، بێ باک و بێ پەروا، دەهاتن بۆ لای ئێمە و لە ژووری

میواندارێ و هوتێلەکانماندا کە پڕمان کردبوون لە کامێرای جۆربەجۆر، خۆیان ڕووت دەکردەوە و لە بەر دەمی کامێرا شاردراوەکانی ئێمەدا کاژێر دووای کاژێریان بە ڕێ دەکرد. لەگەڵ خەرجکردنی پارەیەکی زۆردا کە هەر ئاوا دەیانکردە ناو ئاوەوە و بە ڕاست و چەپدا سەرفیان دەکرد، دەهاتنەوە بۆ ناو ئەو مێرگەی ئێمە بۆمان ڕازاندبوونەوە.

دەهاتنەوە بۆ ناو باوەشی ئێمە.

دەهاتنەوە بۆ ژێر چاوی کامێراکانمان و بە کەیفی خۆیان لە مێرگی چیژوەرگرتندا چڵاوچڵیان دەکرد.

پیاوانی عەرشی پەروەردگار، دروست هەر بە ئەو شێوەیەی شێرە لاقی بوو بە تەڵەکەی تۆوە، ئاوا ئەوانیش دەم و گەڵوقن و تەواوی جەستەیان دەبوون بە تەڵەی کامێراکانی ئێمەوە.

پیاوەکان هەرگیز لە خۆیان نەدەپرسی ئەم هەموو کچە جوانانە لە کوێوە پەیدا دەبن کە لە پێنج خولەکەدا عاشقیان دەبن و پاش یەک دوو خواردنەوە لە ژوورێکی ڕازێندراودا خۆیان بۆ دەکەن بە سفرەی چێژبەخشین.

ئێمە لە ئەوەبەر پسپۆڕی ئەم بواڕە بووین، خۆ دەستوپەنجە سپی نەبووین، بەڵام سەرمان لە ئاسانیی ڕاوی پیاوان و ژنانی عەرشی پەروەردگار دەسووڕما. بە هۆی دەرمانی لە هۆشبەر و مەستکارەوە کارەکانمان ئاسانتر جێبەجێ دەبن و ئەوەی پێمان خۆش بێت پێیان دەکەین. جا هاوسەر، دایک، خوشک یان لە هەر پێوەندیەکی تردا بوونایە، گرینگ نەبوو. گرینگ ئەوە بوو ئێمە فیلمەکانی خۆمان دەست بکەوێت،

جونکە دەمانزانی زوو یان درەنگ دەتووانن سوودمان پێبگەیەنن و بەکاریان بهێنین.
لە ئەوەبەر لە ڕێگای دینەکەمانەوە دەستمان بە ڕێکخستنی خەڵک کرد بوو. خۆ لە مێژ بوو ئەو کارەمان لە شوێنی تریش کردبوو. بڵاوکردنەوەی دینەکەمان یەکێک لە هەرە کارە باش و سەرکووتووەکانمانە.
لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی دینەکەمانەوە دەست و باڵمان ئاوەڵە کردووە. لە سەرەتادا تووانیمان زۆر شت دژ بە عەرشی پەروەردگار بکەین کە بێگومان ئێشتایش هەر بەردەوامین.
ئەبابەیلە، دین چەکە.
هەر چەک نییە، بەڵکو باشترین چەکە.
دین یەکێک لە بەهێزترین چەکەکانی ئەم سەرزەمینەیە.
ڕەنگە بە پارەی بۆمبێک دەیان و بگرە سەدان کەس لە پەلوپۆ بخرێت، بەڵام هەر کەس و لایەنێک فێری تەقاندنی گوللەی دین ببێت، کەم هێز هەیە خۆی لەبەردەمیدا ڕابگرێت. نیشانەپێکاندنەکە لە دەیان و سەداندا نییە، بەڵکو لە هەزاران و میلیۆنانداید و هەر کەس ئەنگاوتە ببێت بۆ هەتاهەتایە لە پەلوپۆ دەکەوێت. بەڵام بێگومان دەبێت بزانیت چۆن ئەو چەکە بەهێزە دەگریت و چۆن ئاراستەی دەکەیت و بە کوێوەی دەنێیت. ئەمە پسپۆڕیی و تووانایەکی یەکجار گەورەی پێویستە.
بڵاوکردنەوەی دینەکەمان لە عەرشی پەروەردگاردا ئاسان نەبوو تا لەگەڵ پارەدا تێکەڵمان کرد.

ئەبابەیلە، پارە بە تەنها هەر ئەو هێزەی هەیە کە بە گشتیی هەیەتی. بۆ نموونە تۆ ماوەیەک لە ئەمەوبەر بۆت دەرکەوت کە ئەو پارە و ماڵ و سامانە کە هەتە دەرگایەکی تایبەتییت لە سەر ناکاتەوە، بەڵام دینەکەت، ئەو مزگەوتانەی دروستت کردوون، دەرگات لە سەر دەکەنەوە. دین هەر ناشیرینی ڕۆح و دەروون داناپۆشێت، بەڵکو ناشیرینیی جەستەیش دادەپۆشێت.

پارە بەهێزە، بەڵام لەگەڵ دیندا زۆر بەهێزتر دەبێت.

لە پرۆسەکەدا تێبینیمان کرد کاتێک هەردووکیان ئاوێتە بە یەک بکرێن، نە پارەکە دەبینرێت و نە دینەکە. لە سەرەتادا ویستمان تێکەڵیان بکەین، دووایی تێگەیشتین، نەخێر تێکەڵکردن باشە بەڵام ئەو باشە نییە. دەبێت پارە و دین ئاوێتە بە یەکتر بکرێن و ئێمەیش کردمان. هەر ئەوە نەبوو بە شێویەک دینەکە و پارەکە ناڕاستەوخۆ بخەینە بەردەست، بەڵکو لە یەکمان دەدا و وا نیشانمان دەدا کە هەردووکیان هەر دینەکەن. ڕووخساری پارەمان پەنهان کرد.

بەڵێ، کاتێک ئاوێتەی یەکترمان کردن سیحرێک بوو هاتە دەستمان، موعجیزەیەک بوو بە ڕوومانداکرایەوە.

گەورەترین کرانەوە بوو بە ڕووی کۆمارەکەماندا بکرێتەوە.

هەردووکیان پێکەوە بوون بە چەکێکی وا کوشندە کە کەم کەسی عەرشی پەروەردگار هەبوو بتووانێت بەرامبەری ڕابووەستێت.

دین و پارە باروو‌تێکن نەک هەر ناخی مرۆڤ، بەڵکو ناخی ڕەقترین زەوی هەڵدەتەکێنن.
لە خۆشبەختی خۆمان زوو ئەوەیشمان بۆ دەرکەوت کە هیچ شتێک هێندەی تێکەڵکردنی سێکس و پارە و دین کاریگەرپی نییە. ئەوە کۆکتیلێکی دەرخەیاڵ کوشندەیە.
کاتێک ئەم تێکەڵکردنە لە فۆرمی فیلمێکدا بەرجەستە دەکەیت، فیشەکێکت دەست دەکەوێت، هەموو گۆشتێک دەبڕێت و هەموو ئێسکێک تێک دەشکێنێت و هەموو ڕۆحێک دەکات بە بێژنگ.
خەڵکی عەرشی پەروەردگار تینووی ئەو کۆکتێلەن و بە کەیف و شادییەوە بینی پێوە دەنێن.
نازانم، لە کام تاقیگەی پیلانەکانماندا ئەو تێکەڵەیەمان کەشف کرد. ڕاستە هەموومان پێکەوە کارمان لە سەر دۆزینەوەی پلانێک بۆ تێکشکاندنی عەرشی پەروەردگار دەکرد. ڕەنگە ئەو سەرئەنجامە بووبێت کە هەر بە تێکشکاندنەکە ڕازی نەبووین، بەڵکو بڕیارمان دا بیکەین بە ژەهرێک و دەست بە چاومانەوە بگرین و بیڕژێین.
لەبەرئەوەیە، تەنانەت ئێستایش کە قسە بۆ تۆ دەکەم، تێ ناگەم ئەو ئاوێتەیە لە کۆکتێل چۆن دەتووانێت ئاوا کوشندە بێت.
لە زانستی تاکتیکی سەربازییدا کە من سااڵنێک خوێندوومە باس لە هێزی ئەتۆم دەکرێت.
باسێکی زۆر لە سەر کاریگەرپی هێز و چەکی ئەتۆم دەکرێت.

ڕاستە چەکی ئەتۆم ترسێنەرە و هەر ترسێنەر نییە، بەڵکو تۆقێنەرە، بەڵام ئەگەر زۆر زانایانە ئەو ترسە ئاراستە نەکرێت، ئەوا هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆم وەک تڕی بنگۆمە. هاوکات کە ئەو هەموو زانست و پارە و تاکتیک و نهێنییەگەڕییەی پێویستە.
بەڵام کۆکتێلی سێکس و پارە و دین ئەتۆمی ئەتۆمەکانە. دایکی بۆمبی ئەتۆمییە. ئەو بۆمبەیە کە بێ دەنگ و بێ ئاگر و بێ دووکەڵ و بێ کۆخەکۆخ و بێ هێنان و بردن، کێوی ئێڤەرست هەڵدەتەکێنێت و لە هەموویشی گرینگتر ئەوەیە کە بەکارهێنانی نە تاوانە و نە قەدەخەیە.
ئەبابەیلە، ئێمە بە کۆکتێلی سێکس و پارە و دین عەرشی پەروەردگارمان هەڵتەکاند.

ئەو قسانە ئەبابەیلەیان ماندوو کرد. لە قسەکانی بەرپرسی دووەم تێ نەدەگەیشت. بە قومێک لە شەربەتەکەی بەردەمی کە هەڵمژینەکەی کەمێک دەنگی لێوەهات، بۆ چاوتروکاندنێک کابرای بەرپرسی دووەمی وەستاند.

- بەڵێ، ئەبابەیلە. لە سەر بنەمای سێکس شتێکمان بە ناوی شەرەفەوە دروست کرد و خستمانە ناو لینگی ژنانەوە. شەرەفمان کرد بە بەشێک لە خەسڵەتی ژنانی عەرشی پەروەردگار. ئێمە، گەورەترین لە براوەکانی مێژووین چونکە لێهاتووانە پیشە و کار و زانین و ڕاستگۆیی و سەرڕاستیی و

شانازیی و خۆشەویستیی و وەفا و پەیمانمان لە وشەی شەرەف داماڵی.
شەرەفمان کرد بە پارچەگۆشتێک.
ئێستایش ێ ناگەم چۆن تووانیمان شەرەف لە خەسڵەتێک بۆ خۆشەویستی خاک و نیشتیمان و کۆمەڵگا دابماڵین. ئەمە دەستڕەنگینییەکی ێ هاوتایە. ئێمە پێناسەی شەرەفمان گۆڕی بۆ پلەگۆشتێکی ناوگەڵی ژنان. هەر یەک دوو کەسێک لە عەرشی پەروەردگاردا بەرپەرچیان دایەوە کە ئەوانیشمان زوو دەمکوت کرد. لە ماوەیەکی کەمدا بێمتمانەییشمان لە ناو خەڵکدا بڵاو کردەوە، بە شێوەیەک کە ئیتر هیچ کەسێک متمانەی بە یەکێکی تر نییە. هیچ کەسێک باوەڕ بە قسەی ئەوەی تر ناکات. هەموو کەسێکمان لە هەموو شتێکی عەرشی پەروەردگار دابڕیوە و هەر تاکەکەسێکمان کردووە بە تاکێکی دابڕاو لە چواردەور، بە تاکێکی بە خۆنامۆ. تاکێک نامۆ بە مێژوو و بە ڕابردوو و بە کەلتور و بە گەرمیی کۆمەڵگای خۆی.
شتێکمان بە ناوی کۆمەڵبوونەوە نەهێشت.
ئینجا پەتمان لە ملی تاکەکەسەکان کرد و بە ئارەزووی خۆمان بە ڕاست و چەپدا دەیانبەین و دەیانهێنین. کەم کەس هەیە خۆی لە بەردەم ئەو کۆکتێلەدا ڕابگرێت.
سیستەمی خوێندمان تێک و پێک دا. پێڕەوی خوێندن و بیری بەڕێوەبەران و مامۆستاکانمان گۆڕی. کارەکەمان ئەوەندە سەرکەوتووبووە کە بە سەدان مامۆستا لە جیاتی فێرکردنی زانست، منداڵانتان فێری دینەکەمان دەکەن.

بەڵام کام دین؟
ئەبابەیلە نەیدەزانی چی وەڵام بداتەوە. فریای تێگەیشتن نەدەکەوت. نەیدەزانی ئایا بەرپرسی دووەم پرسیارەکە لە ئەم دەکات و چاوەڕوانی وەڵامێکە؟
کابرای بەرپرسی دووەم بێگومان ڕووخساری ئەبابەیلەی بە ئەو دڕاوپی و تێکدراویەوە دەخوێندەوە و بەردەوام بوو:

- نا، بێگومان پێویست ناکات تۆ وەڵام بدەیتەوە. ئەمە تاقیکردنەوەیەکی تر نییە تا تۆ لە خەمی وەڵامدانەوەدا بیت. ئەو دینە دینی ئێمەیە. ئەو دینەیە کە ئێمە بە ئارەزووی خۆمان پڕ بە بەری عەرشی پەروەردگار دروستمان کردووە، ئەو دینەی ئێمە بانگەشەی دەکەین هیچ پێوەندیەکی بە بوونێکی خوداییەوە نییە، بەڵکو بوونێکی سیاسییە، سەروەریی دەوڵەتەکەمانە، سەروەریی ئاڵا و خاکەکەمانە.
ئەبابەیلە، لە دیندا کوا پارە هەیە؟ ئێمە دین و پارەمان بە یەکەوە بەستەوە. ئایا لە عەرشی پەروەردگاردا چەند مەلا و بانگخوازتان هەن کە بە خۆڕایی دوو جار بانگتان بۆ بدەن یان لەگەڵ مردوویەکتان بەرەو گۆڕستان بڕۆن؟
ئێمە کردمان بە بازرگانییەکی بێ ناو. خەڵکەکە لە بازرگانییەکەدا دەژین، ئەی چۆن یان بۆچی نایبینن یان بۆچی ناتووانن ببینن؟ خەڵکەکە مووچەوەرگرتن و ئیمتیازی پارە و جلکوبەرگ و هەموو ئەم شتانە دەبینن، بەڵام خودی بازرگانییەکە نابینن.

ئێمە ئەم دینەمان کرد بە کەلتوری عەرشی پەروەردگار و خستمانە ناو زمان و کەلتور و داب و نەریتتانەوە.
ئێمە زۆرینەی دادوەرەکانمان کڕی و ئەو چەند یاسایە کە لە ئێرە و لە ئەوێ کە کەمێک تەڕاییەکی مرۆڤایەتیان پێوەیە لە بیر خەڵک بردەوە و ڕوو بە ئاراستەی سوڵحی عەشایەرِیی بردمانن. ئەبابەیلە ...

ئەبابەیلە بە وردیی گوێقوڵاخی کابرای بەرپرسی دوو بوو، هاوکات هیچ تێ نەدەگەیشت. لە دڵی خۆیدا دەیپرسی "ئایا ئەم پیاوە شێر و ڕێوی بۆ کێ دەهێنێتەوە"، بەڵام هەر کە گوێی لە وشەی ئەبابەیلە دەبوو، بە دەست خۆی نەبوو، ڕادەچڵەکا.

- بەڵێ قوربان.
- ئەبابەیلە، بۆ ئەوە ناوت ناهێنم وەڵامم بدەیتەوە. ناوت دەهێنم لەبەرئەوەی دەتبینم. پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە بڕیارمدا وەک ئەبابەیلە نا، بەڵکو وەک عەرشییەک بتبینم. ئێستا وەک خۆت، وەک ڕۆڵەیەکی عەرشی پەروەردگار دەتبینم. لە عەرشی پەروەردگاردا کارەباتان نییە، ئاوتان نییە، پیشەسازییتان نییە، تەنانەت ناتووانن بزمارێک دروست بکەن. تێ دەگەیت. ناتووانن سەری پارچە ئاسنێکی باریک پان بکەنەوە و بیکەن بە بزمارێک. کشتوکاڵتان ناتوانێت هەفتەیەک خۆتان تێر بکات، جادە و ڕێگاوبانتان بۆ دروست دەکەین لە ماوەیەکی کورتدا هەڵدەتەکێن و وێران دەبن، خانووبەرەتان بۆ دروست دەکەین هەموو کەل و مەل،

پارچەکانی دەکەونە خوارەوە و لە هەموو شوێنێکی ماڵەکانتاندا ئاو دێتە دەرەوە. لە بازاڕتاندا سەرەسۆدایەکی خۆتانی تیادا نییە. کەچی هەر شەرم ناتانگرێت. شەرمی خاک و هەوای خۆتان ناتانگرێت. بە ڕاست و چەپدا شتومەکی دەکڕن و مێش میوانتان نییە.
هەرچی پێویستی ئەو دونیایە هەبێت لە لای ئێمەوە بۆتان دێت. خۆتان بە دەمی خۆتان وەک دەرەجە یەک و باشترین بەرهەم دەیانسەلمێنن و دەیانفرۆشنەوە.
پڕ بە گەروتان درۆ لەگەڵ خۆتان و یەکتردا دەکەن. خۆتان بوون بە گەرانتۆری شتومەکەکانی ئێمە. دوو هەفتە دەروازەی خۆراک لە سەر عەرشی پەروەردگار دابخەین هەمووتان لە برساندا دەمرن. سەرەڕای هەموو ئەو بەدبەختییە لە خۆتان ناپرسن کێ لە پشت ئەم دۆخەوەیە. ناپرسن کێ ئەم دۆزەخەی بۆ دروست کردوون.
ئێمە عەبا و لەچک و بەرگەدۆشەکمان بە سەر تۆپەڵەقورێکدا دا و کردمان بە سەرۆکی گرنگترین دامەزراوەی یاساییتان. ناچارمان کردن دژ بە موزیک و گۆرانی و ئاواز و شانۆ و هونەر بن کە لە ڕاستییدا ڕۆح و گیانی نەتەوەیەکن. ئەبابەیلە، نەتەوەیەکی بێ موزیک و بێ گۆرانی و بێ ئاواز و بێ شانۆ و هونەر زیاتر لە مەیموونی ناو دارستانێک چی تر؟ ببینە، چیمان بە سەر زمان و کەلتور و هونەرتاندا هێناوە. بە بەرچاوی خۆتانەوە کەوڵتان دەکەین، بە زیندووێی کەوڵتان دەکەین، سەرتان دەبڕین، پەلوپۆتان دەشکێنین،

زمانتان دەبڕین و شەق لە هەرکوێی جەستەتان هەڵدەدەین پێمان خۆش بێت.
بەڵام ئەبابەیلە، چەند کەس لە ناو ئەم عەرشی پەروەردگارەدا، ئەم دۆزەخە دەبینێت و دەپرسێت کێ دایخستووە بۆ تان و کێ لە پشتیەوەیەتی؟
تەنها یەک کەس، یەک دانە کەس ئەو پرسیارەی کرد. یەک کەس ئەو پرسیارەی لە خۆی کرد.
ئەو کەسە شێرە بوو.

ئەبابەیلە بۆ چرکەیەک سەری لێشێوا و نەیدەزانی ئەو کارەی شێرە باش بووە یان خراپ. بە پرسیارەوە لە بەرپرسی دووەمی پرسی:

- شێرە؟
- بەڵێ، شێرە.

بەرپرسی دووەم بەردەوام بوو:

- بەڵێ، شێرە. شێرە یەکەم کەس بوو ئەو دۆزەخەی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بینی.
ڕۆژێک دووای شێرە کەوتبووم. من خۆم دووای کەوتم. بە پێی تەکنیکی شوێنپێ هەڵگرتن دووای کەوتم. شێرە زیرەک بوو. هەستی هەبوونی مرۆڤ لە پشتخۆیەوەی دەخوێندەوە. شێرە مرۆڤیکی سەیر بوو. مێشکی وەک کۆمپیوتەر کاری دەکرد و لە چرکەیەکدا چەندین وەڵامی ئەڵتەرناتیڤی لای خۆی دروست دەکرد و ئینجا باشترینی هەڵدەبژارد.

چۆن شێرە خەڵکی ئەم سەرزەمینەی ئێوەیە و لە چینگ ئێمە دەرچووە، نازانم.
کاتێک لە چایخانەیەک گیرسایەوە، چایەکیان بۆ دانا. من بەرامبەری دانیشتبووم، هەر وەک چۆن تۆ بەرامبەر بە دایکی سۆما لە ژێر چادرەکەدا دانیشتبوویت و بێ پەروا لە هیچ قومت لە چایەک دەدا.
لە یەکێک لە چاییخانەکانتان کە هەروا بە ژێرپیاڵەی نیوەپڕ و پیاڵەی تەڕەوە چایەک فڕێ دەدەنە بەر دەمی کڕیار. کەس شێرەی نەدەناسیەوە. چایخانەکە خەڵکی زۆر لێ بوو، بەڵام تەنیا یەک کەسیش نەیدەناسییەوە. شێرە خەفەتی بە ئەو دۆخەی عەرشی پەروەردگار دەخوارد و لە بەر خۆیەوە دەدوا. لێوەکانی هێندە جوان دەبزووواند کە من لێی تێدەگەیشتم. ئەوانەی تر وایان دەزانی شێتە یان کەسێکە بەرەو شێتی دەڕووات.
هەر کەسێکتان دوو جار پرتەپرتێک بکات، مەجالی نادەن و پێی دەڵێن شێت و دووای دەکەون و تەنەکەی بۆ لێ دەدەن.
هەر من دەمزانی شێت نییە.
من بەرامبەری دانیشتبووم و یەکێک لە ئەو پیاڵە تەڕ و ژێرپیاڵە تەڕە ناشیرینانەم بە دەستەوە بوو و هاوکات کە لە تەپڵەکی ڕزیو و شیلاوی و تەڕی چایخانەکەم دەڕووانی.
شێرە تا بنهەنگڵی پرسیار و خەفەت بوو.
سەرم خەریکبوو دەتەقی کە چۆن کەس نییە شیرە بناسێتەوە. بوونەوەرگەلێکی ڕووخسارکوێر، ڕەنگکوێر و بیچمکوێر و ڕەفتارنەبین.

هەموو بوونی شێرە یەک پارچە لە بەدەربەستەوە هاتن و لە بیری چارەسەر بۆ عەرشی پەروەردگار بوو. بەڵام خەڵکەکەی چواردەوری باکیان نەبوو. هەموو چاپی خۆیان دەکردە ناو ژێرپیاڵەکانیان و هەڵیاندەمژی و هەڵیاندەلووشی و پێکەوە باسی خانوو و زەوی و ئۆتۆمبێل و عەمرە و حەجی دووەم و و ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم و دادگا و تەڵاقدان و نایهێنمەوە و دەریدەکەم و گوو بە گۆڕی باوکی و خەتای خۆیانە، و دایکی دەگێم و نەوتی حیز و ئەو جۆرە قسانە بوون.

یەکێک دەیگوت "ئەوەندەم خواردووە خەریکە دەپچڕێم" و ئەوی تر دەیگوت "ئەوە دە دانەی چای بە سەردا بکەم و هێشتا هەر نایباتە خوارەوە" و یەکێکی تر لە دووڕەوە دەیگوت "بە خودا دەبێت من جارێکی تریش بیخۆم، ئای کە خۆش بوو".

گوێم لێ بوو لە بەردەمی شێرە خۆیدا لە سەر ئەو خزمەتگوزاریەی کە ناوی تێڵاترێنی نیشتیمانییە و سەرۆککۆمار داینابوو و بەڵام شێرە لە ئەو دووایییەدا هەڵیوەشاندبووەوە، بە ئاشکرا جوێنیان بە خوشک و دایکی دەدا. نەیاندەزانی شێرە لە تەنیشتیانەوە و لە ناو خۆیاندا دانیشتووە، باسی واسیتە و سوڵحی عەشایەریی و مارەیی و مارەبەجاش و ئەڵلاگیان و حەدیس و فتووا و مزگەوت و مەلا و گوناهی نوێژنەکردن و هەموو ئەو شتانەیان دەکرد کە لە عەرشی پەروەردگاردا دەگوزەرێت و کە ئێمە کردوومانە بە

ملوانکە و لە ملمان کردوون و کە شێرە دەیویست بیپچڕێنێت.
لە قسەکانیاندا دەمبیستەوە کە هەموو ئەو شتانە دەستکردی ئێمە بوون. شێرە ئاگای لە هیچ نەبوو. ئێمە بووین چووین بۆ لای سەرۆککۆمار و پێشنیازمان کرد خزمەتگوزارییەک بە ئەو ناوەوە وەگەڕ بخات چونکە هەر ئێمە خەڵکی عەرشی پەروەردگارمان عاشق بە تێهەڵدان و سووکایەتی پێکردن کردبوو.
بێگومان ئێمە خۆمان نەماندەتووانی خزمەتگوزاریەکی لە ئەو شێوەیە دابنێین، دەنا دەمانکرد. ئێمە بووین و ئێمەین لە پشت فەتوواکان و مەولودەکان و بانگدانەکان و ڕێکخراوی پیاوان و ڕێکخراوی گوایا دژ بە ژنانی خراپین. من بووم، من خۆم نازناوی زانا و مامۆستام بە مەلاکان بەخشی. من بووم پەلاماردانی ئەو ژنەم ڕێکخست کە بە ئەو پەڕی ڕێزەوە باسی مافی مرۆڤی بۆ ژنان دەکرد. بە هەمووی هەزار دۆلارمان لە سەر نەکەوت. ڕاگەیاندنەکان و ستافەکانیان بە پەنجەکانی ئێمە هەڵدەسووڕێن. منم زۆربەی ئەو کارانەم ئەنجام داوە. منم کە بە هەزاران سەفتە دۆلارم بۆ ناشیریکردنی شێڵتەرەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و بە حیز و دزکردنی ژنان و دنەدانی پیاوانی عەرشی پەروەردگار سەرف کردووە. منم کە دەیان و سەدانم فێری سیخوڕیی و ئەڵقەلەگوێی کردووە. ئێمە بووین کە تۆوی بێمتمانەییمان ناشت و ناهێڵین تەنانەت کڕیار و فرۆشیارێک لە دۆخێکی ئاساییدا مامەڵە بکەن بێ ئەوەی لە ژێرەوە خوشکو دایکی یەک نەگێن.

شێرە بە دووای چارەسەرێکدا وێڵ بوو. ئەو تەنها دەیویست چارەسەرێک بدۆزێتەوە، بەڵام نەیدەزانی چۆن، چونکە تەنها باڵ بوو، تاک باڵ بوو.
لە سەرەتادا کاتێک شێرە کەسێکی بە ناوی پرشنگەوە دروست کرد و خستیە بەردەمی ڕەشەبای هێرشی نەفام و نەزانەکانی عەرشی پەروەردگار، ئێمە دڵمان خۆش بوو. باوەشمان بە یەکترداکرد و بە یەکترمان گوت ئەمە پیاوی ئایندەی ئێمەیە. خۆ لە ئەوەپێش زۆر کەس لە عەرشی پەروەردگار ئەو کارانەی کردبوو، بەڵام جیاوازیەکی گەورە هەبوو. ئەویش ئەوە بوو شێرە ئەو کارەی بۆ پارە نەکرد.
شێرە لە خۆشەویستییدا بۆ باوکی ئەو کارەی کرد. وایدەزانی ئەگەر دایکی واز لە باوکی بهێنێت، خێزانەکەیان هەڵدەوەشێتەوە، نەیدەزانی بنەمای خێزانی بەختیار سەرئەنجامی ئازادییە، نەک زۆرەملێ.
بەڵێ، ئاکامی کارەکەی تێکدەرانە بوو، لەبەرئەوە بوو ئێمە خۆشمان لێی هات و پلانمان دانا و پێوەندییمان پێوە گرت، بەڵام ئەو هەر لە سەر شێوەی خۆی بەردەوام بوو. گوێی بە ئێمە نەدا.
گوێی بە پارە و بە پشیپشیی ئێمە نەدەدا.
ئەبابەیلە، ئایا جیاوازیەک دەبینی؟

ئەبابەیلە خەریک بوو لە هۆش خۆی دەچوو. لە نێوان تووانستی گوێگرتن و نەتووانستی قسەکردندا لە سەر ڕۆخی شێتبوون بوو. لە

دڵی خۆیدا پرسیاری لە خۆی دەکرد: "ئایا بەڕێز دووەم چی لێم دەوێت؟".
بەڕێز دووەم مێشکی ئەبابەیلەی دەخوێندەوە:

- هیچم لە تۆ ناوێت، ئەبابەیلە. دەزانم تۆ تازە ناتوانیت وەربچەرخێیتەوە. من پیاوێکی وا نییم کەف و کوڵی دەروونم بۆ تۆ هەڵبڕێژم. من بۆ مێژوو دەدوێم. ئێستا کاتێک ڕووبەڕووی تۆ دەدوێم، لە ڕاستییدا ڕووبەڕووی عەرشی پەروەردگار دەدوێم. کاتێک من گوتم گۆشتەکەی شێرەمان کرد بە شۆربا، تۆ لە وەڵامی قسەکانی پێشترمدا گوتت "خودا زانیاریەکانی پێ دەدا و خوداش کوشتی".
تۆ وەڵامی پرسیارەکەی منت نەدایەوە و بە خەیاڵتدا نەهات کاتێک گوتم گۆشتەکەیمان کرد بە شۆربا. ئەو تاوانە گەورەیە، ئەو کارە قێزەونە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر دانەنایت. تۆ نموونەیەکی بەرچاوی عەرشی پەروەردگاریت. دەعبای ئاوا کەمترخەم و بێدەربەست لە ئێرە نەبێت لە سەر کام بستە زەمینی تر دەتوانێت بژی؟
بەڵام من هەر وەڵامی پرسیارەکەتم دایەوە و پێم گوتیت خودا شێرەی نەکوشت، تۆ کوشتت. هەر ئاواش خودا نەبوو زانیاریەکانی پێ دەدا، بەڵکو من بووم. من خودای زانیاریەکان بووم.

ئەبابەیلە دووچاری هەناسەسواریی بووبوو. وای هەست دەکرد هەوای ئەو قاوەخانە گەورەیە بەرەو تەواوبوون دەچێت. باوەڕی نەدەکرد ئەو وشانە لە زاری بەرپرسی دووەمەوە بێنە دەرەوە.

- تۆ زانیاریەکانت پێ دەدا؟ تۆ بوویت؟ خودا نەبوو؟
- بەڵێ، بێگومان خودا نەبوو، من بووم زانیاریەکانم پێ دەدا و من بووم لە سەری بەردەوام بووم. تۆش کوشتت. بێگومان خودا نەیکوشت. لە نێوان زانیاریەکان و مردنیدا هیچ خودایەک لە ئارادا نییە.

ئەبابەیلە دەمی بووبوو بە تەڵەی تەقیو کاتێک گوێی لە ئەو وشانە دەبوو کە هیچ خودایەک دەستی نەخستبووە ناو ئەو کێشە گەورەیەوە.

- بەڵێ، شێرە بوو تەکانی بە ناخی من دا.

شێرە ژێرخانی هەست و ویژدانی منی ڕاوەشاند. خەمی قوواڵی شێرە بۆ خاک و خەڵکی عەرشی پەروەردگار و مەراقی شێرە بۆ چارەسەر و وەڵامدانەوە بە ئەو دۆخە، منی ڕاچڵەکاند.

لە سەرەتادا بە خۆمم گوت "ئەمیش هەر کوڕی قەحبەیەکی عەرشی پەروەردگارە و هەتا زووتر تێکی بشکێنین باشترە"، بەڵام تەواو هەڵە بووم.

دەمبینی، ئاهی شێرەم دەبینی لە قووڵایی سینگیەوە بەرەو کونەکانی لووتی و ڕووەو ڕووخساری بەرەو قاپی خوداکان بەرز دەبووەوە، بەڵام ئەفسووس، بێهوودە بوو. خودایەک نەبوو پەنجەرەیەکی بۆ بخاتە سەر پشت.

لەگەڵ ئەوەیشدا شێرە هەر بەردەوام بوو. هەموو خەمی عەرشی پەروەردگاری لە سەر تەپڵی سەری و لە سەر شان و دەستەکانی هەڵ دەگرت.
لە دەرەوەی سەر زەمین بوونەوەرێک نەبوو گوێی لێ بگرێت و وەلامی بداتەوە.
ئا لە ئەوێدا ڕاچڵەکام. ئیتر نەمتووانی بێ وەڵام بمێنمەوە. ئاهی شێرە ڕاپچڵەکاندم و بە خۆمم گوت "ببە بە خودای شێرە. ببە بە خودای شێرە و ئەو زانیاریانەی پێ بدە کە پێویستیەتی".

کاتێک یەکەم زانیاریم بە دەست گەیاند دەمزانی و هیچ گومانێکم لە شێرە نەبوو کە چۆن ئەو ڕیسەی ئێمە دەکاتەوە بە خورپی. ئەو خوریەی زۆرەی ئێمە بە پارە و بە ڕەنجی شانمان و لە سەرئەنجامی خۆشەویستی وڵاتەکەمان ڕێسابوومان.
ئەو کارەی شێرە منی لە خۆمەوە، لە کەسێکی نەبینراو و نەبیستراوەوە کرد بە جەستەیەکی بینراو و بیستراو.
کەیفم لە شێوەی بیرکردنەوە و ڕامان و پلاندانانی دەهات.
بە هەموو گۆڵێک شاگەشکەم دەکرد کە لێی دەکردین.
چێژم لە سەرکەوتنەکانی دەبینی.
هەستم دەکرد من ئافرێنەری دۆخەکەم.
ڕاستە ئازایەتیی و بەجەرگیی و دڵسۆزیی شێرە خۆی بوو، شێرەی عەرشی پەروەردگار، بەڵام هەوڵ و هیمەتی منیشی تێدا بوو. ئەو هەستە منی لە ناسنامە درۆزنەییەکەم ڕزگار

دەکرد. ئەو هەستە یەک بە یەک ئەڵقەی ئەو کۆت و زنجیرەی دەشکاند کە لە مێژە لە تەواوی جەستەم ئاڵابوو. لە تێکشکانی هەموو ئەڵقەیەکدا هەستێکی ئاسمانیی لە نووکی پەنجەکانی پێمەوە بەرەو کلاوەی سەرم بە ناو جەستەمدا تێدەپەڕی و خۆشییەکی پێ دەبەخشیم کە هەرگیز نەمچێشتبوو.

بەڵێ، حەزم دەکرد دووبارە ئەو باڵندە ئەفسانەیە ببینم، کە ئەو پەڕانە دەربکاتەوە کە ئێمە دانە بە دانە هەڵمان کەندبوون. ئەو باڵانەی ببزووێنێت کە ئێمە کردبوومان و ئەو لاقانەی ببزوێنێت کە ئێمە لە چەندین لاوە شکاندبوومان.

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر عاشق بە فڕینی ئەو باڵندە ئەفسانەیەی عەرشی پەروەردگار دەبووم کە ئێمە بە هەزاران داو ئێخسیرمان کردبوو.

دەمبینی، ئەو باڵندە ئەفسانەییە ڕەنگاوڕەنگەم دەبینی، کە چرکە بە چرکە دەندووکی بۆ چریکاندن دەکاتەوە و باڵەکانی دەبزووێنێت و چێژ لە هەوای ئازادیی دەبینێت. ئەو هەستە بوو منی لە لاشەی ئاسنینی قورس و قەبەم ئازاد کرد. چریکەی ئەو باڵندەیە بوو منی لە ناو جەستەی ئاسنینمدا دەرهێنا.

ئەبابەیلە، هەموو وڵاتێک لە خۆیدا عەرشێکی پەروەردگارە. بەڵام هەموو وڵاتێک لە خۆیدا ئەم عەرشی پەروەردگارە نییە کە تۆی لە ئامێز گرتووە.

ڕاستە پیاوخراپ لە هەموو شوێنێک هەن، بەڵام پیاوخراپەکانی عەرشی پەروەردگار بەئەژماردن، زۆر بەئەژمارن.
ڕاستە، ترسنۆک و خۆفرۆش و نیشتیمانفرۆش لە هەموو شوێنێک هەن، بەڵام ژمارەی ئەمانە لە عەرشی پەروەردگاردا لە بەر چاون.
خۆ ناتووانم بڵێم زۆرینەی خەڵك خراپن، بێگومان نا، ئەوە ئێمەین دەمانەوێت وێنەیەکی ڕەشی ئاوا نیشانی جیهان بدەین، چونکە دەمانەوێت سووک و ڕووسواوتان بکەین. دەمانەوێت کاتێک لە ناومان بردن، کەس بیرتان نەکات و دڵی بۆتان نەسووتێت.
هەتا ئەو زانیاریانەم بە شێرە نەگەیاندبوو، من هێندەی دەیان و بگرە سەدان کەس کارم دەکرد، بەڵام نەبینراو و نەبیستراو بووم. زۆر خراپتر لە شێرە کاتێک کە هاواری دەکرد و پڕ بە زاری دەیقیژاند کە ببیستڕێت و ببینرێت، بەڵام بێسوود بوو.
ناوی ڕاستەقینەی خۆم لە مێژە لە سەر زاران نەمابوو. بیست ساڵ زیاتر لە ئەمەوبەر بوو خوشکە تاقانەکەم و دایکم و نەنکم بە ناوی ڕاستەقینەمەوە بانگیان کردووم. لە ئەم پرۆسە دژوارە ئاڵۆزەدا کە کاری تێکشکاندنی ئەم خاکە و ئەم خەڵکەم پێ سپێردرا، من تەنها بووم بە ژمارەیەک. کرام بە ژمارەیەکی سیخوڕیی، من ژمارەیەکی سیخوڕیی و سەربازییم لە جلکوبەرگی سڤیلدا. تەنانەت خۆم باوەڕم بە ناوی خۆم نەماوە.

ئەگەر سەدان کەس، بە خوشکم و دایکم و نەنکمەوە، بە ناوی خۆمەوە بانگم بکەن، وەڵامیان نادەمەوە. وەڵامیان نادەمەوە چونکە ئیتر من بە ناوی خۆمەوە نەماوم و لە مێژە لە گۆڕ نراوم، من هەر ژمارەیەکم، ژمارەیەکی سیخوڕییم، ئێکسی سێهەزار و بیستوسێم. لە باشترین حاڵەتدا "بەرپرسی دووەمم".

کاتێک زانیاریەکانم بە دەست شێرە گەیاند، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەستم بە بینراوبی و بیستراوبی کرد. ئەو هەستە باوەشێنی ڕۆحی دەکردم، ئەو ڕۆحەی وامدەزانی چیتر ناژیەتەوە. کاتێک شێرە بێ ئەوەی چاوەکانی بترووکێنێت و هەستێکی پەشیمانیی لەلای دروست بێت، بێبەزەییانە ژیانی لە سینگی ئەو دەعبا دوو لاقانەدا دەردەهێنا کە بە ڕەنجی شان و دەست و پەنجەکانی خۆم، بە ڕەنجی هەموو حەوسەڵە و تاقەتێکم، دروستم کردبوون، هەستم بە ئەو پەڕی تامی ژیان دەکرد. چێژم لە دەستی دروستکار و ئافرێنەری شێرە دەبینی کاتێک ئەوەی دادەڕووخاند کە من بەرهەمم هێنابوون.

شێرە ئەهریمەنەکانی تێک دەشکاند. جەندین جار دەمویست پڕ بە گەروو هاوار بکەم کە ژمارە ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ گەورەترین خودای سەردەمە، چونکە هەیە و دڵخۆشە. چونکە یەکێک دەیبیستێت و دەیبینێت، چونکە یەکێک هەیە بتووانێت ئازاری بدات و یەکێک هەیە بتی بەدکاریەکانی بشکێنێت و وەڵامی بەدڕەفتاریەکانی بداتەوە.

چی ماوە من نەیکەم، ئەبابەیلە؟ من گەنجانی ئەم ولاتەم فێر کرد لە بەردەم خوێندنگاکان و زانکۆکاندا بە دەستە نوێژ بکەن و تیایدا زۆر سەرکەوتوو بووم و دووایيش بە بۆنەی برایەتیی ئاینییەوە داوەتی خۆراک و خواردنەوەمان دەکردن کە لە ڕاستییدا هیچ لە سەر ئێمە ناکەوێت. بە سەدان جار گۆشتی خۆیانمان دەرخوارد داون و زۆر جاریش هەر بۆ خۆشیی، بە هەوای هەوەس، میز و تفمان بۆ تێ دەکردن و ئەوانیش بە دەم سوپاسگوزارییەوە هەڵیاندەلووشی. تەنها شێرە بوو بە ئەو دیمەنە ناڕەحەت دەبوو و خەفەتی پێ دەخوارد.

خۆشیەکی زۆرم لە ئەوەدا دەبینی کە چۆن کەسێک هەیە لە کارەکانی من تێدەگات و بیر لە هەڵوەشاندنەوەیان دەکاتەوە و دەیەوێت ئەو کۆشکانە بڕمێنێت و بیانسووتێنێت.

ئەو هەستە منی دەکرد بە خودایەک. خودایەک کە دەبینێت و دەبیستێت و بە هۆی ئەو زانیاریانەوە کە هەیەتی دەتووانێت ئیمپراتۆرییەک لە دزیی و لە تاڵانیی و لە نامرۆڤیی، لە تاوانی گەورە هەڵبووەشێنێتەوە.

من بووبووم بە دەست و بە مەچەکی شێرە.

بووبووم بە چاو و بە بینایی شێرە.

هەڵاوی هەستێکی گەرم بە هەناو و ناخمدا دەهات کاتێک لە پێشەوەیی و لە تەنیشتیەوە دەبووم بە تەواوکاری ئەو.

ئەبابەیلە، ناوی ڕاستەقینەی من کە بە ئاستەم دێتەوە یادم "حەقان" ـە.

حەقان وشەیەکی عەرەبییە، تورکیی نییە. زۆرینەی ناوەکانی ئێمە عەرەبین، بەڵام لە بەرئەوەی دەنگی هەندێک پیتمان جیاوازن خەڵک نازانن.
حەقان بە عەرەبیی بە واتای "ڕاست" و "دروست"، "ئەو کەسەی دادوەر و ڕێک و ڕەوانە" دێت.
ئێستا ئەگەر تۆ پڕ بە گەرووت بانگم بکەیت "حەقان" وەرە با چایەک بخۆینەوە، من نازانم لەگەل منتە یان نا، چونکە لە مێژە ناوەکەم هەڵگری کەسایەتیی من نییە. لە مێژە ئەو ناوە جەستە و ڕۆحی بەجێهێشتووم.
ناوی حەقان بۆ من هیچ واتایەک نابەخشێت.
ئەگەر هەموو دونیا بە حەقان بانگم بکات هیچ چێژێکی لێ نابینم. بۆ من حەقان هەر ناو نییە. خۆ دەزانم بانگ بە گوێدا دان بۆ دیاریکردنی ناوێک شتێکی ڕاست نییە. ئەگەر ڕاست بووایە ئەوا دەبووایە من هەرگیز ناوی "حەقان" لە خۆمدا ون نەکەم.
کاتێک ئەو ناوە دەبیستم ناتووانم لە پێوەندیی لەگەڵ مرۆڤێکدا بیبیستم. من یەکێکم لە ئەو چەندین هەزار کەسە تایبەتییەی بۆ تێکدانی عەرشی پەروەردگار دروستکراوین. هەموومان ڕۆبۆتێکین لە شێوەی گۆشت و ئێسک و خوێندا، بەڵام ناوەوەی جەستەمان تەنها سیم و وایەرە، نە خوێنی گەرمی مرۆڤێکمان تێدایە و نە ویژدانێک.
تاوانەکانی من، تاوانەکانی ژمارە ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ، دەشێت بارتەقای هەموو تاوانەکانی کۆمەڵکوژیەکانی مێژوو بێت.

هەموو تاوانەکانی مێژوو.
بەڵێ، ڕەنگە ئەمە بە پێداگرتنێکی بە پەلە و خۆهەڵکێشانی دەروونداڕماویی تاوانبارێک لە قەڵەم بدرێت. ئەرێ، ڕەنگە. تاوانبارێکی هەستەکیی کە پێی وابێت زۆر تاوانبارە.
نا، من بە ڕاستیی تاوانبارم، دەزانم کە تاوانبارم.
هۆڵۆکۆست بە ئازارە، بەڵام هیچ برایەک لە هۆڵۆکۆستدا دەستدرێژیی بۆ سەر خوشکی خۆی نەکردووە تا گوێی لە خوشکی خۆی بووبێت کاتێک بە تکاوە ناوی هێنابێت، بەڵام تەنها سێ پیتی یەکەمی لە ناوی براکەی بۆ هاتبێت و ناوەکەی پێ تەواو نەکرابێت. من کاتێک دەستدرێژییم بۆ سەر خوشکی خۆم دەکرد، دەمبینی، لێوەکانیم دەبینی کە هەڵدەسووران و گوێم لێ بوو کە دەیوست ناوم بهێنێت و دەیگوت "حەق" و باقیەکەی بۆ نەدەهات.
ئەبابەیلە، پلەی جێمتمانەیی کە من وەرمگرتووە دووا پلەیە کەسێکی ئێمە پێی بگات. تۆ، ئەبابەیلە، هەرگیز ناتوانیت بە ئەو پلەیە بگەیت. ڕاستە، تۆ بەدفەڕیی و بەدکاریی و تاوانی گەورەت ئەنجام داوە. تۆ تاوانبارێکی گەورەیت، بەڵام تاوانەکانی تۆ لە چاو تاوانەکانی منداا، وەک بەراووردکردنی میزی منداڵێک و تاڤگەی ڤیکتۆریا وایە. بە هیچ شێوەیەک جێی بەراوورد نییە، تەنانەت جێی بیرکردنەوە و تێڕامان نییە. تاڤگەی ڤیکتۆریا و میزی منداڵێک پێکەوە نایەنەوە تا بەراوورد بکرێن. بەراووردکردن پرۆسەیەکی زانستییە و دەبێت کۆڵەکەکانیان هاوئاست بن.

تۆ تاوانبارێکی سەرسەختیت. تۆ مەکینەیەکی مرۆڤ کوژیت و ناخت پرە لە ڕک و کینە. کانیاوێکی لە تووڕەیی لە چواردەورت، بێبەزەییەکی گاڵتەجارِ و بێویژدانێکی خوێنساردیت. مەکینەیەکی بێهەست و چەق لە دڵێکی شایانباسیت، تۆ گرێکوێرەیەکی ئاڵۆزیت و خوێن بە هەموو گرێیەکتەوە دادەچۆڕێت، بەڵام هەرگیز ناتوانیت، هەرگیز ناتوانیت دووا پلەی جێمتمانەیی ئێمە بە دەست بهێنیت.
ڕاستە، دووای ئەم قسەوباسانەی من دەچیتەوە بۆ بنکە و دەستدرێژیی لە سەر بەرسیلەی خوشکت دەکەیت، بەڵام ئەو کارە بۆ وەدەستهێنانی دووا پلەی جێمتمانەیی بەس نییە. تۆ دایکت نەماوە، نەنکت نەماوە.
من دەستدرێژییم بۆ سەر دایکم و نەنکیشم کرد. کاتێک فەرمانم پێ درا دەستدرێژیی بۆ سەر نەنکم بکەم ئیتر تازە لە مێژ بوو مەکینەیەکی بێهەست بووم. مەکینەیەکی بکوژ بووم. مەکینەیەک بووم دەمتووانی دەستدرێژیی بۆ سەر هەر بوونەوەرێک بکەم بێ ئەوەی بیر لە هیچ جۆرە سەرئەنجام و دەرئەنجام و ئاکامێک بکەمەوە.
ڕۆبۆتێک بووم بە بێشەرەفیەتیی و بێڕەووشتیی پرۆگرام کرابووم. تەنها شتێک کە دەمبینی پیرۆزیی ئەو دروشمە بوو کە کلیلی پرۆگرامکردنمان بوو، دروشمی یەک ئوممەت و یەک ئاڵا و یەک زمان و یەک خاک بوو. نەمدەزانی ئەوە تەنها تراویلکەیەکە. نەمدەزانی تینوویەتیی و وشکبوونەوەی ناخم بۆ ژیانی ڕاستەقینە ئەوە لە بەرچاوم دروست دەکات.

چۆن بزانم، ئەبابەیلە، کاتێک هێشتا باڵق نەبووبووم فێریان کردم بە خەڵکی بێ چارە قاقا پێ بکەنم؟
پێکەنینم بە نەنکم دەهات کاتێک بە سەریەوە بووم و تەکانم لە هەناوی دەدا. نەنکم لە ژێرمدا وەک کەوڵەکۆنێک ڕاخرابوو. نەڕووی هەبوو زاری بکاتەوە و نە دڵی هەبوو پیامدا بکێشێت و نە هێزی لە بەردابوو خۆی ڕابپسکێنێت. نەنکم لە ئەو ساتەدا مێشکی هەر مشتێک هەویر و خوێن و دەزوولەی هەست بوون کە لە کار کەوتبوون. نەیدەتووانی بیر بکاتەوە. پێوەندییەک لە نێوان مێشکی و جەستەیدا نەمابوو، بۆیە نەیدەتووانی بیر بکاتەوە.
چاوەکانی و دەمی کرابوونەوە و لێی دەڕووانیم و کارمەندانی بنکەش لە سەدان لاوە فیلمیان لێ دەگرتین. من چەندین جار فیلمی دەستدرێژیی خۆمم بۆ سەر نەنکم بینیووە و قاقا پێی پێکەنیوم. کاتێک دەستدرێژییم لە سەر دایکم کرد، دایکم بەرگەی بینینی ڕووخسارمی نەگرت و زوو مرد. هەر لە ئەوێدا مرد. کاتێک لە سەر هەستام دەمبینی بڕووای بە چاوەکانی خۆی و بە دۆخەکە نەدەکرد. لە شۆکێکی تەواودا بوو. بە پێچەوانەی دایکمەوە، نەنکم هەر نە دەمرد. هەر ئاوا بە زاری کراوە و چاوی کراوەوە لێی دەڕووانیم تا ڕۆژێک قەڵەمبڕێکم بە ملیدا کرد و بە قەدەر دەمی قەڵەمبڕەکە کونێکم تێکرد. هێندەی چۆلەکەیەک خوێنی لێ بێت، ئەوەندە خوێنی لێهات و تەواو بوو، بەڵام هەر زار و چاوەکانی دانەدەخران و لە هەر لایەکەوە بووەستامایە لێی دەڕووانیم.

ئەو کەوڵەکۆنەم هەر بە ئەو شێوەیە لە کفن هاویشت و لە چاڵێکدا فڕێمدا.

ئەبابەیلە لە سەر کورسیەکەی وشک هەڵهاتبوو. وایدەزانی ئەمە تاقیکردنەوەیە. وایدەزانی کابرای بەرپرسی دوو تاقی دەکاتەوە، بەڵام تاقیکردنەوەیەکی هێندە گران بوو کە بە بیستنی ئەو وشانە هەناسە سواریەکەی گەرووی وشک کردبوو.

- ئەبابەیلە، من بە سەدان کەسم کوشتووە، دەستدرێژییم بۆ سەر سەدان کچ و ژن کردووە و فیلمم لێ هەڵگرتوون، لە بەردەمی سەدان پیاودا میزم بە سەر خۆیان و ژن و خوشک و دایکیاندا کردووە، بەڵێنی شەرەفم بە خەڵک داوە و بەڵام هەر کوشتومن و هەر پارەم لێستاندوون و لە بەردەمیاندا هەڵبەزیومەتەوە و دەستم بە ئەوەی خۆمەوە گرتووە و وشەی "شەرەفم" بە سەردا باراندوون.
سەرەڕای هەموو ئەو کارە قێزەونانە کەچی هەر نەبینراو و نەبیستراو و هەست پێنەکراو بووم، هەتا شێرەم بینی. هەتا شێرەم بینی کە بە دەستی لەرزۆکەوە لەگەڵ خۆی دەدوا.
خۆ شێرە لە ترساندا دەستی نەدەلەرزی. شێرە بە دووای وەڵام و بە دووای چارەسەر و بە دووای تۆڵەدا لە هەژاندا نوقم دەبوو و دەستەکانی دەلەرزین.
خودا نەیکوشت، ئەبابەیلە، تۆ کوشتت.
تۆ ئەو بوونەوەرەت کوشت کە منی لە ناو کێوێک لە جەستەی ئاسنی ساردا ڕزگار کرد.

تۆ ئەو بوونەوەرەت کوشت کە تەنها تاکەکەس بوو یەک دڵۆپ لە خوێنی گەرم لە جەستەمدا دروست بکات.
تۆ ئەو مرۆڤەت کوشت کە کۆشک و قەڵا وتەشەیتانییەکانی منی دادەڕماند.
تۆ ئەو کەسەت کوشت کە تەنها حەزی سۆمای چاوەکانی من بوو بۆ بینینی جیهان.
ئێستا لە ئەم کاولستانەدا، لە ئەم سەرزەمینی تاوانەدا، لە ئەم عەرشی مەرگەدا، کێ بدۆزمەوە کارەکان تەواو بکات؟ کێ ئەم کۆشکانە برمێنێت و کێ شاخی ئەم ئەژدیهایانە بشکێنێت؟
کێیە بزانێت گوللە چەند گەرمە و چۆن دەبڕێت و چۆن دەسمێت و چۆن دەرئەنجامێک دەئافرێنێت؟
بەڵێ، ئەبابەیلە، خودا زانیاریی پێ نەدەدا، من زانیارییەکانم پێ دەدا.
شێرە لە عەرشی نەزانین و بێئاگاییدا پەیامەکانی بڵاو دەکردەوە. خەڵکەکە بە پێچەوانەوە، لە سەر ئەو ڕێچکانە دەڕۆن کە من و ژمارەکانی تر بۆمان دەستنیشان کردوون.
ئەبابەیلە، تۆزێکی تر تۆ دەڕۆیتەوە بۆ بنکە و وەک دەزانم و پێمگوتیت، دەستدرێژیی بۆ سەر بەرسیلەی خوشکت دەکەیت و دەبینیت کە هەستەکانت لێت هەڵناگەڕێنەوە. دەبینیت هیچ هەستێکت شەرمەزارت ناکات و شەرمێک لە جەستەدا نەماوە داتبگرێت
ئاخ، ئاخ، دەیان جار هاتم و چووم تا بڕیارمدا بەرسیلەی خوشکت تەسلیم بە ئەو ڕۆبۆتانە بکەم یان نایکەم. بە

خۆمم گوت "تەسلیمی بکە و دڵۆپێک ئاوی تر بخە سەر تاوانەکانی تاقگەی ڤیکتۆریات".
وەک دووا تاوان تاوانی دەستدرێژیی بۆ سەر جوانکیلە و کوشتنیم لە ئەستۆ گرت.
چەند خۆشییم لە سەرکەوتنی شێرەدا دەبینی ئەوەندە ناخۆشیی لە تۆ کە لە سەر ڕێگای "حەقان" یت، لە سەر ڕێگای من، پێش ئەوەی بە ژمارەیەکی ئێکسیی خەڵات بکرێیت. ئیتر تۆ ئەم تۆزە جەستە گۆشتینەیەشت نامێنێت کە تەنانەت خۆیشت تاقەتت نییە لە ئاوێنەدا بیبینیت. لە پڕێکدا دەگۆڕێیت و دەبیت بە ژمارەیەکی بێ نرخ. دەبیت بەئێکسێک.
"ئەبابەیلە" نەک هەر وەک ناو تەنانەت وەک وشەش لە بیرەوەرییەکانتدا نامێنێت.

کابرای بەرپرسی دووەم لە شوێنی خۆی بە قورسیی کەمێك خۆی جوڵاند و قومێکی لە قاوەکەی خواردەوە:

- ئەبابەیلە، ئایا هەرگیز بە تەمانیت پرسیار لە خۆت بکەیت "من بۆ؟".

ئەبابەیلە، بڕووانە، من بۆ دەوڵەتەکەم، لە پێناوی دەوڵەتەکەمدا، خۆم کرد بە مەکینەیەکی بێ ڕۆح، مەکینەیەکی بێ گیان و بێ هەست و بێ ویژدان. هیچ پارەیەکی تایبەتییم پێ نەدراوە. هەر ناشزانم ئەگەر پارەم هەبێت چی لێ بکەم. من تەنانەت لە باوەشی خۆشەویستیی ژنێک

بێبەشم. بەڵێ، دەتووانم جەستەی بێگیانی خۆم لە لەشفرۆشێک هەڵبسووم، بەڵام زیاتر نا.
ئەبابەیلە، ئەمە وەک تاکەکەسێک هەر کردەی من نییە، بەڵکو کەلتورە. سەرکردەکەمان، ئەو پیاوەی بە باوکی خۆمان ناوی دەبەین نەخشەی ئەو کەلتورەی دارشت. ئەو بوو کە بە سەرئەنجامی تێکشکێنەری هاوپەیمانیی سێقۆڵەی داگیرکارانی کۆڵۆنیالیستی ڕۆژئاوایی ڕازی نەبوو و پەیمانی سێڤەری هەڵوەشاندەوە و پەیمانی لۆزانی پێ مۆر کردن و تەنانەت لە پاشاندا زیاتریشی هەڵپچڕووکاند. ئەو بوو کە مرۆڤەنەخۆشەکەی لە سەر تەختی مەرگ ڕاستکردەوە و چەکی کردە شانیی و ڕندووک و کەڵبەی گورگێکی بۆری پێشکەش کرد. ئەو بوو دڕی بە ئەو تاریکیە سەر ئاسمانی ئێمەدا و لە پیاوی بێدەسەڵات و ترسەنۆکەوە کردینی بە پیاوی شەڕکەر و نەترس. ئەو بوو لەگەڵ ئێوەدا موسڵمان بوو هاوکات کە ڕەگی ئیسلامی لای خۆمان هەڵکێشا. ئەو بوو کە لەگەڵ بۆلشەڤیکەکان بۆلشەڤیک و لەگەڵ ئەڵمانەکان سۆشیالناسیونالیست و بەرامبەر بە کۆڵۆنیالیزمی فەڕەنسیی و ئینگلیزیی ئازادیخواز بوو. ئەو بوو ئەنگۆرەی کرد بە ئانکارا و کۆنستانتیپۆڵی کرد بە ئیستەنبول و ناو و نیشانی ئەم دەوڵەتەی گۆڕی. ئەو، ئەو کەسە بوو لە بەر خاتری دەوڵەتەکەمان ئەو بەرگەی دەپۆشی کە پێویست بوو. من زادەی ئەو کولتورەم. من برالەی ئەو درەختەم.
بەڵام تۆ ئەبابەیلە، ئایا تۆ هەرگیز لە خۆت ناپرسیت بۆچی ئەو هەموو پارەیەت پێ دەدرێت؟ هەروەک چۆن پیاوان و

ژنانی ڕاگەیاندنەکانی عەرشی پەروەردگار لە خۆیان ناپرسن کێ ئەو وشانەیان فێر دەکات و کێ ئەو ڕستانەیان بۆ دەهۆنێتەوە و کێ پێیاندەڵێت وای بڵێن و وای نەڵێن و بۆچی ئەو هەموو پارەیەیان پێ دەدرێت.
من سەدان و بگرە هەزاران جار بە ئەنقەست ڕستەیەکیان بە هەڵە بۆ دەنووسم. بۆ نموونە دەنووسم "لە شەڕێکدا لە نێوان پێنج پیاودا، هەر سێ ژنەکە و هەر سێ پیاوەکە یەکتریان کوشتووە". ڕاگەیاندنەکانی عەرشی پەروەردگار ئەم ڕستەیە وەک خۆی سەدان جار دەڵێنەوە و ناپرسن ئەمە پێنج نییە و شەشە و سیانیان ژن نییە.
بەڵێ، نە دەپرسن و نە بە خەیاڵیاندا دێت بپرسن، چونکە ئێمە بە پارە پێیان دەکەین. هیچ گوێ بە سەرئەنجامەکان نادەن و نازانن ئەو هەنگاوەی بەرزیان کردووەتەوە کاتێک کە دایدەنێن لە کویا دایدەنێن.
لە ئاستێکی باوەڕپێنەکراودا دەستەمۆ و بێ ڕۆح و بێ ویژدانمان کردوون و کردوومانن بە پارچە تەختەیەکی وشک. بە ئەو بڕە پارەیەی دەیاندەینێ، کە لە ڕاستییدا پارەی خۆیانە، چۆکمان شکاندوون. لە ترسی ئەوەی بە بێ دین لە قەڵەم نەدرێن، زۆر زیاتر لە فەرمانەکانی ئێمە پیادە دەکەن و تەنانەت بە ڕووالەتیش دەیسەلمێنن و هەوڵ دەدەن بە جەستەش ئەو وێنەیە بن کە ئێمە دەمانەوێت. ئەگەر ئێمە دوو جار داوای شەرەفیان لێ بکەین، ئەوان شیعری شەرەف دەنووسن و گۆرانی شەرەف دەچڕن و وتافی شەرەف دەڵێنەوە و شەڕەجوێنی شەرەف لەگەڵ خۆیاندا دەکەن.

ئێمە موورووییەکیان پێ دەدەین و ئەوان ملوانکەیەکی لێ دەهۆننەوە. هەروەک چۆن هیچ بەرپرسێکی عەرشی پەروەردگار لە خۆی ناپرسێت "بۆچی من دە ئەوەندەی مامۆستایەک وەردەگرم؟" یان چۆنە هەر ئاوا پێ دەوامکردن خەڵاتی مووچە و ئیمتیاز و پاسەوان و نازانم چی دەکرێن. بەڵێ، ئەبابەیلە، ئێمە لە دروستکردنی بوونەوەری حەیوانییدا باڵاترینین.

کۆیلایەتیتان یەک بە سێ نییە، بەڵکو یەک بە دەیە.

بەڵام یەک کەس، یەک دانە کەس، بەرامبەر بە ئەو دۆخە هەڵوێستەی کرد. ئەویش شێرە بوو. دەمبینی شێرە هەموو پارەکانی خۆیی بە سەر خەڵکی هەژار و نەدارا دابەش دەکرد. ئەوەی شێرە بیری لێ نەدەکردەوە پارە بوو.

من دووای دەکەوتم. دەمبینی کە نانێکی بە گەرمیی لە نانەواخانەیەک دەکڕی و لە دوورەوە بەرامبەر بە گۆڕستانی بێناونیشانان ڕادەوەستا و لێی دەڕوانی. بە دەم بیرکردنەوەوە لە سەرخۆ نانەکەی وشکەجوو دەکرد.

بە شێوەیەک نانەکەی وشکەجوو دەکرد وەک ئەوەی لە سەر خوانێکی شاهانە بێت.

پاشان دەچوو لە ئەو چایخانە تەڕ و شەقوشڕ و کەڕووهەڵێنراوانەی فەیزووڵادا بە هێمنی چایەکی دەخواردەوە. هاوکات وەک شەقشەقە دەلەرزی و بۆ هێز و وزە لە ئاسمانی دەڕوانی، بێ ئەوەی وەڵام بدرێتەوە. هیچ وەڵامێکی ئاسمانیی نەبوو، هەروەک چۆن هیچ بانگ و هاوارێکی هاومرۆڤیی نەبوو.

ئەو دۆخە بوو، ئەو دیمەنە بوو منی هەژاند.
دەگوترێت یەکێک لە خەسڵەتی خوداوەندەکان دادپەروەرییە، بەڵام هیچ خودایەک نەبوو دەستی شێرە بگرێت.، بە هەمان شێوە کە هیچ خودایەک نەبوو دەستی خەڵکی عەرشی پەروەردگار بگرێت.
دیمەنی شێرە کە دەیویست ببێت بە سۆپەرمانێک و عەرشی پەروەردگار لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبتەکێنێت و لە خەوی غەفڵەت ڕایبووەشێنێت، منی لە ژمارەی ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ سەندەوە.
لە جیاتی عەرشی پەروەردگار من ڕاتەکام. شێرە پیتەکانی وشەی "حەقان" ی بە دەنگی بڵند بە گوێیەکانی منداد دا و منی لە چینگی درکەزێی ئەو ژمارە نەگریسە دەرهێنا.
شێرە دووبارە منی کردەوە بە "حەقان"، بەڵام ئەفسوس من نەبوومەوە بە مرۆڤ و ئەوەیش بێگومان خەتای شێرە نییە، تازە من هەرگیز نابمەوە بە مرۆڤ. هەر ئەوە بوو کە لە کەڵبەی ئەو ئەژدیهایە دەریهێنام و منیش بڕیارم دا وەڵامی تکاکانی بدەمەوە.
ئەبابەیلە، من بووم، دەستم گرت و بە ئارەزووی دڵی خۆی زانیارییم پێ دا، خودا نەبوو!
تۆ نایبینیت ئەبابەیلە، بەڵام من دەیبینم، چونکە من دروستکاری ئەو دۆخەم، کە ڕۆژانە بە سەدان هەزار جار ناوی خودا لە بڵندگۆکانەوە بەرز دەبێتەوە و ناوی خودا لە نێوان خەڵکی عەرشی پەروەردگاردا بە درۆ و بە ساختە

دەگوترێت و دەگوترێتەوە و پارەی پێ پەیدا دەکرێت، بەڵام من خودام لە ڕووخسار و لە کردەی شێرەدا بینیەوە.
دەزانم لێم تێناگەیت ئەبابەیلە، بەڵام من داخی ناخی خۆم بۆ عەرشی پەروەردگار، بۆ عەرشی خیانەت، بۆ عەرشی مەینەتیی و مەرگ هەڵدەڕێژم.
من ڕۆبۆتی ژمارە ئێکسی سێهەزار و بیستوسێم. لە مێژە ناوم لە سەر هیچ گەڵایەکی درەختی گەردوون نەماوە.
تۆزێکی تر بە ئەم جەستە ئاسنە بەرگەنەگرتووەوە هەڵدەستم و دەڕۆم و دەزانم کە ئیتر نامبینیتەوە.
ئەبابەیلکە، تۆ پلەی جێمتمانەییت پێ دەبەخشرێت، بەڵام ئەوە کۆتا نییە. ئەوە دەستپێکی بە من بوونە. لە دووای وەرگرتنی ئەو خەڵاتەوە تۆ دەبیت بە من. تۆ دەبیت بە ژمارەیەک وەک ژمارەی ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ.
تۆ لە سەرەتای منەوە دەست پێ دەکەیت. لە سەرەتای ئەو بوونەوەرە ڕۆبۆتەوە کە لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە ناوی خۆیی نەبیستووەتەوە و کە شێرەی عەرشی پەروەردگار خێری دووبارەگوتنەوەی ئەو چوار پیتەی ناوەکەی پێ بەخشیەوە.
من بە ناوی ژمارەی ئێسکسی سێهەزار و بیستوسێ لە ناو دەبرێم. نامەوێت بڵێم دەکوژرێم، چونکە مرۆڤ دەکوژرێت، نەک ڕۆبۆتێک. بە هەر حاڵ، دەزانم لەتوکوت دەکرێم و دڵنییام گۆشتاوەکەم دەرخواردی خوێندکارانی زانکۆ و دانیشگاکان دەدرێن. ئەوانیش دێن و لە سەرەی وەرگرتنی گۆشتاوەکەمدا ڕادەوەستن و بە خۆشیەوە هەڵیدەلووشن و لە خۆیان ناپرسن ئەمە چییە، ناپرسن ئەمە

لە کوێوە هاتووە و بۆچی ئەمەیان پێ دراوە. وەک سەریان لە ئاخوڕێکدا بێت دەیخۆن و سوپاسی ئەو خودایە دەکەن کە من بە ئارەقەی ناوچاوانم بۆم دروست کردوون.

ئەبابەیلە دەیبینی کە کابرای بەرپرسی دووەم هەناسەی لێ بڕابوو. هەر ئاوا چەند چرکەیەک پاش ئەو قسانە لە جێی خۆی هەستا. خۆی گوتەنی کێوێک بوو لە تاوان. بە جەستەیەکی قورسەوە، سەرەڕای هەموو ئەو خۆبەتاڵکردنەوەیەی، لە ئەوە نەدەچوو دوو گەرد تاوان لە سەر شانی لاچوو بێت، بەرەو دەرەوەی قاوەخانەکە هەنگاوی هەڵگرت و لە چاو ون بوو.
لە بەردەمیدا، لە تەنیشت کوپی قاوەکەیەوە سەد دۆلاریەکی بەجێهێشتبوو.

ئەبابەیلە هەر دانیشتبوو.
دەیویست لێی تێ بگات و نەیدەتووانی تێبگات.

ئەوە خەڵاتی خۆتە!

کاتێک ئەبابەیلە گەڕایەوە بۆ "بنکەی هاودینان و برایەتیی" شاشەکان جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگی وێنە و فیلمی جیاوازی ڕووت و موزیک و گۆرانی تایبەت بە خۆیان دروست کردبوو. ئەبابەیلە هەر لە بیری ئەوەدا بوو کە ئەو تاقیکردنەوەیەی بەڕپرسی دووەم بە کوڕی دەگەیەنێت و سەری لێ دەر نەدەکرد.
تا ڕادەیەکی باڵا دڵنیا بوو کە بەڕپرسی دوو قسەی لێ دەرهێناوە و تاقی کردووەتەوە.
لە خۆی ڕازیبوو کە هیچ وەڵامێکی نەدابووەوە.
لە ئەم ژوور بۆ ئەو ژوور بە دووای بەرسیلەی خوشکیدا گەڕا و بینی کە بەرسیلە کراسێکی تەنکی ناسکی حەریری گەورەساڵانی لەبەردابوو و کە هیچی لە لەشی دانەدەپۆشی.
بەرسیلە نە دەیتووانی لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بێت و نە دەشیتووانی بووەستێت. کراسەکە لە خۆی درێژتر بوو.
بەرسیلە دەبووایە ناوی وردیلە بووایە، چونکە لە کچێکی پانزەساڵەی نەدەکرد و منداڵتر دیار بوو. ئێسکی باریک و لەشولاری بێ گۆشت و بێ چەوری بوو. دەموچاوی باریک و لاواز بوو. لێو تەنک و قژ خاو و پەنجەکانی درێژ و باریک بوون.

کاتێک ئەبابەیلەی برایی بینی بە پێچەوانەی جارانەوە کە بە ڕەو ڕووی پێی هەڵدەهێنا، هیچ کاردانەوەیەکی تایبەتیی نەبوو. دیار بوو دەیزانی ئەبابەیلەی برایەتی، چونکە دەیویست شتێکی پێ بڵێت، بەڵام پێی نەدەگوترا.

ئەبابەیلە دەستی بەرسیلەی گرت و لێی دەڕووانیی. هیچ هەستێکی تایبەتیی بۆی نەبوو. لە دووڕەوە کابرای بەرپرسی یەک تەماشای هەردووکیانی دەکرد. پاش چەند چرکەیەک بە ئاماژەی کەللەی سەر فەرمانی بە ئەبابەیلە دا کە بەرسیلە ببات.

ئەبابەیلە دەستی بەرسیلەی خوشکی گرت و بەرەو ئەو ژوورە بردی کە دەیزانی ژووری چییە. بەرسیلە لەگەل ڕاکێشانی دەستی ئەبابەیلەدا دەڕۆیشت بێ ئەوەی خۆی ڕابپسکێنێت یان کاردانەوەیەکی تایبەتیی هەبێت.
ئەبابەیلە بەرسیلەی خستە سەر جێگاکە. پارچە بە پارچە جلەکانی لە بەر خۆی داکەند و لە بەرسیلە نزیکبووەوە و کراسە گەورەکەی لە بەر داکەند و خۆی بە سەردا دا.
بەرسیلە هیچ نەدەبزووا. هەمان بۆنی نەناسراوێکی بە لوت دەگەیشت کە لە ماڵی پووری هەستی پێکرد. بۆساردێکی تێکەڵ بە ترشاوی و کەڕووهەڵگرتوو. بۆنەکە لە تووڕەیی و بێ بەزەییەوە دەهاتە دەر.
بەرسیلە مارێکی بە سەر خۆیەوە دەبینی، زمانی دووفاق و درێژ بوو کە خێرا دەبزووا و ڕووخساری بۆر و زبر و گرێگرێ بوو. بێزی دەهاتێ، دڵی تێکەڵ دەها و سەرەوخواری دەکرد و سەری گێژی دەخوارد. دەیویست بە ڕووخساری ئەو مارەدا بڕشێتەوە، بەڵام هێڵنجەکەی هەر هەتا ناو گەروی دەهات و دووبارە بە ئازارەوە دەگەڕایەوە بۆ ناو هەناوی.

جەستەی بەرسیلە لەگەڵ بزووانڵنی ئەبابەیلەی برایدا بۆ سەروخوارەوە دەبزووا. بە ڕووخساریەوە دیار بوو کە تا چ ڕادەیەک ناڕەحەت و بە ئازار بوو، بەڵام زیاتر لە ئەوەی کە دەمی بە ئاستەم کردبووە و چاوەکانی زیتەیان دەهات و ڕێک و ڕاستەوخۆ لە چاوەکانی ئەبابەیلەیان دەڕووانیی، هیچ کاردانەوەیەکی تری نەبوو. هەر دوو باڵی هەر وا بە شلوشێواوی بە ئەملاوئەولایدا فڕێ درابوو و لەپی دەستی کرابوونەوە.

زۆری نەخایاند ئەبابەیلە لە سەری هەستا. ئەبابەیلەیش هەستی بە شتێکی تر نەدەکرد زیاتر لە ئەوەی فەرمانی بەرپرسی یەکی بە ئەنجام گەیاندبوو. هاوکات دڵخۆش بوو تووانی لە ئەو تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو بێت کە بەرپرسی دوو خستبوویە بەردەستی.
هەڵسان و لاچوونی ئەبابەیلە، هیچی لە سەر شێوەڕاکشانی بەرسیلە نەگۆڕی. بەرسیلە هەر بە هەمان شێوە، بە باڵ و بە لەپە دەستی کراوەوە، ڕاکشابوو.
ئەبابەیلە کراسەگەورەکەی هەڵگرتەوە و بە بێزەوە فڕێی دایە سەر ناوقەدی بەرسیلە کە ئاوا نیوانیو لە سەر جەستەی نیشتەوە.

خەریکی لەبەرکردنەوەی جلکوبەرگەکانی بوو کە لە شاشەکانی ناو ژوورەکەوە دەیبینی چۆن چەند پیاوێک لە ئەوانەی لە ئەوە پێش بینیبوونی خەریکی ڕووتکردنەوە و پەلاماردانی بەرسیلە بوون. بەرسیلە بە دەستە بچووکەکانی و بە باڵ و لاقی پاڵی پێوە دەنان، بەڵام نەیدەتووانی لەنگەر بگرێت و ڕێک و بە پێوە ڕابووەستێت، چونکە زوو باڵانسی تێک دەچوو و ئەوانیش دەیانگرتەوە.

لە فیلمەکەدا بەرسیلە زۆر ماندوو و نیوەخەواڵوو دیاربوو.

کاتێک ئەبابەیلە دەرگای ژوورەکەی دەکردەوە تا هەنگاو ڕووەو دەرەوە بنێت، بە لاچاو وێنەی خۆیی بینی بە ڕووتیی بە سەر بەرسیلەوە بوو. شاشەکان نیشانیان دەدا.
کابرای بەرپرسی یەکەم هەر لە ئەو ژوورەدا بوو و نەجووڵابوو. بە سەر ئاماژەی بۆ ئەبابەیلە کرد کە بچێت بۆ لای.
هەر لەگەڵ دانیشتنی ئەبابەیلەدا بەرامبەر بە پرسی یەک، زەرفێکی پڕ لە دۆلار و ناسنامەیەکی پلاستیکیی کەپسکراوی خستە بەر دەمی ئەبابەیلە و پێی گوت:

- ئەوە خەلاتی خۆتە! لە ئێستا بە دوواوە تۆ پلەی جێمتمانەپێ ئێمەت پێ بەخشراوە. ئایا دەزانیت بە چ مانایەک دێت؟

ئەبابەیلە بە ئاماژەی بەڵێ ەوە سەری لەقاند.
لە ژمارەی سەر ناسنامەکەی نۆڕی: ئێکسی یازدەهەزار و پێنجسەدوبیست و چوار.

پاشنیوەڕۆیەکی ئاسایی

ئەبابەیلە و دووانی تر بە لۆریەکی دووتەنیەوە لە بازاڕی دۆلارەکەی شەرەفئاوا بوون. بیری بەرپرسی دووەمی دەکردەوە و ڕاستی دەکرد کە دەیگوت ئێمە بووین نەمانهێشت بانکێکتان هەبێت، ئێمە بووین دۆلار و دینارمان بۆ خستنە ناو تووڕەکەوە و داومانە بە سەر شانتاندا و لە بەر چاوی جیهان کردوومانن بە قاچاخچیەکی پیادە.
ئەبابەیلە بە چاوی خۆی دەیبینی خەڵکەکە هەر لە سەر جادەکە یان لە ناو دووکانی ئاساییدا پارەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ڕاگەیاندنەکانی عەرشی پەروەردگار ئەم دۆخەیان بە دەستپاکیی خەڵکی عەرشی پەروەردگار دادەنا و دەیانگوت لە ئەڵمانیا و لە ئەمەریکاش شتی وا نییە. مایکریفۆن بەدەستەکانی هەموو کەناڵەکان دەستیان لە سەفتە دۆلار و دینار دەدا یان ئاماژەیان بە تورەکە دۆلار دەکرد و دەیانگوت "لە ئەڵلاگیان بە زیاد بێت، ئەمە عەرشی پەروەردگارە، دەبا سویدی گەواد و ئەڵمانیای ژنحیز بازاڕی وایان هەبێت".

ئەبابەیلە نەیدەزانی بۆچی لە بازاڕی دۆلارەکەن و کاریان چییە، بەڵام لە پڕێکدا دوو کەسی تر کە دیار بوون شارەزابوون و هەر لە دوورەوە بە چاو لەگەڵ دوو هاوەڵەکەی ئەمدا دەدووان، یەکیان گرت و ئەبابەیلەیان ڕووەو لۆریەکە دووای خۆیان خست. ئینجا زۆر بە ئاسانیی، بێ ئەوەی ترسیان لە شتێک بێت یان ڕێگریەکی یاسایی هەبێت، هەر ئاوا گونیە پڕ دۆلارەکەیان فڕێ دایە ناو لۆریەکەوە.

ئەو کەسانە نەیاندەزانی کە یەکێک لە ئامۆژاکانی ئەبابەیلە ژنێکی فارسی هەیە و ئەبابەیلە هەر لە منداڵییەوە لە فارسی تێدەگەیشت. لە ناو پیاوانی عەرشی پەروەردگاردا وردەوردە دەبوو بە باو کە ژنیان لە عەرەب و تورک و فارس مارە دەکرد و حەزیان لە ژنانی خۆیان نەدەکرد. عادەتەن ژنانی عەرشی پەروەردگاریان وەک ژنی دووەم و سێیەم یان چوارەم دەهێنا.
یەکێک لە پیاوەکان قەڵەوێک بوو کە بەشێک لە کراسەکەی لە پانتۆڵەکەیەوە هاتبووە دەرەوە، بە ئاماژەی سەر و مل، لە ئەوەی تریانی پرسی:

- او کیست؟ (ئەو کێیە؟) *مەبەستی لە ئەبابەیلە بوو*
- نمی دانم، یک خر عرشی است (نازانم، کەرێکی عەرشە).

یەکێک لە پیاوەکان کە لەگەڵ ئەبابەیلەدا بوون لە دوو پیاوە ئێرانیەکەی پرسی کە دیار بوو تورکیی حاڵی دەبوون:

- نۆرماڵ میقتار مە؟ (هەر بڕەکەیە)

قەڵەوەکەیان بە تورکیی وەڵامی دایەوە:

- ئێقەت، ئیکی میلیۆن دۆلار. (ئەرێ، دوو میلیۆن دۆلارە)

پێش ئەوە، ئەبابەیلە تورەکەیەکی لە یەکێک لە دووکاندارەکانی بازاڕی زێڕەنگەران وەرگرتبوو کە دەیزانی پارەی تێدایە. تورەکەکەی هەر بە دەستەوە بوو.
هەر سێکیان سوار لۆریەکە بوونەوە و بەرەو بنکە گەڕانەوە.

کابرای بەرپرسی یەک تورەکەکەی لە ئەبابەیلە وەرگرت و بێ ئەوەی لێی بڕووانێت فڕێی دایە سەر مێزەکە و بە ئەبابەیلەی گوت:

- ئەبابەیلە، ئێمە بەندەی ئەڵلاین. کاری ئەم بنکەیە هەر خوداپەرستیە. سەیر بکە ئێمە چۆن یارمەتی برا ئێرانیەکانمان دەدەین و دۆلاریان بۆ دەنێرین. دەزانیت ئەوە چەند بەرپرسیاریەکی گەورەیە؟ ڕاستە ئەوان شیعەن و ئێمە سوننەین، بەڵام "بیزیم ئەڵلا ئیمیز ئایندر، تەک گەرچەک ئەڵلاتر (هەر یەک ئەڵلامان هەیە، ئەڵلای ڕاستەقینەی تاک و تەنیا).

- ئێڤەت، ئەفەندم، تام دا ئێولە (بەڵێ گەورەم، ڕاستە وایە).

کابرای بەرپرسی یەک بە وەڵامە تورکیەکەی ئەبابەیلە پێکەنی و ئافەرینی لێ کرد.
ئەبابەیلە دەیبینی بەرپرسی یەک نارەحەت دیار بوو و دەیویست شتێکی پێبڵێت. جوان دیاربوو دەیزانی بەرپرسی دووەم لەگەڵ ئەبابەیلە یەکتریان بینیووە، بەڵام لە ناو ئەو باسەدا تەواو ون بووبوو. بە ڕووخسارێکی جیدیەوە لە ئەبابەیلەی پرسی:

- دووا جار بەرپرسی دووەمت بینی هیچی پێگوتیت؟

ئەبابەیلە نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە. ئایا ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی تر؟ ئەو هەموو تاقیکردنەوەیە ماندوویان کردبوو. بێگومان وشە بە وشەی قسەکانی کابرای بەرپرسی دووەمی لە بیر مابوو، بەڵام سەری

لێ دەرنەدەکرد و نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە و نەشیدەویست درۆی لەگەڵدا بکات:

- نەخێر گەورەم. هیچی وای نەگوت شایانی باس بێت.

کابرای بەرپرسی یەک بە دەنگی بڵند هاواری لە چەند پیاوێکیان کرد. فەرمانی بە سەردا کردن دەستوبرد بکەن و بڕۆن ئەو شلەوبرنجە زۆرەی بە گۆشتەوە ئامادەیان کردبوو وەک خۆراکی خێر بە خوێندکارانی "زانکۆی پارلەیان ئەی/ مانگی درەوشاوە" بدەن. لەگەڵ تەواوکردنی قسەکانیدا ناوی زانکۆکەی لە سەر کوتەکاخەزێک بە ئەبابەیلە دا.

ئەبابەیلە لە خواردنەکەی دەڕووانی. هەمان شێوە لە ئێسک و گۆشتی دەبینی کە هی مرۆڤێک بوون. تێگەیشت کە جەستەی وردوردکراوی کابرای بەرپرسی دووەم بوون.
کابرای بەپرسی دووەم ڕاستی دەکرد کە پێیگوت ئیتر نامبینیتەوە.
ئەوەی پێی دەگوت قسەلێدەرهێنان و تاقیکردنەوە نەبوو.
لە سەر پارچەکاخەزێک کە بە مەنجەڵە گەورە شلەکەوە لکێندرابوو، نووسرابوو: X-3023
گۆشت و ئێسکی حەقان بوو، ئەو حەقانەی بە ئەو ئازارە سەری نایەوە کە جارێک بە ناوی خۆیەوە، بە حەقان، بانگ بکرێت و نەکرا.
سلەگۆشتەکان ئاسنی ڕەق و تەق نەبوون، گۆشتی مرۆڤ بوون.

کابرای بەرپرسی یەک، بە دەستی خۆی چەند وێنەیەکی مەنجەڵەکەی بە جەختکردن لە ژمارەی X-3023 گرت. ئینجا بە لەقاندنی سەری ئاماژەی کرد برۆن و بیبەن.

لە ماوەی نیوسەعاتێکدا خواردنەکەیان بە زانکۆکە گەیاند. خوێندکارەکان سفرەیەکی نایلۆنی درێژیان لە سەر زەویەکە ڕاخستبوو. دروست وەک هەر خۆراکخوانێکی ئاسایی عەرشی پەروەردگار کەوچکی پلاستیک و دەستەوارە نانیان بە ڕیز لە ئەم بەر و ئەو بەری سفرەکە دانابوو.
هەموو بە سێ چوار ڕیزی یەک لە دووای یەک نوێژیان دەکرد و بە "خودایە لێمان قبوڵ بکەیت" کۆتاییان پێ هێنا.
بە دەست بە دەموچاوهێنان و بە دەستگرتنەوەی نزاوە ڕووەو ئاسمان، چوار پێنجێکیان بە هەڵەداوان مەنجەڵەکانیان لە ئەمان وەرگرت و دەستیان بە دابەشکردنی خواردنەکە کرد. لەبەر خۆیانەوە هەر سوپاسی ئەڵلاگیان و بەرەکەتی عەرشی پەروەردگاریان دەکرد. سوپاسی برایانی هاودینیان دەکرد کە بە بەردەوامیی خۆراک بە خوێندنگا باڵاکان دەبەخشنەوە.

ڕۆژەکانی ئیشوکار درێژ بوون. درەنگانێک بوو گەیشتبوون بە بنکە. بەرپسی یەکەم ڕستەکەی ئەبابەیلەی ڕاست کردەوە و پێی گوت:
- ئەبابەیلە، بڵێ "ماڵەوە". وشەی "بنکە" مانایەکی ڕۆحیی نییە، کوڕم. ئەمە "ئێو" ـە/ ماڵە، بنکە نییە.

پاش کەمێک سوعبەتکردن و دەستخۆشیی لێکردن بە ئەبابەیلەی ڕاگەیاند کە بە داخەوە بەرسیلەی خوشکی مردووە. وەک دڵخۆشیی بداتەوە پێی گوت هەر خودا خۆی دەزانێت چی دەکات. چاوی لە چاوی ئەبابەیلە بڕی:

- کچێکی ئاوا چی بە سەر شەڕەشەق ژیانەوە داوە، کوڕم. ژیانی سەر زەوی فانییە.

ئینجا لێی هاتە پێشەوە و دەستی لە سەر شانی دانا:

- ئۆغلۆم، بو حەیات چۆک قیمەتیی ئۆلسە دا، قیمەتی یۆکتر. ئەسڵ ئوێنەملی ئولان قیامەتتیر (کوڕەکەم، ئەگەرچی ئەم ژیانە زۆر شیرینە، نرخێکی نییە. ئەوەی کە بە ڕاستیی گرینگە قیامەتە).

ئەبابەیلە، ئێکسی یازدەهەزار و پێنجسەدوبیست و چوار، بە بیستنی "بە داخەوە بەرسیلە مردووە" هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. تەنانەت نەیپرسی چۆن، کەی مردوو و ئەی جەستەکەی لە کوێیە.
ئەوکاتەی لە سەر بەرسیلە هەستا و کراسە گەورە درێژەکەی بۆ سەر لەشی فرێدا، زیاتر بێزی لێ دەکردەوە وەک لە هەر شتێکی تر.

هێندەی تاقگەی ڤیکتۆریا

ئەبابەیلە نەیدەتووانی بە چرکەش ئەندێشە و خەیاڵی لە سەر بەرپرسی دووەم و قسە و باسەکانی هەڵبگرێت. ئەو قسانە نە تاقیکردنەوە بوون و نە قسەلێدەرکێشان.
ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ پارچەپارچە یان ڕاستر کوتکوت کرابوو. هەر کوتەی لە شێوەی مستێکی داخراودا بوو. ئەو گۆشتە و گۆشتی تر کە لە ئەوەپێش بینیبوونی. ئێستا تێدەگەیشت گۆشتی مرۆڤ بوون.
ئەبابەیلە ئێستا دەیتووانی ڕەنگی گۆشتی مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر کوڵابێت، بناسێتەوە و لە هی ئاژەڵ جیای بکاتەوە. دروست هەروەک چنگەگۆشتەکانی جەستەی شێرە.
لە ناو هەموو باسەکانیشیدا یەکێک لە خاڵە گرینگەکان بیری لێ دەکردەوە گەورەیی ئەو تاوانانە بوو کە بەرپرسی دووەم لە کردنیان پەشیمان بوو. ئەو تاوانانەی گەورەییانی بە گەورەیی تاقگەی ڤیکتۆریا دەچووان.
ئەبابەیلە نەیدەزانی تاقگەی ڤیکتۆریا لە کوێیە، بەڵام دەیویست تێ بگات.
تاقگەی ڤیکتۆریا لە ڕاستییدا ناوە کۆڵۆنیالیەکەیەتی و لوزیەکان کە لە نامیبیا و زامبیا دەژین، پێی دەڵێن "موسی ئیئا تونیا"، واتا ئەو "دووکەڵەی بەرز دەبێتەوە" یان "دووکەڵی بە گرمە". ڕووباری زامبەزی لە نێوان وڵاتی زامبیا و زیمبابودا ئەو تاقگەیە دروست

دەکات. بە پانیی زیاتر لە هەزاروحەوسەد مەتر و بە بڵندیی ١٠٨ مەتر ئاوی ڕووباری زامبەزی لە دامێنی ئاسمانەوە دێتە خوارەوە.
ئەو ئاوە زۆرە گەورە بە خوڕە بە هەموو هێز و قورسایی خۆیەوە لە بەرزایی ترسبەخش و دڵداخوڕێنەرەوە بە تووندیی خۆی بە زەویدا بەر دەداتەوە و بە قەدەر باڵای خۆیی و بگرە بڵندتر بە هەیبەتەوە پرژە و نمەی بە ئاسماندا فڕێ دەدات کە لە دووکەڵ و تەمومژ دەچێت و بینەر لە بەردەمیدا دەبێت بە بوونەوەرێکی زۆر بچووک.
ئەگەر ئەبابەیلە ئەو تاقگەیە بناسیایە دەیزانی کابرای بەرپرسی دووەم چەندی گوناە کردووە و لە چی دەترسا. ڕاستی دەکرد کە دەیگوت نەشیاوە من و گوناهەکانم لە دۆزەخدا جێگامان ببێتەوە.
بەرپرسی دوو چاوەکانی یەکانگیری چاوە بێهەستە سارەدەکانی ئەبابەیلە دەکرد و بە دەم هەناسەهەڵکێشانێکەوە، کە نەک هەر نەدەگەیشتە قاپی هیچ خودایەک، بەڵکو هێندە قورس بوون کە هەر لە بەردەم دەمولوتی خۆیدا دەهاتن و دەچوون، دووپاتی کردەوە:

- ئەبابەیلە، من لە دۆزەخدا جێگام نابێتەوە! تاوانەکانی تۆ لە چاو ئەوانەی منداوەک میزی منداڵێکە.

ئەگەر ئەبابەیلە لە خوێندنگا سەبارەت بە تاقگەی ڤیکتۆریا زانیاری پێ بدرایە و بیزانیانیە کامە تاقگەیە و یەک دوو وێنەیی ببینیایە، ئێستا دەیتووانی سەرئەنجامێک لە بەراوورد‌ەکەی ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ دەربکێشێت، کە ئایا بە ڕاستیی، تاوانەکانی ئەم لە بەراووردی ئەوانەی ئەودا، وەک میزی منداڵێکە یان زیاترە.

خاڵی ناوەند لە ئەبابەیلەدا ئەوە بوو کە نە خۆی ماندوو دەکرد تا بە قووڵیی بیر بکاتەوە و نە دەیزانی تاوان چییە. بەڵێ، لە دایکی ڕەحمەتیی و لە پووری و لە مزگەوت و لە مەلا و لە ئەهلی مزگەوتەوە حەرام و حەڵاڵی دەزانی و دەیزانی درۆ و ڕاستیی و باش و خراپ چییە، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە ئەوانە زیاتر لە وشە هیچی تر نەبوون. فێریان کردبوو درۆ گوناهە نییە کاتێک لە پێناوی خود و پاراستنی دینەکەدا بکرێت.
ئەبابەیلە بەرهەمی عەرشی پەروەردگار بوو. عەرشی پەروەردگاریش سەرەنوێلکێکی مرۆڤیی بوو. هەموو مرۆڤەکان ئەو بۆنەیان لێ دەهات کە بەرسیلە بۆنی کرد کاتێک ئەبابەیلەی برایی لە باوەش گرت.
بەرسیلە وەک هەموو منداڵەکانی تر هێشتا پێی نەنابوو بۆ ناو سنووری تێگەیشتن لە بەرپرسیاریی و لەبەرئەوە تەنها بۆنی ناسرا و و نەناسراوی دەناسیەوە. بەرسیلە نەیدەزانی بڵێت "ترشاو"، "بۆگەنکردوو"، "گەنیو". ئەو کاتەی باوەشی بە ئەبابەیلەی برایدا کردبوو هەر وشەی نەناسراوی بە ئەقڵدا تێپەڕی.

ئەبابەیلە بە مردوویش ڕقی لە شێرە بوو. بە خۆیی دەگوت تۆ بڵێی بەرپرسی دووەم ڕاست بکات کە من کوشتوومە.
لە مێشیکدا ئەو قسەیەی دووپات دەکردەوە. ئەی ئایا ئەگەر ئەم کوشتوویەتی بۆچی ڕقی ناخی دانامرکێتەوە؟
ئەی قسەکانی تری ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ؟

ئەبابەیلە وەک قاڵبەسەهۆڵێک بوو. لە جەستەیدا هەستی بە هیچ جۆرە گەرمییەک نەدەکرد. نە دەیزانی خوێنێک لە جەستەیدا دێت و دەچێت و نە گوێی لە لێدانی دڵی خۆی بوو.
تەنها و تەنها شتێک کە هەستی پێدەکرد و کە پێی تووڕە و کەلەپی دەبوو، ئەو برینە زبرە ڕەقە درێژە بوو کە شێرە لە سەر ڕووخساری جێی هێشتبوو. ئەو دڕاویە پینەکراوەی کە ڕووخساری لابەلا کردبوو وا کە مرۆڤەکان لێی دەتۆقن و هەر لە دوورەوە خۆیانی لێ لادەدەن.
پێش ئەو برینە سامناکە کەس نەیدەبینی کاتێک وەک تاکە سواری مەیدان بە کۆڵانەکاندا دەگەڕا و تەنانەت وێنەی ڕەنگی تەنەکەی خۆڵوخاشاکی دەگرتن.
ئەو کاتە، ڕووخسارێکی ئاسایی هەبوو. خەڵکی عەرشی پەروەردگار تاقەت و حەوسەڵەی سەیرکردن و بینینی دەموچاوی ئاوا ئاساییان نەبوو، ئێستا بە ئەم دەموچاوەوە کە لە نەفرەتی خوداوەندەکان دەچێت و ڕۆژ بە ڕۆژ ناشیرینیتر دەینووساند، زۆر دەیانبینی و هەر لە دوورەوە دەیانبینی.
عەرشی پەروەردگار عەرشی ناشیرینەفرەتیی بوو.

لە یەکێک لە شەوانی ڕابردوودا چوو بۆ شوێنێک. ئەو ژنانەی لێبوو کە بژێوی ژیانیان لە سەر دڵخۆشکردنی پیاوانە و ئامادەن دڵی پیاوان لە پێناوی چەند دۆلارێکدا ژیر بکەن. خۆی زۆر ماندوو کرد، بەڵام ئەگەرچی سەفتەی سەددۆلاریی نیشان دەدان، هیچ ژنێک ئامادە نەبوو دڵی ئەم خۆش بکات. هەر ئەوەش نەبوو کە ئامادەنەبوون دڵی ئەم خۆش بکەن، بەڵکو بە ئاشکرا خۆیان لێ لادەدا و لێی دەترسان و لێی هەڵدەهاتن. کەسیان پارەی ئێکسی یازدەهەزار و

پێنجسەدوبیست و چواری نەدەویست. ئەو بۆنەی لێی دەهات، بۆساردێکی تێکەڵ بە ترشاوپی و کەڕووهەڵگرتوو، زۆر لە بۆنی خۆشی دۆلارەکان زیاتر بوون.

ئێستا نەیدەزانی چی لە ئەو سەفتە سەددۆلاریانە بکات؟
ئەو پارانەی هەیبوون بە کەڵک نەدەهاتن کاتێک کە تەنانەت دووکاندارێک بە بێز و بە ترسەوە شتومەکی پێ دەفرۆشت.
تازە ئۆتۆبێلی گەورە و گرانبەهای بۆ چییە؟
کێی هەیە لەگەڵ خۆیدا سوار ئوتۆمبیلەکەپی بکات؟
کێ لە ئەو ماڵە گەورەیەیدا بژی کە ئێستا هەیەتی؟
لە خەیاڵەکانی ڕابردوویدا خانووەکەپی دەبینی پڕ دەبوون لە کچانی جوان کە تکایان لێ دەکرد تا لەگەڵیان جووت ببێت و یەک یەک، یان بە سەرەی دووان و سیان، دەهاتن بۆ لای و بە گوێیدا دەیانچرپاند: "دیقەت ئەیت یاشلی کوێپێک، هالا باکیرەیم" (وریابە پیرەسەگ، هێشتا کچم/ Dikkat et yaşlı köpek, hala bakireyim).

ئێستا لە سەرئەنجامی ئەو چەند پرسیارەدا لە خۆی، بیری بەرسیلەی خوشکی کەوتەوە.
هەرچەندی دەکرد نەیدەتووانی شوێنێک لە ناو ئەو قاڵبەسەهۆڵەی جەستەیدا بۆ بەرسیلە بکاتەوە.
جەستەی سەهۆڵبەندانێک بوو.
هەموو ژیانی، بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانێت، ڕق لە پینۆکیۆ بوو.
نەیدەزانی ئێستا پینیۆکیۆ تاکە فریادڕەسیەتی. بێگومان نەیدەزانی کارلۆ

لۆڕێزینیی کێیە و نەیدەزانی لۆڕێزینیی لە خۆشەویستیی شاری کۆلۆدیی، شارەکەی دایکی و شاری خۆی، ناوی ئەو شارەی هەڵگرتبوو و نازناوی کۆلۆدیی بە خۆی دابوو، کارلۆ لۆڕێزینیی.
ئەگەر ئەبابەیلە کارلۆ کۆلۆدیی بناسیایە، بە دڵنیایەوە هەموو شتێکی دەکرد تا بە ڕابردوودا تەی بکات و دەچوو بۆ لای و داوای لێ دەکرد حیسابی پارچەتەختەیەکی بۆ بکات، بەشکم ببینرێت و ببیسترێت و بە لێتووڕەبوون و بە شەرمکردنێک وێژدانێک بە بەرییدا بێت و ببێت بە مرۆڤ.

قسەکانی کابرای بەرپرسی دوو لە ئێرە وشەیەک و لە ئەوێ وشەیەکی تر بەر گوێی دەکەوتەوە.
"ئەبابەیلە، من و تاوانەکانم لە دۆزەخدا جێگامان نابێتەوە".

لە قوواڵایی ئەو قاڵبەسەهۆڵەی جەستەیدا ڕەگێکی لە موو باریکتر هەبوو کە جار بە جار بە هەندێک وشەی وەبیرهێناوەی کابرای بەرپرسی دووەم دەبزووا:

> ئەبابەیلە، ئایا چی ماوە ئێمە بە عەرشی پەروەردگاری نەکەین؟ هەموو شتێکمان لێ حەرامکردن کە بەکەڵکی مرۆڤ بێت. سروودی نیشتیمانیی و جەژنی نەتەوەیی و ڕۆژی گیانبەختکردووانتان، سەیران و گەڕانتان و موزیک و گۆرانیتان. خواردن و خواردنەوە و جلکوبەرگ و تەنانەت مووی ڕیش و سمێڵیشتان.

خودایەکی دەستکردنی خۆمان خستە ناو ماڵەکانتان و ئێستا بە خۆبادانەوە دەیپەرستن. ژنەکانمان فێرکرد ئەگەر پیاوەکانیان لە مزگەوت نوێژی بە کۆمەڵ نەکەن ئەوا تەڵاقیان دەکەوێت و ئەوان وەکو ژن دەتووانن لەگەڵ پیاوانی تردا بخەون و بە ماڕەبەجاش بڕینی خۆیان بلێسنەوە.
ئایا چی ماوە بە ئێوەی نەکەین؟
ئێمە زمانتانمان گۆڕی، چونکە دەزانین زمانێکی نوێ کۆتایی بە بیرەوەریە میژوویییەکانتان دەهێنێت. کاتێک بیرەوەرێی میژوویەک بگۆڕێت چی ڕووەدات، ئەبابەیلە؟
ئەوەی ڕاستەقینەیە نامێنێت.
ڕەگی مرۆڤ و ڕەگی نەتەوەیەک لە بیرەوەرییە میژوویییەکانیاندایە.
پاشماوەی عوسمانیمان لێکردن بە هاوبەشە ماڵ و ئێستا هەر لە ناو قوواڵایی ماڵەکانیشتاندا فیفتی بە فیفتیتان لەگەڵ دەکەن.
ئێمە هەر دیموگرافیای عەرشی پەروەردگارمان نەگۆڕی، ئێمە دیموگرافیای بیرکردنەوە و هزر و تێگەیشتنانمان گۆڕی. دیموگرافیای خێزان و داروبەردی ناومانتانمان گۆڕی.

ئەبابەیلی بیری دەکەوتەوە کە ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ ئەو وشەیەی بە زەردەخەنەیەکی کورتی تاڵەوە لە دەم هاتە دەرەوە و بە قومە قاوەی تاڵ گەرووی خۆی ڕادەماڵی.

ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ

شاری شەرەفئاوا، دوور لە ئاگابوون لە دۆخی ئەبابەیلە، لە ئەو پەڕی شادیی و بە کەیفی خۆیدا بوو. واسیتە و واسیتەکارێی دەستی پێ کردبووەوە، ئەو تۆزە ڕێگاگرتنە لە خەڵکانێک کە بە ئاشکرا تویتەر و ئێکس و فەیسبووک و مەسینجەر و سنابچات و ئینستایان بە ئەو پەڕی ناشیرینی بەکاردەبرد، هەڵگیرا و نەما. لە ڕاگەیاندنێکی زۆر تایبەتییدا کە خودی سەرۆککۆمار ڕایگەیاند حکومەت بڕیایدا زێراب و ئاوەڕۆکانیش بخەنە سەر کەرتی تایبەتیی و بەڕێوەبەرایەتیەکی بە ناوی "بەڕێوەبەرایەتیی زێراب و ئاوەڕۆ" دامەزراند. لە سەری مانگەوە هاووڵاتیان دەبێت مانگانە پارەیەک بە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بدەن.
لە درێژەی قسەکانییدا سەرۆککۆمار گوتی:

- لە ئەوروپا پارەی زێراب و ئاوەڕۆ ئەوەندە زۆرە کە هاووڵاتیان پێیان نادرێت، من لە عەرشی پەروەردگارەکەی باوکی ڕەحمەتیمدا مانگانە هەر بە قەدەر پارەی کیلۆیەک تەماتەتان لێوەردەگرم.

دیدارەکانی سەرۆککۆمار ئاوابوو کە لە هەموو شارێک ستودیویەکی گەورەی جوانیان دەڕازاندەوە و بۆ هەموو دیدارێک خەڵکانێک لە پرۆفیسۆر و دکتۆر و ڕووناکبیر و خەڵکی ئاسایی داوەتی ئەو ستودیۆیە دەکران. بێگومان سەرۆککۆمار خۆی ئامادە نەدەبوو، بەڵکو بەشداربووان لە ڕێگای شاشەیەکەوە سەرۆککۆماریان دەبینی و دەبیست.

چایی و قاوە و ساردیی بسکیت و کێک بۆ ئامادەبووان دادەنرا. ئەوانیش بە دەم ملچەملچ و زمانهێنان بە مەڵاشوویاندا دەیانخوارد و سەریان بۆ ئەو نووسینە دەلەقاند کە نووسرابوو "بەرهەمی تورکیا" و "بەرهەمی ئێران".

خەڵکەکە شوکرانەبژێری خوداگیان بوون کە هیچ کاتێک عەرشی پەروەردگار لە ڕەحمەتی خۆی بێ بەش ناکات و سەرۆککۆمارەکەیان شتێکیان هەر پێ دەدات. ڕەنگە کەم بێت یان زۆر بێت، یان زوو بێت و یان درەنگ بێت، بەڵام ئاخریەکەی هەر شتێکیان بە نسیب دەبوو. لە هەمووی گرینگتر ئەوەبوو کە ئەهلی عەرشی پەروەردگار ئەهلی سەربەرزی قیامەت بوون و دەیانزانی ئەهلی بەهەشتن.

ئەبابەیلە لە کارێکی گرینگ دەگەڕایەوە. سەری لە هەموو ئەو وردەکارپی و پشکنینە دەسوڕما کە تۆزێک لە ئەوەوبەر بینیبووی. ئەو هەموو پیاو دەمامکدارە بە چاویلکەی خۆرەوە، هەموو دەستکێش لە دەستدا و بێ ئەوەی ورتەیەکیان لە دەمەوە بێتە دەرەوە ئیشیان دەکرد و هەموویان ئیشی خۆیان بە وردیی دەزانی. ئەو بۆمبەیان بۆ ئامادە کرد کە پێیان دەگوت "بەبەک/ بەبەکە" و فێریان دەکرد چۆن لە سەر کاتژمێری دەستپێکردنی دابنێت و بیانتەقێنێتەوە.
ئەوکاتەی بە خۆپی و جانتاکەیەوە بەرەو بنکە بەڕێوەبوو هەم شانازپی بە کارەکەی خۆیەوە دەکرد و هەم جۆرێک لە پرس و ترسی هەبوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن دەریانببڕێت و بەیانیان بکات.

بە ئەوە کەللەپی دەبوو کە خەڵکی عەرشی پەروەردگار بە ترس و بە بێزەوە لە ڕووخساریان دەڕووانیی. هەندێکیان لێی دەترسان و دەسڵەمینەوە. لە پڕێکدا کە ڕووخساریان دەبینی هەڵدەبەزینەوە و لە ڕیتمی ڕاکردنێکدا خۆیان دوور دەخستەوە. هەندێکیشیان هێڵنجیان دەهاتێ و بێزیان لێدەکردەوە و یەکسەر ڕووخساریان بە دیوی ئەولادا وەردەگێڕا.
نزیکەی هەمووشیان هاوکات لەگەڵ کاردانەوەکانیاندا جوێنی ناشیرینیان بە خوشک و دایکی شێرە دەدا، جوێنی وا کە هیچ کەسێک لە ئەوە بەر نەبیستبوون.
شێرە بووبوو بە باعیسی نەمانی کەیف و سەفا و ئازادیی بەیان و دەرفەتی کار و کەمبوونەوەی خۆشگوزەرانیی. دەیانزانی کاتێکیان پێویستە تا هەموو شتێک وەک خۆی لێبێتەوە.
کابرایەک کە بە مۆرەوە لە ئەبابەیلەی دەڕووانیی، چونکە حەزی لە سەروچاوی نەدەکرد و بێزی لێ دەکردەوە، بە ئەوانەی چواردەوری گوت:

- ئاخر جوێن چییە، شێرە لێی قەدەخەکردبووین؟ ئا ئێستا ئەگەر بۆ خوشک و دایکی ئا ئەم بیچمەی تەڕ نەکەینەوە، چۆن دڵمان ئاو بخواتەوە؟

ئەبابەیلە دەیزانی کابرا بە دەنگ لەگەڵ ئەمیەتی، بەڵام ڕووی لە شوێنێکی تر‌ە. وەبیر خۆیی دەهێنایەوە کە کاری گەورەتری لە بەردەمدایە ئەنجامیان بدات، دەنا دەستوبرد هەر لە ئەوێدا دەیکوشت. حەزی دەکرد کابرا بگرێت و ئەوەندە جێگا برینەکەی

خۆی لە دەمی هەڵبسوێت تا هەناسەی لێ دەبڕێت. بەڵام هەنگاوەکانی گەورەتر دەکرد بۆ ئەوەی زووتر لێیان دوور بکەوێتەوە.

لە بنکە چوو بۆ ژوورێک کە نزیکەی هی خۆی بوو. هەر بەرپرسی یەک و دوو بۆیان هەبوو بچن بۆ ئەو ژووڕە. بەرپرسی دوو، ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ، حەقان، ناوی لە ناواندا نەمابوو.، وەک ئەوەی هەرگیز هەر نەبووبێت. تەنانەت ناوێکیشی نەبوو. جەستەی کرابوو بە خۆراکی خێر بۆ خوێندکارانی ئیماندار و ئەوانیش خواردبوویان و هەزمیشیان کردبوو.

لە دۆخی ئاساییدا بەریەککەوتنی سێڵە مردووەکان لە گەڵ هەوادا کە بێگومان بەشێکی زۆری ئۆکسجینە، دەگۆڕدرێن بۆ کاربۆن دایئۆکساید و ئەویش دەبێت بە کاربۆنیک ئەسید، بۆ ترشەڵۆکی کاربۆنیی و مۆلیکیولەکانی جەستە دادەڕێژێن.
بەڵام جەستەی ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ لە گەدەی خوێندکارانی ئیماندارەدا هەزم کرابوون و هەر یەکەی لە شوێنێک پاشماوەکەیان ڕۆ کردبوو.

مۆڵەکیولی جەستە بە هۆی ئەنزیمەکانی خۆیەوە دەست بە خۆدارژان یان خۆهەڵڕژان دەکات و ئەوەی بمێنێتەوە بەکتریاکان دایدەڕێژنن. لە ئەم پرۆسەیەدا مۆڵەکیولە چەوریی و پرۆتینییەکان کە عادەتەن سەرسەختن، لەگەڵ کاتدا دەتوێنەوە.

لە دۆخی ئاساییدا جەستەیەک لە دوو هەفتەوە تا دوو ساڵێک بەرگە دەگرێت. لە سەر ئەوە کەوتووە لە چ دۆخێکی تەڕ و شێدار و گەرمدا دادەنرێت.
پاشماوەی ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ هیچ دەرفەتێکی بۆ خۆڕاگرتن نەبوو. ئەنجن ئەنجن کرابوو، بە جوانیی کوڵێنرابوو و خوردراوبوو و ڕۆش کرابوو.
مۆڵەکیولەکانی لە ئاوەڕۆکانی شاردا تێکەڵ بە ئاوەکانی عەرشی پەروەردگار دەبوو. هەموویان بێ ئەوەی هەر ئاگایان لێی بێت مۆڵەکیولێک یان زیاتری ئێکسی سێهەزار و بیستوسێیان نۆش دەکرد. بێگومان مۆڵەکیولی شێرە و جوانکیلە و ئەوانەی تر کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوێکیان هەبوو.

ئەبابەیلە کوڕی دۆخی بێ ئەقڵیی و کەمتیاریازاڕیی بوو و بەرگەی ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی نەدەگرت. ئەم بیرکردنەوانە هەموو جەستەیی بە جۆری ئەو برینە دادەپۆشی کە شێرە لە سەر ڕوومەتی ڕاستی دروستی کردبوو.
بەڵام خەیاڵ و هزر و ئەندێشەی هێرشیان بۆ هێنابوو، کەمەرگیریان کردبوو و هەڵیان دەلووشی. ناچار بوو بیر بکاتەوە. بە دەست خۆی نەبوو. بیرکردنەوە وەک مشتە بەفرێکی نەرمە. کاتێک کە دەرفەتی بۆ خۆگلاندن دەستکەوت ئیتر هەر گەورەتر و گەورەتر دەبێت تا لە گەورەیی خۆیدا، وەک هەر هەبوونێکی تر، خۆی ناگرێت و پارچە بە پارچە دەبێت.
ئەبابەیلە ئێستا پارچەبەپارچەبوونەکەی خۆیی دەبینی و لێی دەترسا. هەرگیز ئاوا بیری لە مردن نەکردبووەوە.

هەمیشە گاڵتەی بە ژیانی خەڵک دەهات.
لای ئەبابەیلە ژیانی خەڵک بریتیی نەبوو لە کۆمەڵێک هەست و نەست لە ئازار و خۆشیی، لە تاڵیی و سوێریی، لە کەوتن و هەستانەوە، لە هیواو نائومێدیی و پاشان بە داخەوە کۆتایی پێ هاتن و تەواو بوون، تەواوبوون لە واتای نەبووندا.
مرۆڤەکان بۆ ئەوە هەبوون بمرن. هەر دەمردن و تەواو.
مردن، نەمان لە فۆرمی فیزیکییدا، بۆ خەڵک بوو، پێوەندییەکی بە ئەمەوە نەبوو.
ئێستا مردن بۆ ئەم خۆی بە واتای کۆتاییهاتن بە ژیانی بوو.
ژیان!
مردن بە واتای ئەو شتانە بوو کە ئەم لای خەڵکی تر نەیدەبینین و بە لایەوە گرینگ نەبوو. بەڵام بۆ خۆی مردن نەبوو، تەواوبوونی ژیانی بوو.
ئەبابەیلە ئەوەندە لە مردن دەترسا کە پێش ئەوەی مردن بێت و لە بەردەمیدا ڕابووەستێت، زراوی چوو بوو. لە لێوەیەوە بۆ ناو دەمی تا قوواڵایی گەرووی وشک داهاتبوو.
بە سەر ئەو شوێنەوە کە خوێناوی شێرەی لە سەر بڵاو بووبووەوە، دەهات و دەچوو. ئا لێرەدا بوو بە پێڵاوەکانیەوە کەوتبووە ناو خوێناوەکەی شێرە و کورسیەچەرخدارەکەی تیادا دەهێنا و دەبرد.
ئێستا بە شێوەیەک ناڕەحەت بوو.
بیری لە بەرسیلەی خوشکی دەکردەوە.
دەیویست لە خۆی بپرسێت چۆن کرا بە درێندەیەک کە بە بارتەقای چۆڕەمیزی منداڵێک تاوانبار بێت، بەڵام نەیدەزانی پرسیارەکە لە خۆی بکات.

دەیویست بزانێت لە کوێوە دەستی پێ کرد. دەیزانی پێویستی بە پارە بوو. پارەی خۆراک، پارەی ئایسکریمێک و ساردییەک. هەموو جارێک یەخچاڵەکەی ماڵەوەی دەکردەوە هیچی تیادا نەبوو. هەندێک ماستی کۆن و چەند هێلکەیەک و چێشتی بەرماوە و کۆمەڵێکی زۆر لە دەرمانی جیاواز و ئەو کەڕووە ڕەشە تەڕەلینچکەی بوو بە بکوژی دایکی.

تا ئەم ساتە بیری لە بەرسیلە نەکردبووەوە.

لە دوورەوە لە سیسەمەکەی دەڕووانی. ئێستا وای لێهاتبوو نەیدەوێرا لە سیسەمەکە نزیک بکەوێتەوە.

چۆن تووانی ئەو کارە بکات؟ چۆن تووانی ئەو خوشکە بچووکەی کە هەر خۆیی پیادا هەڵدەزنی و دەستە بچووکەکانی لە سەر دەست و باڵی ئەم دادەنا و ئەمیش دەست و باڵی خۆیی لە ژێر دەستە نەرمە ناسکە بچووکەکانی ئەودا ڕادەپسکاند، بکوژێت؟

نەیدەوێرا بیر لە دەستدرێژیکردنەکە بکاتەوە.

دەیویست بە خۆی بڵێت من شتی وام نەکردووە بەڵام نەیدەزانی چۆن بیڵێت.

جەستەی وەک مەکینەیەکی ماندووی کێشەدار، دەلەرزا.

چ دەرمانێک، چ پرۆسەیەک بە ئەو ئاکارەدا بردی.

دووبارە و سێبارە خۆیی وەک پارچە تەختەیەک دەبینی کە سێڵاوێک لەگەڵ خۆی دەیبات. ئەو پارچە تەختەیەی فریای هیچ هەڵوێستەیەک ناکەوێت و بە هەر چواردەوری خۆیدا و بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە سێڵاوەکە هەڵیدەسووڕێنێت.

هەستکردن بە خۆی وەک قاڵبەسەهۆڵێک. ئەو قاڵبەسەهۆڵەی هیچ هەستێکی لە خۆی نەدەگرت.

پارەکانی لێ بووبوون بە بەڵا. نەیدەزانی خانووەیەک و ئۆتۆمبێلێکی جوانی گەورە بە چ واتایەک دێن. هیچیان سوودێکیان نەبوو.
بیری دەکردەوە کە چەند کاژێرێکی تر دەبێت ئەو بۆمبە بتەقێنێتەوە.
کاتێک پیاوە جدییە دەمامکدارەکان خەریکی سازکردنی بۆمباکە بوون، کەسیان ئەمیان نەدەبینی. هەر خەریکی بۆمباکە بوون. کاتێکیش بۆمباکەیان تەسلیم کرد لە ڕووخساریان نەدەڕووانیی، بەڵکو هەر وێنەی ناسنامەکەیان گرت و ژمارەی ئێکسی یازدەهەزار و پێنجسەدوبیست و چواریان دەبینی و هەر ئەوەیان بە لاوە گرینگ بوو.
وشەی "ئەبابەیلە" نەمابوو.
چەند کاژێرێکی تر دەبێت ئەو بۆمبە بتەقێنێتەوە. ئەو بۆمبەی کە نازانێت کێ دەکوژێت و بۆ دەیکوژێت و زیان بە کێ دەگەیەنێت.
لە گێژاوی خۆونکردن و بێوەڵامییدا لە پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هەموو شتێک خەونێک بووایە و لە خەونەکە ڕابپەڕیایە و بە خەبەر بهاتایە.

ئەگەر ئەبابەیلە لە خوێندنگا فێری هەندێک شتی بچووک بکرایە، ئەگەر بیزانیایە کەسێکی وەک چارڵس دیکنس کێ بوو، ڕەنگە سەرئەنجامێکی تری لە ژیانی دەربکێشایە.
نەیدەزانی سەدوهەشتاودوو ساڵ لە ئەوەبەر چارڵس دیکنس چیرۆکێکی کورتی نووسیبوو. چیرۆکێکی ئاسایی، بەڵام سەبارەت بە مرۆڤ، بە پارە، بە هاوبەشیەتیی و بە کۆمەڵگا. دیکنس لە پەخشانی کریستمسدا باس لە پیاوێکی پیسکەی بوودەڵەی بێ ویژدان دەکات کە لە خەونیدا دەمرێت و دەنێژرێت. ئینجا بۆ لێپرسینەوە زیندوو دەکرێتەوە و بیچمێکی جندۆکەیی دێت بۆ لای و هەموو ئەو

بەدکارییانەی لە ژیانیدا کردووبوو وەک فیلمێک نیشان دەدات و پێی دەڵێت کە ئێستا دەبێت باجەکەی بدات.
باجی پیسکەیی و بوودەڵەیی، باجی بێویژدانیی و نامرۆڤبوون.
باج لە شێوەی پارەدا نا، بەڵکو لە شێوەی مەرگدا.
لە ترسێکی تێکشکێنەردا کابرای پیسکە لە خەوەکەی بەخەبەر دێت و هەموو گیانی لە ناو خۆشیەکی بێهاوتادا سەما دەکات کاتێک دەبینێت نە مردووە. لە خەونیدا بوو مردبوو، بە ڕاستیی نەمردبوو.
کابرای پیسکە تێدەگات دەرفەتی لەبەردەستدایە ببێت بە مرۆڤێکی تر، بە مرۆڤێکی باش.
پیسکە ڕادەپەڕێت و هەر زوو بە زوو هەوڵ دەدات قەرەبووی گەنکاریی و بەدکارییەکانی بکاتەوە.
ئەو چیرۆکە و بە دەیان و سەدان و هەزارانی تر دەیانتووانی ئەبابەیلە بە ڕێگایەکی تردا ببەن، بەڵام ئەبابەیلە نە بیری بۆ سەدوهەشتاودوو ساڵ لە ئەوەپێش دەچوو، نە دەیزانی دیکنس کێیە و نە دەیزانی ئەوانەی تر کێن.
پارچەتەختەکەی ئەبابەیلە لە گێژاوی ئەو سێڵاوەدا بوو کە هەژاریی و نەداریی و برسیەتیی و نەبینراویی و زۆربینراویی و پارە و دزی و درۆ و خوشک و دایک و خاک و خەڵک و نیشتیمان مانایەکیان نەبوو.
ئەبابەیلە هەر پارچەتەختەیەکی ناو گێژاوی سێڵاوێک نەبوو. قوتوویەکی بە تاڵ بوو.
ئەبابەیلە خۆی ئەو قوتووە بە تاڵەی دەبینی بە سوار دوو لاقەوە بە ئارەزووی خۆی بە ئەملاوئەولادا دەڕۆیشت و هەرچیەکی پێ خۆش بووایە دەیکرد.

بە ئەو خەیاڵانەوە نیگای چاوی لە سەر ئەو شوێنەبوو کە خوێنی شێرەی لە سەر ڕژابوو. خوێنەکە هیچ ئاسەوارێکی نەمابوو. کاشیەکان خاوێن بوون.

شێرە و ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ لە ناوناواندا نەمابوون، بەڵام ئاسەوار و سەرئەنجامی کارەکانی شێرە و ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ لە هەموو شوێنێک هەبوون.

وشەی تاقگەی ڤیکتۆریا بەرامبەری لە سەمادا بوو.
ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ بۆ بە جەستەی قورستر لە کێوێک باسی تاقگەی ڤیکتۆریای دەکرد؟
ئایا ئەی بەسەرهاتی ئەم چۆن دەبێت؟ ئایا ڕۆژێک دێت ئەمیش بەرامبەر بە گەنجێکی وەک خۆی دادەنیشێت و پێی دەڵێت کە ڕۆژەکانی تەواو بووە و ئیتر ناتووانێت تاوانێکی زیاتر بە تاقگەی ڤیکتۆریا زیاد بکات؟ ناتووانێت چونکە بێویژدانیی لە خودی گەردوون گەورەتر و قوواڵتر نییە و لە پڕ بە سەریدا دەڕژێت.

خەڵاتی جێمتمانەییەکەی چەند گەورەتر دەبوو، پارەکانی چەند زیاتر دەبوون و خانووەکەی چەند گەورەتر و ئۆتۆمبێلەکەی چەند جوانتر و کەشخەتر و سەرنجڕاکێشەرتر دەبوو ئەگەر دایک و نەنکی زووتر نەمردنایە و فریا بکەوتایە دەستدرێژییان بکاتە سەر؟

ئەبابەیلە پێویستی بە هاودەمێک بوو لەگەڵی بدوێت و وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە، بەڵام کەس نەبوو. کەس نەیدەوێرا لە ناشیرینیەکەی نزیک بکەوێتەوە چونکە بە ڕاستیی ترسناک بوو.
ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ ئەمی لە بەر دەم خۆیدا دانا و بێ ئەوەی داوای مۆڵەتی لێ بکات گرانیی و قورسایی تاقگەی ڤیکتۆریای بە سەر کۆڵیدا دا.
ئەدی ئەم باری تاوانەکانی کە بە قسەی ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ هێندەی دەزوولەمیزێکن بە سەر شانی کێدا بدات؟

شاشەکانی دەوروبەری فیلمی نوێیان لە ژنانی عەرشی پەروەردگار نیشان دەدا. جاروبار خوشکەکانی شێرەی دەبینی کە لە ناو قاقای پێکەنینی کامێرامان و مایکریفۆن بە دەستەکان و جلکوبەرگ هەڵگرەکان بە لارەلارە و تەکان دەهاتن و دەچوون و نەیاندەتووانی بۆ چرکەیەکیش بەری پێیان لە سەر زەویەکە ڕابگرن.
بەرسیلەی خوشکی خۆی بە دەم مژ دان لە شەربەتەکەی دەستیەوە، جەستە باریکەلەکەی خۆی بەرەو ژووری سیسەمەکە بە کێش دەکرد و پیاوەکانیش لە تەنیشت و لە پێشەوە و بە دووایەوە بوون.

ئەبابەیلە لە ژێر باری تاوانەکانیدا کە بە پێی مەزەندەی تاوانبارێکی پسپۆڕ هەر هێندەی چۆرەی میزێک بوون، تێکشکابوو، بەڵام نەیدەویست بمرێت.
مردن باجێکی گەورە بوو.
ئەم دەیویست وەک پیسکەی چارڵس دیکنس دەرفەتێکی پێ بدرێت و لێپرسینەوەکەی لە خەونیدا بێت. ئینجا لە خەوەکەی ڕابچڵەکێت

و بزانێت خەون بووە، خەونێکی ئاڵۆز بووە و دەتووانێت لە سەرەوە دەست پێ بکاتەوە.
دیکنس لەگەڵ ئەو کەسەدا بە ویژدان بوو کە ئافراندبووی. خودایەکەی ئەم لە ئێکسی سێهەزاروبیستوسێ و لە ئەم و لە هەموو ئەوانەی تر بێویژدانتر بوو. خودایەکەی ئەم تاقەتی تاقیکردنەوەی لە ئەو شێوانەی نەبوو. لە خەونێکدا کاری خراپی پێ نەدەکردن تا کە خەبەریان بووەوە پەشیمان ببنەوە و ڕێگای ڕاست هەڵببژێرن. ئەمان لە ناو ژیانی ڕاستەقینەدا دز و درۆزن و تاڵانچی و ساختەچی و بکوژ و ببڕ بوون. دەرفەتێک بۆ پەشیمانبوونەوە نەبوو.
ئەمان کەراکتەری ناو ڕۆمانێک نەبوون. ئەمان یەک جار دەژیان و یەک جار دەمردن و تەواو!
ئەبابەیلە لە ناو گێژاوی سێلاوەکەدا فریای هیچ هەڵوێستەیەک نەدەکەوت. هەم دەیزانی و هەم نەیدەزانی مەرگ چییە و هاوکات زیرەی لە بیستنی وشەکە کردبوو.
لە مەراقی قوولی ئەو پرسیارەیدا بوو کە ئایا پاش مردنی، کاتێک کە ئەم مەترێک زیاتر لە ژێر خاکدایە، عەرشی پەروەردگار و ئەم جیهانە چی لێ دێت؟
وەڵامی پرسیارەکەی بۆ نەدەدرایەوە.

ئایا عەرشی پەروەردگار هەر وەک ئێستا لە شەڕی مان و نەمانی پاراستنی شەرەفی خۆیاندا دەبن یان شەرەف واتا و ڕەنگ و شێوە و شوێنی خۆی دەگۆڕێت؟
ئایا خەڵکەکەی هەر لە نزای بەردەوامدا دەبن بۆ بارانێک کە کەمتر یان زیاتر ببارێت، بۆ ئەوەی ڕەشەبایەک بیخات؟ لە کردەی تەلیسم

و جادوودا دەبن بۆ ئەوەی کەسێک کە ڕکیان لێیەتی تووشی نەخۆشیەکی خراپ ببێت یان بمرێت یان بە ئەوکەسە نەگات و شاد نەبێت کە خۆشی دەوێت؟
هیچ وەڵامێکی لا نەبوو.
کەس نەبوو وەڵامی بداتەوە.
ئەبابەیلە نەفرەتی لێ نەکرابوو، هەر خۆی نەفرەت بوو.
ئەبابەیلە قاڵبەسەهۆڵێکی نەفرەت بوو.

جاران دادەنیشت و قاقا بە ئەو ئەندامانەی خێزانێک پێ دەکەنی کە پاش خزمەتگوزاریی تێڵاترێن دەهاتنە دەرەوە و لە بەر دەمی ڕاگەیاندنە بەربڵاوە ڕاستەوخۆ پەخشکراوەکەی عەرشی پەروەردگاردا دەستیان بە شانومل و پشت و قنی خۆیاندا دەهێنا و سوپاسی خوداگیانیان دەکرد و دەیاگوت "هەرگیز ئاوا تێمان هەڵنەدراوە".

جاران بە ئەو کەسانە پێ دەکەنی کە پێش ئەوەی بیانکوژێت لێی دەپاڕانەوە. یان کە دزی لێ دەکردن و ماڵیانی تاڵان دەکرد و لە سەروو ئەوەیشەوە هێشتا داوای پارەی تری لێ دەکردن و پێش ئەوەی بەرۆکیان بەر بدات، تفێکیشی لێ دەکردن.
ئێستا لە واتای ڕاستەقینەی پێکەنین یان پێ پێکەنین تێنەدەگەیشت و دەیویست لە خودی ئەوکاتەی خۆی بگات، بەڵام نەیدەتووانی.
لە شێرە حاڵیی دەبوو بۆچی دژی ئەو تێڵاترێنییە دەوەستا، بەڵام لە خەڵکەکە حاڵیی نەدەبوو بۆ حەزیان لە تێڵاترێنیەکە بوو و بۆ نزای شەڕیان لە شێرە دەکرد.

پاش دووبارە گەڕاندنەوەی ئەو خزمەتگوزارییە، خەڵکەکە داوایان دەکرد حکومەت مۆڵەتی بەرنامەیەکی شەڕەجوێنیش بدات و دەیانگوت ئامادەین خۆیان هەموو خەرجیەکەی هەڵبگرن.

شێرە نەمابوو تا بەرهەڵستیی بکات.

خەڵک وەک پرۆژە سەدان پێشنیازی جیاوازیان بۆ حکومەت بەڕێ کردبوو، کە چۆن دوو کەس، یان دوو ماڵە دەراوسێ، یان دوو گەڕەکەماڵ، یان دوو عەشیرەت و دوو ناوچە لەگەڵ یەکتردا شەڕەجوێن بکەن و بزانن کێ کێ دەبەزێنێت. دەیانگوت نابێت لە شەڕەجوێنەکەدا سنوور هەبێت و عەرشی پەروەردگار دەبێت عەرشی بێسنوور بێت.
عەرشی شەڕەجوێنی بێسنوور بێت!

سەرۆککۆمار زوو وەڵامی دانەوە کە شەڕەجوێنێک لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی بەرنامەیەکی خۆش دەبێت و لە چوارچێوەی دەربڕینی ئازاددایە، بەڵام دەبووایە حکومەت بەرپرسایەتیەکەی هەڵبگرتایە.
عەرشی پەروەردگار عەرشی یاسا و ڕێسا بوو.

ئەبابەیلە سەبارەت بە جیهان ئاگاداریەکی تایبەتیی نەبوو، نەیدەتووانی وەڵامی ئەو هەموو پرسیارە کەڵەکەبووە بداتەوە. هەر ئەوەندەی دەزانی کە زەوی تەختە و وەک بەری دەست سافە و ڕۆژی نەفخی سوور وێران دەبێت. پاشان دەبێت بە قیامەت و ئینجا ئەهلی دین بە بەهەشتی بەرین شاد دەبن و لە ژیانێکی هەتاهەتاییدا لە ڕووباری شیر

و شەراب و هەنگوین و لە باوەشی حۆریە جوانەکاندا ساتەکان بە ڕێ دەکەن. هاوکاتیش کافرەکان، ئەوانەی وەک ئەمان باوەڕمەند نیین، بۆ دۆزەخ بەڕێ دەکرێن و هەتا هەتایە دەسووتێندرێن و دەسووتێندرێنەوە.

کێشەی ئەبابەیلە ئەوەبوو کە ئەم ئێستا نەیدەتووانی درێژە بە ژیانی خۆی لە سەر عەرشی پەروەردگار بدات و نەشیدەوێرا بمرێت، چونکە بە ئەم تاوەدەزووە تاوانەوە ڕەنگە بەهەشتی بەر نەکەوێت.
دڵنیا نەبوو.
چۆڕەمیزێک لە تاوان چییە؟
لە ئەوە زۆر تووڕە بوو کە خەیاڵی مردن و مەرگ بەرۆکی بەر نەدەدا. ئەوانەی ئەم کوشتبوونی بەئەژمارد بوون، بەڵام هیچیان ئەو کافرە نەبوون کە خاڵی خەڵاتی بەهەشتیان پێ وەربگرێت.

لە عەرشی پەروەردگاردا ڕۆژانە مرۆڤەکان دەمردن. ئەمە شتێکی نوێ نەبوو. مرۆڤەکانی عەرشی پەروەردگار بە هەزاران شێوە دەمردن و ئەوە کاری خوداگیان بوو. کەس لە پاش مردن نەگەڕابووەوە تا ئەم پرسیارێکیان سەبارەت بە شتێک لێ بکات. ئەبابەیلە لە هەر دەرگایەکی دەدا، داخرا بوو.
ئەبابەیلە لە جیهانی نەزانیی خۆیدا بوونەوەرێکی زۆر بچووک بوو.

سۆما بە پرسیارەوە لێی دەڕووانیی

ئەو ڕۆژەی ئەبابەیلە بۆمبەکەی لە جانتایەکی دیپلۆماسیی جواندا کە نووسرابوو "سامسۆنگ" وەرگرت، ئاسمانی شەرەفئاوای پایتەخت بە هەورێکی چڕ تەنرابوو. لە دوورڕا بارانێکی زۆر بە سەر کێوە بڵندە سەرسەختەکاندا دەباری، بەڵام هەموو بستێک لە خاکی شەرەفئاوا بە خانووبەرە و شەقام و باڵەخانەکانیەوە تینووی بارانێک بوون.
بنکە پڕ بوو لە خەڵکی جیاواز کە لە پۆلی جیاوازدا خەریکی فێربوون بوون. بەرپرسی یەک زۆر مەشغوڵ بوو. لە دوورەوە بە پەنجە و دەستی نیشانەی ئافەرینی بە ئەبابەیلە دەدا.

مەلای مزگەوتەکەی شاری فەیزوولا کە بە شانوبالای ئەمدا هەڵی دەدا، بەرسیلەی خوشکی و ئەو پیاوەی مزگەوت کە پێڵاوەکانی ئەمی لە باوەش گرتبوو و بە ساقەیان دەبوو، و ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ هەموو لە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون.
لە پڕێکدا هەموویان لە ناو مێشکیدا هاتنە دەرەوە و وەک لە ژوورێکی کەمێک بەرزەوە بێنە دەرەوە بازیان دەدایە خوارەوە. ئەبابەیلە دەیبینین. لە بەردەمی ئەبابەیلەدا بە ڕیز ڕاوەستان و هەر یەکەی بە شێوەی خۆی قسەی بۆ ئەبابەیلە دەکرد.

لە ئەو کاتەدا بوو کە ئەو ڕەگەی لە مووێەک باریکتر بوو و لە ناو مێشکیەوە بە ناو بڕبڕەی پشتیدا سەرەوخوار دەهات، بە ئاستەم بزووا.

لەگەڵ تەکانخواردنی ئەو ڕەگەدا ئەبابەیلەیش تەکانی خوارد، تەکانێک هەر وەک لە پڕێکدا پاڵێکی توندی پێوە بنێن.
مەلاکە و بەرسیلە و کابرای پێڵاو و ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ هەر بەرامبەری ڕاوەستابوون، تا دەمە بە پێکەنینەکەی بەرسیلە وردوردە لە ناو خودی خۆیدا تووایەوە و بیچمەکان نەمان.

ئەبابەیلە دووچاری ئاڵۆزیی دەروونیی بووبوو. وڕێنەی دەکرد و بە ورتەورت خۆیی دەدواند و توند دەستی لە سەر پارەی ناو گیرفانەکانی گیر دەکرد و دەیگرتن.

لە خۆیی دەڕووانی. کەوتبووە ناو جۆرێک لە سەرمەستییەوە. جۆرێک لە دڵخۆشیی ڕووخساری دادەپۆشی. هەستی دەکرد هەمان ڕووداوی پینۆکیۆی بە سەردا دێت.
بەڵام پینۆکیۆ بچووک بوو، ئەم تەمەنی باپیری پینۆکۆی هەبوو. پینۆکیۆ پارچەتەختەیەک بوو، ئەم پیاوێکی گەنج بوو. پینەکیۆ کە پارچەتەختەیەک بوو لە کۆمەڵگای مرۆڤدا نەژیا بوو، لەگەڵ جووتیارە ئیتاڵیەکاندا کاری نەکردبوو، هەویری نەشێلابوو، بە منداڵی لەگەڵ کچە جوانەکاندا بە پاوپلی ڕووت تەشتە ترێی بۆ شەرابگرتن نەشێلابوو، پیزای نە دروست کردبوو و نە خواردبوو ...
جیاوازیەکان زۆر بوون.
هاتەوە بیری کە بەدکاریەکانی پینۆکیۆ بچووک بوون، بەڵام ئەم تاوانی گەورەی ئەنجام دابوو. تاوانی گەورە. ڕاستە هەر هێندەی چۆڕەمێزی منداڵێک و بە ئەندازەی تاقگەی ڤیکتۆریا نا، بەڵام هەر تاوان بوون.

ئەبابەیلە خۆیی بە شەیتانێک دەبینی. شەیتانێک لە جەستەیدا نەبوو، شەیتانێک لە مێشکیدا نەبوو، هەر خۆی شەیتان بوو.
لە خەیاڵەکانیدا لە شەیتانبوونی خۆی دەترسا.

ئەگەر لە مێژووی کۆمەڵگاکەیدا دوو سێ کەس، یەک دوو جار ناوەڕۆکی پارچەتەختەیەک و وێژدانی پێکەوە ببەستایەتەوە و لە ناو گێژاوی مرۆڤبوونی کۆمەڵگایەکدا بە داروبەردیدا بدانایە و سەرئەنجامێکی لێ دەربکێشانایە، بێگومان ئەم شەیتانە گەورەیە، ئەم دەعبا وێرانکارە دروست نەدەبوو. دەیگوت من بەرهەمی کۆمەڵگام، کەواتە خەتای خۆم نییە، خەتای کۆمەڵگایە.
خەتای خودا نیە، بەڵکو خەتای ئەو حەشاماتە بۆرەکەوییەیە، ئەو حەشاماتەی یان هەر هیچ نەیاندەبینی و نەیاندەبیست یاخود هێندەیان دەبینی و دەبیست کە ڕقیان لێی دەبووە.
باسی تاوان ئەوەندی تر سەری لێ دەسوڕماند. بە قسەی کابرای بەرپرسی دوو تاوانەکانی ئەم هەر هێندەی میزی منداڵێک بوو لە چاو تاڤگەی ڤیکتۆریادا.
بیری دەکردەوە: ئایا تاوانی هێندەی داوەمیزێک چەند گەورەن؟
دەیان جار دزی لە خەڵک کردبوو، سیخوڕیی لە سەر سەدان و بگرە هەزاران کردبوون، منداڵیانی فێری سیخوڕیی کردبوو و هەروەک خۆی حیزی پارەی کردبوون، فێری درۆی کردبوون کە چی بە باوک و دایکیان بڵێن کاتێک پرسیاری ئەو پارەیەیان لێ بکەن کە پێیانە، فێری جوێندان و هاوار و تووڕەکردنی خەڵکی کردبوون. خەڵکی بە شەڕ دابوو، سووکایەتیی بە خەڵکانێکی بێئەژمار کردبوو، چەندین کەسی کوشتبوو، دزی و هەڕەشەی لێکردبوون.

جێگای سەرنج بوو کە ئەو تاوانانە هەر هێندەی دەزوولەی میزێک گەورە بوون.
دەهاتە پێش چاوی کە لە سالۆنی دادگادا دانیشتووە و کابرای دادوەر بە پێی قەوارەی ئەو دەزوولەمیزە سزای دەدات.
دڵی خۆش بوو. دادوەرێک بیر لە خودی تاوانەکان ناکاتەوە و بە پێی قەبارەی ئەو دەزوولە میزە تاوانەکانی دەپێوێت.

حەشاماتی ناو دادگاکە دانیشتبوون و سەرنجیان لە بچووکیی تاوانەکانی ئەبابەیلە دەدا و بە پرسەوە لە پرۆسەکەیان دەڕووانی. لە ناوەڕاستی هەموویاندا کچێک بە ڕووخسارێکی جیدی مۆنەوە لێی دەڕووانیی. مێشکی ئەبابەیلە کەوتە تەقەتەق. ئەبابەیلە دەیزانی دوژمنی زۆرن، دەیزانی بە قەدەر گەورەیی چۆڕاوی میزێک تاوانی کردبوو. مێشکی سەبارەت بە ئەو ژنە لە مەراقدا بوو.
وەڵامەکەی وەرگرتەوە:
سۆما بوو.
سۆما لە ناوەڕاستی حەشاماتەکەدا لە ئەبابەیلەی دەڕووانیی و بە چاو تێی دەگەیاند کە تاوان بە بارستایی و ئەستووریی دەزووەمیزێک چەند گەورەیە.
سۆما بە مۆڕەوە لێی نەدەڕووانی، وەک ئەم لێی تێدەگەیشت.
سۆما بە پرسیارەوە لێی دەڕووانیی.
سۆما تەنها و تەنها هەر "نەخێرێک" ی بە ئەبابەیلە گوت. بە ڕێزیشەوە پێی گوت. هیچ تووڕەیی و نازێکی درۆ و خۆگیڤکردن و هەڕەشە و شکاتێکی لێ نەکەوتەوە. هەر ئەوەندە بوو پێی گوت

"نەخێر"، چونکە تاقەتی حەزلێکردن و دلداریی نەبوو، دەیوست بخوێنێت.

ئەبابەیلە دەیزانی سۆما بە دەستی دایکی کوژرا و خۆکوژیی نەکردبوو. ئەم خۆی سۆمای کرد بە یەکەم لەشفرۆش و قەحبەی شارەکە کە بە خۆڕاییش گانی بە هەموو کەسێک دەدا. ناوی سۆما لە بڵندگۆی سەدای خوداوە هێمای ترشیی و نەگەیوویی بوو، لە دەمی پیاواندا دەبوو بە لیک و حەزیان دەکرد بەر ئەوانیش بکەوێت و تەنانەت بە مردوویش دەستپەڕیان پێوە لێ دەدا. ئەم لە سەرەتادا هەندێک جار دەچوو بۆ سەر گۆڕەکەی و زمانی لێ دەردەهێنا و گاڵتەی پێ دەکرد.

ئەو پۆلیسەش لە ناو حەشاماتەکەدا بوو. ئەو پۆلیسەکە لە بەر ڕاهی خودا و لە بەر خاتری شەرەفی خەڵک و شەرەفی عەرشی پەروەردگار گوایا ژنانی بە دەستلێنەدراو تۆمار دەکرد و فۆرمی تاوانی بە شێوەیەک پڕ دەکردەوە کە نیگای شەرەفی کەس لە سەر بێشەرەفیی ئەمان نەنیشێتەوە.
فۆرمەکە پڕ بوو لە وشەی وەک "سەرمۆر" و "کوننەکراو" و "باکیرە" و "پاکیزە".

بیری ئەو ڕۆژەی کەوتەوە کە دایکوباوکی سۆما جەستەی سۆمایان وەرگرتەوە و بەرەو بەخاکسپاردن دەیانبرد. ئەم ئێخەی پۆلیسەکەی پینەی شەرەفی گرت و پێیگوت: "خوشک و دایکت دەگێم و حەیات دەبەم ئەگەر دە هەزار دۆلاری تریان لێ نەستێنیت".

پۆلیسەکە خۆی خاوەنی دوو کچی عازەب بوو. دەیزانی شەرەف چەند بە نرخە. ئەوەندە لە باسی شەرەف و خەمی شەرەف و پاراستنی شەرەف و شکۆی شەرەفدا قوڵ بووبووەوە کە خۆی بووبوو بە گونیەیەک شەرەف و لە سەر دوو لاق گیربووبوو. دەرودەراوسێ هەموو ڕۆژێک دەیابینی. پیاوێکی حکومەتیان دەبینی، پیاوێک یەکپارچە لە شەرەف، دەیانبینی کەی دەڕووات بۆ کار و کەی دەگەڕێتەوە.
کابرای پۆلیسی شەرەف لە بەردەم ئەبابەیلەدا وەک گیسکێک بۆ خێر دانرابێت و چەقۆی قەساب لە سەر ملی بێت، بێ دەسەڵات بوو. دەیزانی دە هەزار دۆلار زۆر زۆرە. دەیزانی ئەو بڕە پارەیە بۆ کڕینەوەی شەرەفێک هەر زۆر زۆرە و زۆر زیاتر لە شیرباییەکە، بەڵام بە ناچاریی، لە ژێر هەڕەشەی دەنگگۆی شەرەفدا کە ئێستا هەڕەشەی لە خۆی دەکرد، چۆکی بۆ ئەبابەیلە دادا.
ئەبابەیلە پێی گوت ئەگەر دە هەزار دۆلاریان لێ نەستێنێت و بە خۆمی نەدەیت ئەوا حەیا و شەرەفت دەبەم و ژن و کچەکانت وا لێ دەکەم کە بە هەزار فۆرمی شەرەف دانەپۆشرێن.

پۆلیسی پینەی شەرەف بێگومان لە حوکمی شەرەف باش تێدەگەیشت. لەبەرئەوە بە قسەی ئەبابەیلەی کرد و دایکوباوکی سۆمای بۆ پارەکە ناچار کرد.

دایکوباوکی سۆما لە دۆخێکدا نەبوون کە بتووانن پەشیمان ببنەوە و خاوەنی قسەیەکی خۆیان بن. ئاشکرا بوو خۆیان سۆمایان کوشتبوو.

ئینجا دایکی لە زیندان فڕێ دەدرا و بە ڕاستیی دەبوون بە سینەمای خەڵک.
عەرشی پەروەردگار عەرشی نەریتی جوان و لەخۆبوردووویی و شەرەف و نەزاکەت بوو. لە هەر تاوانێک خۆش بوونایە لە مرۆڤ بێشەرەف خۆش نەدەبوون.
ڕاستە دایکی دیفاعی لە شەرەفی خێزانەکەی کردووە، بەڵام ئەگەر دایکێک دایک بێت چۆن دەهێڵێت کچەکەی حیز دەربچێت.
بەڵێ، دەستی دایکی خۆش بێت کە کچەکەی کوشتووە، بەڵام عوزر لە قەباعەت خراپتر. ئەگەر دایکی دایک بووایە کچەکەی وا دەرنەدەچوو. دایکی، پێش سۆما، لەشفرۆش و قەحبەی شارەکە بوو. خەڵکەکە یەکسەر دەمیان لێ دەکردەوە و پێیان دەگوت "ئەی لە بەیانییەوە تا ئێوارە چی کردووە کە نەیتووانیوە کچێک فێری نرخی شەرەف بکات؟".
دایکوباوکی سۆما ئەو سەرئەنجامانەیان دەزانی. دەیانزانی خەڵکی عەرشی پەروەردگار لە حساباتی شەرەفدا زیرەکن و کەس لێیان ناباتەوە.
کابرای پۆلیسی شەرەف لە ڕشتەکەیدا پسپۆڕ بوو. بە وردیی هەر بە بەکارهێنانی ئەو وشانە و بە پەنجەکانی و بە قامکی ئاماژەیی و بە باسک و بە سەر و بە چاو و برۆ، تێی دەگەیاندن لەشفرۆش و قەحبە مانای چی و دەستدامانیان بوو کە لە ئەوە زیاتر خۆیان و خەڵکی تر عەزیەت نەدەن و پارەکە پەیدا بکەن.
زۆر بە تووڕەییەوە دەنگی لێ بەرزکردنەوە و پێی گوتن: خۆ ئیشەڵا چاوەڕووان نیین خەڵکی عەرشی پەروەردگار باجی شەرەفی ئێوە بدەن؟

مانی سۆما بێگومان دە هەزار دۆلاری کاشیان نەبوو. خانووەکەیان فرۆشت و پارەکەیان دا و گواستیانەوە.

ئەبابەیلە هەموو ئەم چیرۆکانەی دەزانی چونکە خۆی خولقێنەری ڕووداوەکان بوو. ئێستا لە سەر تەختی بێدەسەڵاتیی دانیشتبوو، هاوچەشنی ئەو گیسکەی بیری لێ دەکردەوە، لە دادگاییکردنەکەی خۆیی دەڕووانیی.
دادگاییکردنی سەر زەمین لە جۆری دادگاییەکانی عەرشی پەروەردگار لەگەڵ دادگاییکردنی قیامەت لە جۆری ئەوانەی بیستبوونی، لا تێکەڵ دەبوون.
ڕووخساری دادوەرەکەی سەر زەمین تێکەڵ بە پەڵەهەوری گەورە دەبوو. ئەبابەیلە هەوڵی دەدا بە یارمەتی پەنجەی ئەستوور و پەنجەی ئاماژەی خۆی، ئەستووریی و قەوارە و بارستایی ئەو دەزووەمیزە لە تاوان بپێوێت کە بەرپرسی دوو ئاوا بێبەها بۆی وێنا دەکرد.

لە یەکەم ئەو بەیانیەدا کە لە مزگەوتەکەی خۆی لەگەڵ ئەهلی گەڕەک گوێبیستی بەسەرهاتی حەزرەتی یوسف بوو، ئەوەندە لە بەسەرهاتەکە تێگەیشت کە خودا خۆی بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆ دەگرێت و لە ئەو دونیاش بە گەورەیی خۆی لە تاوانکاران خۆش دەبێت. ئەو ئازارەی غەدرلێکراوێک دووچاری دەبێت، بە هەنگاوێکی بەهەشت قەرەبوو دەبێتەوە.

خودا خۆی بە تۆڵە سەندنەوە مەشغوڵ ناکات.

هەم خوداش و هەم مرۆڤەکانیش خۆیان لە قەرەی ئازاری دەروونیی نادەن. لە گێڕانەوەکاندا ئازار هەمیشە جەستەییە.

ئەبابەیلە داچڵەکا و تەکانێکی دا کاتێک بانگیان لێ کرد کە ئەگەر بیەوێت بیرەیەک بخواتەوە تا بۆی بهێنن. بە بادانی سەری سوپاسی کردن کە ناخواتەوە.

ئەبابەیلە بووبوو بە پارچەیەک ئاو. ئارەقە لە بنگوێیەوە بۆ ناو پشتمل و سەرشانی چۆڕاوگەی دەکرد. هەستی دەکرد لەشی بووبوو بە چەندین تۆن و سەری بۆ بەرز نەدەکرایەوە.
هەستی بە هیچ ئەندامێکی جەستەی نەدەکرد، بەڵام چاوەکانی هەر دەیانتووانی ببینن و گوێیەکانی دەیانبیست و قامکەکانی دەجوواڵان.
سینگی پەنجەپێ بەو خەتە زبرە درشت دووراوەیەی ڕوومەتییدا دەهێنا و هەستی بە هەبوونی شێرە دەکرد لە تەنیشتییەوە.

ئێستا حاڵی دەبوو کە شێرە تیغێکی لە پارچەیەک گۆشتی جەستەی نەدابوو. شێرە لە ڕێگای ئەو تیغەوە خودی خۆیی ترانجاندبووە قووڵایی ناخی ئەمەوە.

ئێستا جوان تێدەگەیشت بۆچی شێرە نەیکوشت. ئەگەر ئەو کاتە بیکوشتایە، ئێستا ئاوا بەرەو کەشکەڵانی ئازار بە پێ نەیدەکوتا.
بەڵێ، شێرە بە مەبەست نەیکوشت و هەر بە مەبەست ئەو گرێکوێرەیەی لە سەر ڕووخساری نەخشاند.

نەخشێک ئەبابەیلەی لە نەبینراوییەوە کرد بە بینراوێکی نەفرەتیی، بۆ دەعبایەکی دوولاق، بۆ وێنەی دۆڕاوێک، بۆ قێزەونێک، بۆ ئەو بیچمە پیسەی کە تەنانەت پارەکانیشی هیچ هێزێکی کڕینیان نەبوو.
بەڵام ئەبابەیلە لە ناو دۆزەخەئازارەکەیدا بە ئەوە دڵخۆش بوو کە شێرە لە بەردەمییدا ڕانەوەستابوو، بەڵکو هاتبوو لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو.
شێرە تووڕە نەبوو. نەهاتبوو لێی بپرسێتەوە.
شێرە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو و وردە وردە لێی نزیک دەبووەوە، وەک ئەوەی نەیەوێت بیتارێنێت. ئینجا باڵی ڕاستی خستە سەرشانی و بە خۆیەوەی نووساند.
ئەبابەیلە هەستی بە گەرمیی جەستەی شێرە دەکرد. ئەو تاڵەدەزووەی بڕبڕەی پشتی زیاتر پێی گەرم دادەهات.
شێرە بە هێز بوو. ئەبابەیلەی بە ئەو شێوەیە نزیک بە خۆی دەبزووواند کە دەیویست. ئەبابەیلە هیچ هێزێکی بەرگریی و جیڕیەکی نەبوو. قورسایی باڵی شێرەی لە لا خۆش بوو.
ئەگەر ئەبابەیلە بیزانیایە لێفەیەکی لە دۆشەکّە دروستکراوی وەک ئەوەی خەرمانی دایکی ئافتاو هەیە، قورس و توند و گەرم، باوەش بە جەستە ساردوسڕە بێهەستەکەیدا دەکات، ئامادە بوو بە هەموو پارە و ئۆتومبێل و خانووی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە.
ئەو لێفەیە هەر بۆ ئەم باش بوو، بەڵام نەیدەزانی لێفەیەکی وا هەیە.

باڵە تونەدەکەی شێرە وەک ئەو لێفەیە وابوو. ئەو ڕەگە باریکە تاڵەموویە لە ناو قاڵبەسەهۆڵەکەی بوونیدا گەرم دادەهات و ناخی دەهەژاند.

بەرامبەر ئەو ژووڕە دانیشتبوو کە چەندین پیاوی بەتەمەن بەرسیلەی خوشکیان بۆ باوەشی یەکتر فڕێ دەدا. ئەو ژووڕەی کە تیایدا خۆیشی خۆیی بە سەریدا دا.

شاشەکان بەرسیلەیان نیشان دەدا کە بە چاوە گەشەکانیەوە لە پیاوەکانی دەڕووانیی و وەک منداڵی خۆیان بێت قسەی بۆ دەکردن و هاوکات بە چێژەوە شەربەتی پەرداخەکەی دەستی لە قامیشەکەی ناویەوە هەڵدەمژی.
بەرسیلە منداڵێک بوو.
لە جیاتی ئەوەی لە ناو کۆمەڵێک یاری و باوەشی گەرمدا بێت، کەوتە ناو تۆڕێک لە باوەشی پیاوان بە بۆنی نەناسراو و مەیدانێک لە وایەر و کێبڵ و شاشە و کامێراوە.

هیچ ئێسکێکی هەڵگر، هیچ ئیسکەلێتێک، لە لەشی ئەبابەیلەدا نەمابوو. ئەبابەیلە تێک شکابوو. خۆیی وەک بوونەوەرێکی لیکنی نەرمەی بێ ئێسک دەبینی، وەک کرمێک، زەرووپەک، سەرەمێکوتەیەک.
هەر لە ئەوە تێ نەدەگەیشت کە تاوانەکانی هێندەی چۆڕەی میزێک بوون.
لە مەراقدا بوو کە داخۆ تاڤگەی ڤیکتۆریا چەند گەورە بێت.
ئێکسی سێهەزار و بیستوسێ چ جۆرە تاوانێکی لە عەرشی پەروەردگاردا ئەنجام داوە وا کە دەیویست بەرەو قووڵایی ناخی زەوی هەڵبکۆڵێت و تیایدا ون ببێت؟

شێرە لەپی دەستی لە سەر شانی ڕاستی ئەبابەیلە گیر کرد و بە دەنگێکی جیدی و خەمگینەوە پێی گوت:

- تۆی دروست کرد! سەدانی وەک تۆی دروست کرد.

شێرە ڕاست بوو. ئەبابەیلە خۆی یەکێک لە گەورەترین تاوانەکان بوو. ئەبابەیلە قاڵبەسەهۆڵێک بوو لە تاوان.

بڕیار لە دەستی ئەبابەیلەدایە!

ئەبابەیلە، بە جەستەی قورس و بێ ئێسک و داتەپاوەوە، بەرەو لای جانتای بۆمبەکەی هەنگاوی نا و لە سەر کورسیەک دانیشت. بە ئەو شێوەیەی فێریان کردبوو دەستی بە پرۆگرامکردنی کرد. بۆمبەکە دەبێت لە نێوان ئەو بازارە و خوێندنگایەدا بتەقێتەوە کاتێک کە هەمووان لە پۆل دان و کە بازارِ بە مرۆڤ ڕەشترین دەکاتەوە.
ئەبابەیلە ئاگای لێ بوو. تیمێکی پسپۆڕی ڕاگەیاندنی "بنکەی چاودێریی هاوەینان و برایەتیی" پێش تەقینەوەی بۆمبەکە سەرباسی هەواڵەکەیان ئامادە کردبوو:
"تیرۆریستەکان لە ئەمەوبەدوا خوێندنگاکان دەتەقێننەوە چونکە ئیتر ناتووانن منداڵەکان برفێنن!"
"تێرۆریستەکان خوێندنگا و نەخۆشخانەکان دەتەقێننەوە، چونکە ڕقیان لە هەموو جۆرە خەڵکێکە".
پاشان پلانیان دانابوو نیشانی بدەن کە باڵیۆزی تورکیا لە شاری شەرەفئاواوە بە خەفەت و بە دەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە، بانگەواز دەکات:
"داوا لە سەرلەشکری تورکیا دەکەم کە زیاتر هاوکاری عەرشی پەروەردگار بکات و بە زووترین کات بێن و سوپا لە چواردەوری هەموو خوێندنگا و نەخۆشخانە و سەیرانگا و بازارەکان جێگیر بکەن و ئەم خەڵکە گوناهە، هاوەینان و برایانمان، بپارێزن".

ئەبابەیلە هەموو ودەکاریەکانی دەزانی.

دەیزانی چۆن دەستگاکانی ڕاگەیاندن پێشوەخت هەموو ئەو سەردێڕ و وردەکارییانە ئامادە دەکەن. سەرسوپا و بەرپرسەکان دەهاتن بۆ بنکە و وەک نووساندن هەنگاو بە هەنگاو وشە بە وشە فێر دەکران چۆن ببزوێن و چۆن دڵی خۆیان لە بەر چاوی کامێراکان پڕ و تەنگ بکەن و چۆن ناڕەحەتیی خۆیان نیشان بدەن، چۆن داوای یارمەتی سەربازیی زیاتر بۆ پاراستنی عەرشی پەروەردگار بکەن.
پێش هەر تەقینەوەیەک دەبووایە هەموو لایەک ڕۆڵ و ئەرکی خۆیی وەک ناوی نهێنی خۆی بزانیایە.

دوو هەفتەیەک پێشتر، ڕۆژێک پێش کوشتنی شێرە، ئەبابەیلە بۆمبایەکی کەمێک لە ئەمەی ئێستا بچووکتری تەقاندەوە، بەڵام ناچار بوو زووتر لە کاتی پلانبۆکراودا بیتەقێنێتەوە، چونکە دەستبەجێ ئاگادارییان کردەوە کە شێرە زانیاریی پێ دراوە و فریا دەکەوێت شتێکی ناچاوەڕووان بکات. تەقینەوەکە گەورەبوو، بەڵام هەر چەند کەسێکی کوشت و بریندار کرد. کاتەکەی خراپ بوو.
نابێت ئەمەیان وا بێت!
ئەبابەیلە ئەو ڕۆژە پڕ بە قوواڵایی دڵی ڕکی لە خودا دەبووەوە کە ئاوا زانیاریی بە شێرە دەدات.

ئێستا بە دەم ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە و خەیاڵەوە دەستی بە دانانی کاتژمێری بۆمباکە کرد. سێ کاتژێر، دوو کاتژێر، چوار کاتژێر، یەک کاتژێر و نیو ...

بەرسیلە لە تەنیشتیەوە ڕاوەستابوو و بە دەستە بچووکە ناسکەکانی دەست و مەچەکی ئەبابەیلەی ناز دەکرد و لە لاوە بە بەزەیی و هاوکات بە میهرەبانیەوە لێی دەڕووانیی وەک ئەوەی پێی بڵێت "ئەو کارە مەکە، هەڵەیە".
ئەبابەیلە بەرسیلەی دەبینی، بەڵام زاتی نەدەکرد چاو لە چاوی بکات. شێرەش هەر وەک تۆزێک لە ئەوەبەر لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو و توند بەری دەستی لە شانی گیرکردبوو و لە سەرخۆ ماسولکەی شانی دەگوشی و بەردەدا و بە ئاستەم ڕایدەژەند.

هەموو جەستەی ئەبابەیلە دەلەرزا.
ئەو تاڵەدەزووەی بڕبڕەی پشتی تەق بوو. خوێن، هەروەک دەریایەکی بەرلێگیراو بێت، دەڕژایە ناو دەمارەکانیەوە و بە تەواوی جەستەیدا بڵاو دەبووەوە.
سۆماش لە ئەملای شێرەوە، دوورتر لە ئەبابەیلە، دانیشتبوو. هیچی نەدەکرد. هەر دانیشتیبوو.
وێنەی جۆراوجۆر و بەردەوامی ناو شاشەکان وڕیان کردبوو. چاوەکانی دەگڵۆفت و هەوڵی دەدا ڕوونتر بڕووانێت، بەڵام شیرە و بەرسیلە و سۆما و ئەوانی تر ون نەدەبوون.
لە پڕێکدا نە ترسی لە ئەوە هەبوو کەس بتووانێت سزای بدات و نە دۆزەخیش ئەوەندە گەورە بوو جێگای ئەمی تیادا بێتەوە.
دۆزەخ واتایەکی نەبوو.
شێرە نەمردبوو.
بەرسیلە زیندوو بوو. سۆما کەمێک لە ئەملایەوە دانیشتبوو.
هەموویان لە بەردەمیی و لە تەنیشتیەوە بوون.

بە خۆیی دەگوت من بوونێکی ڕاستەقینە نییم، من ڕووداوی ناو خەونێکم، دەرفەت هەیە لە خەو هەستم و لە کردارەکانم پەشیمان ببمەوە و خەونەکەم بە تاڵ بکەمەوە. من پاڵەوان، نا، نا، پاڵەوان نا، بیچمی دروستکراوی نووسەرێکم، بیچمێکی هەڵبەستراوم بە تاوانی گەورە بە بارستایی چۆڕێک میزەوە.

بیری بەرپرسی دووەمی دەکەوتەوە کە پێش ئەوەی بڕووات و بەجێی بهێڵێت، قومێکی لە قاوە تاڵەکەی دا و بە دەم هەناسەهەڵکێشانەوە بە ئەبابەیلەی گوت "دەزانم ڕۆژێک لە خۆت دەپرسی ئەی چار چییە. ئەبابەیلە، هەندێک جار، ئەگەر لە کاتی خۆیدا بتەقێندرێت، گوللەیەک بەر بە سوپایەک دەگرێت".

بەرسیلە بە دەستە ناسکە وردەکەی خۆی بریندەکەی سەر ڕوومەتی بۆ ناز دەکرد.

گەرمی دەستی بەرسیلە بیری یەخچاڵەکەی ماڵەوەی دەخستەوە یاد. کاتێک دەرگای یەخچاڵەکەی دەکردەوە، هەمیشە کیسە دەرمانە بە سەریەکدا کەوتووەکان و دەرمانە هەڵپچڕاوەکانی پێش هەر شتێکی تر دەبینی. ئەو بۆنە کەڕووە تەڕەی بە لووت دەگەیشت و بەرسیلەی لاوازی باریکەڵەی لە تەنیشت خۆیەوە دەبینی کە هەرگیز وەڕێ بۆ خواردن نەدەگرت چونکە نەیدەزانی وەک بۆچی بگرێت.

سەیرێکی کاتژمێری بۆمبەکەی کردەوە. جانتاکەی بەرزکردەوە و کاتژمێرەکەی گۆڕی.

کاتژمێرەکە سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوە و دووا ژماردنی خۆیی لە سێ خولەکەوە دەست پێ کرد.

بەرپرسی یەک لە یەکێک لە وانەکانیدا بۆی باس دەکرد کە تەقینەوەی بۆمبێک و کوشتنی ئەو خەڵکە لە دەستی خودادایە. ئەوە خودایە کە دەیانکوژێت و دەیانباتەوە بۆ لای خۆی.
ئەبابەیلە، ڕوو لە ژوورەکەی بەرسیلە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت "ئەگەر خودا دەیەوێت لە هەر شوێنێک بیتەقێنێتەوە با بیتەقێنێتەوە، من نایکەم".

ئەبابەیلە لە چرکەکانی دەڕووانی کە چۆن لە سێ خولەکەوە بۆ خوارتر دادەبەزن. هەستی بە تینوویەتیی دەکرد، بەڵام ئەو چۆڕە ئاوە بۆ بخواتەوە؟
ئەو ڕۆژەی شێرەی بە خوێناوەکەی خۆیدا دەگێڕا دەیبینی شێرە لە هەر شتێک زیاتر مەیلی ئاو دەکات، بەڵام بێگومان نەیدەویست بیداتێ.
خۆشترین هەست بۆ ئەبابەیلە ئەوەبوو کە شێرە لە ئەو پەڕی حەزیدا بۆ دڵۆپێک ئاو سەر بنێتەوە.
ئەو کاتەش کە لە سەر بەرسیلە هەستا، دیار بوو، بە بەرسیلەوە دیار بوو، بۆ ئاو تینوو بوو، بەڵام ئەم بە خەیاڵییدا نەهات.
ئێستا، هەر چەند مەترێک لە ئەو بەریەوە مەکینەیەکی ئاوساردکار بەرامبەری هەبوو. ڕووخساری مەکینەکە هەر خۆی بە ئاوی ساردی دەکرد و ئەمیش لە شوێنی خۆیدا قورس و نەجوڵا و تینووبوو. وا تینوو بوو کە دەیتووانی دەم بە تاقگەی ڤیکتۆریاوە بنێت ئەگەرچی بە ئەو واتایەش بێت کە هەموو تاوانەکانی ئێکسی سێهەزار و بیستوسێی لەگەڵدا بخواتەوە.
بەڵام هەر بڕیاریدا ئاو نەخواتەوە.

بە خۆیی دەگوت، بۆ ئەو قومە ئاوە بخۆمەوە.

بە دەم سەیرکردنی کاتژمێری بۆمبەکەوە هەستی دەکرد بەرسیلە لێی دوور ناکەوێتەوە و هەر لە سەر نازکردنی پشتی دەست و مەچەکی بەردەوامە و شێرەش زیاتر و زیاتر بەری دەستی لە شانوملی گیر دەکرد و دەیشێلا.
سۆما سەری خستبووە سەر شانی شێرە و دوور دەیڕووانی.
چەند خۆشییەکی گەورە بوو. هەستی بە گەرمیی و سۆزیی بەرسیلە و شێرە و تەنانەت سۆماش دەکرد.
هەستی پێدەکرد کە ئیتر سۆما لێی تووڕە نییە.
لە پڕێکدا وا پێدەچوو ژمارەی سەر کاتژمێری بۆمباکە خێراتر خۆیان بەرەو کەمبوونەوە بژمێرن.
شاشەکان هەر هەموویان سەرقاڵی نیشاندانی فیلمە هەزار بە هەزارەکان بوون و قاقای پێکەنینی جۆراوجۆر لە ئەملاوئەولاوە بەرز دەبوونەوە.
لە خۆیی دەپرسی ئاخۆ مەرگ چۆن بێت؟
گەرووی وشک و دڵی بە تۆندیی و بە پەلە لێی دەدا.
ئایا کەسێک یان شتێک دێت بۆ لام و دەست دەکات بە گەروومو و ڕۆحم دەردەکێشێت؟
ئایا تۆ بڵێیت ڕۆح هەبێت؟
ئایا بۆچی ڕۆح پێویستی بە کێشانە؟
ئایا ڕۆحی من چەند لە قوواڵایی جەستەمدا ڕەگی داکووتاوە و دەبێت چەند بە تووندیی ڕابکێشرێت بۆ ئەوەی بێتە دەرەوە؟ ئایا دەبێت

ئازارەکەی چۆن بێت و چۆن لە دەمم یان کونەلووتمەوە بڕوواتە دەرەوە؟
ئایا دەبێت من لە ئەوکاتەدا چی بکەم؟ ئایا خۆم شل بکەم یان خۆم توند ڕابگرم یان خۆم گرژ بکەم یان دەست بگرم بە دەممەوە؟
ئایا باشترە پال بکەوم یان هەر ئاوا بە دانیشتنەوە لە سەر کورسیەک خۆم لە باوەشی کورسیەکە توند بکەم؟
حەزی دەکرد بزانێت ئازاری گیاندەرچوون چەندە و هاوکاتیش دەترسا و نەیدەویست بیزانێت.
لە ناو ئەو پرسیارانەدا بوو کە لە پڕێکدا زرمەیەکی گەورە هەستا.
زرمەیەک کە لە ناو هەناوی خۆیدا چەندین زرمەی تر دەنگیان بڵند دەبووەوە.
لە ئەو بەشەی باڵەخانەکەوە کە ئەبابەیلە دانیشتبوو هەتا دووا نهۆم بە ئاسماندا دەچوو.
وا پێ دەچوو هەموو شەرەفئاوا بلەرزێتەوە.
ئاگرێکی سووری تەڵخ لە ناو ئاسمانە دووکەڵە تاریکەکەدا پێچی بە خۆی دەدا و پارچەی گەورە لە ئاسن و لەوح و شتومەکی جیاواز بەرزدەبوونەوە، بەریەک دەکەوتن و بە ناو یەکدا دەڕۆشتن و دەیاندایەوە بە شتی تر و بە یەکتردا.
لە ئەو پەڕی شاری شەرەفئاواوە زرمەکە بیسترا و ئاگر و دووکەڵەکە دەبینرا.
جەستەی ئەبابەیلە بوو بە سەدان و بگرە هەزاران پارچەوە.
بە سەدان پارچەی بچووک بچووک لە جەستەی ئەبابەیلە لە ناو ئاگر و دووکەڵ و شتومەکبارانەکەدا بە ئاسماندا دەڕۆیشتن و دوورێک لە

خۆی دەکەوتنە خوارەوە یان هەر یەکسەر لە ناو گەرمیەکەدا دەسووتان و دەبرژان.
ئەبابەیلە فریا نەکەوت ئازار بچێژێت.
ڕۆحکێشانێکی نەبینی.
هەر ئەوە بوو کە بوو بە هەزاران پارچەی وردەوە.
ئەو برینەی ڕوومەتی هەروەک نەشتەرگەرێکی لێهاتوو بە دەست لێی کردبێتەوە، ئاوا بە پارچەیەکی نەخشاوی، بە ناو بۆشاییە پڕ لە دووکەڵ و تەپوتۆزەکەدا دەهات و دەچوو.

هێشتا خەڵکی عەرشی پەروەردگار لە یەکەم هاواریاندا بوون کە خودا بە هانایانەوە بچێت و لە دەست چاوی پیس و دەستی شەڕ بیانپارێزێت کە دەستگا سیخوڕیە جیاوازەکانی ناو عەرشی پەروەردگار بە سەرۆککۆماریان ڕاگەیاند: "بنکەی هاودینان و برایەتیی" تەقێندراوەتەوە.
سەرۆککۆمار ڕەچڵەکی.
لە بەر خۆیەوە کە لە ڕاستییدا نەیدەزانی چی دەکات، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- خۆ شێرە مردووە، خۆ شێرە تەواو بوو؟

سەرۆککۆمار پێی ناخۆش بوو. نەمانی ئەو بنکەیە بە مانای چەندین سەرئەنجام دەهات کە هەندێکیان بۆ ئەو زۆر خراپ بوون.
لەبەرخۆیەوە و بە دەم ڕۆیشتنەوە، دەیگوت:
دەبێت چیرۆکێک پەیدا بکەم کە شایستە بە گەلی عەرشی پەروەردگار بێت.

مافی له چاپدانی له شێوەی کتێب یان شێوەی دیکەدا
تەنها بۆ هاوژین زیبا یان نووسەرە/ بەفرانباری ٢٠٢٦

Copyright Januari 2026 © All Rights Reserved

Rebwar Rashed & Haw